چاپی سێیەم



منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

زولقەرنەینی چاکسازو یەئجووج و مەئجووج

ئامادەکردنی:
عبدالجبار قەرەداغی

کەشە

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. Iqra.ahlamontada.com

www.Iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

زولقەرنەینێ چاکسازو یەئجووجو مەئجووج



زولقەرنەینی چاکسازو یەئجووجو مەئجووج

ئامادەکردنی: عبدالجبار قەرەداغی

نەخشاندنی نوسین: مەریوان ئەحمەد

نەخشاندنی بەرگ: کتێبخانەی گەشە

نۆبەی چاپ: سێیەم، ٢٠٢٠

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخ: ٥٠٠٠ دینار

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان، ژمارە سپاردنی (٢٢٥٥)ی ساڵی (٢٠١١)ی پێدراوە..

کتێبخانەی گەشە بۆ چاپو بڵاو کردنەوە

سلێمانی – بازاڕی ئاوباریک بەرامبەر کاسۆ مۆڵ – دوکانی ٧١

٠٧٥٠٨٨٢٩٠٨٦ – ٠٧٥٠١٢١٤٧٧٣

زولقەرنەینی چاکسازو یەئجووج‌و مەئجووج

ئامادەکردنی

عبدالجبار قەرەداغی

(١٤٤١)ھ (٢٠٢٠)م

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ قَالُوا۟ يَٰذَا ٱلْقَرْنَيْنِ إِنَّ يَأْجُوجَ وَمَأْجُوجَ مُفْسِدُونَ فِى ٱلْأَرْضِ فَهَلْ نَجْعَلُ لَكَ خَرْجًا عَلَىٰٓ أَن تَجْعَلَ بَيْنَنَا وَبَيْنَهُمْ سَدًّا ﴿٩٤﴾ ﴾

الكهف.

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

پێشەکی:

الحمد لله ربّ العالمين والصلاة والسلام على سيّدنا محمّد وعلى آله وصحبه وسلم.

سوپاس‌و ستایش بۆ خوای گەورە کە ئەم بوونەوەرەی بەدیهێناوە‌و هەموو شتێکی لە نەبوونەوە هێناوەتە بوون‌و ژیانی بە زیندووەکان بەخشیوە‌و هیدایەت‌و ڕێنمایی کردوون.

بەڕاستی هەموو کارێکی جوان هەر لە خوای گەورە چاوەڕێ دەکرێت، هەر خۆی دەزانێت چی دەکات‌و بۆچی دەیکات، هەندێك جار ویستی خوای گەورە کۆمەڵە شتانێك دەکات کە عەقڵ‌و ژیری مرۆڤەکان لێی تێناگەن، بەڵام پڕە لە حیکمەت‌و دادپەروەری.

ئێمە بە چاو شتانێك دەبینین‌و بە عەقڵی خۆمان هەڵی دەسەنگێنین‌و گفتوگۆی لەسەر دەکەین، کەچی ویستی خوای گەورە لە پشت ئەمانەوەیە.

پێغەمبەر ﷺ ئەو قورئان‌و پەیامە خوایی‌یەی بە ئەمانەت‌و دادپەروەری گەیاندە شوێنی خۆی بێ ئەوەی تەنها حەرفێکی لێ زیاد بکات یان کەم بکات دیارە ئەمەیش بەڵێنی پڕ میهرەبانی خوایی‌یە.

لە کتێبە پیرۆزەکەی خوادا، کە قورئانە هەموو شتێك باس کراوە‌و ڕوون

کراوەتـەوە، وەلاّمـی هـەموو پرسـیارەکانی مرۆڤایـەتی داوەتـەوەو هـیچ شتێکی لە بۆشاییداو بێ وەلاّم جێ نەهێشتووە، شتانێکی تیا نییە کە لە پێویسـتی مـرۆڤ بـەدەر بـن، بەڕاسـتی کتێبێکـی زۆر عـەجیبو سـەر سـوڕهێنەرە، هـەرگیز نهێنییـەکانی تـەواو نابێـت، دەریـای مەعریفـەتو زانینە..

ئەوەی شوێن ئەم قورئانە پیرۆزە بکەوێت هەرگیز گومڕاو سەر لێشـێواو نابێتو ون نابێت، هەمیشە چرای ڕووناکیو هیدایەتی بە دەستەوەیە.

قورئـانی پـیرۆز زۆرێـک لـە چـیرۆکو بەسـەرهاتی پێشـینانمان بـۆ دەگێڕێتەوە، ئێمـەیش لـەم کتێبـەی بەردەسـتماندا باسو لێکۆڵینەوەیـەک دەربارەی (ذو القرنین) دەخەینە بەر دیدەو خوانی خوێنەری خۆشەویست، بەو مەبەستو هیوایـەی زانسـتێکی پێویست بگەیـەنێنو بچێتە تـەرازووی کردەوە چاکەکانمانو، سەرەتا خوای گەورە لێمان ڕازی بێتو لێمان قوبوڵ بفـەرموێتو، پاشـان لای خوێنـەرانی خۆشەویسـت ببێتـە گەنجینەیـەکی بچووکی زانیاری لە بیرو مێشـکیانداو هـەوڵێك بێـت بـۆ کردنـەوەی دەرگـای گەڕان بە شوێن زانستە پێویستو بەکەڵکەکاندا.

ئەم بابەتە بە پشت بەستن بە کتێبەکانی تەفسیرو ژیـانی پێغەمبـەرانو پیاوچاکانو پێشینو چیرۆکە قورئانییەکان ئامادە کراوە.

لێرەدا دەڵێم: خوایە گیان پاداشتی هەموو ئـەو زانـاو پیـاوە پایەدارانـە بدەیتەوە کە لەم بوارەدا خزمەتیان کردوەو قەڵەمیان بەکار بووە.

براو خوشکانو خوێنەرانی خۆشەویستم: ئەگـەر لـەم کتێبـەدا ڕاسـتیو

وشەی جوانو پەسەندو دروستتان بەر چاو کەوت، ئەوە لە خوای گەورەوەیە کە منی هیدایەت داوەو کردومی بە هۆکار بۆ وەرگێڕانو گەیاندنی. ئەگەر ناتەواوی و کەمو کورتی تیابوو، ئەوە بەڕاستی لە خۆمەوەیەو خۆم هۆکارو بەرپرس بووم تیایدا، تکام وایە خوا لێم خۆش بێتو داواکاریشم کە جەنابتان لە هەڵەو کەمو کورتی ئامادە کردنەکە ئاگادارم بکەنەوە.

عبدالجبار قەرەداغی

٤-محرم-١٤٣٣هـ

٢٩-١١-٢٠١١م

سلێمانی-حاجی ئاوا

بەشی یەکەم

(ذو القرنین)

باسی یەکەم

سیفاتە کەسایەتییەکانی (ذو القرنین)

١-ئیمانو چاکەکاری:

کەسی کاریەدەست هەر دەبێت باوەڕدار بێت، تا فەرمانەکانی لە وەحی خوایی هەڵبگۆزێت، کە گرفتو جیاوازی تیا نییە، هەتا هەواو ئارەزووەکانی خۆی تێکەڵی حوکمو کاریەدەستییەکەی نەکات، ئەگەر تێکەڵی بوو ئەوا ستەم دەکاتو لە حەقو ڕاستی لا دەداتو زۆرداری بەرامبەر خەڵکی دەکاتو ئاسایشیان لێ تێك دەدات.[١]

هیچ گومانی تێدا نییە کە (ذو القرنین) کاریەدەستێکی چاکەکار بووە، لە ناخو دەروونی خۆیدا ئیمانێکی گەورەی هەڵگرتبوو، کە لە ئایەتەکانی چیرۆکەکەدا دەردەکەوێت -کە تەنها لە سووڕەتی (الکهف)دا باسکراوە-

---

[١]- ذو القرنین ل(محمد خیر رمضان یوسف). ص-٢٤٨.

لەگەڵ کورتی چیرۆکەکەدا ڕەگەزی ئیمانی لە کەسایەتی (ذو القرنین)دا دەردەکەوێتو بە ڕوونیو بە ڕەنگێکی دیار ڕەنگی دەکێشێتو ڕووداوو هەڵوێستەکانیشی بە جوانی وێنای دەکات.

کاتێك (ذو القرنین) لە گەشتی سێیەمیدا گەیشتە ئامانجی خۆی: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ بَيْنَ ٱلسَّدَّيْنِ وَجَدَ مِن دُونِهِمَا قَوْمًا لَّا يَكَادُونَ يَفْقَهُونَ قَوْلًا ﴿٩٣﴾ ﴾الكهف. خەڵکی ئەو شوێنە وەك ڕزگارکارێکی بەهێز تێیان ڕوانی کە خاوەن توانا و چاکەکار بوو.

پێشنیاریان خستە بەر دەستی کە بەربەستێکیان بە ڕووی (یأجوج ومأجوج)دا بۆ دروست بکات کە لە پشتی دوو بەرزاییەکەوە هێرشیان دەکردە سەریانو لە دەروازەکەی نێوانییانەوە دەهاتنو لە خاکەکەیاندا گەندەڵیو خراپەیان بڵاو دەکردەوە، خەڵکەکەیش توانایان نەبوو بەرگریو ڕێگرییان لێ بکەن.[٢] ﴿ قَالُوا۟ يَٰذَا ٱلْقَرْنَيْنِ إِنَّ يَأْجُوجَ وَمَأْجُوجَ مُفْسِدُونَ فِى ٱلْأَرْضِ فَهَلْ نَجْعَلُ لَكَ خَرْجًا عَلَىٰٓ أَن تَجْعَلَ بَيْنَنَا وَبَيْنَهُمْ سَدًّا ﴿٩٤﴾ ﴾ الكهف.

چی وای لەو خەڵکە کرد هانا بۆ (ذي القرنین) بەرنو سکاڵای خۆیانی لا بکەن لە دەست (یأجوج ومأجوج) لەگەڵ ئەوەی ئەو ڕزگارکار بوو نە ئەوانی دەناسیو نە ئەوانیش دەیانناسی!

بەڕاستی پاڵنەرەکە ئەوە بوو کە لە چاکەکاری ئەو پیاوەدا بینیبوویانو،

---

[٢] –في ظلال القرآن ٢٢٩٢/٤.

پەیامی بانگەوازەکەی ڕاستو دروست بووو کە لە غەنیمەو دەستکەوتی ماددی دارنرا بوو، ئەوەیش بریتی بوو لەوەی کە ئێستا ئێمە پێی دەڵێین: تەنها نیشانەی ئیمانو کاری بانگەوازە.

پاشان ئەویش وەڵامێکیان دەداتەوە کە چاکەکاریو دونیا نەویستی دڵنیا دەکاتەوە، کارە ڕزگاریخوازەکانی ئەو شێوەی ماددی لەخۆ نەگرتبوو، بەڵکو ئەو بانگخوازو چاکەکارو تێکۆشەر بوو.

﴿ قَالَ مَا مَكَّنِّي فِيهِ رَبِّي خَيْرٌ فَأَعِينُونِي بِقُوَّةٍ أَجْعَلْ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُمْ رَدْمًا ﴿٩٥﴾ ﴾ الكهف.

بەڕاستی ئەوەی کە خوای گەورە بە منی داوە لە پاشایەتیو دەستەڵاتو دامەزراوی چاکترە بۆم لەوەی کە ئێوە کۆی دەکەنەوە بۆم.[٣] بەڕاستی بەڵگەی ئیمانی دیار بوو لە هەموو جوڵەیەکدا کە دەیکرد، لە هەموو وشەیەکدا کە دەیووت! وتارو قسەکانی لە یادو زیکری خوا بەتاڵ نەبوو سوپاسگوزار بوو بۆی.

(ذو القرنين) لە سێ شوێنی چیرۆکەکەدا قسەی کردووە، کە هیچیان خاڵی نەبوون لە یادو زیکری خوای گەورە، وەك دەفەرموێت: ﴿ قَالَ أَمَّا مَن ظَلَمَ فَسَوْفَ نُعَذِّبُهُ ثُمَّ يُرَدُّ إِلَىٰ رَبِّهِ فَيُعَذِّبُهُ عَذَابًا نُّكْرًا ﴿٨٧﴾ وَأَمَّا مَنْ آمَنَ وَعَمِلَ صَالِحًا فَلَهُ جَزَاءً الْحُسْنَىٰ ۖ وَسَنَقُولُ لَهُ مِنْ أَمْرِنَا يُسْرًا ﴿٨٨﴾ ﴾ الكهف. پاشان دەفەرموێت: ﴿ قَالَ مَا مَكَّنِّي فِيهِ رَبِّي خَيْرٌ فَأَعِينُونِي بِقُوَّةٍ أَجْعَلْ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُمْ رَدْمًا ﴿٩٥﴾ ﴾ الكهف.

---

[٣] – تفسير ابن كثير ١٤٠/٣.

له شوێنی سێیەم‌و کۆتاییدا دەفەرموێت: ﴿قَالَ هَٰذَا رَحْمَةٌ مِّن رَّبِّي ۖ فَإِذَا جَاءَ وَعْدُ رَبِّي جَعَلَهُ دَكَّاءَ ۖ وَكَانَ وَعْدُ رَبِّي حَقًّا ﴿٩٨﴾﴾ الكهف.

ئەم قسانەی ڕوونی دەکاتەوە کە بەڕاستی باوەڕدارو دڵنیاو خاوەن ئیمانێکی قوڵو عەقیدەیەکی بەهێزە، دەتوانین لەم شوێنانەی کە باسمان کرد چەند شێوەیەکی ئیمانی‌و عەقیدەیی هەڵبژێرین:

یەکەم: باوەڕ بوون بە خوای گەورە، هەمیشە ناوی خوای گەورەی لەسەر زمان بوو.[٤] ﴿مَا مَكَّنِّي فِيهِ رَبِّي خَيْرٌ﴾ الكهف:٩٥. هەروەها: ﴿هَٰذَا رَحْمَةٌ مِّن رَّبِّي ۖ فَإِذَا جَاءَ وَعْدُ رَبِّي جَعَلَهُ دَكَّاءَ ۖ وَكَانَ وَعْدُ رَبِّي حَقًّا ﴿٩٨﴾﴾ الكهف.

دووەم: باوەڕ بوون بە ڕۆژی دوایی، سەیری ئەم ئایەتە بکە دەفەرموێت: ﴿ثُمَّ يُرَدُّ إِلَىٰ رَبِّهِ فَيُعَذِّبُهُ عَذَابًا نُّكْرًا ﴿٨٧﴾﴾ الكهف.

واتە: (لە ڕۆژی قیامەتدا دەگەڕێتەوە بۆ لای پەروەردگاری سزای سەختو نەویستراوو ناڕەحەتی دەدات کە سزای دۆزەخە).[٥]

سێیەم: قەزاو قەدەر: ئەمەیش لە تەسلیم بوونی بە خوای گەورەدا دەردەکەوێت لەو فەرمانانەی کە لە داهاتوودا دەبن، بەڕاستی ئەوەی خوای گەورە بیەوێت دەبێتو ئەوەیشی خوا نەیەوێت نابێت: ﴿قَالَ هَٰذَا رَحْمَةٌ مِّن رَّبِّي ۖ فَإِذَا جَاءَ وَعْدُ رَبِّي جَعَلَهُ دَكَّاءَ ۖ وَكَانَ وَعْدُ رَبِّي حَقًّا ﴿٩٨﴾﴾ الكهف.

---

[٤] – القصص القرآني من العالم المنظور وغير المنظور، ص/٩٨.

[٥] – سەیری (روح المعاني/١٥/٤٧٢)و (البحر المحيط /٦/١٥٢) بکە.

بەڕاستی هەموو ئەمانە ڕوونی دەکاتەوە ئەو سیفەتە چاکانەی کە جیاکەرەوەی ئەم کاربەدەستە چاکەکارەن بریتین لە: ئیمانی قوڵ، کاردانە دەست خوای گەورە، هەمیشە یادکردنی خوا، بەڵکو کلیلی کەسایەتی ئەو لە ئیمان بوون بە خوداو خۆئامادەکردن بۆ ڕۆژی دواییو خۆشویستنی ئەهلی ئیمانو ڕق بوون لە ئەهلی کوفرو سەرپێچیکارانو خۆشویستنی بانگەوازی خواییدا دەردەکەوێت.[٦]

پێش ئەوەی بچینە سەر لایەنێکی تر، پێویستە ئەوە باس بکەین کە ئەم شوێنانەی ڕوون کرانەوە دان دەنێن بەوەدا کە باوەڕدار بووە بە خواو ڕۆژی دوایی، لەمەوە چەند سوودێك وەردەگرین:[٧]

أ- بەڕاستی ستایش کردنی کاربەدەست تەنها بە ئازایەتی یان ڕزگارکردن یان ئاوەدانکردنەوە نابێت، ئەگەر ئیمان بە خواو ڕۆژی دوایی لەگەڵدا نەبێت، چونکە بەڕاستی کاربەدەستانێکی زۆر هەن کە چاکسازی دونیاییان کردووە تەنها لەبەر ئەوەی کە خەڵکی پێیان بڵێن: گەورەن، لەگەڵ ئەمەدا قورئان باسی چاکەی ئەوانەی نەهێناوە، بەڵکو لە قورئاندا سەرزەنشتی ئەو کاربەدەستانە هاتووە کە دونیایان زۆر ئاوەدان کردۆتەوە، بەڵام دینی خەڵکیان خراپ کردووەو قیامەتیشیان بۆ خراپو چارەڕەش کردوون، لە سەرو هەموویانەوە فیرعەون.

ب- بەڕاستی باوەڕی (ذو القرنین) بە خوای گەورەو ڕۆژی دوایی،

---

[٦] - فقه النصر والتمكين.

[٧] - سەیری (الحكم والتحاكم في خطاب الوحي، ٦٢٠/٢) بکە.

هاوسەنگی لە کەسایەتی ئەودا پاڤەو شی دەکاتەوە بە جۆرێك کە هێزی ئەو زاڵ نەبووە بەسەر دادپەروەرییەکەیداو دەستەڵاتەکەی زاڵ نەبووە بەسەر ڕەحمو بەزەییەکەیدا، هەروەها دەوڵەمەندییەکەی بەسەر لەخۆ بوردەییەکەیدا.

دووەم: زانستو کردار:

دەبێت چەند نەتەوەو گەل هەبن پێویستییان بەوە بێت زانستو کرداریان بە یەکەوە بۆ کۆ ببێتەوە؟ دەبێت چەند نەتەوەو گەل هەبن پێویستییان بەوە بێت کەسێك زانستی بەسوودیان بۆ بهێنێتو دەستیان بخات، پاسان کردەوەی چاکیشیان لەگەڵ ئەو زانستەدا بۆ کۆ بکاتەوەو ئەو زانستە بە شێوەیەکی جوانی وەها بەکار بهێنن، سوودی نەتەوەو گەلی تێدا بێت؟

بەڕاستی (ذو القرنین) بەو جۆرە بووە، چەند زانستێکی لا کۆ بوو بوویەوە، هەر یەکەیان ڕۆڵی خۆیی هەبوو لە خزمەتکردنی مەسەلەیەکی ئوممەتو پەیامەکەیدا.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَيَسْـَٔلُونَكَ عَن ذِى ٱلْقَرْنَيْنِ ۖ قُلْ سَأَتْلُوا۟ عَلَيْكُم مِّنْهُ ذِكْرًا ﴿٨٣﴾ إِنَّا مَكَّنَّا لَهُۥ فِى ٱلْأَرْضِ وَءَاتَيْنَٰهُ مِن كُلِّ شَىْءٍ سَبَبًا ﴿٨٤﴾ ﴾ الكهف.

بەم جۆرە: ﴿إِنَّا مَكَّنَّا لَهُۥ فِى ٱلْأَرْضِ﴾.

واته: (ئێمه دەستەڵاتو پاشایەتییەکی گەورەمان دابوو پێی، دامەزراوو پایەدارمان کرد بوو)، لە جێگای هەموو شتێك بوو بۆی لەوەی کە بە پاشاکان دەدرا لە دامەزراوی و سەربازو ئامێری جەنگی و شارستانییەت، بوویە پاشا بۆ ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوای زەوی و وڵاتانی لەیەك بۆ نزیك بوویەوەو پاشاکانی تر سەرنەوی بوون بۆی و توانی خزمەتی نەتەوەکان.[٨]

ئەم دامەزراوییەی؛ خوای گەورە پشتی (ذو القرنین)ی پێ بەهێز کرد، نیعمەتێکی گەورە بوو، خوای گەورە بەخشی بە بەندەی چاکەکاری خۆی، کاربەدەستی ڕزگارکەر (ذو القرنین) بەوەی کە لەسەر ئیمانو چاکەکاری و هۆشیاری و زیرەکی و لێهاتویی بوو، خوای گەورە ڕایهێنا کە هۆکارەکان (الاسباب) بەکار بهێنێت کە پێی بەخشی بوو، بتوانێت پۆلێنیان بکات.

ئەو هۆکارانە چی بوون؟ (ابن کثیر) دەڵێت: ئایەتی: ﴿وَءَاتَيْنَٰهُ مِن كُلِّ شَىْءٍ سَبَبًا ﴿٨٤﴾﴾ الكهف، بوو. (ابن عباس و مجاهد و سعد بن جبیر و عکرمة و السدي و الضحاك و کەسانی تریش) وتویانە: واتە: زانست.

زانا (الراغب الأصفهاني) دەڵێت: (سبب: السبب: الحبْل الذي يُصعَد به النخل): ئەو حەبلەیە دارخورمای پێ بەرز دەکرێتەوە. هەر شتێك کە هۆکار بێت بۆ گەیشتن بە شتەکەی تر ناوبراوە بە (سبب)[٩].

---

[٨] – تفسیر ابن کثیر ١٣٦/٣.

[٩] - دليل الراغب في تهذيب مفردات الراغب. کورت کردنەوەو پوختە کردنی: (د. عمر عبدالعزیز). وەرگێڕانی بۆ کوردی: بەندە، (عبدالجبار قەرەداغی).

هەروەها (قتادة) دەربارەی هەمان ئایەت: وتویەتی: بریتییە لە شوێنو نیشانەکانی سەر زەوی. (عبدالرحمن بن أسلم) دەربارەی ئایەتەکە دەفەرموێت: بریتییە لە فێربوونی زمانەکان. وتی: لەگەڵ هیچ قەومێك نەجەنگاوە مەگەر بە زمانەکەیان لەکەڵیان دواوە.[10] لە ڕاستیدا ئەو هۆکارانەی کە بە (ذو القرنین) بەخشرا بوو، هەموو ئەو شتانەی دەگرتەوەو لێکدانەوەی زانایانی ڕاڤەکاریش هەڵدەگرێت.

خوای گەورە هەموو هۆکارێکی بە (ذو القرنین) بەخشی بوو لەوەی کە پاشاکان پێویستیان بوو، لە سیاسەتو بەڕێوەبردنی کارو لە هەموو ئەو شتانەی کە جەنگاوەرانو تێکۆشەران لە جەنگە ڕزگاری خوازەکانیاندا پێویستیان بووە.

گومانی تیا نییە ئەوەی کە هەموو لا پێویستیەتی بریتییە لە: زانست، وەك (ابن کثیر) هێناویەتی، دەڵێت: (ابن عباس)و قوتابییەکانی بە زانست تەفسیریان کردووە، چونکە پێویستی کاربەدەستە، زانست بە هەموو شێوازە جیاوازەکانیەوە ئەوە بوو کە (قتادة) بە زانینو ناسینی شوێنەکانی سەر زەویو نیشانەکانی تەفسیری دەکات، کە دەتوانین ناوی بنێین: (زانستی جوگرافیا).[11] جۆرێك بوو لە زانستەکان کە (ذو القرنین) زۆر ئاگادارو شارەزا بوو لێی، بەڵگە دەدات لەسەر گەشتەکانی بۆ جەمسەرەکانی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاواو باکوورو باشووری زەوی.

---

[10] – تفسیر ابن کثیر ۱۳٦/۳.

[11] – فقه النصر والتمکین، ص/۱٦۷.

﴿ فَأَتْبَعَ سَبَبًا ﴿٨٥﴾ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ مَغْرِبَ ٱلشَّمْسِ وَجَدَهَا تَغْرُبُ فِى عَيْنٍ حَمِئَةٍ ﴾ الكهف.

هەروەها: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ بَيْنَ ٱلسَّدَّيْنِ وَجَدَ مِن دُونِهِمَا قَوْمًا لَّا يَكَادُونَ يَفْقَهُونَ قَوْلًا ﴿٩٣﴾ ﴾ الكهف.

سەرنج بدە لە لێکدانەوەی قورئانی کە پێش هەموو گەشتێکی ئەم ئایەتە ﴿فَأَتْبَعَ سَبَبًا﴾ هاتووە. واتە: شتێکی گرتۆتە بەر لە هۆکارەکان کە خوای گەورە بۆی ئامادەساز کردبوو. ئەویش سوودی لەو هۆکارانە وەرگرتووە. جوان مامەڵەی پێوە کردوە، لە سەرو ئەم هۆکارانەیشەوە زانیاری هەبووە بە ڕێگاکانو ولاتان، (ئەوەیش زانستی جوگرافیا) بووە.

وەك (عبدالرحمن بن أسلم) بە شێوەیەکی تر تەفسیری کرد بوو کە بریتی بوو لە زانینی زمانەکان.

لەگەڵ ئەمەدا دەبینین کە ئاسان بووە لە سەری گفتوگۆو قسەیان لەگەڵدا بکاتو بانگەوازیان بکات بۆ سەر عەقیدەو باوەڕو ئەوانیش داوای یارمەتیو فریاکەوتنیان لێ کردووە.

خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ مَغْرِبَ ٱلشَّمْسِ وَجَدَهَا تَغْرُبُ فِى عَيْنٍ حَمِئَةٍ وَوَجَدَ عِندَهَا قَوْمًا ۗ قُلْنَا يَٰذَا ٱلْقَرْنَيْنِ إِمَّآ أَن تُعَذِّبَ وَإِمَّآ أَن تَتَّخِذَ فِيهِمْ حُسْنًا ﴿٨٦﴾ قَالَ أَمَّا مَن ظَلَمَ فَسَوْفَ نُعَذِّبُهُۥ ثُمَّ يُرَدُّ إِلَىٰ رَبِّهِۦ فَيُعَذِّبُهُۥ عَذَابًا نُّكْرًا ﴿٨٧﴾ ﴾ الكهف.

ئەوە دەگەیەنێت کە عەقیدەو بیرو باوەڕی خۆیی پووچ کردۆتەوە بۆیان، تا لەسەر ئیمانو کوفر یان پاداشتو سزا بینای بکەن.

خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ بَيْنَ ٱلسَّدَّيْنِ وَجَدَ مِن دُونِهِمَا قَوْمًا لَّا يَكَادُونَ يَفْقَهُونَ قَوْلًا ﴿٩٣﴾ قَالُوا۟ يَٰذَا ٱلْقَرْنَيْنِ إِنَّ يَأْجُوجَ وَمَأْجُوجَ مُفْسِدُونَ فِى ٱلْأَرْضِ فَهَلْ نَجْعَلُ لَكَ خَرْجًا عَلَىٰٓ أَن تَجْعَلَ بَيْنَنَا وَبَيْنَهُمْ سَدًّا ﴿٩٤﴾ قَالَ مَا مَكَّنِّى فِيهِ رَبِّى خَيْرٌ فَأَعِينُونِى بِقُوَّةٍ أَجْعَلْ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُمْ رَدْمًا ﴿٩٥﴾ ﴾ الكهف.

ئەمەیش گفتوگۆیەکی پووچو ئاشکرایە لە نێوان (ذو القرنين)و ئەو کەسانەی کە لە هیچ قسەیەک تێ نەدەگەیشتن. ئەمەیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی زانا بووە بە زمانەکان.

لەو زانستانەی کە (ذو القرنين) فێری بوو بوو: زانستە سروشتییەکان، وەک: کیمیا (کە ماددەی خاوی چاکی لەباری هەڵدەبژاردو تایبەتمەندییەکانی دەزانیو چاك بەکاری دەهێناو سوودی لێ وەردەگرتن، بە چاکترین شێوە کانزاکانی بەکار دەهێنا کە بۆی دروست کرابوونو تواناکانی لەسەر باشترین شێوازی ڕێگە پێدراو بەکار هێنا).[١٢]

خوای گەورە لەسەر زمانی (ذو القرنين) دەفەرموێت: ﴿ ءَاتُونِى زُبَرَ ٱلْحَدِيدِ ۖ حَتَّىٰٓ إِذَا سَاوَىٰ بَيْنَ ٱلصَّدَفَيْنِ قَالَ ٱنفُخُوا۟ ۖ حَتَّىٰٓ إِذَا جَعَلَهُۥ نَارًا قَالَ ءَاتُونِىٓ أُفْرِغْ عَلَيْهِ

---

[١٢] – الحكم والتحاكم في خطاب الوحي ٢/٦٢٦.

﴿قِطۡرًا ﴿٩٦﴾﴾ الكهف. لەم جۆرەی زانست لەدواتر لێی دەدوێین لە سیاسەتی (ذو القرنین) لە حوکمو دەستەڵاتدا.

با تێبینی بەشی کۆتایی چیرۆکەکە بکەین کاتێک لە بەردەم بەربەستەکەدا ڕادەوەستێتو بۆی دەڕوانێتو دەڵێت: ﴿هَٰذَا رَحۡمَةٞ مِّن رَّبِّي فَإِذَا جَآءَ وَعۡدُ رَبِّي جَعَلَهُۥ دَكَّآءَۖ وَكَانَ وَعۡدُ رَبِّي حَقّٗا ﴿٩٨﴾﴾ الكهف. ئەم قسەیەشی ئەوە دەگەیەنێت کە لەسەر زانستێك بووە هەوالّی غەیبو شاراوەکانی تیا بووە کە شەریعەتو بەرنامەکان هێناویانە. ئاگادار بووە بەسەر شتێکدا لە نیشانەکانی هاتنی قیامەت.

دەشتوانین شتێکی تر بۆ ئەوە زیاد بکەین کە باسمان کرد، کە بریتییە لە: بانگخواز کاتێك بانگەوازی خەڵکی دەکات بۆ عەقیدەو بیرو باوەڕەکەی دەبێت زانا بێت پێی، تا خەڵکی بۆ بانگ بکات، بانگەوازی ئەو بۆ هەر قەومێك بەڵگە بووە لەسەر بوونی زانستی شەرعی.

لەو بەڵگانەی لەسەر بوونی زانستی شەرعی بریتی بووە لە دەرچوونی بۆ جیهاد، ئەوە چییە کە پاشایەکی خاوەن توانا و دامەزراوی و دەستەڵات دەردەکات بۆ گەشتی قورسی جیهادو تێکۆشان؟ بێگومان هەر دەبێت ئەوە بێت لە جیهادو تێکۆشاندا پاداشتێکی گەورەو نەبڕاوە هەیە، زانستی شەرعی هەوالّی داوەو پێغەمبەرانیش ڕایان گەیاندووە.

لە کۆتادا ئەوەی جیاکەرەوەی (ذو القرنین) بووە، بەڕاستی ئەو کارمەندێکی زانست بووە کە فێری دەبوو، کاری پێ دەکرد بەوەی کە

خزمەتی بانگەوازەکەیو نەتەوەکەی بکات، بەڕاستی زانستەکەی شارەزایی ڕێگاکانو ولاتانی بۆ ڕام کرد بوو، زانا بوو بە زمانەکان، زانا بوو بە زانستی سروشتیو زانستی شەرعی، هەموو ئەمانەی بۆ ڕام کرا بوو بۆ خزمەتی عەقیدەو دینو دەوڵەتەکەی.

***

باسی دووەم

سیاسەتی حوکم‌و دەستەڵاتداری لای (ذو القرنین)

یەکەم: ئیدارەی بەرهەمەکان‌و پۆڵێن کردنی وزەو تواناکان

کۆمەڵگای تەواوو سەرکەوتوو ئەو کۆمەڵگایەیە کە هەموو توانا و وزەکانی تیا کۆ ببێتەوە بۆ جێبەجێ بوونی خەیرو ئەو پەیامەی کە هەیەتی، قیادەی سەرکەوتوو هۆشیاریش ئەو کەسەیە کە هەموو توانا و لێهاتوییەکان جەمسەر گیر بکات بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان، ئەو کەسەیە کە دەتوانێت پەیوەندی بخاتە نێوان هەموو هێڵ‌و نەخشەکانەوە، هەماهەنگی بکات لەنێوان بەهرەو تواناو وزەکاندا.[١٣]

لە ئایەتەکانی چیرۆکی (ذو القرنین)دا دەردەکەوێت کە بەڕاستی ئەو پیاوە لەسەر بەهرەو لێهاتوییەکی ئیداری گەورە بووە -ئەوەی پێی درابوو، کە پێی درابوو- توانای تایبەتمەندی هەبوو لەسەر بەڕێوەبردنێکی کارا، دەیزانی کە چۆن تواناو وزەکان پۆڵێن دەکات‌و چۆنیش بەرهەمەکان بەڕێوە بەرێت.

دەتوانین لە ئایەتەکانی چیرۆکەکە چەند لایەنێکی ئیداری دیار لە سیاسەتی (ذو القرنین) دەربهێنین.

---

[١٣] – مع قصص السابقين، الدكتور: صلاح عبدالفتاح الخالدي ٣٤١/٢–٣٤٤ دار القلم، دمشق ط٢ /١٩٩٦.

بـا لـه کۆتـایی چـیرۆکەکەوە دەسـت پـێ بکـەین کـە داوای لێکـرا بـە دروستکدنی بەربەستێك کە بتوانێت (یـأجوج ومـأجوج) بـە دوور بگرێـت لـە قەومە لاوازو بێ دەستەلاتەکە.

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ قَالُواْ يَٰذَا ٱلْقَرْنَيْنِ إِنَّ يَأْجُوجَ وَمَأْجُوجَ مُفْسِدُونَ فِي ٱلْأَرْضِ فَهَلْ نَجْعَلُ لَكَ خَرْجًا عَلَىٰٓ أَن تَجْعَلَ بَيْنَنَا وَبَيْنَهُمْ سَدًّا ﴿٩٤﴾ قَالَ مَا مَكَّنِّي فِيهِ رَبِّي خَيْرٌ فَأَعِينُونِي بِقُوَّةٍ أَجْعَلْ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُمْ رَدْمًا ﴿٩٥﴾ ءَاتُونِي زُبَرَ ٱلْحَدِيدِ حَتَّىٰٓ إِذَا سَاوَىٰ بَيْنَ ٱلصَّدَفَيْنِ قَالَ ٱنفُخُواْ حَتَّىٰٓ إِذَا جَعَلَهُۥ نَارًا قَالَ ءَاتُونِيٓ أُفْرِغْ عَلَيْهِ قِطْرًا ﴿٩٦﴾ فَمَا ٱسْطَٰعُوٓاْ أَن يَظْهَرُوهُ وَمَا ٱسْتَطَٰعُواْ لَهُۥ نَقْبًا ﴿٩٧﴾ قَالَ هَٰذَا رَحْمَةٌ مِّن رَّبِّي فَإِذَا جَآءَ وَعْدُ رَبِّي جَعَلَهُۥ دَكَّآءَ وَكَانَ وَعْدُ رَبِّي حَقًّا ﴿٩٨﴾ ﴾ الكهف.

تێبـینی ئـەم کارانـە بکـە بزانـە دراونەتـە پـاڵ کـێ؟ ﴿ أَجْعَلْ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُمْ رَدْمًا ﴿٩٥﴾ ﴾ الكهف.

هەروەها: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا سَاوَىٰ بَيْنَ ٱلصَّدَفَيْنِ قَالَ ٱنفُخُواْ ﴾ الكهف.

هەروەها: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا جَعَلَهُۥ نَارًا ﴾ الكهف.

هەروەها: ﴿ أُفْرِغْ عَلَيْهِ قِطْرًا ﴾ الكهف.

کـەمێك ڕابمێنیـت دەگەیتـە ئـەوەی کـە بەڕاسـتی (ذو القـرنین) سەرپەرشـتیارێکی ڕاسـتەوخۆ بـووە بەسـەر بەڕێوەچـوونی کارەکانـەوەو فەرمانو نەهی کردووە، نەخشەی کێشاوەو ڕێکی خستووەو کـەڵو پـەڵو

پێداویستییەکانی دیاری کردووەو چاودێری دروستکردنی بەربەستەکەی کردووە هەنگاو بە هەنگاو تا گەیشتۆتە ئامانج، توانی رێگری بکات لە گەیشتنی (یأجوج ومأجوج) بە قەومە لاوازەکە، (یأجوج ومأجوج) خراپەکار بوونو خەڵکیان لەناو دەبرد. ئەمەیش کوتو مت ئێستا زانایانی بەڕێوەبردن ناوی دەبەن بە (الرقابة) چاودێری.

(هنری فایۆل) -یەکێکە لە گەورە زانایانی بەڕێوەبردن لە چاخی نوێدا- ناسراوە بە (چاودێر)، دەڵێت: ئەو کارە بریتی بووە لە: (سەرپەرشتی کردنو پێداچونەوە لە دەستەڵاتی بالاوە بە مەبەستی زانینی چۆنێتی بەڕێوەچوونی کارەکانو دڵنیا کردنەوە لەوەی کە ئەو کەڵو پەلانەی بەکاردێن هاوڕێك بن لەگەڵ نەخشەی دانراودا.[١٤]

کۆمەڵێك وای لێك دەدەنەوە ئەم چاودێری بەڕێوەبردنە بۆ دەستەبەرکردنی گەیشتنی کۆمەڵێك یان رێکخراوێکە بە ئامانجەکانی کە بە کۆتایی سەرکەوتنو فەشەل هێنانی پێوانە دەکرێت.[١٥]

ئایا ئەوەی (ذو القرنین) پێی هەستا بریتی بوو لە چاودێریو سەرپەرشتی کردن بۆ دەستەبەرکردنی گەیشتن بە ئامانجی پێویست -کە بریتی بوو لە رێگری گەندەڵکارو خراپەکاران وەك باسمان کرد-؟ بەڵێ، بێگومان.

---

[١٤] – مفاهيم إدارية حديثة. ص/٢٣٣.

[١٥] – مباديء الادارة العلمية. د. محمد رياض بندقجي. ص/١٣٥–١٣٦.

کارێکی تر دەخەینە سەر ئەوەی کە باسمان کرد، بریتییە لە هەڵوێستە کردن لەگەڵ ئایەتەکەی خوای گەورە لەسبەر زمانی (ذو القرنین): ﴿فَأَعِينُونِي بِقُوَّةٍ﴾ الكهف. ئەم دەربڕینەیش بە نیشانەیەکی دیار دادەنرێت لە سیاسەتی یەکخستنی هەوڵو وزەو تواناکانداو هاندان بکرێت لە سەریان.[١٦]

ئایا دەبێت (ذو القرنین) بێتوانا بێت بەو هۆکارو توانا گەورەی کە پێی دراوە ﴿وَءَاتَيْنَٰهُ مِن كُلِّ شَيْءٍ سَبَبًا﴾ الكهف. کە بەربەستەکە دروست بکات بێ یارمەتیو هاوکاری کەسە لاوازەکان؟ نەخێر، گومان نابەین وابێت، کەواتە دەبێت ئەو هۆکارە چی بێت کە داوای یارمەتی جەستەیی لەوان بکات؟ بەڕاستی ویستی ئەو گەلە مردووە زیندو بکاتەوەو گیانی کارکردنو هەوڵدانیان تیا ببوژێنێتەوەو تواناو لێهاتوییەکان پۆڵێن بکاتو بە گەڕیان بخات. فەرموی: ﴿فَأَعِينُونِي بِقُوَّةٍ﴾ الكهف.

ڕەنگە ئەمەیش ڕێگە پێدراو بێت ناوی بنێین: (دژایەتی بێ کاریو بەتاڵە)، بەڵێ. خەڵکەکە دژایەتی بێکاریو لەشگرانییان کرد، ئیتر بۆچی ئەوەی لە تواناياندایە لە کارکردنو هەوڵدان لێیان وەرنەگرینو بە گەڕی نەخەین؟ لەبەر ئەوە دەبینین (ذو القرنین) لە هەموو هەنگاوێکی کاردا بەکاریان دێنێت: ﴿فَأَعِينُونِي بِقُوَّةٍ﴾الكهف.

﴿ءَاتُونِي زُبَرَ ٱلْحَدِيدِ﴾ الكهف.

---

[١٦] – مع قصص السابقين ٢/٢٤١.

﴿ قَالَ ٱنفُخُوا ﴾الكهف.

﴿ قَالَ ءَاتُونِيٓ أُفْرِغْ عَلَيْهِ قِطْرًا ﴾الكهف.

بەڕاستی ئوممەتی ئیسلامی ئێمە پڕە لە توانای بەهەدەرچوو وزەی لەکارخراوو مالّو سامانی بەهەدەر دراوو کاتی بە فیڕۆدراوو گەنجی خەیالّ ڕۆیشتوو، ئەوەتا لە هەموو لایەنەکاندا چاوەڕێی گەورەو پێشەواکەی دەکات کە ڕێڕەوی (ذو القرنين) بگرێتە بەر لە کۆکردنەوەو ڕێکخستنو هاوکای کردنو دژایەتی نەزانیو تەمبەڵیو دواکەوتویی.[١٧]

دووەم: لە سیاسەتی ناوخۆ بۆ بەردەستەکان:

شتێك دەخەینە بەر دەست لە سیاسەتی (ذو القرنين) لەگەڵ بەردەستەکانیو چۆنێتی مامەڵە کردن لەگەڵیانو چۆنێتی ڕێکخستنی کارو بارەکانیانو پاراستنی مافی ئەوانو غەیری ئەوان.

ئەمەیش لە دوو تەوەرەدا دەخەینە ڕوو:

تەوەری یەکەم: ڕاگەیاندنی دەستوور.

تەوەری دووەم: پاراستنی ئەمنو ئاسایش.

---

[١٧] – مع قصص السابقين ٢/٣٤٢ وفقه النصر والتمكين ص/١٧٦.

تەوەری یەکەم: ڕاگەیاندنی دەستوور:

خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ مَغۡرِبَ ٱلشَّمۡسِ وَجَدَهَا تَغۡرُبُ فِي عَيۡنٖ حَمِئَةٖ وَوَجَدَ عِندَهَا قَوۡمٗاۗ قُلۡنَا يَٰذَا ٱلۡقَرۡنَيۡنِ إِمَّآ أَن تُعَذِّبَ وَإِمَّآ أَن تَتَّخِذَ فِيهِمۡ حُسۡنٗا ٨٦ قَالَ أَمَّا مَن ظَلَمَ فَسَوۡفَ نُعَذِّبُهُۥ ثُمَّ يُرَدُّ إِلَىٰ رَبِّهِۦ فَيُعَذِّبُهُۥ عَذَابٗا نُّكۡرٗا ٨٧ وَأَمَّا مَنۡ ءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحٗا فَلَهُۥ جَزَآءً ٱلۡحُسۡنَىٰۖ وَسَنَقُولُ لَهُۥ مِنۡ أَمۡرِنَا يُسۡرٗا ٨٨ ﴾ الكهف. ئەو خەڵکەی کە (ذو القرنين) زاڵبوو بە سەریانداو ولاتەکەیانی ڕزگار کرد، لەسەر یەک ئاست نەبوون‌و، خاوەنی یەک سیفاتی هاوبەش نەبوون، لەبەر ئەوە ناگونجێت یەک مامەڵە لەگەڵ هەموویان بکات، بەڵکو ئەوان دوو جۆر بوون: باوەڕدارو بێباوەڕ، چاکەکارو ستەمکار، ئایا ئەم دوو کۆمەڵە لە مامەڵە کردندا یەکسان دەبن؟[18]

(ذو القرنين) هەڵوێستەیەک دەکات‌و مەنهەج‌و بەرنامەکەی ڕادەگەیەنێت لە مامەڵە کردنی لەگەڵ خەڵکیدا، هەر وەک پیشەی یاساناسان دەیکاتە یاسایەکی گشتی. زۆرێك لە کارە بچوک‌و ڕێگا‌و هۆکارەکان لە ژێریدا ڕیز دەکات، کورت‌و پوختی دەکات تا ڕوون بێت‌و ئاسان مامەڵەی لەگەڵ بکرێت: ﴿ أَمَّا مَن ظَلَمَ فَسَوۡفَ نُعَذِّبُهُۥ ﴾ الكهف.

﴿ وَأَمَّا مَنۡ ءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحٗا فَلَهُۥ جَزَآءً ٱلۡحُسۡنَىٰۖ وَسَنَقُولُ لَهُۥ مِنۡ أَمۡرِنَا يُسۡرٗا ٨٨ ﴾ الكهف. ئەم دەستوورە لە جۆرێکی بەرزی سیاسەت دەچێت لە دەستەڵات‌و

---

[18] – مع قصص السابقين ٢/٣٣٠.

بڕیاری (ذو القرنین)دا، له هەمان کاتدا (دەستووری کاربەدەستێکی چاکەکارە).

باوەڕداری چاکەکار دەگونجێت ڕێزو ئاسانکاریو پاداشتی چاکی لای کاربەدەست دەست بکەوێت. زیادەڕەویو ستەمکارییش پێویستە خاوەنەکەی تووشی سزاو تاقیکردنەوە ببێت. کاتێک دەبینرێت چاکەکار لەناو کۆمەڵدا پاداشتی چاکەکانی وەردەگرێتو دەگاتە شوێنی بەرزو ڕێزدارو یارمەتی پێ دەدرێتو ئاسانکاری بۆ دەکرێت، دەبینرێت کەسی زیادەڕۆو ستەمکار پاداشتی سزاو خراپەو سەرشۆڕی وەردەگرێت، ئیتر لەو کاتەدا دەبینیت خەڵکی هان دەدرێت بۆ چاکەکاریو بەرهەمی باش.

بەڵام کاتێک تەرازوی حوکم لارو پێچەوانە دەبێت، ئەوا لەو کاتەدا لا دەداتو گەندەڵکاران لە کاربەدەستان نزیک دەبنەوەو لە دەوڵەتدا پێش دەکەونو لە پێشەوەن. هەر لەو کاتەدا کەسانی کاراو چالاکو چاکەکار بێزراو دەبن یان دوژمنایەتیان دەکرێت. لەو کاتەدا دەستەڵات لە دەستی کاربەدەستەکاندا دەگۆڕێت بۆ قامچی سزاو ئامرازی گەندەڵیو نیزامو یاسای کۆمەڵ دەگۆڕێت بۆ ئاژاوەو فەسادو گەندەڵی.[١٩]

پێویستە لێرەدا ئەوە باس بکەین کە (ذو القرنین) لە دوو گەشتی کۆتاییدا، جارێکی تر دەستوورەکەی ڕانەگەیاند بەسەر گەلی ئەو وڵاتانەدا، بە تێڕوانین لە ڕوونی سیاسەتەکەی، چونکە بەرنامەی ژیانو دەستوری

---

[١٩] – في ظلال القرآن ٢٢٩١/٤.

دەوڵەت‌و سیاسەتی نەتەوەکان بوو، پابەند بوون پێویست بوو پێوەی لە هەر کوێ بێت یان بۆ هەر کوێ بچێت.[٢٠] یان ئەوەتا جارێکی تر ڕایگەیاندووە، بەڵام باسکردنی دووبارە نەکراوەتەوە، لەبەر ئەوەی پێشتر زانراوەو پێویستی نەکردووە.[٢١]

مامۆستا (عبدالکریم الخطیب) لە کتێبی (القصص القرآني من العالم المنظور وغیر المنظور)دا بۆچوونی بەم جۆرە بووە: بەڕاستی هەڵوێستی (ذو القرنین) جیاواز بووە لە مامەڵە کردنی لەگەڵ ئەو کۆمەڵەی کە لە ڕۆژهەڵات بینی، هەروەها ئەوەی لە ڕۆژئاوا بینی. وتی: (ئەو کۆمەڵەی لە لای ئاوابوونی خۆر بینینی لەسەر ئاستی تێگەیشتن‌و هەست کردن‌و زانین بوون‌و شتی گونجاوو لەباریان لێ چاوەڕوان دەکرا، چونکە دەچوونە ژێرباری داواو تەکلیفەوەو بانگەشەی باوەڕبوون بە خوایان دەکرد، بەڵام کۆمەڵەکەی تریان بەڕاستی لە جیهانی ئاژەڵانەوە نزیک بوون تا جیهانی مرۆڤەکان، لەبەر ئەوە (ذو القرنین) لەگەڵ کۆمەڵی یەکەمدا وەک هەڵوێستی بانگخواز بۆ لای خوا ڕاوەستاو نوێنەرایەتی فەرمانەکانی خوای دەکرد، بەڵام ئەو کۆمەڵەی لە لای هەڵهاتنی خۆرەوە بینینی، کۆمەڵێک بوون لە ئاستی منداڵی مرۆڤ بووندا بوون، بەڕاستی تێی پەڕاندن، لایان نەمایەوەو هەڵوێستەی لەسەریان نەکرد، پێشنیاری باوەڕبوون بە خوای لا نەکردن، چونکە بە جۆرێک بوون لە تێڕوانینی منداڵیدا ئەو ژیرییە نییە فەرمانەکان

---

[٢٠] – مباحث في التفسیر الموضوعي ، مصطفی مسلم. ص/٣٠٦.

[٢١] – في ظلال القرآن ٤/٢٢٩٢.

وەرگیرێت، تا ئەو کاتەی کە پێ دەگەن‌و کات گونجاو دەبێت‌و دەگاتە قۆناغی بوون بە پیاو.[٢٢]

بەڵام قسەکەی (شیخ) موناقەشەو لێکدانەوە هەڵدەگرێت، چونکە بانگەواز بۆ یەکخواناسی بۆ ئینسان گونجاوەو دەست دەدات لە منداڵی‌و لە پیاوەتیشدا -وەك لێکدراوەتەوە- ئێمە تەنها گومانی ئەوە بەو دەبەین کە بانگخوازو چاکەکار بووبێت، بانگەوازی خەڵکی کردووە بۆ سەر بیرو باوەڕەکەی لە هەر کوێ بوو بێت یان بۆ هەر کوێ چووبێت.

تەوەری دووەم: پاراستنی ئەمن‌و ئاسایش لە بەرپرسیارێتی دەوڵەتە:

ئەوەی تێبینی دەکەین لە سیاسەتی ناوخۆی (ذو القرنین) بەڕاستی وای دەبینی ئاسایش بپارێزێت‌و ئارامی دابین بکات بۆ چاودێری دەوڵەت‌و دانیشتوان، ئەوەیش لە پێویستترین ئەرکەکان‌و تایبەتمەندترینیان بووە.

کاتێك خەڵکەکە داوایان کرد لە (ذو القرنین) کە بەربەستەکەیان بۆ دروست بکات، تا نێوان ئەوان‌و (یأجوج ومأجوج) دوور بخاتەوە، ئەوە بوو خێرا وەڵامی دانەوە بێ وەرگرتنی کرێ، ئەمەیش واتە بوونی ئەو پێشەوایەتی بووە کە ئارامی بۆ بەردەستەکانی فەراهەم بێنێت‌و هۆکاری ترسیان لەسەر لابەرێت.

---

[٢٢] – القصص القرآني من العالم المنظور وغير المنظور هس/١٠٣ بە کەمێك دەستکاریيەوە.

(ابن العربي) دەڵێت: (ئەو پاشا بوو دەیروانییە کارو بارەکانیانو هەڵدەسا بە بەرژەوەندییەکانیان، خەڵکەکە پێشنیاری هاوکاریو پاداشتیان کرد بۆ (ذو القرنین) لەسەر ئەو کارە، ئەوەی لە توانایاندایە بۆ دژایەتی (یأجوج ومأجوج)، لەسەر پاشا پێویستو فەرزە هەستێت بە پارێزگاری لە خەڵك لە پاراستنی نەوەو وەچەیانو پارێزگاری لە داوێنیانو پرکردنەوەی کەلێنو کەمو کورتییەکانیان لە مالّو سامانیانداو مافەکانیان بپارێزێت کە لەژێر دەستەڵاتو فەرمانڕەوایی ئەودا کۆ بوونەتەوە.[٢٣]

ئەگەر ورد بینەوە لە داواکەی ئەوانو وەڵامەکەی (ذو القرنین)، دەبینین کە ئەوەی ئەو بۆی کردن زۆر زیاتر بوو لە داواکەیان، کە بۆ سەقامگیری ئاسایشی ئەوانو لادانی ترس بوو لە سەریان.[٢٤]

خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿ قَالُوا۟ يَٰذَا ٱلْقَرْنَيْنِ إِنَّ يَأْجُوجَ وَمَأْجُوجَ مُفْسِدُونَ فِى ٱلْأَرْضِ فَهَلْ نَجْعَلُ لَكَ خَرْجًا عَلَىٰٓ أَن تَجْعَلَ بَيْنَنَا وَبَيْنَهُمْ سَدًّا ﴿٩٤﴾ قَالَ مَا مَكَّنِّى فِيهِ رَبِّى خَيْرٌ فَأَعِينُونِى بِقُوَّةٍ أَجْعَلْ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُمْ رَدْمًا ﴿٩٥﴾ ﴾ الكهف. پێشەوا (الآلوسي) دەڵێت: ﴿رَدْمًا﴾ واتە: بەربەستێکی پارێزەرو ڕێگرێکی پتەو کە لە (السد) گەورەترو بەهێزترە.[٢٥] ئەمەیش بۆ ئەوەی لە ژیانو مالّو سامانو ئابڕوی خۆیان دڵنیاو دڵئارام بن، هەڵدەسا بە کارەکانی خۆی وەك کاربەدەستێکی چاکەکار.

---

[٢٣] – أحكام القرآن ٢٤٣/٣ بە دەستکارییەوە.

[٢٤] – سەیری (الحكم والتحاكم) بکە ٦٢٥/٢.

[٢٥] – روح المعاني ٤٧٩/١٥.

باسی سێیەم

پێشکەوتنی پیشەسازیو هونەری

کاربەدەستی چاکەکار سوورە لەسەر ئەوەی کە دەوڵەتەکەی چاك بێتو خەڵکەکەی باوەڕدار بن، ئەو خاوەنو بەرپرسە لە پێشکەوتنی لە هەموو بوارە جیاوازەکاندا، هەمیشە ئامادەسازە لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی پێشکەوتن لە بوارە جیاوازەکاندا، لەبەر ئەوەی هەستێت بەو کارانەی پێی سپێردراوە لە کارە گرنگو پێویستەکان.

ئەو دەوڵەتەی کە (ذو القرنین) فەرمانڕەوایی دەکرد، بەم شێوەیە بوو: ﴿إِنَّا مَكَّنَّا لَهُۥ فِى ٱلْأَرْضِ وَءَاتَيْنَٰهُ مِن كُلِّ شَىْءٍ سَبَبًا ﴿٨٤﴾﴾الكهف. بەڵێ خوای گەورە نازو نیعمەتی زۆری پێدا لە دامەزراوەو پێشکەوتنو کردی بە خاوەنی ئەو هۆکارو دامەزراوەو پێشکەوتنە. لە باسی (زانستو کردار)دا سیفاتی (ذو القرنین)مان باسکرد، کە زاناو شارەزا بوو بە زانستە جیاوازەکانی سروشت کە لە فەرمانڕەواییەکەیدا پێویستی بوو.

با لێرەیشدا ڕامێنین لە شێوازی پێشکەوتنی هونەریو پیشەسازی لە دەوڵەتەکەیدا:

خوای گەورە لەسەر زمانی (ذو القرنین) فەرمویەتی: ﴿ءَاتُونِى زُبَرَ ٱلْحَدِيدِ ۖ حَتَّىٰٓ إِذَا سَاوَىٰ بَيْنَ ٱلصَّدَفَيْنِ قَالَ ٱنفُخُوا۟ ۖ حَتَّىٰٓ إِذَا جَعَلَهُۥ نَارًا قَالَ ءَاتُونِىٓ أُفْرِغْ عَلَيْهِ قِطْرًا ﴾﴿الكهف.

کارێکی زۆر گەورە بوو، کەرەستەکانی ئەو بەربەستە لە پارچە ئاسن بوو کە قەومەکە کۆیان دەکردەوە لە هەموو شوێنێك -پەنگە ئەو ناوچەیە دەوڵەمەند بووبێت بە کانزای ئاسن- بەربەستێکی گەورەیان پێ هەڵچنی‌و دروستکرد لە بۆشایی نێوان هەردوو شاخەکەدا، ئەو شوێنە بوو کە (یأجوج ومأجوج)ی لێوە دەهاتن بۆ سەر قەومەکە.

(ذو القرنین) فەرمانی کرد بە قەومەکە کە ئاگر هەڵگیرسێنن بۆ ئەو ئاسنە، مووشەدەمەی هەوایی بۆ بەکار بهێنن، تا ئاگرەکە تین بسەنێت‌و ئاسنەکە بتوێنێتەوە. کاتێك ئەوە تەواو بوو، قەومەکەی بانگ کرد کە مس بهێنن -مسی تواوە-و بیکەن بەسەر ئاسنە تواوە گەرمەکەدا، تا بە یەکەوە بنووسێن‌و یەك بگرن، هەر وەك چۆن دیواری بەرد سواخ دەدرێت.[٢٦]

پەنگە ئاسنەکە هەموو مادەو کەرەستەکانی کارەکە نەبووبێت کە بەربەستەکەی پێ دروستکرا، بەڵکو پەگەزێکی بەهێز بوو لە کارەکەداو غەریب‌و بەکارنەهاتوو بوو لەو جۆرە کارانەدا، لەبەر ئەوە تایبەتە باس بکرێت، هەروەها لەگەڵ ئەو پارچە ئاسنانەدا بەردو خۆڵو لم هەیە، هەروەها شتانی تر کە بەکار دێن بۆ کاری بیناسازی‌و دەکرا بەربەستەکەی پێ ڕێك بکەنەوە‌و بیخەنە نێوان ئاسنەکانەوە.

بەڵێ تێکەڵکێش کردنی ئاسن‌و مسی تواوە لەم کارەدا وای لێکرد ببێتە

---

[٢٦] – القصص القرآني من العالم المنظور وغير المنظور ص/١٠٨.

بەربەستێکی زۆر بەهێزو تۆکمە تا ڕێگری لە خراپەکاران بکات بگەنە ئامانجی خۆیان، بوویە شتێك کە لە بینای کۆنکرێتی ئەمڕۆ بچێت.[٢٧]

گومانی تێدا نییە کە ئەمە هاوشێوەی پێشکەوتنی هونەرییە، کاری پیشەسازی لەو دەوڵەتەدا دەرکەوت کە فەرمانڕەوایی هەموو جیهانی کرد.

لەگەڵ ئەمەیشدا (ذو القرنین) ڕەچاوی ماوەو دووریو پێوانەکانی کرد، هەروەها ڕێژەی ئەو ماددەو کەرەستە خاوەی لە کارەکەدا بەکارهاتو کاتی گونجاوی بۆ دیاری کرد بۆ بەکارهێنانی ڕەگەزو کەرەستەکان بۆ تەواوکردنی کارەکە، بە شێوازێکی لێهات کە (یأجوج ومأجوج) نەیانتوانی پیایا سەرکەون یان کونی تێبکەن: ﴿ءَاتُونِى زُبَرَ ٱلْحَدِيدِ ۖ حَتَّىٰٓ إِذَا سَاوَىٰ بَيْنَ ٱلصَّدَفَيْنِ قَالَ ٱنفُخُوا۟ ۖ حَتَّىٰٓ إِذَا جَعَلَهُۥ نَارًا قَالَ ءَاتُونِىٓ أُفْرِغْ عَلَيْهِ قِطْرًا ﴿٩٦﴾ فَمَا ٱسْطَـٰعُوٓا۟ أَن يَظْهَرُوهُ وَمَا ٱسْتَطَـٰعُوا۟ لَهُۥ نَقْبًا ﴿٩٧﴾﴾ الكهف.

بەڕاستی (ذو القرنین) -ئەگەر گونجاو بێت- (ئەندازیارێکی شارستانی) بوو.[٢٨]

مامۆستای شەهید (سید قطب) دەربارەی ئەم ڕێگایەی کە (ذو القرنین) بەکاری هێنا لە دروستکردنی بەربەستەکەدا، دەڵێت: (بەڕاستی ئەم ڕێگایە لە چاخی نوێدا بەکارهێنراوە بۆ بەهێزکردنی ئاسن، بینراوە ئەگەر نیسبەتێك مسی تێکەڵ بکرێت، ئەوا بەرگریو بەهێزییەکەی چەندجارە زیاد

---

[٢٧] – القصص القرآني من العالم المنظور وغير المنظور ص/١٠٨.

[٢٨] – مع قصص السابقين ٢/٢٤٤.

دەکات، خوای گەورە (ذو القرنین)ی رێنمایی کرد بۆ ئەمەو لە ناو کتێبەکەیدا تۆماری کرد پێش ئەوەی زانستی بەشەری لە چەرخی نوێدا پەی پێ بەرێت، ئەوەیش ماوەی چەندین سەدەیە کە خوا هەر خۆی دەیزانێت).[٣٩]

دواتر پاک‌و بێگەردی بۆ ئەو خوایەی کە فەرمویەتی: ﴿ وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مِنكُمْ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِى ٱلْأَرْضِ كَمَا ٱسْتَخْلَفَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ ٱلَّذِى ٱرْتَضَىٰ لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّنۢ بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا ۚ يَعْبُدُونَنِى لَا يُشْرِكُونَ بِى شَيْـًٔا ۚ وَمَن كَفَرَ بَعْدَ ذَٰلِكَ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَٰسِقُونَ ﴿٥٥﴾ ﴾ النور.

واتە: (خوا بەڵێنی دڵنیابەخش‌و تەواوی داوە بەوانەی باوەڕیان هێناوە لە ئێوەو کارو کردەوە چاکەکانیان ئەنجامداوە بەڕاستی لە ئایندەیەکی نزیکدا جێنشین‌و پایەداریان دەکات لە وڵاتدا هەروەک چۆن ئیماندارانی پێش ئەمانی جێنشین کردووەو ئەو دین‌و ئاینەیان بۆ دەچەسپێنێت خوا خۆی پێی ڕازیە، هەروەها ترس‌و بیمیان بۆ دەگۆڕێت بە ئارامی‌و هێمنی، ئەو کاتە ئیتر بە تەواوی هەر من دەپەرستن‌و هەرگیز هیچ جۆرە هاوەڵ‌و شەریکێکم بۆ بڕیار نادەن، ئەوسا ئەوەی دوای ئەو پایەداریە بێباوەڕ بێت، ئا ئەو جۆرە کەسانە تاوانبارو لە سنوور دەرچوون).

***

[٣٩] – في ظلال القرآن ٢٢٩٣/٤.

باسی چوارەم

بەرنامەی پەروەردەییو بانگەوەز لای (ذو القرنین)

ئای کتێبەکەی خوا چەندە گەورەو مەزنە ! بەڕاستی نهێنی ئیعجازی تێدایە ! چەند ئایەتێکی کورتو پوخت لە یەک شوێنی قورئاندا، بەڵام چەندین وانەی زۆرو بەسوودی لێ دەردەهێنین، سوودی سەیری تێدایە، هەرگیز نهێنییەکانی کۆتایی نایەن، هیچ هەڵەو کەمو کورتییەکی تێ ناکەوێت، هەر چەندە تێی بڕوانیتو فیکری لێ بکەیتەوە گەوهەری بەنرخی تێدا دەدۆزیتەوە، لەگەڵ ئەو هەموو وانەو سوودو ئاوڕدانەوەو نهێنییەدا، بەڕاستی ئەوە کیتابی خوای گەورەیە !

لە ڕوانگەی ئایەتەکانی سوورەتی (الکهف)ەوە کە باسی (ذو القرنین)مان بۆ دەگێڕێتەوە، دەتوانین لایەنو شێوازەکانی بەرنامەی بانگەوازو پەروردەیی لێ دەربهێنین، وەک کاربەدەستێک کە هەموو دونیای ڕزگار کردو بە ملکەچییەوە بۆ خوای گەورە ڕاوەستا ! بە ناوی خواوە فەرمانڕەوایی دەکردو لە پێناوی خوای گەورەدا سووڕایەوە بە ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوای زەویدا.

دەڵێین: -ئەگەر جوان ورد بینەوەو بڕوانین- بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە بەڕاستی ئەم پیاوە مەنهەجو بەرنامەیەکی دیاریکراوی پەروەردەییو بانگەوازی ئامادەکرد، لەگەڵ ئەوەدا گونجاو بوو کە کاربەدەستێکی گەورەو گوێڕایەڵ بوو.

خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ مَغۡرِبَ ٱلشَّمۡسِ وَجَدَهَا تَغۡرُبُ فِي عَيۡنٖ حَمِئَةٖ وَوَجَدَ عِندَهَا قَوۡمٗاۗ قُلۡنَا يَٰذَا ٱلۡقَرۡنَيۡنِ إِمَّآ أَن تُعَذِّبَ وَإِمَّآ أَن تَتَّخِذَ فِيهِمۡ حُسۡنٗا ٨٦ قَالَ أَمَّا مَن ظَلَمَ فَسَوۡفَ نُعَذِّبُهُۥ ثُمَّ يُرَدُّ إِلَىٰ رَبِّهِۦ فَيُعَذِّبُهُۥ عَذَابٗا نُّكۡرٗا ٨٧ ﴾ الكهف.

پێشتر دەربارەی ئەم ئایاتە دواین، وتمان: ئەمە نیشانەیەکی بەرز بوو لە سیاسەت، بریتی بوو لە دانانی دەستوورێك، بڕیاری لەسەر خەڵکی پێ دەدرا. هەڵوێستەیەك لەگەڵ ئەمەدا دەکەین لە لایەنێکی تر‌ەوە، لایەنی پەروەردەیی بانگەوازی.

(ذو القرنين) ڕێگاو شێوازی مامەڵە کردنی لەگەڵ خەڵکیدا ڕاگەیاند، کردییە یاسا -ئێمە بە دەستوور ناومان بردووە- سزای خراپەکاری پێ دەداتو ڕێزی چاکەکاری پێ دەگرێت.

کەسانی ئیداریو پەروەردەیی ئەمە ناو دەبەن بە: یاسای هاندان.[٣٠] یان پەروەردە کردن بە پاداشتو سزا، ئەمەیش یاسایەکە بۆ ئێوە هانی چاکەکار دەدات لەسەر زیادەی چاکەیو سزای خراپەکاریش دەدات لەسەر ئەوەی شەڕو خراپە کەم بکاتەوە ئەگەر پاڵنەری نەبوو بۆ ئەوەی بچێتەوە بۆ ناو چاکەکارانو دانیشێت.

ڕۆحی مونافەسەی شەریفانە لە نێوان خەڵکیدا تینی سەندو پاڵنەریان

---

[٣٠] - سەیری (مبادیء الادارة العلمية) ص/١٢٦ بکە.

بوو بۆ ڕێزگرتن لە چاکەکارانیان پەیڕەویان بکرێتو لەسەر هەنگاوەکانیان بڕۆنو پاڵنەریان بێت بۆ سزادنی خراپەکارانو گەندەڵچییان. خەڵکی پەروەردە دەبوون لەسەر لایەنی خەیرو شوێنکەوتوانیو پق لێبوون لە شەڕو دەستەو تاقمیان، ڕووی ئیمانو باوەڕ دەگەشایەوەو پرشنگی دەدایەوەو ڕووی فەسادو خراپەو سەرپێچیش تۆزو خۆڵی لێ دەنیشت. پاش ئەوە ژیانی خەڵکی ڕێكو هاوسەنگ دەبوویەوە.

الدكتور (عبدالكريم الزيدان) دەڵێت: (لە شوێنەواری ئەم سیاسەتە جوانو ڕێكو چاکە لە فەرمانڕواییدا، ئەوە بوو کە چاکەکاران لە لایەن کاربەدەستەوە ڕێزیان دەست دەکەوت، لە نیشانەی ڕێزگرتنەکەیشیان ئەوە بوو لە شوێنێکدا دادەنران کە شیاوی خۆیان بوو، لە نزیکی کاربەدەستان بوونو گوێیان لێ دەگیراو ڕاوێژیان پێ دەکرا، بەڵام ستەمکارانو زیادەڕەوان هیچ پاداشتێکیان دەست نەدەکەوت ئەوە نەبێت کە شیاوی خۆیان بێت، ئەوەیش بریتی بوو لە: سزا، کە بریتی بوو لە دوورخستنەوەیان لە بەرپرسیارێتیو فەرمانبەری کاری دەوڵەتیان نەبوو، لە کاربەدەستو دەستەڵاتەوە دوور دەخرانەوە. بەم سیاسەتەیش کارو بارەکان ڕێك دەبوونەوەو بارو دۆخ باش دەبوو بازاڕی دادپەروەریو چاکە ڕەواجی پەیدا دەکردو بازاڕی خراپەو ستەمو لادەرانیش ئەژنۆی دەشکاو ڕواجی نەدەما.[٣١]

---

[٣١] – المستفاد من قصص القرآن للدعوة والدعاة ١/٥٢١.

پێش ئەوەی ئەم بەشە جێ بهێڵین، کارێکی تر بریتی بوو لە: بەڕاستی هەندێك لە خەڵکی قسەی باش لەگەڵیدا دەگۆڕا بۆ سەراب و بانگەواز بۆ چاکەو بە چاکە لەگەڵیدا دەگۆڕا بۆ شێوازێك لە کات بە فیڕۆدان: ﴿ قَالَ أَمَّا مَن ظَلَمَ فَسَوْفَ نُعَذِّبُهُۥ ثُمَّ يُرَدُّ إِلَىٰ رَبِّهِۦ فَيُعَذِّبُهُۥ عَذَابًا نُّكْرًا ﴿٨٧﴾ ﴾ الكهف.

با تێبینی کارێکی تر بکەین لەگەڵ قەومەکەدا لە گەشتی سێیەمیدا: ﴿ قَالُوا۟ يَٰذَا ٱلْقَرْنَيْنِ إِنَّ يَأْجُوجَ وَمَأْجُوجَ مُفْسِدُونَ فِى ٱلْأَرْضِ فَهَلْ نَجْعَلُ لَكَ خَرْجًا عَلَىٰٓ أَن تَجْعَلَ بَيْنَنَا وَبَيْنَهُمْ سَدًّا ﴿٩٤﴾ قَالَ مَا مَكَّنِّى فِيهِ رَبِّى خَيْرٌ فَأَعِينُونِى بِقُوَّةٍ أَجْعَلْ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُمْ رَدْمًا ﴿٩٥﴾ ءَاتُونِى زُبَرَ ٱلْحَدِيدِ حَتَّىٰٓ إِذَا سَاوَىٰ بَيْنَ ٱلصَّدَفَيْنِ قَالَ ٱنفُخُوا۟ حَتَّىٰٓ إِذَا جَعَلَهُۥ نَارًا قَالَ ءَاتُونِىٓ أُفْرِغْ عَلَيْهِ قِطْرًا ﴿٩٦﴾ ﴾ الكهف.

بەڕاستی (ذو القرنین) -بۆ هاندانی قەومەکە- خۆی ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی کارەکەی دەکرد، بەڵکو ئەو ئاراستەی دەکردن و فەرمانی دەکردو کەرەستەکانی دیاری دەکرد، هەموو ئەمانە بۆچی؟ بەڕاستی ئەمە لەبەر کارێك بوو کە ناوی دەبەن بە: (پەروەردە کردن بە پێشەنگ).

ئێستا ئێمە چەندە پێویستمان بە پێشەنگ هەیە؟ بەڕاستی ئەو کەسانە بوونیان دەگمەنە لە ئێستادا.

کەمێك پێش دەستپێکردن بە کار، قەومەکە دێن پێشنیاری مااڵو سامان دەخەنە بەردەست (ذو القرنین) بەرامبەر دروستکردنی بەربەستەکە، بەاڵم (ذو القرنین)ی پێشەواو پێشەنگ، دونیا نەویستی خۆی لە مااڵو سامانی

ئەوان ڕادەگەیەنێتو بەڕاستی ئەوەی کە خوای گەورە بەوی داوە چاکترە لەوەی ئەوان پێشنیاری دەکەن بۆی: ﴿مَامَكَّنِّي فِيهِ رَبِّي خَيْرٌ﴾ الكهف.

بەڕاستی ئەوە دیمەنێکی زۆر جوانە لە کاربەدەستێك دەستی بگێڕێتەوە لە مالّی بەردەستەکانی، با لەم کارەدا خەڵکی پەیڕەوی بکاتو خۆشیان بوێت، بیکەنە نمونەیەکی چاکەکار بۆ پەروەرشیارێکی بەڕێزو کاربەدەستێکی دادپەروەر.

با تێبینی کارێکی تر بکەین، کە لە توانای (ذو القرنین)دا بوو پاراستنی قەومەکە، بەڕاستی هەوڵو ماندوبوونی ئەوان بەس بوو بۆیان. بەڕاستی ئەو بەرنامە پەروەردەییەکەی خۆی جێبەجێ کرد تا هۆکاری هێزیان پێ بداتو فێریان بکات کە چۆن پارێزگاری لە خۆیان بکەنو کردنییە بەشدار لە دروستکردنی بەربەستەکەدا تا متمانەیان بەخۆیان هەبێت کە ئەوان بە توانان لە پارێزگاری کردنی وڵاتەکەیان. شارەزایی خۆیی گواستەوە بۆیانو زانیاری خۆیی فێر کردن بۆ ئەوەی ببنە ڕەگەزێکی هێز لە داهاتووداو نەبنە ڕەگەزی لاوازیو بار بەسەر دەوڵەتەوە.

پێش کۆتایی کارەکەیش ئەوەی لەیاد نەچوو کە هەموو کارەکان ببەستێتەوە بە بیرو ڕاو یادی قیامەتەوە. بانگخوازی پلە بەرز ئەو کەسەیە کە خزمەتی خەڵکی بکات بە کارو بارە تایبەتەکانی تا لە بانگەوازی خۆی نزیکیان بخاتەوە، پاش ئەوەیش بانگەواز کردنیان بۆ سەر بیرو باوەڕ ئاسان بێت.

ئەوە (ذو القرنين) بوو توانی ئەو بەربەستەیان بۆ دروست بکات کە داوایان کردبوو، بە دڵنیایی ئەوانیش پشتیوانییان بۆ ئەو زۆر بەهێز بوو کاتێك ئەمنو ئاسایشی پێ بەخشین کە لە دەستیان چووبوو! ئیتر ئەو کاتە ئەوانیش وەڵامدانەوەی خێرایان بوو بۆ بانگەوازەکەی و لە ئەستۆگرتنی بیرو باوەڕەکەی تا ببنە سەربازێکی دڵسۆز لە فەرمانڕەوایی و بەرنامەکەیداو پارێزگار بن.

***

باسی پێنجەم

سیاسەتی جیهادو تێکۆشان لای (ذو القرنین)

بەڕاستی ئایەتەکان کۆمەڵێك نیشانەی دیاری تیایە کە پەیوەندیدارن بە کاروانی جیهادو تێکۆشانەوە لای (ذو القرنین) -ئەمەیش وەك زیادە باس بۆ سەر ئەوەی کە باسمان کرد- ئامانجەکانی ئەم جیهادو تێکۆشانو سنوورو تواناکانیو شتانی تریشە.

گومانی تێدا نییە بۆ کەسێك کە ورد بێتەوە، بەڕاستی کەسایەتی (ذو القرنین) پێش هەموو شتێك، کەسایەتییەکی جیهادییە. هەر لە سەرەتای سوورەتی (الکهف)ەوە چیرۆکەکان بەتاڵ نییە لە ڕەگەزی جیهادی، پاشان تا دێتە سەر ئەوەی کە لە هەردوو ڕەگەزی عەقیدەو زانست دەدوێت.[٣٢]

(ذو القرنین) نمونەی کاربەدەستێکی چاکەکارە کە خۆی سەرپەرشتی بەگەڕخستنی جەیشو سووپا دەکات کە دەیانەوێت ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا ڕزگار بکەن، کە پەیامی دەوڵەتو بانگەوازەکەیان هەڵگرتووەو موژدە بەخشن پێی.

جیهادو تێکۆشان لای نەبۆتە هۆکاری کەسابەتو دەستخستنی سەرچاوەی مەعیشەتو گوزەرانو نەبۆتە هۆکارێك ئامانجی بردنو

---

[٣٢] – سەیری (قصص القرآن الکریم)ی دکتور (فضل عباس) لاپەڕە ٧٥٠ بکە، کە لە سوورەتی (الکهف)دا چیرۆکی خاوەنی دوو باخەکە هاتووە کە ڕەگەزی عەقیدە پێك دێنێت، سوورەتەکە بە چیرۆکی (ذو القرنین) کۆتایی دێت، کە ڕەگەزی جیهادو تێکۆشان پێك دێنێت.

کێشانەوەی خەیرو سامانی گەل بێتو نەبۆتە زۆردارو داگیرکارو سەرشۆڕکارو گاڵتەجاڕی بە ژیانو ڕنۆو ڕۆزی ئەوانەوە ناکات.

بەڵکو ئامانجی ئەو لە سیاسەتی جەنگو جیهاددا بۆ دوو ئامانج بووە:[٣٣]

یەکەمیان: بەرز کردنەوەی وشەو ناوی (الله)و بڵاوکردنەوەی بیرو باوەڕی (التوحید) یەکخواناسی لە هەموو شوێنەکان.

ئەمەیش هەموو گەشتە جیهادییەکانی ئەو پێك دێنێت. کە یەکەم کار ئەو ئامانجی بڵاوکردنەوەی بیرو باوەڕی یەکخواناسی بوو، هەروەها ڕزگار کردنی خەڵکی لە دێوەزمەی شیرکو هاوەڵپەرستیو تاریکییەکانی، بۆ پلەی بەرزو باڵای یەکخواناسیو نوورو ڕووناکی، لەبەر ئەوە دەستوورەکەی ڕاگەیاند، ئیتر لە هەر کوێ بێت: ﴿إِمَّآ أَن تُعَذِّبَ وَإِمَّآ أَن تَتَّخِذَ فِيهِمْ حُسْنًا ﴿٨٦﴾ قَالَ أَمَّا مَن ظَلَمَ فَسَوْفَ نُعَذِّبُهُۥ ثُمَّ يُرَدُّ إِلَىٰ رَبِّهِۦ فَيُعَذِّبُهُۥ عَذَابًا نُّكْرًا ﴿٨٧﴾ وَأَمَّا مَنْ ءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا فَلَهُۥ جَزَآءً ٱلْحُسْنَىٰ ۖ وَسَنَقُولُ لَهُۥ مِنْ أَمْرِنَا يُسْرًا ﴿٨٨﴾﴾ الكهف.

دووەمیان: پاراستنی کەمینە باوەڕدارەکان لە ستەمو زۆرداری زۆرینە کافرەکان.[٣٤] تێکشکاندنی ڕێکخراوە ملهوڕییەکان، کە ئەمنو ئاسایشیان لە خەڵکی تێك دەدا یان لە دینی خوا دووریان دەخستنەوە.

گەشتی سێیەمی ئامانجی دووەمی وێنا دەکرد، چیرۆکی لەگەڵ ئەو

---

[٣٣] – دراسات في التفسير الموضوعي للقصص القرآني، أحمد العمري– مكتبة الخانجي، القاهرة، ط/١ ، ١٩٨٦ ص/١٤٠ وما بعدها.

[٣٤] – هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

قەومەی بەدەست (يأجوج ومأجوج)ەوە ئازاریان دەچەشت، ئارامو دڵنیای کردن لە ترسی هێرشی (يأجوج ومأجوج) بە دروستکردنی بەربەستە بەهێزو پتەوەکە کە لە ئاسنو مس داگیرابوویەوە.

بەڕاستی ئەم گەشتە جیهادییە گەورانە، پێویستی بە توانای گەورە هەبوو تا بە ئەنجام بگەن: توانای زانستیو مالّو سامانو بەڕێوەبردنو بەدەمەوە چوونو توانای جەنگی جیاوازو بەرەنگار بوونەوە.

(ذو القرنين) هەموو ئەمانەی بە نیسبەت جیهادو تێکۆشانەوە ئامادەو دابین کردبوو لە جێگای خۆیدا.

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَءَاتَيْنَٰهُ مِن كُلِّ شَىْءٍ سَبَبًا ﴿٨٤﴾ فَأَتْبَعَ سَبَبًا ﴿٨٥﴾﴾ الكهف. ئەم هۆکارانەیش بۆ خزمەتی جیهادو تێکۆشان بوون، کە کەسایەتی ئەم کاربەدەستە چاکەکارە بەڕێوەی دەبردن.

ئەوەی پێویستە تیشکی بخەینە سەر لە سیاسەتی (ذو القرنين)دا لە جیهادو تێکۆشاندا، ئەوە بوو جیهادەکەی جەنگێکی بەرگریکاری نەبوو، ئامانجی پارێزگاری دەوڵەتی باوەڕداران بێتو بەس –وەک هەندێک ئەمە نیسبەت دەدەنە پاڵ جیهاد–[٣٥] بەڵکو بریتی بوو لە جەنگێک دوور بوو لە خاکی دەوڵەت، ئامانجی بڵاوکردنەوەی بانگەوازی ئیمانی بوو –وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا–.

---

[٣٥] – مامۆستای شەهید (سید قطب) بە درێژی وەڵامی ئەمە دەداتەوە لە (في الظلال) لە سەرەتای سوورەتی (الانفال)دا ٣/١٤٣٥.

هەروەها پێویستە تیشك بخەینە سەر ئەوەی، بەڕاستی جیهادەکەی سنووری دیاریکراوی نەبوو. واتە: جەنگێکی نیشتیمانیو نەتەوەییو هەرێمی نەبوو، بەڵکو جیهادێك بوو، ئامانجی ڕزگارکردنی ئینسان بوو، هەموو ئینسانەکان لە هەر خاكو شوێنێکدا بن.

ئەمەیش لە گەشتەکانی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوایدا دەردەکەوێت، لە گەیشتنی بە هەموو قەومو نەتەوە جیاوازەکان لە ڕەگەزو زمانو بیرکردنەوەو گرفتەکانیاندا.

لەگەڵ هەموو ئەم جیاوازییە ڕەگەزیو جوگرافییانە، بەڵام جیهادەکە هەر جیهاد بوو، بانگەواز هەر بانگەواز بوو، تایبەت نەبوو بە قەومێك بەدەر لە قەومێکی تر، یان تایبەت بە خاکێك بەدەر لە خاکێکی تر.

هەروەها ئەم جیهادە پەیوەست نەبوو بە خوێن ڕشتنەوەو ڕێگە خۆشکردن نەبوو بۆ هەڵگیرساندنی جەنگ، بەڵکو ئەوەندەی بەس بوو ئامانجەکەی بەدی بێنێت. فەرموو لەگەڵ ئەم ڕووبەڕووبونەوەیە:

ئەو قەومەی بە دەست (یأجوج ومأجوج)ەوە ئازاریان کێشابوو، سکاڵایان کردو داوایان لە (ذو القرنین) کرد کە بەربەستێکیان بۆ دروست بکات تا بیان پارێزێت لە فەسادو خراپەی ئەو گەندەڵانە.

ئەوەی لەسەر ئەو پێویست بوو، وەڵامی داواکەیان بداتەوە لە دروستکردنی بەربەستەکەدا، ئەوەیش هۆکارێکی پێشنیارکراو بوو بۆ ڕێگە گرتن لە فەسادو گەندەڵی (یأجوج ومأجوج).

(ذو القرنین) هۆکاری جەنگی نەگرتە بەر لەگەڵ (یأجوج ومأجوج)،

ڕەنگە ئەو مەبەستی جەنگو کوشتارە توانای ئەوان لە بن نەهێنێت، یان ڕەنگە دروستکردنی بەربەستەکە بەس بێت بۆ جێبەجێ کردنی مەبەستی لاوازو ژێر دەستەکان. کە بریتی بوو لە ڕێگری کردن لە هێرشی (یأجوج ومأجوج) بۆ سەریان، ئەوەیش کاریگی خوازراو بوو، هەر بەوەیش مەبەستەکە بە دەست دەهات.[٣٦]

ڕەنگە ئەمەی کۆتایی گونجاوترو لەبارتر بێت. بە هەر حاڵ: بەڕاستی سیاسەتی (ذو القرنین) جیهادی بوو، کە شەڕو خراپە دوور بخاتەوە بە ئەسانترین شێوە کە گونجاو بێت، کاتێك ئەوە بەس بێت دەرگای شەڕ دابخات، هەستێت بە دروستکردنی بەربەست، پێی هەستاو سوپاکەی ڕووبەڕووی جەنگ نەکردەوە لەگەڵ (یأجوج ومأجوج)دا.

ئەمەی کە باسمان کرد هەندێك بوو لە نیشانەو لایەنی جیهادی (ذو القرنین) وەك لە ئایەتەکانی سوورەتی (الکهف)دا ئاماژەی پێ درابوو.

***

[٣٦] – المستفاد من قصص القرآن ٥٢٣/١.

بەشی دووەم

چیرۆکی (ذي القرنَيْنِ)

پێش دەستپێکردنی چیرۆکەکە:

ئەمە چیرۆکی چوارەمە لە سوورەتی (الكهف)دا، چیرۆکەکە وەلأم بوو بۆ هاوەڵدانەرانی مەککە کە پرسیاریان لە پێغەمبەر ﷺ کرد، دەربارەی ئەو پیاوەی کە بە (ذي القرنين) ناسرا بوو، شێوازی قورئان لە گێڕانەوەی چیرۆکدا، خۆی لە درێژە پێدانو ڕوونکردنەوەی زۆر لا دەدات، کە هیچ حیکمەتو پەندو وانەیەکی لە پشتەوە نییە.

تەنها بەو ئاماژەو پەندو ئامۆژگارییانە ئیکتیفا دەکات کە لەناو چیرۆکەکەدا هاتووە، خەڵکی لەسەر (ذي القرنين) ڕاو بۆچونی جیاوازیان هەیە: ئایا پێغەمبەر بووە یان پاشا؟ هیچ کەسێکی (معصوم) هەواڵی لەسەر پێغەمبەرایەتی نەهێناوە، هیچ بەڵگەیەکیشیان لەم ئایەتەدا لە سەری دەست نەکەوتووە کە دەفەرموێت: ﴿ وَءَاتَيْنَٰهُ مِن كُلِّ شَىْءٍ سَبَبًا ﴿٨٤﴾ ﴾ الكهف. لەگەڵ ئایەتی: ﴿ قُلْنَا يَٰذَا ٱلْقَرْنَيْنِ ﴾ئەوەی لێکی دەدەنەوە هیچ جێگیرو چەسپاو نییە، هەروەها ڕاو بۆچوونی جیاوازیشیان لەسەر ناوی

هەیە. ئەوەی لەناو ئایەتەکاندا دەردەکەوێت، ئەو پاشایەکی باوەڕدار بووە، خوای گەورە هۆکارو توانای پاشایەتی پێداوە، کە بتوانێت پێی بگاتە ڕۆژهەلآت و ڕۆژئاوای زەوی، کەسێکی دادپەروەر بوو، لە کەسانی باوەڕدار نزیک بۆتەوەو، فاسیقو لەسنوردەرچوانو یاخی بووانو خراپەکارانی سزا دەدا، وەک لەم ئایەتەدا دەردەکەوێت کە فەرمویەتی:

﴿ قَالَ أَمَّا مَن ظَلَمَ فَسَوْفَ نُعَذِّبُهُۥ ثُمَّ يُرَدُّ إِلَىٰ رَبِّهِۦ فَيُعَذِّبُهُۥ عَذَابًا نُّكْرًا ﴿٨٧﴾ وَأَمَّا مَنْ ءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا فَلَهُۥ جَزَآءً ٱلْحُسْنَىٰ ۖ وَسَنَقُولُ لَهُۥ مِنْ أَمْرِنَا يُسْرًا ﴿٨٨﴾ ﴾ الكهف.

ئەمە کاری پاشایەکی موسوڵمان بوو کە ئەهلی دینی پایەدار کردو بەرزی کردەوەو کافرانو لە سنوور دەرچوانی سزادا، پێچەوانەی ئەوە بوو کە زۆرێک لە کاربەدەستە موسوڵمانەکان پشتگیری لە بتپەرستان دەکەنو ئەهلی ئیسلام سزا دەدەن، زیندانەکانی سەر زەوی پڕ کراون لە گەنجی موسوڵمان، لە کاتێکدا کە ئەوان ڕازین پەروەردگار (الله) خوایان بێتو ئیسلام دینیان بێتو محمد ﷺ پێغەمبەریان بێت، ئەمانەیش زۆرترینی کاربەدەستانن لە ولآتی موسڵماناندا، ئەگەر هەموویان نەبن ﴿ يَأْمُرُونَ بِٱلْمُنكَرِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمَعْرُوفِ وَيَقْبِضُونَ أَيْدِيَهُمْ ۚ نَسُوا۟ ٱللَّهَ فَنَسِيَهُمْ ﴾ التوبة:٦٧.

واتە: (دووڕووەکان فەرمان بە گوناهو خراپەو تاوان دەدەنو قەدەغەی خەیرو چاکە دەکەنو دەستیان دەنوقێنن (مالّو سامان بەشی کەس نادەن) ئەوانەی خوایان فەرامۆش کردووە، خوایش ئەوانی پشتگوێ خستووە).

خوای گەورە باسی باوەڕدارانی ڕاستگۆ دەکات‌و دەفەرموێت: ﴿ ٱلَّذِينَ إِن مَّكَّنَّٰهُمْ فِي ٱلْأَرْضِ أَقَامُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُا۟ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَمَرُوا۟ بِٱلْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا۟ عَنِ ٱلْمُنكَرِ ۗ وَلِلَّهِ عَٰقِبَةُ ٱلْأُمُورِ ﴿٤١﴾ ﴾الحج:٤١.

واتە: (ئەوانەی کە پایەدارمان کردن لە زەویدا، نوێژ‌و دروشمەکانی بە چاکی ڕادەگرن، زەکاتیش بە تەواوەتی دەدەن، فەرمان بە چاکە دەکەن‌و، قەدەغە لە خراپە دەکەن، سەر ئەنجامی هەموو کاریکیش هەر بۆ لای خوا دەگەڕێنەوە).

لە لایەنە چاکەکانی ئەم پاشایە، ئەوە بووە کە دەست پاک بووە بەرامبەر هەموو ئەو شتانەی کە لە دەستی خەڵکیدا بووە، کاتێك پێی وترا: ﴿ فَهَلْ نَجْعَلُ لَكَ خَرْجًا عَلَىٰٓ أَن تَجْعَلَ بَيْنَنَا وَبَيْنَهُمْ سَدًّا ﴿٩٤﴾ ﴾الكهف.

واتە: (ئایا خەرجییەك‌و پارەیەکت بۆ کۆبکەینەوە تا بەربەستێك لە نێوان ئێمە‌و (یأجوج ومأجوج)دا دروست بکەیت؟). ئەو لە وەڵامیاندا وتی: ﴿ قَالَ مَا مَكَّنِّى فِيهِ رَبِّى خَيْرٌ ﴾ الكهف. واتە: (ئەو دەسەڵات‌و زانیاری‌و شتانەی پەروەردگارم پێی بەخشیوم چاکترە بۆ من (لە پارە‌و سامان). وەك سولەیمان (علیە السلام) فەرمووی: ﴿ أَتُمِدُّونَنِ بِمَالٍ فَمَآ ءَاتَىٰنِۦَ ٱللَّهُ خَيْرٌ ﴾النمل:٣٦. واتە: (سولەیمان (علیە السلام) بە تورەییەوە بە نوێنەرەکانی (بەلقیس)ی وت: ئێوە دەتانەوێت بە مالّ‌و سامان‌و دیاری کۆمەکیم بکەن؟! من دڵنیام کە ئەو شتانەی خوا پێی بەخشیوم، لەوە

چاکترو بەنرختر، کە بە ئێوەی بەخشیوە).

ئەوەی لە چیرۆکەکە بەدەست هاتووە، پاشا بووەو رۆژهەلآتو رۆژئاوای بۆ نزیك خراوەتەوە، یارمەتی ئەهلی ئیمانی داوەو سزای بت پەرستانیشی داوە، ئەو کاری لە بەرژەوەندی بەردەستەکانی کردووە، هەستاوە بە ئەنجامدانی چاکسازی لەسەر زەویدا، هەموو ئایەتەکان ئاماژەیان بەمە داوە، وەك لەم ئایەتەدا هاتووە: ﴿وَسَنَقُولُ لَهُۥ مِنْ أَمْرِنَا يُسْرًا ﴿٨٨﴾﴾ الكهف.

واتە: (لەمەو دوا قسەی خۆش و فەرمانی ئاسانو کاری سووکی دەدەین بە سەردا.) ئایەتەکان لە کۆتاییدا ئەوەیان دەربڕیوە کە (سد) بەربەستێکی دروستکردووە، ئەوەیش لەم ئایەتەدا ئاماژەی بۆ کراوە: ﴿لَّمْ نَجْعَل لَّهُم مِّن دُونِهَا سِتْرًا ﴿٩٠﴾﴾ الكهف.

واتە: (بینی خۆر هەلّدێت لەسەر قەومێك کە پەناگەیەکیان نییە تا لە تینی خۆیان بپارێزن). وەك ئەوەی بیناو بالّەخانەی بۆ دروست کردبن، کە جەستەیان لە گەرمی تیشکو تینی خۆر بپارێزێت، یان جلو بەرگی بۆ ئامادەو دەستەبەر کردبن، ئەمەش لەناو ئایەتەکەوە وەردەگیرێت.

***

دێینە سەر ماناکردنی ئایەتەکان:

﴿ وَيَسْـَٔلُونَكَ عَن ذِى ٱلْقَرْنَيْنِ ۖ قُلْ سَأَتْلُوا۟ عَلَيْكُم مِّنْهُ ذِكْرًا ﴿٨٣﴾ ﴾ الكهف.

ئایەتەکانی چیرۆکەکە بەو پرسیارە دەست پێ دەکات، کە هاوەڵدانەران ئاراستەی پێغەمبەر ﷺیان کرد، ئەویش ئەو پرسیارە بوو کە (یهود) جولەکەکان، هاوەڵدانەرەکانیان فێرکرد کە لە پێغەمبەر ﷺی بکەن، وتیان: پرسیاری لێ بکەن دەربارەی ئەو پیاوەی دەسوڕایەوە، بە ڕۆژهەلآتو ڕۆژئاوای زەویدا، چیرۆکو بەسەرهاتەکەی چۆنە ؟.

ئایەتەکە دەڵێت: (ئەی محمد ﷺ ئەوان پرسیارت لێ دەکەن دەربارەی هەوالّی (ذي القرنين) تۆیش پێیان بڵێ: گۆشەیەك لە بەسەرهاتی ئەوتان بۆ باس دەکەم). گێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتو چیرۆکە لەلایەن پێغەمبەر خۆیەوە نەبوو، بەڵکو لەلایەن خوای گەورەوە فێرکرا.

لێرەدا تێبینی ئەوە دەکەین کە خوای گەورە چۆن پشتیوانی لە پێغەمبەرەکەی کرد، ئەو بەڵگە گەورەیەی دایە، ئەوان پرسیار دەربارەی (ذي القرنين) دەکەن، خوای گەورەیش وەڵامی ڕاستو دروستیان لەسەر زمانی پێغەمبەرەوە بۆ ئامادە دەکات. کاتێك پێغەمبەر ﷺ ئەو هەوالّەیان پێ بگەیەنێت، واتە: قسەکەی ڕاستو حەقە، ئەو هەوالّەی کە ئەو دەیدات لە خوای گەورەوە وەری گرتووە: ﴿ إِنَّا مَكَّنَّا لَهُۥ فِى ٱلْأَرْضِ وَءَاتَيْنَـٰهُ مِن كُلِّ شَىْءٍ سَبَبًا ﴿٨٤﴾ فَأَتْبَعَ سَبَبًا ﴿٨٥﴾ ﴾ الكهف.

بێگومان خوای گەورە هێزێکی گەورەی جەستەیی‌و بیرکردنەوەیەکی پووناکی پێ بەخشی بوو، بە سوپایەکی گەورەو بەهێزیش پشتیوانی لێ کردبوو، خوای گەورە تواناو دەسەلآتی لەسەر زەویدا پێ بەخشی بوو کە دەستی بەسەر هەموو شتێکدا دەگەیشت‌و دەیتوانی دوژمنانی ژێردەست بخات‌و سوود لە خەیرو بەرەکەتی زەوی وەربگرێت، هەموو ڕێگاو بان‌و سەرچاوە ئاوییەکان لەژێر دەسەلآتی ئەودا بوون، هیچ شتێك لە دەستی یاخی نەدەبوو، تەنانەت دەریا گەورەکانیش. (السبب) واتە: ئەو هۆکارو ڕێگایەیە کە دەیگەیاندە مەبەستی خوازراوو دیاریکراو، خوای گەورە هەموو هۆکارێکی بۆ ژێربار خستبوو کە توانی بە هەموو جیهاندا بسوڕێتەوە‌و ڕزگاری بکات‌و ئامۆژگاری‌و ڕێنمایی خەلك بکات‌و لە بواری چاکسازیدا کار بکات.

(إبن عباس‌و قوتابییەکانی (السبب)یان بە زانست لێکداوەتەوە، واتە خوای گەورە زانستێکی وای پێ بەخشی بوو کە بتوانێت لەسەر زەویدا سەقامگیرو دامەزراوی بکات‌و دەسەلآتی ڕزگار کردن‌و سەرکەوتنی بەسەر دوژمناندا هەبێت. ﴿إِنَّا مَكَّنَّا لَهُۥ فِى ٱلْأَرْضِ وَءَاتَيْنَٰهُ مِن كُلِّ شَىْءٍ سَبَبًا ﴿٨٤﴾﴾ الكهف. هەندێك لە زانایان دەڵێن: لێرەدا شتێکی وردو جوان لەم ئایەتە وەردەگیرێت، بەهێزەکان لەسەر زەویدا، خۆیان خۆیانیان بەهێز نەکردووە، بەڵکو خوای گەورە بەهێزی کردوون کە دامەزراوو سەقامگیری کردوون، ئەمەیش فەزڵو گەورەییە لەلایەن خوای گەورەوە، کاتێك ئینسان هەستی بە هێزی ماددی یان مەعنەوی کرد، ئەوا لە بواری (تمکین)دایە.

خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿ وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي ٱلْأَرْضِ كَمَا ٱسْتَخْلَفَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ ٱلَّذِي ٱرْتَضَىٰ لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّنۢ بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا يَعْبُدُونَنِي لَا يُشْرِكُونَ بِي شَيْـًٔا وَمَن كَفَرَ بَعْدَ ذَٰلِكَ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَٰسِقُونَ ﴿٥٥﴾ ﴾ النور. (پێشتر مانا کراوە).

خوای گەورە (ذو القرنین)ی لەسەر زەویدا سەقامگیرو دامەزراو کرد زۆر پیاوو کەسانی تریش هەن کە لەسەر زەویدا سەقامگیر بوون، کەسێك هەبوو هەموو ئەوروپای ڕزگار کرد، گەیشتە ناوەڕاستی ڕوسیایش، ئیسپانیایشی ڕزگار کرد، چەندین کەس هەبوون لە مێژوودا کە توانیویانە دەسەڵاتی خۆیان بگرن بەسەر بەشێکی فراوانی زەویدا.

خوای گەورە لەم چیرۆکەدا پیشانمان دەدات کە پاشای چاکەکار دەبێت چۆن بێت.

﴿ وَءَاتَيْنَٰهُ مِن كُلِّ شَيْءٍ سَبَبًا ﴿٨٤﴾ ﴾ الكهف.

دەبێت هەڵوێستەیەك لە بەردەم ئەم ئایەتەدا بکەین.

ئەم ئایەتە پیرۆزە نەخشە دانانی خوای گەورە دەگەیەنێت، ئەم نەخشە دانانەیش بریتییە لەوەی کە دەبێت هەموو شتێك ڕێگاو هۆکاری خۆی هەبێت، ئەگەر هەر کات ویستت بگەیت بە شتێك، دەبێت هۆکارو ڕێگا بگریتە بەر، زانست ڕێگای خۆیی هەیە، بەرز بوونەوەی پلەو پایە لەناو خەڵکیدا ڕێگاو هۆکاری خۆیی هەیە، هەروەها دەوڵەمەندیو پاشایەتیو.. هتد.

پەروەردگارمان میوەو سەوزەو بەرهەمەکانی بە شێوەی کۆمەڵو کۆکراوە لەسەر زەویدا دروست نەکردووەو بەرهەم نەهێناوە. بەڵکو بە جۆرێکە پووەکەکانی دروست کردوەو لقیان لێدراوەو بەریان گرتووە، پێش ئەوەی بەرەکانی لێ بکرێتەوە دەبێت پێبگات، پێش ئەوەی پێبگات دەبێت هێشوو بکاتو دەربکەوێت –هەندێکیان شێوەی هێشویان هەیە– پێش ئەوەی هێشوو بکاتو بە لقەکانەوە دەربکەوێت دەبێت گوڵ بکات، دەبێت گەڵا دەربکات، پێش ئەوەی گەڵا دەربکات دەبێت ئاو بخوات، خوای گەورە کۆمەڵێك قۆناغی بۆ ئەم درەختە داناوە کە تۆ دەیچێنیت لەسەر زەویداو سەمادی پێوە دەکەیت، یان پێشتر تۆوەکەیت وەشاندووەو ئاوت داوە، پاشان دەتروکێنتو ڕەگ دەردەکاتو دێتە دەرەوە قەد دروست دەکاتو پەل وپۆو گەڵا دەردەکاتو گوڵ دەکاتو کەلوو هێشوو دەگرێتو بەر دروست دەکاتو پێ دەگاتو پاشان لێدەکرێتەوە.

خوای گەورە هۆکارو ڕێگای بۆ هەموو شتێك داناوە، ئەگەر ویستت بەرو بوومی دانەوێڵەکان بخۆیت دەبێت بیانچێنیت، ئەگەر ویستت هەنگوین بەرهەم بهێنیت، هەر دەبێت هەنگ بەخێوو پەروەردە بکەیت، هەر ئینسانێك ویستی هۆکارەکان تێ پەڕێنێت تووشی ڕەنج بەخەساری دەبێت، ئەدەبی جوان لەگەڵ خواداو ناسینی یاساو دەستوورە جوانەکانی پێویستی بە گرتنە بەری هۆکارەکان هەیە، پاشتر پشت بە پەروەردگاری هەموو پەروەردگارەکان ببەستیت. بێگومان موسوڵمانان دواکەوتن کاتێك گرتنەبەری هۆکارەکانیان فەرامۆش کرد.

﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ مَغۡرِبَ ٱلشَّمۡسِ وَجَدَهَا تَغۡرُبُ فِي عَيۡنٍ حَمِئَةٖ وَوَجَدَ عِندَهَا قَوۡمٗاۗ قُلۡنَا يَٰذَا ٱلۡقَرۡنَيۡنِ إِمَّآ أَن تُعَذِّبَ وَإِمَّآ أَن تَتَّخِذَ فِيهِمۡ حُسۡنٗا ٨٦ ﴾ الكهف.

(خۆی و لەشکرەکەی) کەوتنە ڕێ تا گەیشتنە ئەوپەڕی ناوچەکانی خۆرئاوا، (وا دەهاتە بەرچاو) لە گۆمێکی قوڕاودا خۆر ئاوا دەبێت، لەو شوێنەدا ڕێی کەوت لە قەومێکی (خوانەناس و بێ دین)، ئێمەیش پێمان وت: ئەی (ذو القرنین) یان ئەوەیە بە سزا لە ناویان دەبەیت، (ئەگەر لەسەر کوفرو تاوانیان بەردەوام بوون) یان چاکەیان لەگەڵدا دەکەیت، (ئەگەر شوێنی ئیمان و چاکە کەوتن).

لە ڕاستیدا خۆر لە ئاسمانداید و لەسەر هیچ شتێکی زەوی ئاوا نابێت کە ئەو بیشارێتەوە، بەڵکو ئەو ئاوابوونە لەبەر چاوی بینەرە کە وا دەرکەوتووە، ئەگەر جەمسەرەکانی خۆر بە (سەدو نۆ) جار لە جەمسەرەکانی زەوی گەورەترە، ئیتر چۆن، ئەو خۆرە گەورەیە لە سەرچاوەیەکی ئاوی ڕەش بووی سەر زەویدا ئاوا دەبێت؟ ئەمەیش نابێت تەنها لەبەر چاوی ئەو کەسە وا دەردەکەوێت کە سەیری دەکات، وەك ئێمە دەیبینین لە پشت شاخێکەوە یان دەریایەکەوە ئاوا دەبێت.

پاشان چووە ئەو شوێنە قەومێکی بینی لە دەوری ئەو سەرچاوە ئاوە نیشتەجێ بوون، لەو ناوچە گەرمە، کە پێویستیان بە بەرگو داپۆشەری ئەستوور بووە تا لە گەرمی و تینی خۆر بیان پارێزێت.

﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ مَغۡرِبَ ٱلشَّمۡسِ وَجَدَهَا تَغۡرُبُ فِي عَيۡنٖ حَمِئَةٖ وَوَجَدَ عِندَهَا قَوۡمٗاۗ قُلۡنَا يَٰذَا ٱلۡقَرۡنَيۡنِ إِمَّآ أَن تُعَذِّبَ وَإِمَّآ أَن تَتَّخِذَ فِيهِمۡ حُسۡنٗا ٨٦ ﴾ الكهف.

كاتێك پاشاو كاربەدەستێكی پیاوچاك حوكمی گرتە دەست، ئەوا ماف دەدات بە هەموو خاوەن مافێك.

دەگێڕنەوە كە گەورەمان (عومەری كوڕی خطاب) (خوا لێی ڕازی بێت) ڕۆژێكیان بە ڕێگایەكی مەدینەدا دەڕۆیشت، كۆمەڵێك منداڵی بینی یارییان دەكرد، كاتێك منداڵەكان ئەویان بینی كە پیاوێكی بە هەیبەتو شانو شەوكەت بوو، لەیەك جیابوونەوەو پشتیان هەڵكردو ڕایانكرد، تەنها یەك منداڵیان نەبێت كە مایەوە لە شوێنەكەی خۆیدا، ئەم هەڵوێستە ئازایانە سەرنجی تێروانینی (عمر)ی ڕاكێشا، فەرمووی: ئەی منداڵ: بۆچی ڕات نەكرد لەگەڵ ئەوانەدا كە هەڵهاتن؟ ئەویش وتی: ئەی پێشەوای بەڕێز تۆ كەسێكی ستەمكار نیت تا لە ستەمەكەت بترسمو كەسێكی سزا دەریش نیت تا لە سزادانەكەت بترسم، ڕێگاكە بوار بە منو بە تۆیش دەدات.

﴿ قَالَ أَمَّا مَن ظَلَمَ فَسَوۡفَ نُعَذِّبُهُۥ ﴾ الكهف.

پاش ئەوەی بانگەوازی ئەو قەومە بێباوەڕەی كرد بۆ حەقو ڕاستیو نیشاندانی ڕێگای خواپەرستی، ئەوا هەر كەس ئەو بانگەوازەی ڕەتكردەوە، ئەوا ستەمی لە نەفسی خۆی كردوە بە مانەوەی لەسەر هاوەڵ پەرستیو ڕەتكردنەوەی ئیمان، ئیتر ئەو كەسە شیاوی سزادان دەبێت لە لایەن (ذو القرنين)ەوە، ﴿ ثُمَّ يُرَدُّ إِلَىٰ رَبِّهِۦ فَيُعَذِّبُهُۥ عَذَابٗا نُّكۡرٗا ٨٧ ﴾الكهف.

بەو جۆرە لە رۆژی قیامەتیشدا، کاتێک بێ دین‌و هاوەڵدانەران فڕێ دەدرێنە ناو ئاگری دۆزەخەوە، بەپاستی سزاکەیان تووندو بەئازار دەبێت.

﴿ وَأَمَّا مَنْ ءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا فَلَهُۥ جَزَآءً ٱلْحُسْنَىٰ ۖ وَسَنَقُولُ لَهُۥ مِنْ أَمْرِنَا يُسْرًا ﴿٨٨﴾ ﴾ الكهف.

هەر کەس لەوان ئیمان بهێنێت‌و ببێتە شوێنکەوتوی (ذي القرنين) خوا بە تاک‌و تەنهاو بێ هاوەڵ بزانێت، بێگومان ئەو کەسە لە رۆژی وەرگرتنەوەی پاداشتدا لای خوای گەورە پاداشتی چاکە وەردەگرێت. لە دونیاشدا کاریان ئاسان دەبێت‌و ژیانێکی خۆش‌و کامەرانی بەسەر دەبەن‌و لە لایەن (ذي القرنين)ەوە مامەڵەی باشیان لەگەڵ دەکرێت‌و قسەی جوانیان بۆ دەکرێت. زەوی بۆ ئەوان دەبێتە لانکەو شوێنی حەوانەوەی ئارام، خراپەو کوشتنیان تووش نایەت، مالّ‌و شوێنەواریان تێک نادرێت‌و وێران ناکرێت.

﴿ ثُمَّ أَتْبَعَ سَبَبًا ﴿٨٩﴾ ﴾ الكهف.

ئینجا رۆیشتنەکەی بەرەو ئاراستەیەکی تر گۆڕی پاش ئەوەی کە چاکەو دڵنیایی لەو ناوچەیەدا سەقامگیر کرد، بەرنامەی ئیسلامی تیا بڵاوکردەوە، ئەو هۆکارانەی گرتە بەر کە خوای گەورە پامی کردبوون لە بواری خەیرو چاکەی گشتی لەسەر زەویدا.

﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ مَطْلِعَ ٱلشَّمْسِ وَجَدَهَا تَطْلُعُ عَلَىٰ قَوْمٍ لَّمْ نَجْعَل لَّهُم مِّن دُونِهَا سِتْرًا ﴿٩٠﴾ كَذَٰلِكَ وَقَدْ أَحَطْنَا بِمَا لَدَيْهِ خُبْرًا ﴿٩١﴾ ﴾ الكهف.

ئینجا (ذو القرنین) ڕووی کردە خۆرهەڵات، لەو شوێنەی کە خۆری لێ هەڵدێت، خۆر چەند شوێنێکی هەڵهاتنی هەیە، چونکە هەر قەومێك شوێنی خۆرهەڵاتنی خۆی هەیە، واتە هەر یەکەیان خۆر هەڵاتێکیان هەیە.

گرنگ ئەوەیە کە ئەم قەومە پەناگەیەکیان نەبوو کە لە تینی خۆر بیانپارێزێت لەکاتی هەڵاتن و دەرکەوتنیدا.

ئەم لێکدانەوەیەش جیاوازی ڕاو بۆچوونی زانایانی لەسەرە:

١- هەندێکیان دەڵێن: لەناو دەشت و تەختاییدا نیشتەجێ بوون، ناوچەکە شاخی تیا نەبووە تا سێبەریان بۆ بکات لە تیشکی خۆر پارێزراو بن، کە هەڵدەهات یەکسەر لەناو ماڵەکانیاندا بوو.

٢- هەندێکی تریان دەڵێن: خانوو ماڵیان نەبوو تا لە تیشکی خۆرو گەرمییەکەی بیان پارێزێت و لێیان نەدات، لەبەر ئەوە یەکەم دەرکەوتنی لەسەر ئەوان بوو.

٣- هەندێکی تریان دەڵێن: شتێکیان نەبوو لە جل و بەرگ جەستەی خۆیانی پێ داپۆشن، واتە ڕووت و ڕەجاڵ بوون.

پێش ئەوەی قورئان باسی خۆی لەسەر (ذي القرنين) تەواو بکات و فتوحاتەکانی باس بکات، پێش ئەوەی باسی کارە گرنگەکەی بکات لە ناوچەی باکووری زەویدا. قورئان دان دەنێت بە ڕاستییەکی بنەڕەتیدا، کە دەفەرموێت: ﴿كَذَٰلِكَ وَقَدْ أَحَطْنَا بِمَا لَدَيْهِ خُبْرًا ﴿٩١﴾﴾ الكهف.

واتە: بەڕاسی خوای گەورە زاناو شارەزایە بە حاڵی (ذو القرنين) ئاگای لە هەڵس و کەوتەکانیەتی، ئاگاداری هەواڵی خۆی و سوپاکەیەتی،

هەنگاوەکانیان بە پشتیوانی خوا دەنێن، بگەنە هەر شارێك‌و ناوچەیەك یان پیای بڕۆن‌و دەستی بەسەردا بگرن، خوا ئاگاداری لێیان[٣٧]. پاش ئەوەی کە گەیشتنە ناوچەی خۆرهەڵات‌و ناوچەی خۆرئاوا، یاسای دادپەروەرانەی دانا بۆ کۆمەڵگاکان‌و بانگەوازی ڕێنمایی ڕێگای ڕاستی پێ گەیاندن، کە پابەند بن پێوەی، هەر کەس پابەند بێ پێوەی، ئەوە مامەڵەی چاکی لەگەڵدا دەکرێت، هەر کەسیش ڕەتی بکاتەوە‌و ئینکاری بکات، ئەوە سزادان باشترین کارە بۆی. لەبەر ئەوە لە هەموو ناوچەیەکی ئاوەدانیدا بانگەوازەکەی تازە کردەوە‌و بە هەموو خەڵکی گەیاند، بەهۆی ئەو دەسەڵات‌و هۆکارەی کە خوای گەورە پێی بەخشیبوو.[٣٨]

﴿ ثُمَّ أَتۡبَعَ سَبَبًا ﴿٩٢﴾ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ بَيۡنَ ٱلسَّدَّيۡنِ وَجَدَ مِن دُونِهِمَا قَوۡمٗا لَّا يَكَادُونَ يَفۡقَهُونَ قَوۡلٗا ﴿٩٣﴾ ﴾ الكهف.

زانا (القاسمي) دەڵێت: واتە ڕێگای سێیەمی گرتە بەر کە لە نێوان خۆرهەڵات‌و خۆرئاوای زەویدا بوو، هەتا گەیشتە نێوان دوو شاخ کە دوو بەربەستی گەورە‌و بەهێز لە نێوانیاندا دروستکرابوو.

دوکتۆر (صلاح عبدالفتاح الخالدي) دەڵێت: ئەم ناوچەیە دەکەوێتە باشووری چیایی (قوقاز)ەوە، کە ئێستا بە (ئەرمینیاو جۆرجیاو ئازەربایجان) ناودەبرێت.

---

[٣٧] -(مع قصص السابقين في القرآن) ل: (٥٢٩ – ٥٣٠).

[١٠٢] - (قصص القرآن الكريم وسيرة سيد المرسلين) ل ٣٠٦.

دوکتۆر (محمد منير الجنباز) دەڵێت: ئەم قەومە لە قەومەکانی پێشتر زیاتر دواکەوتوو نەزان بوون، وا دەردەکەوێت کە ئەمانە قەومی (مغول) بوون، قسە کردنو دەربڕینیان لە قۆناغی تازە دروست بووندا بووە، هیچیان نەدەزانی تەنها ئەوانە نەبێت کە لە نێوان خۆیاندا بەکاریان دەهێنا، لە زمانی کەسانی غەیری خۆیان تێ نەدەگەیشتن، هەر چەندە لێشیان نزیك بووایە، قورسو گران بوو لە سەریان، بەلأم (ذو القرنين) بەو زانستو هۆکارانەی خوا پێی بەخشیبوو توانی لە زمانیان تێبگات، داواکارییەکانیان ببیستێت، ئەو داواکاریەی ئەوانیش بریتی بوو لە ئامازەدان بە سکالاکردن لە دەست دراوسێکانیان کە ئازاریان دەدان.

﴿ قَالُوا۟ يَٰذَا ٱلْقَرْنَيْنِ إِنَّ يَأْجُوجَ وَمَأْجُوجَ مُفْسِدُونَ فِى ٱلْأَرْضِ فَهَلْ نَجْعَلُ لَكَ خَرْجًا عَلَىٰٓ أَن تَجْعَلَ بَيْنَنَا وَبَيْنَهُمْ سَدًّا ﴿٩٤﴾ ﴾ الكهف.

دراوسێکانیان بریتی بوون لە (يأجوج)و (مأجوج).

(يأجوج) لە (الترك)نو (مأجوج) لە (الجبل والديلم)ن، وتراویشە یەك قەبیلەنو ئەم ناوەیان هەڵگرتووە، چونکە دەچنەوە سەر (يافث)ی کوڕی (نوح). ئەم قەبیلەیە دەردەچنو دادەبەزن بۆ زەوی قەومە دراوسێکانیان لە وەرزی بەهاردا، هەرچی شتێکی سەوزی تیا ببینن دەیخۆن، وتراوە مرۆڤیش دەخۆن، وتراوە کاری کوشتنو ستەمو دەستدرێژی ئەنجام دەدەن لەسەر دراوسێکانیان، ئەمەی دەربارەیان باسکراوە زۆر لەناو شەڕو خراپەدانو، خۆپاراستن لێیان زۆر پێویستە، لەبەر ئەوە داوایان لە (ذي

القرنین) کرد، که مالّو سامانو خەرجی بدەنێ، تا بەربەستێك لەنێوان ئەوانو (یأجوج ومأجوج)دا دروست بکات.

دەڵێین: که ئەوان ئەوەندە مالّو سامانو خەرجیان بووە، بۆچی خۆیان (سد) بەربەستەکە دروست ناکەن؟ ڕەنگە قورسیو ناڕەحەتی زۆریان تووش بێت، لەوانە: نەبوونی شارەزایی لە دروستکردنیدا، ڕەنگە بەهۆی ناکۆکیانەوە نەتوانن تەواوی بکەن پێویستی بە هێزێکی گەورەیە کە بیپارێزێت.

ناساندنی (یأجوجو مأجوج):

(یأجوج ومأجوج) دوو ناوی غەیرە عەرەبین، هەندێك لە زانایانیش دەڵێن: ناوی عەرەبین.

جا لەسەر ئەم ڕایە، ئەم ناوە وەرگیراوە، لە ڕووی زمانەوانیدا لە وشەی (أجَت النارُ أجیجاً: إذا ألْتَهَبت) واتە: ئاگرەکە بڵێسەی سەند کاتێك کە گڕی گرت. یان وەرگیراوە لە وشەی (الأجاج: وهو الماء الشدید الملوحة) واتە: ئاوێکی زۆر سوێرو، وتراوە: لە وشەی (الأج) وەرگیراوە، کە بە دوژمنی بەپەلە دەگوترێت، دەشڵێت: (مأجوج) لە وشەی (ماج)ەوە هاتووە، واتە: شڵەژاو، ئەم دوو ناوەیش لە ڕووی (یأجوج)و بۆ (مأجوج)یش لەسەر کێشی (مفعول)ە، ئەمە کاتێك ئەگەر دوو ناوەکە عەرەبی بوون. بەڵام ئەگەر عەرەبی نەبوون، ئەوا لە هیچ وشەیەك وەرنەگیراون، چونکە ناوی غەیرە

عەرەبی لە وشەی عەرەبی وەرناگیرێت.[٣٩] زۆربەی قورئان خوێنەکان ئەم ناوانە وا دەخوێننەوە بە (یأجوج ومأجوج) بێ پیتی (همزة) کەواتە: هەردوو (أَلِف)ەکان زیادەن‌و لە بنچینەدا (یجج ومجج)ن. هەر یەکە لەم بۆچوونانەیش لەسەر وەرگیرانی ئەم ناوانە لە زمانەوانیدا لەگەڵ حاڵو ڕەوشتی ئەم کۆمەڵەیەدا یەک دەگرێتەوە، چونکە ئەگەر لە وشەی (ماج) وەرگیرا بێت، کە بە مانای شڵەژان دێت، وەک خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَتَرَكْنَا بَعْضَهُمْ يَوْمَئِذٍ يَمُوجُ فِي بَعْضٍ وَنُفِخَ فِي الصُّورِ فَجَمَعْنَاهُمْ جَمْعًا ﴿٩٩﴾﴾ الكهف.

واتە: (لەو ڕۆژە بەدواوە وازمان لێ هێناون تا وەک شەپۆل بەناو یەکدا بێن، یان وازمان لێ هێناون بۆ ئەو ڕۆژەی (کە بەربەستەکە دەشکێتو بە پەلە) وەک لێشاو دێنە دەرێ شەپۆل دەدەن بەناو یەکدا (کە یەکێکە لە نیشانەکانی کۆتایی هاتنی دونیا)، ئەوسا فوو دەکرێت بە (صور)دا، بەو هۆیەوە هەر هەموو خەڵکی بە تەواوی کۆدەکەینەوە (بۆ موحاسەبەو لێپرسینەوە).

ئەصڵو بنچینەی (یأجوج ومأجوج) لە مرۆڤەو مرۆڤن لە نەوەی (ئادەمو حەوا)ن (علیهما السلام). هەندێك لە زانایان دەڵێن: ئەمانە لە نەوەی ئادەمن. نەك حەوا، چونکە ئادەم (علیه السلام) (إحتلام) بوو، جا ئاوەکەی تێکەڵی خۆڵ بوو، خوای گەورە لەمە (یأجوج ومأجوج)ی دروست

---

[٣٩] ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەم دوو ناوە غەیری عەرەبین، ناوی دوو قەومی گەورەو خراپەکارن کە لە ڕۆژە نزیکەکانی هاتنی قیامەتدا سەر هەڵدەدەن (نیشانەکانی ڕۆژی دوایی) لە سەرەتا تا کۆتایی، و. عبدالرحمن طه.

کرد، ئەمەیش هیچ بەڵگەیەکی پاستی لەسەر نییە.[٤٠] بەپاستی (یأجوج ومأجوج) لە نەوەی (یافث)ی باوکی تورکانن، (یافث)یش لە نەوەکانی نوح پێغەمبەرە (علیه السلام).[٤١] ئەو بەڵگەیەش کە دەڵێت لە نەوەی ئادەمن، ئەم فەرمودەیەیە، کە لە (أبي سعيد الخدري)ەوە دەگێڕێتەوە، کە دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:

(يَقُولُ اللَّهُ تَعَالَى: يَا آدَمُ، فَيَقُولُ: لَبَّيْكَ وَسَعْدَيْكَ وَالْخَيْرُ فِي يَدَيْكَ، فَيَقُولُ: أَخْرِجْ بَعْثَ النَّارِ، قَالَ: وَمَا بَعْثُ النَّارِ؟ قَالَ: مِنْ كُلِّ أَلْفٍ تِسْعَ مِائَةٍ وَتِسْعَةً وَتِسْعِينَ فَعِنْدَهُ يَشِيبُ الصَّغِيرُ وَتَضَعُ كُلُّ ذَاتِ حَمْلٍ حَمْلَهَا وَتَرَى النَّاسَ سُكَارَى وَمَا هُمْ بِسُكَارَى وَلَكِنَّ عَذَابَ اللَّهِ شَدِيدٌ، قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ وَأَيُّنَا ذَلِكَ الْوَاحِدُ؟ قَالَ: أَبْشِرُوا فَإِنَّ مِنْكُمْ رَجُلاً وَمِنْ يَأْجُوجَ وَمَأْجُوجَ أَلْفًا، ثُمَّ قَالَ: وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ إِنِّي أَرْجُو أَنْ تَكُونُوا رُبُعَ أَهْلِ الْجَنَّةِ فَكَبَّرْنَا، فَقَالَ: أَرْجُو أَنْ تَكُونُوا ثُلُثَ أَهْلِ الْجَنَّةِ، فَكَبَّرْنَا، فَقَالَ: أَرْجُو أَنْ تَكُونُوا نِصْفَ أَهْلِ الْجَنَّةِ فَكَبَّرْنَا، فَقَالَ: مَا أَنْتُمْ فِي النَّاسِ إِلاَّ كَالشَّعَرَةِ السَّوْدَاءِ فِي جِلْدِ ثَوْرٍ أَبْيَضَ أَوْ كَشَعَرَةٍ بَيْضَاءَ فِي جِلْدِ ثَوْرٍ أَسْوَدَ)[٤٢].

واتە: (خوای گەورە پۆژی دوایی دەفەرموێت: ئەی ئادەم، ئەویش دەڵێت: بەڵێ، لە خزمەتت دامو ئامادەم خێرو چاکە هەر لە دەستی

---

[٤٠] النهاية في الفتن والملاحم ١٥٢/١-١٥٣ تحقيق دكتور طه زيني ،أنظر فتاوى الآمام النووي ص ١١٦/-١١٧ وذكره إبن الحجر في الفتح ١٠٧/١٣ ونسبه للنووي.

[٤١] النهاية في الفتن والملاحم / ١٣٥/١.

[٤٢] – البخاري (٦٠) (كتاب الأنبياء) (٧) باب (يأجوج ومأجوج) حديث رقم (٣٣٤٨).

تۆدایە، خوای گەورە دەفەرموێت: بڕۆ خەڵکی دۆزەخی دەربهێنە، دەڵێت: کامە خەڵکی دۆزەخ؟ دەفەرموێت: لە هەزار کەس، نۆ سەدو نەوەدو نۆ کەس بهێنە، جا لەو ڕۆژەدا منداڵ پیر دەبێتو هەموو دوو گیانێك سکەکەی دادەنێت یان لە باری دەچێت (واتە ڕۆژێکی زۆر ناخۆشو ترسناکە، نەك هەر بەڕاستی منداڵ پیر دەبێت یان ژن سکەکەی لەبار دەچێت)، خەڵکی دەبینیت بێهۆشن، خۆ ئەم خەڵکە سەرخۆش نین، بەڵکو لە ترس و قورسی سزای خوا وایان لێ هاتووە) جا هاوەڵان وتیان: کاممان ئەو تاکە کەسەین؟ فەرمووی: (موژدەتان لێ بێت کە لە ئێوە پیاوێکو لە (یأجوج ومأجوج) هەزار کەس ڕزگاری دەبێت. پاشان پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (دە سا بەو خوایەی کە گیانی منی بەدەستە من تکاکارم کە ئێوەی موسڵمان چارەکێکی خەڵکی بەهەشت بن). ئێمەیش (ألله أكبر)مان وتو خودامان بە گەورە گرت.

پاشان پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (هیوادارم کە ئێوە سێ یەکی خەڵکی ناو بەهەشت پێك بهێنن). ئێمەیش بە دوایدا (ألله أكبر)مان وتەوە، لە دواییدا پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (ئێوە ژمارەتان لە دۆزەخدا هێندە کەمە، کە لە ناو دۆزەخییەکاندا وەك تاڵە مویەکی ڕەشی ناو پێستی گایەکی سپین، یان وەك تاڵە مویەکی سپی ناو پێستی گایەکی ڕەشن).

لەبەر ئەوە ئەوان ئەو مااڵنە سامانەیان پێشنیار کرد بۆ (ذو القرنين).

﴿ قَالَ مَا مَكَّنِّي فِيهِ رَبِّي خَيْرٌ فَأَعِينُونِي بِقُوَّةٍ أَجْعَلْ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُمْ رَدْمًا ﴿٩٥﴾ ﴾ الكهف.

(ذو القرنين) ئەو هێزو توانایەی هەیبوو، نیسبەتی دایە پاڵ خوای گەورە، کە قودرەتی خوایە توانای ئەو کارانەی داوەتێ یارمەتیدەرێتی، وتی:

خوای گەورە هێزو توانای داومەتێ بە توانای کردووم لەسەر جێبەجێ کردنی قورسترین کار، جا ئەمە خەیرەو چاکترە، بەڵام ئێوە بە جەستەو هێزو تواناتان یارمەتیم بدەنو کارم لەگەڵ بکەن، پارەو سامانو خەرجیم لە ئێوە ناوێت، ئەو بەربەستە لە بەرژەوەندی خۆتانە، دەبێت توانای خۆتان بەگەڕ بخەن بۆ دروستکردنی، تا هەست بە نرخی کارکردن بکەن، بێگومان دروستکردنی هیچ شتێك بێ کار کردنو بە تەمەڵیو پاڵدانەوە نایەتە بەرهەم، بەڵکو بە هەوڵدانو ماندو بوون پێك دێت. بەو جۆرە (ذو القرنين) پشتی بە خوای گەورە بەست لە پێشدا، پاشان بە بەشداری کردنی کەسە سودبەخشەکان، لەگەڵ ئەو کەسانەی کە شارەزاییان هەبوو لەو کارەدا هەستان بە نەخشە دانان، بۆ دروستکردنی بەربەستێکی بەهێزو سەرسوڕهێنەر، کە پێشتر هاوشێوەی نەبووبێت، دواتریش دروست نەکرێت، کارەکەی دابەش کرد بەسەر کەسەکاندا، بە پێی توانا و تایبەتمەندیو شـــــارەزاییان. ﴿ ءَاتُونِى زُبَرَ ٱلْحَدِيدِ ۖ حَتَّىٰٓ إِذَا سَاوَىٰ بَيْنَ ٱلصَّدَفَيْنِ قَالَ ٱنفُخُوا۟ ۖ حَتَّىٰٓ إِذَا جَعَلَهُۥ نَارًا قَالَ ءَاتُونِىٓ أُفْرِغْ عَلَيْهِ قِطْرًا ﴿٩٦﴾ ﴾ الكهف.

(ذو القرنين) داوای لە خەڵکی ئەو قەومە کرد کە پارچەی ئاسنی بۆ ئامادە بکەن، تا لە نێوان هەردوو شاخەکەدا دایبنێتو هەڵی بچنێت.

پارچە ئاسنی گەورەو پتەو بوو، کە لەناو چیایەک دەیانبڕیو دەیانهێنا، کە ماددەی کانزایی زۆری تیابوو، کە ناوچەی (أرمینیاو جورجیا) بوو، ئاسنو مس زۆربوو، هەروەها ڕووەکو دارستانیش زۆربوو، هەروەها گیانلەبەرو ئاژەڵی باری هەبوو، کە پێیان دەگوێزرایەوە بۆ ئەو ناوچە دوورە. پارچە ئاسنی گەورەیان هێنا، لەو ناوەندەدا دایاننا، لەسەر یەک هەڵیانچنی، بەردەوام بەرزیان دەکردەوە، هەتا ئەمپەڕو ئەوپەڕی شاخەکەی پڕ کردەوە تا ئاستی لوتکە بەرزەکانی، پاشان فەرمانی پێ کردن کە ئاگر لەژێر ئەم ئاسنانەدا داگیرسێننو فووی پیا بکەن، دەبێتە ئاگرێکی زۆر گەورەو بەتین.

لە هەمان کاتدا (ذو القرنین) فەرمانی کرد بە کۆمەڵێکی تر، کە (مس) بتوێننەوەو ئامادەی بکەنو بۆی بهێنن.

ئینجا قۆناغی دوای ئەو دێت کە مسە تواوەکە بکات بەسەر ئاسنەکەدا کە گەرم کراوە، ئینجا هەردووکیان تێکەڵ بەیەک بوون، بوونە داڕشتەیەکی بەهێزو پتەو. بەڕاستی (ذو القرنین) ئەندازیارێکی شارەزاو کارامە بووە، خاوەنی هێزو تواناو هەستکردنێکی گەورەو ناوازە بووە.

خوای گەورە ڕێنمایی کردبوو بۆ ڕێگایەکی بەهێزو سەیر، لە قایم دروستکردنی ئەو بەربەستە بەهێزە، بەو کارە توانی مسو ئاسنی تواوە بەسەر یەکدا تێکەڵ بکات.

(سید قطب) دەربارەی ئەمە دەڵێت: (ئەم ڕێگاو شێوازە لە سەردەمی نوێشدا بەکاردێت، بۆ بەهێزکردنی ئاسن، بینراوە تێکەڵ کردنی نیسبەتێک

مس به ئاسن، ئەوا بەهێزەو بەرگرییەکەی چەندجارە دەکاتەوە، خوای گەورە (ذو القرنین)ی بۆ ئەم کارە ڕێنمایی کرد، لەناو قورئاندا تۆماری کرد، بوو بە پێشینە بۆ زانستی بەشەری لە چەرخی نوێدا، چەند سەدەیەکی بەسەردا تێپەڕ بوو، کە خوای گەورە هەر خۆی دەیزانێت.[٤٣]

کاتێك (ذو القرنین) لە دروستکردنی بەربەستەکە تەواو بوو، (یأجوج ومأجوج) هەروەك عادەتی خۆیان هاتن بۆ ئەوەی لە بەربەستەکە تێپەڕنو فەسادو خراپە بڵاو بکەنەوە، بەڵام لە پڕێکدا لەگەڵ ئەو بەربەستەدا ڕووبەڕوو بوونەوە، ڕێگەی نەدان تێپەڕن، وبستیان بە سەریدا سەرکەونو خۆیانی پیا هەڵزنن، بەڵام نەیانتوانی، چونکە لە ئاسنی سافو لووس دروستکرا بوو، شوێنی دەست پێوە گرتنیشی نەبوو، کەس نەیتوانی خۆی هەڵزنێت پیایا، هەوڵیاندا بیڕوخێنن‌و لایبەرن، ئەوەشیان نەتوانی، چونکە لە ماددەیەکی بەهێزو کاریگەر دروستکرا بوو.

ئایەتەکە هەوڵە بێ ئەنجامەکەیانی تۆمار کردو فەرمووی: ﴿ فَمَا ٱسْطَـٰعُوٓاْ أَن يَظْهَرُوهُ وَمَا ٱسْتَطَـٰعُواْ لَهُۥ نَقْبًا ﴿٩٧﴾ ﴾ الكهف.

ئەم بەربەستە هۆکارێك بوو بۆ ڕێگە گرتن لە هێرشو پەلامارەکانی (یأجوج ومأجوج)و خراپەکارییەکانیان. خوای گەورە لە ئایەتەکەدا جیاوازی لەنێوان دوو (فعل) کرداردا کردووە، ئەویش بە لابردنی پیتی (ت) لە یەکەمیاندا، ئەمەیش بۆ ئەوەیە کە سەرکەوتن بەسەر بەربەستەکەدا

---

[٤٣] – (مع قصص السابقين في القران) ل (٥٣٧– ٥٣٨) بە کوردی.

سوکترو ئاسانتره لـه چـاو کونکردنەکەیـدا، کـه ئـەوان نـەیانتوانی هیچـیان ئـەنجام بـدەن، ئەمـەیش لـه بەشـه ئایـەتی: ﴿ فَمَا ٱسْطَـٰعُوٓاْ أَن يَظْهَرُوهُ ﴾ الكهف.

وەك ئەوەی ئەم (فعل) کـرداره بیـەوێت یارمـەتی ئـەو کەسـه بـدات بـۆ سەرکەوتنو خۆهـەڵزنان. بـەلأم (فعـل) کـرداری دووەم: ﴿ وَمَا ٱسْتَطَـٰعُواْ لَهُۥ نَقْبًا ﴿٩٧﴾ ﴾ الكهف. لەم بەشەی ئایەتەکەدا پێمـان دەڵێـت: کارەکـه لەگـەڵ دەربڕینەکەدا زۆر لەبارو گونجاوە.

چـونکه کـون کـردنو ڕوخانـدنی بەربەسـتەکه پێویسـتی بـه هێـزو هەوڵدانێکی زۆر گەورە هەیەو زۆر قورسەو کاتی زۆری دەوێت، پێویستی بە چەندەها ئامێرو ئـامرازی کـون کـردنو بـڕین هەیـه، پێویستی بـه پیـاوانی بەهێزو کارامەو زۆر بـەتوانا هەیـه، کـه هـەموو توانـاو وزەی خۆیـان بـەکار بخەنو زۆر خۆڕاگرو ئارامگر بن.

کەواتـه لابردنـی (ت) لـه بەشـی یەکەمـدا بـۆ سـووکیو ئاسـانی بـوو. مانەوەیشی لە بەشی دووەمدا، بـۆ قورسـیو گرانـی بـوو. لێـرەدا ئـەوە بـه بیرماندا دێت کـه وشـەو دەربڕینـی قورئـانی وردەکـاری تیـا بـەکارهێنراوە، لەگەڵ ناوەرۆکی ئایەتەکانیشدا گونجـاوە، ﴿ قَالَ هَٰذَا رَحْمَةٌ مِّن رَّبِّى ۖ فَإِذَا جَآءَ وَعْدُ رَبِّى جَعَلَهُۥ دَكَّآءَ ۖ وَكَانَ وَعْدُ رَبِّى حَقًّا ﴿٩٨﴾ ﴾ الكهف.

ئینجا (ذو القرنین) سەیری بەربەستە گەورەکەی کرد کە خەڵکی لە هێرشو پەلامارەکانی (یأجوج ومأجوج) پاراست، وتی: ﴿هَٰذَا رَحْمَةٌ مِّن رَّبِّي فَإِذَا جَاءَ وَعْدُ رَبِّي﴾ الكهف.[٤٤]

بەڕاستی ئەم بەربەستە مایەی هێنانی ڕەحمەتو بەزەیی پەروەردگارم بوو بۆ ئەو دراوسێیانەی کە سکالاو شکاتیان لە دەست (یأجوج ومأجوج) هەبوو، ئەوانی لە ئازاری ئەو کۆمەڵە خراپە پاراستو ژیانێکی وای بۆ سازاندن کە بە ئارامیو ئەمانەوە بژین، بەڵام تا ماوەیەکی دیاریکراو، کاتێك ئەو ماوەیە تەواو بوو کۆتایی هات، ئەوا بەڕاستی ئەو بەربەستە لەبن دێتو کەڵی تێدەکەوێتو ڕێگا بۆ دەرچوونی (یأجوج ومأجوج) دەکرێتەوە، ئەمەیش لە بەرەو کۆتا چوونی دونیادا، لە بەربەستو زیندانەکەیان دەربازدەبنو دەست دەکەنەوە بە خراپەو وێرانکاری، هەر وەکو چۆن لە سەری ڕاهاتبوون، هیچ هێزێك لە بەردەمیاندا خۆی ناگرێت، وەك ئەوەی کە (ذو القرنین) توانی ئەوان لە خراپەکاریو ئازاردانی دراوسێکانیان قەدەغە بکات. بەڵکو لە داهاتوودا بەناو هەموو جیهاندا بڵاو دەبنەوە، خوای گەورە لە سوورەتی (الانبیاء)دا دەربارەیان دەفەرموێت: ﴿حَتَّىٰ إِذَا فُتِحَتْ يَأْجُوجُ وَمَأْجُوجُ وَهُم مِّن كُلِّ حَدَبٍ يَنسِلُونَ ﴿٩٦﴾ وَاقْتَرَبَ الْوَعْدُ الْحَقُّ فَإِذَا هِيَ شَاخِصَةٌ أَبْصَارُ الَّذِينَ كَفَرُوا يَا وَيْلَنَا قَدْ كُنَّا فِي غَفْلَةٍ مِّنْ هَٰذَا بَلْ

---

[٤٤] – (مع قصص السابقين في القران) ل (٥٣٩– ٥٤١) بە کورتیو کەمێك دەستکاری کردنەوە.

﴿كُنَّا ظَٰلِمِينَ ﴿٩٧﴾﴾ الأنبياء.

واتـه: (تـا ئـەو كاتـەی بەربەستەکەی (ذو القـرنين) لەسـەر (يـأجوج ومأجوج) دەکرێتەوە (ئەمە يەکێکە لە نيشانەکانی نزيك بوونـەوەی کۆتـايی دونيا)و ئەوانە ئەو کاتە لە هەموو کونو کەلێنێکەوە بە لێشاو پەيدا دەبنو زۆر دەبن، ئەوسا ئيتر بەڵێنی ڕاستی نزيك دەبێتـەوەو دەست پێدەکات، ئينجـا دەبينيـت چـاوی ئەوانـەی بێبـاوەڕن ئەبڵـەقو زەق دەبێـت، ئينجـا دەڵێن: هاوار بۆ ئێمە چاك بێئاگا بووين لەم ڕۆژە، لـەم سـەرئەنجامە، نـەك لەبەر ئەوە، بەڵکو ئێمە هەر ستەمکارين!!).

ئەو ڕێگە گرتنە لەوان لـە پشـت ئـەو بەربەسـتەوە دەبێتـە هۆکـاری زۆر بوونو نەوە خستنەوەی ئەوان، کاتێك ڕێگـەدران دەرچـن، ئـەوا بـە لێشـاو دەردەپـەڕنو دەستە دەستەو کۆمەڵ کۆمەڵ کە ژمارەيان لە بن نايەت.

﴿وَتَرَكْنَا بَعْضَهُمْ يَوْمَئِذٍ يَمُوجُ فِي بَعْضٍ وَنُفِخَ فِي الصُّورِ فَجَمَعْنَاهُمْ جَمْعًا ﴿٩٩﴾﴾ الكهف.

واتە: (لەو ڕۆژە بەدواوە وازمان لێهێنـاون تـا وەك شـەپۆل بـەناو يەکـدا بـێن، يـان وازمـان لێهێنـاون بـۆ ئـەو ڕۆژەی (کـە بەربەسـتەکە دەشـکێتو بەپـەلە وەکو لێشاو دێنە دەرێ)و بەناو يەکدا شـەپۆل دەدەن، ئينجـا فـوو دەکرێـت بـە -صـور-دا، بـەو هۆيـەوە هـەر هـەموو خـەڵکی بـە تـەواوی کۆدەکەينەوە (بۆ لێپرسينەوەی ڕۆژی قيامەت).

پەندو وانە بەسودەکانی چیرۆکەکە

١- زانا (القاسمي) دەڵێت: لەو پەندە بەسودانە:

- خوای گەورە هەندێك کەس لە بەندەکانی بەسەر کەسانی تردا پلەو پایەدار دەکاتو بەرزی دەکاتەوە، لەوەی کە خۆی بیەوێت بێ حیساب لە مواڵكو دەستەڵاتو پاشایەتی پێ دەبەخشێت، کە ئەمەیش حیکمەتی شاراوەی تیایەو دەستەڵاتو قودرەتی خوای گەورە دەردەخات.
- ئاماژە دان بە گرتنە بەری هۆکارەکانو ڕێکردنو گەڕان بەدوای سوننەتەکانی خوا لە بوونەوەردا بە هەوڵدانو کارکردن، بە پێی هەوڵدانو توانا بەگەڕخستن، دەستکەوتت دەست دەکەوێتو پەی بە شتەکان دەبەیت، ئەوەی دەربارەی (ذو القرنين) گێڕدرایەوە، لە گەڕان بەسەر زەویدا بۆ شوێنی هەڵهاتنی خۆرو شوێنی ئاوابوونیو باکووری زەویو کۆڵنەدانیو حەزکردنی بە گەیشتنی شوێنە دوورو جیاوازەکانو ڕووبەڕووبونەوەی لەگەڵ مەترسییەکانو، سەرکەوتنی بەسەر ناڕەحەتیو بەربەستەکانداو پەرینەوەی لە دەریاکان، پاشان بەدەستهێنانی ئەو فەخرو شانازییە گەورە کە کەمو کورتی تێ ناکەوێت، ئەمانە گەورەترین پەندن بۆ بەرچاو ڕوونەکان.
- لەسەر پاشاو کاربەدەستان پێویستە دەستپاك بن بەرامبەر ماڵو سامانی خەڵکیو بەردەستەکانیانو بێ تەماعو کەم دونیا ویست بن لە وەرگرتنی کرێ بەرامبەر کارێك کە دێتە پێش بۆیان، ئەوەی کە خوای

گەورە بەوی داوە پاراستنی رێزو شەیدا بوونێتی بۆ خۆشەویستی.[٤٥]

٢- (القاسمي) دەڵێت:

- یەکێکی تر لە پەندەکان ئەوەیە کە، تواناو هیمەت چالاك بکرێت بۆ لابردنی بەربەستەکان.
- دەستپێشکەری بکرێت بۆ کارە بەرزو بالاکان.
- هەر کەس بەسەر دوژمنەکانیدا سەرکەوت، ناگونجێت سەرشۆڕیان بکاتو بیانکاتە بەندە، بەڵکو بە دادپەروەرانە مامەڵەیان لەگەڵ بکات، پاداشتی چاکە بە چاکە بداتو سزای خراپەکارانیش بدات.
- لەسەر پاشاو کاربەدەست پێویستە، توانای خۆی بەگەڕ بخات لەسەر پاراستنی ولاتو دەستەبەرکردنی ئەمنو ئاسایش بۆ هاوڵاتیان.
- باسکردنی نازو نیعمەتەکانی خوای گەورە کاتێك بە پایان دەگات.
- ناساندنی بەرهەمی کاری گرنگ بە کەسانی تر، تا ئاستەکەی بزانن‌و بتوانن شوکرانە بژێری بکەن.
- ڕاگەیاندنی دەنگو باسی قیامەتو کۆتا هاتنی دونیا بە کەسانی تر، تا دڵەکان پابەند بن بە پۆژی قیامەتەوەو یادی لایان زیندوو بێت.[٤٦]

٣- هەر چەندە ئینسان بەهێزو دەستەڵات بێت لە بەجێ گەیاندنی کارەکانیدا، لە سەری پێویستە لە خۆی نەگۆڕێت، بێگومان (ذو القرنين)

---

[٤٥] - بە کورتی‌و دەستکارییەوە لە (محاسن التأويل) (١١ / ٨٧- ٩٠).

[٤٦] - (مع قصص السابقين في القرآن) ل (٥٤٦) بە کورتی.

لە هەموو کارەکانیدا پشتی بە توانای خوایی بەست، پاش تەواو کردنی کاری بەربەستەکە وتی: ﴿قَالَ هَٰذَا رَحْمَةٌ مِّن رَّبِّي ۖ فَإِذَا جَاءَ وَعْدُ رَبِّي﴾ الكهف. کاتێك پێشنیاری یارمەتی مادديو سامانیان بۆ کرد وتی: ﴿مَا مَكَّنِّي فِيهِ رَبِّي خَيْرٌ﴾ الكهف. لە کۆتاییشدا کاتێك دەربارەی لەناوچوونو فەوتانی بەربەستەکە دەدوێت، بێگومان بیری ناچێت دیاریکردنی کاتەکەی نیسبەت بداتە پاڵ خوای گەورە.[٤٧]

٤- جیاوازی نێوان وشەی (الخَبَر، والخُبْر):

وشەی (الخَبَر) لە چیرۆکی مووسادا دوو جار هاتووە، وەك خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿إِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِأَهْلِهِ إِنِّي آنَسْتُ نَارًا سَآتِيكُم مِّنْهَا بِخَبَرٍ﴾ النمل:٧.

هەروەها ئایەتی:

﴿قَالَ لِأَهْلِهِ امْكُثُوا إِنِّي آنَسْتُ نَارًا لَّعَلِّي آتِيكُم مِّنْهَا بِخَبَرٍ﴾القصص:٢٩.

مووسا (علیه السلام) کاتێك لەگەڵ خێزانەکەی چوونە ناو دەشتو دەرو بیابانێك بۆ میصر دەگەڕانەوە، ڕێگاکەی لێ ونبوو، پاشان ئاگرێکی بینی لە دوورەوە، چوو بۆ لای تا بەڵکو لەوێ کەسێك ببینێتو هەواڵی لێ بپرسێتو ئەویش ڕێگای نیشان بدات، حەزی دەکرد لەوێ هەواڵی دەست بکەوێت.

---

[٤٧] - (الأمثل في تفسير كتاب الله المُنَزل) (٩/ ٣٢٣).

بەلآم وشەی (الخُبْر) تەنها لە سوورەتی (الكهف)دا هاتووە:

لە چیرۆکی (خضر وموسی)دا، (خضر) بە موسای (علیه السلام) وت:

﴿ وَكَيْفَ تَصْبِرُ عَلَىٰ مَا لَمْ تُحِطْ بِهِۦ خُبْرًا ﴿٦٨﴾ ﴾ الكهف.

خوای گەورە لەم چیرۆکەدا دەربارەی (ذو القرنين) فەرمووی: ﴿ كَذَٰلِكَ وَقَدْ أَحَطْنَا بِمَا لَدَيْهِ خُبْرًا ﴿٩١﴾ ﴾الكهف.

جیاوازی نێوان هەردوو وشەکە:

(الخَبَر): (هُوَ العلمُ بالأشياء المعلومة من جهة الخبر) واتە: (زانینی شتە دیارو ناسراوەکان لە رێگەی هەواڵەوە). بەلآم (الخُبر) واتە: (فَهُوَ المعرفةُ ببَواطِنِ الأمرِ).[٤٨] واتە: (زانینی ناوەرۆک و شاراوەو نهێنی کارەکان).

واتە: ئەگەر هات زانستەکە پەیوەندیدار بوو بە هەواڵی دەرەکی شتەکەو شتەکەیش دیارو ئاشکرا بوو کارەکەیش ئاشکرا بوو، ئەوە (الخَبر)ە، ئەگەر پەیوەندیدار بوو بە کاری ناوەرۆک و نهێنی و شاراوەکانەوە و شاراوەیی شتەکان و نهێنییەکانیان و پێچ و پەنادار بوو، ئەوە (الخُبْر)ە.

ئەم وشەیەش بۆیە تەنها لە سوورەتی (الكهف)دا هاتووە، چونکە سوورەتەکە زانستی بە نهێنی شاراوەکان تیایە –بە فەرمانی خوا– نهێنی و شاراوەیی و وردی هەندێک لە کارەکان دەردەخات. موسا (علیه السلام) هەندێک شت لە (خضر) دەبینێت، کە ڕاستییەکانیان نازانێت و نازانێت نهێنییەکەی چییە، لەبەر ئەوە ئینکاری دەکات.

---

[٤٨] – المفردات (١٤١).

زانینی ناوەرۆك و شاراوەو نهێنی کارەکان

واتە: ئەگەر هات زانستەکە پەیوەندیدار بوو بە هەواڵی دەرەکی شتەکەو شتەکەیش دیارو ئاشکرا بوو کارەکەیش ئاشکرا بوو، ئەوە (الخَبَر)ە، ئەگەر پەیوەندیدار بوو بە کاری ناوەرۆك و نهێنی و شاراوەکانەوە و شاراوەیی شتەکان و نهێنییەکانیان و پێچو پەنادار بوو، ئەوە (الخُبر)ە.

ئەم وشەیەش لە سوورەتی (الکهف)دا هاتووە، چونکە سوورەتەکە زانستی بە نهێنی شاراوەکان تیایە –بە فەرمانی خوا– و نهێنی و شاراوەیی و وردی هەندێك لە کارەکان دەردەخات.

موسا (علیه السلام) هەندێك شت لە (خضر) دەبینێت، کە ڕاستییەکانیان نازانێت و نازانێت نهێنییەکەی چییە، لەبەر ئەوە ئینکاری دەکات.

(خضر) پێی دەڵێت: ﴿ وَكَيْفَ تَصْبِرُ عَلَىٰ مَا لَمْ تُحِطْ بِهِۦ خُبْرًا ﴿٦٨﴾ ﴾ الکهف.

(ذو القرنین) هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی هەندێك کار، کە زۆرێك لە خەڵکی هیچ زانستێکیان پێی نییە، ئەوەی لە ویژدان و دڵو نییەتی ئەودایە لای خەڵکی شاراوەیە، بەڵام خوای گەورە زانستی پێی هەیە و، لێی ئاگادارە.[٤٩]

---

[٤٩] – (مع قصص السابقين في القرآن) ل(٥٣٠ – ٥٣٢) بە کورتی و دەستکاری کردنەوە.

بەشی سێیەم

شیکردنەوەی وردەکارییەکانی چیرۆکی (ذو القرنین)

مێژوونووسانو زانایانی تەفسیر هەڵوێستەیان لە بەردەم چیرۆکەکەدا کردووەو زۆریان هەوڵی پوونکردنەوەی پووە نادیارەکانیان داوەو ویستویانە چەند وردەکارییەکی مێژویی‌و واقیعی لێ دەربهێنن.. لەم بارەیەوە کۆمەڵێك وتەو بیرو ڕایان هێناوە، کە زۆریان لە دەقە ئیسرائیلییەکانو بەسەرهاتەکانی خاوەن کتێبەکان وەرگیراون، چەندین شتی نابەجێو پووچەڵو ئەفسانەو قسەڵۆکی بێ ناوەڕۆکیان تیایە.

لە شوێنەوارو دەرئەنجامی ئەمانەیش پەلهاویشتنی بۆ درێژە پێدانو شیکاری چیرۆکەکەو جیاوازی ناتەبایی تونند لە نێوان مێژوونووسانو ڕاڤەکاران لەسەر ئەم مەسەلەیەو چەندو چوونی زۆری لە بارەیەوە تێدایە.

هەندێك لە نووسەرانیش چەند کتێبێکی سەربەخۆیان داناوە، بە تایبەت بۆ لێکدانەوەی شیکاری چیرۆکەکەو دەستنیشان کردنی شوێنو کات‌و ڕووداوو پاڵەوانەکانو داستانەکانیان. هەندێك لە کتێبەکان بریتین لە:

١- (ذو القرنين وسد الصين) لە نووسینی (محمد راغب الطباغ).

٢- (يسألونك عن ذي القرنين) لە نووسینی (أبو الكلام آزاد).

٣- (مفاهيم جغرافية في القصص القرآني: قصة ذي القرنين) لە نووسینی (الدكتور: عبدالعليم عبدالرحمن خضر).

٤- (ذو القرنين: القائد الفاتح والحاكم الصالح) لە نووسینی (محمد خیر رمضان یوسف) ئەم کتێبە تازەترینی ئەو کتێبانەیەو لە هەموویان زیاتر سەرچاوەو زانیاری تیادا کۆکراوەتەوەو لە هەموویشیان زیاتر ساغ کراوەتەوە.

- لە پێشەکی ئەم کتێبەدا نووسەر باسی ئەوەی کردووە: کە کاتێک بیری لە لێکدانەوەی چیرۆکی (ذو القرنين) کردۆتەوە، پرسو ڕای بە زانایەکی زیرەکو جێی بڕواو متمانە کردووەو لێی پرسیوە: (مامۆستا ڕات چییە لەوەی کە من لێکۆڵینەوەیەک لەسەر (ذو القرنين) بنووسم؟ ئەویش پێی وتوە: (کاری وا مەکە)، نووسەرش سەری سوڕماوەو لێی پرسیوە: بۆچی؟ لە وەڵامدا پێی وتوە: چونکە تۆ بە ئەنجامێك ناگەیت!!)[٥٠].

بەڵام نووسەر لەسەر لێکۆڵینەوەکەی بەردەوام بووەو سەرچاوەو زانیاری بۆ کۆکردۆتەوەو لێکدانەوەی خۆیی تێدا نووسیوەو کتێبێکی گەورەی لێ پێکهێناوە.. بەڵام نەیتوانیوە کەسێتی (ذو القرنين) دەستنیشان بکات، کە ئەمەیش ناوەڕۆکو کرۆکی لێکۆڵینەوەکەیە، ئیتر پێ دەچێت کە بە ئەنجامێکی پەسەندی وەها نەگەیشت بێت، کە بتوانێت وەک لێکۆڵینەوەیەکی زانستیو مەنهەجیو بابەتییانە بیگونجێنێت.

---

٥٠ - کتێبی (ذو القرنين)ی (محمد خير رمضان يوسف) لاپەڕە/٩. لە کتێبی (مع قصص السابقين في القرآن)ي (الدكتور صلاح عبدالفتاح الخالدي) ل/٤٥١-٤٥٢ وەرگیراوە.

(ذو القرنين) له فەرموودە ڕاستەکاندا

لەبەر ئەوەی چیرۆکەکە وەک مەتەڵێکی ئاڵۆزو سەیر وایە، پێویستە لەسەرمان لە سەرچاوە ڕاستو متمانە پێکراوەکانەوە لێی بکۆڵینەوە، کە هیچ گومانو دەستکارییەکیان تیا بەدی ناکرێت، ئەوەی جێگەی بڕواو متمانە پێکردن بێت، تەنها هەردوو سەرچاوە بنچینەییەکەی ئیسلامن، کە قورئانو سوننەتن، سەبارەت بە قورئانی پیرۆز، تەنها لە سوورەتی (الکهف)داو لە چەند ئایەتێکی ئەو سوورەتەدا باسی لێکراوە، هەروەها لە سەرچاوەی دووەمیش، واتە (لە سوننەتدا) فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ نەگێڕراوەتەوە، کە دەربارەی چیرۆکی (ذو القرنین) بن، یان دەربارەی هەر سێ سەفەرەکەی، یان دەربارەی دیاری کردنی ناوەکەی، یان دیاری کردنی سەردەمەکەی.

جا لەبەر ئەوەی ئەم دوو سەرچاوە بنەڕەتییە بە درێژی دەربارەی چیرۆکەکە نەدواون، ئیتر ئێمە چۆن شیکارو درێژەی ژیانەکەی دەزانین؟ یان کێ بێت ئەو کەسەی لە خۆیەوە بتوانێت شتێك لەسەر ڕووداوەکانی ڕابردوو لەسەر کەسانی پێشین بڵێت کە بوونەتە بەشێك لە غەیبو نادیاری ڕابردوو، کە قسەکردنیش لە بارەیانەوە لە بواری قسەکردن لەسەر غەیب دادەنرێت، کێ هەیە بتوانێت دەربارەی ئەو نادیارانە بدوێت، کە قورئانی پیرۆزو فەرموودە ڕاستەکانو هاوەڵە بەڕێزەکانیش لێی بێدەنگ بوون؟!

لەبـەر ئـەوە ئێمـە لـە پوانگـەی خۆمانـەوە، کـە تـەنها لەگـەڵ وەحـیو ئاماژەکانی ئەو ئایەتانەی قورئاندا بمێنینەوەو لە ئاست فەرمووده پاستەکانی پێغەمبەردا ﷺ پاوەستینو بێ دەنگ بین لەو مەسەلانەی کـە لێیـان بێدەنگ بـوون، هـەر چـەندە دەڵێن: فـەرمووده پاسـتەکان هیچـیان دەربـارەی ئـەم چیرۆکە تێدا نییە. بەڵام ئیمامی (بوخاری) ئاماژەی بـۆ ئـەو ئایەتانـە کـردووە کە لە (کتاب الأنبیاء)دا پێش لێدوان لە چیرۆکی ئیبراهیم (علیه السلام) باسی لێوە کردون، شێوە ڕیزبەندییەکی تایبەتی بۆ داناون بەم شێوەیە:

١- باب خلق آدم و ذریته.

٢- باب الأرواح جنود مجندة.

٣- باب قول الله: ﴿ لَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوْمِهِۦ ﴾ الأعراف:٥٩

٤- باب: ﴿ وَإِنَّ إِلْيَاسَ لَمِنَ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿١٢٣﴾ ﴾ الصافات.

٥- باب ذكر إدريس (علیه السلام).

٦- باب قول الله: ﴿ وَإِلَىٰ عَادٍ أَخَاهُمْ هُودًا ﴾الأعراف:٦٥

٧- باب قصة يأجوج ومأجوج.

٨- باب قول الله: ﴿ وَٱتَّخَذَ ٱللَّهُ إِبْرَٰهِيمَ خَلِيلًا ﴿١٢٥﴾ ﴾النساء.[٥١]

تا کۆتا (باب) لە کتێبەکەدا.

---

[٥١] - بڕوانە کتێبی (صحیح البخاري) طبعة محمد علي صبیح، بەرگی/٢/١٥٩-١٦٩.

(إبـن الحجـر)و لێکدانـەوەی شـێوە ڕیزبەندییەکـەی پێشـەوا (بوخاری)

(إبن الحجر) لەو شێوە ڕیزبەندییـەی پێشـەوا (بوخـاری) وا تێگەیشـتووە کە (بوخـاری) پای وایـە (ذو القـرنین) لـە پـێش (إبـراهیم) (علیـه السـلام)دا بووە، یان هاوزەمانی بووە..

لەم بارەیەوە (إبن الحجر) لە کتێبی (فتح الباري)دا، وتوویەتی: (مصنف) واتە: دانەرەکە کە (بوخاری)یە، چیرۆکو کەسەکانی ڕیزبەند کردووە، باسی (ذو القرنین)ی خستۆتە پێش (إبراهیم)ەوە، بەمە وتـەی ئـەو کەسـانەی بـە کەمو بـێ نـرخ دانـاوە کـە وتویانـە گوایـە ئەمـە (ئەسـکەندەری یۆنانییـە)، چونکە ئەسکەندەر لـە سـەردەمی نزیـك سـەردەمی (عیسـی)(علیه السلام) ژیاوە، دیـارە مـاوەی نێـوان سـەردەمی (إبـراهیم)و (عیسـی) زیـاتر لـە دوو هەزار ساڵە.[٥٢]

ڕاستە کە (ئەسکەندەر) بریتی نییـە لـە (ذو القـرنین)، بـەڵام بەڵگەیـەکی ڕاستیش لە ئارادا نییە لەسەر ئەوەی کە (ذو القرنین) لـە پـێش (إبـراهیم)دا بووە، یان هاوسەردەمی بووە.

شێوە ڕیز کردنەکەی (بوخـاری)و دانـانی (ذو القـرنین) لـە لیسـتی پـێش (إبـراهیم)دا ڕێکخسـتنێکی بـڕاوەو تـەواو ڕاسـت نییـە، بـەڵکو (إجتهـاد) کۆشـش‌و تێکۆشـان‌و بـیرو ڕای خۆیـەتی، نـەك بـەو شـێوەیە بێـت کـە

---

[٥٢] – فتح الباري ٦/٨٢.

فەرموودەیەکی ڕاستی لەسەر هاتبێت.. هەر بۆیە ئێمە ناچارین کە پشتی پێ نەبەستینو نەیلێینەوە، چونکە لە بواری مەسەلە نادیارو غەیبییەکانی ڕابوردووە، کە هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نییە، لەبەر ئەوە ئیجتیهادەکەی (بوخاری) لەو شێوە ڕیزکرنەدا ڕەت دەکەینەوە، لەگەڵ ئەوەدا کە ڕێزو حورمەتێکی زۆرمان بۆی هەیەو دان بە فەزڵو چاکەو زانستە نایابەکەیدا دەنێین –خوا لێی ڕازی بێت–.

پێشەوا (إبن الحجر) دوای ئەم ئیجتیهادەی (بوخاری) کەوتووەو بیرو بۆچوونی وایە، گوایە (ذو القرنین) لەگەڵ (إبراهیم)دا بووە، وەك دەڵێت: (لە ڕاستیدا ئەو کەسەی کە خوای گەورە بەسەرهاتەکەی لە قورئاندا گێڕاوەتەوە، ئەو لە پێش ئەو سەردەمەدا ژیاوە).. پاشان بۆ ڕاستتر دانانو یەکلاکردنەوەی ئەم بیرو بۆچوونە، وتەی چەند کەسێکی کردۆتە بەڵگە، وەك ئەم وتانە:

– وتەی (عوبەیدی کوڕی عومەیری تابیعی) کە وتوێەتی: ((ذو القرنین) بە پیادە حەجی کردووەو ئیبراهیمیش هەواڵی بیستووەو پێی گەیشتووە).

– وتەی (إبن عباس) کە وتوێەتی: ((ذو القرنین) چووەتە (مسجد الحرام)ەوەو ئیبراهیمیش سڵاوی لێ کردووەو تەوقەی لەگەڵ کردووە).

– وتەی (عثمانی کوڕی ساج) کە وتوێەتی: ((ذو القرنین) داوای لە ئیبراهیم کردووە کە نزای بۆ بکات، ئیبراهیمیش پێی وتوە: (چۆن نزات بۆ بکەم لە کاتێکدا کە ئێوە بیرەکەمتان تێك داوە؟)، (ذو القرنین)یش لە

وەڵامدا پێی وتوە: (ئەوە بە فەرمانی خۆم نەبووە).

- وتەی (إبن هشام) کە وتوێەتی: (ئیبراهیم لە مەسەلەیەکدا (ذو القرنین)ی کردووە بە دادوەر، ئەویش حوکمی دادوەرانەی بۆ داوە).[٥٢]

جا کاتێك سەرنج لە بەڵگەکانی پێشەوا (إبن الحجر) دەدەین، وا نایەنە بەر چاومان کە یەکێکیان پابەندمان بکات بۆ سوود وەرگرتن لێی، بەڵکو ئێمە ناچارین کە هەموویان پەت بکەینەوە، چونکە هیچ یەکێکیان نەبراوەتەوە بۆ فەرموودەیەکی پێغەمبەری خوا ﷺ، ئێمەیش لە چیرۆکی پێشینەکاندا تەنها پشت بە فەرموودەی ڕاست دەبەستین کە براوەتەوە سەر پێغەمبەر ﷺ.

بەربەستەکەی (ذو القرنین) لە فەرموودە ڕاستەکاندا

(ذو القرنین) لە کاتی فەتحی وڵاتاندا بەربەستێکی لە ناوچەی باکوور دروست کردووە، وەك ئایەتەکان بە ڕوونی ئاماژەیان بۆ کردووە، بە ناوی (سد ذو القرنین) ناسێنراوە، چونکە خۆی دروستی کردووە، هەروەها بە بەربەستی (یأجوج ومأجوج)یش ناوبراوە، چونکە ڕێگر بووە لە شالاوەکانیان بۆ سەر دانیشتوانی ئەو ناوچەیە، هەروەها بە دیوارە پتەوەکەی (یأجوج ومأجوج)یش ناوبراوە.

---

[٥٢] - فتح الباري ٦/٣٨٢. بڕوانە (مع قصص السابقين في القرآن)ی (صلاح عبدالفتاح الخالدي) ل/٤٥٣-٤٥٤.

لێرەدا چەند فەرموودەیەکی ڕاست دەربارەی ئەو بەربەستە دێنینەوە..

١- لە گرنگترینی ئەو فەرموودانەو بەناوبانگترینیان ئەوەیە کە لە پلەی (متفق علیە)دایە، واتە (بوخاریو موسلیم) گێڕاویانەتەوە لە (زهري)یەوە، ئەویش لە (عروەی کوڕی زبیر)و ئەویش لە (زینب ی کچی جحش)ەوە، (خوا لێیان ڕازی بێت)، کە جارێك پێغەمبەر ﷺ لە خەو ڕاپەڕیو هات بۆ لام، ڕووی سوور هەڵگەڕا بوو، شڵەژا بوو دەیفەرموو: (لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَيْلٌ لِلْعَرَبِ مِنْ شَرٍّ قَدْ اقْتَرَبَ فُتِحَ الْيَوْمَ مِنْ رَدْمِ يَأْجُوجَ وَمَأْجُوجَ مِثْلُ هَذِهِ وَحَلَّقَ بِإِصْبَعِهِ الإِبْهَامِ وَالَّتِي تَلِيهَا اللَّهُ قَالَتْ زَيْنَبُ بِنْتُ جَحْشٍ فَقُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ أَنَهْلِكُ وَفِينَا الصَّالِحُونَ؟ قَالَ نَعَمْ إِذَا كَثُرَ الْخَبَثُ)[٥٤].

واتە: (فەرمووی: (لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ) هەر خودا خودایەو، بەس هاوار لە عەرەب، بۆ ئەم شەڕو خراپەیەی کە ڕووی تێکردوون، وای لەم پۆژە ڕەشەی یەخەی بە عەرەب گرتووە.. ئەمڕۆ بە قەدەر ئەمەندە (لەو کاتەدا ئاماژەی بۆ پەنجە گەورەو پەنجەی تەنیشتی کرد، کە پێکەوە وەك کەوانەیەك پیشانی دان)و فەرمووی: هێندەی ئەمە لە دیوارە پتەوەکەی (یأجوجو مأجوج) کراوەتەوە، (زینب ی کچی جحش)یش لێی پرسی: (ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئایا ئێمەی موسوڵمان لەو پۆژەدا هەموومان تێکڕا لەناو دەچین؟ هەر چەندە پیاوچاکیشمان تێدا بێت؟)

---

[٥٤] - (البخاري -٦٠- كتاب الانبياء-٧- باب يأجوج ومأجوج)- حديث رقم (٣٣٤٦) و(مسلم -٥٢- كتاب الفتن وأشراط الساعة) (١٩- باب الفتن وفتح ردم يأجوج ومأجوج -حديث رقم/٢٨٨٠).

فەرمووی: (بەڵێ، هەمووان تیا دەچن، کاتێك خراپەو پیسیو چەپەڵی لە کردارەکاندا زۆر بوو بێت).

٢- هەر لەم بارەیەوە (بوخاریو موسلیم) لە (أبو هريرة)ەوە (خوا لێی ڕازی بێت)و ئەویش لە پێغەمبەرەوە ﷺ گێڕاویەتییەوە، فەرموویەتی: (فتح اليوم من ردم يأجوج ومأجوج مثل هذه وعقد بيده تسعين).[٥٥]

واتە: (ئەمڕۆ هێندەی ئەمە لە دیواری (یأجوجو مأجوج) کراوەتەوە، ئینجا پێغەمبەر ﷺ لەو کاتەدا ژمارە (٩٠) یان (٩)ی بە دەستی گرێدا، کە بە هێندەی ئەو هێمایە لە دیوارەکە کون بوە.).

٣- هەروەها (بوخاری) لە پێشەکی بەشی (قصة يأجوج ومأجوج) لە بەشی (كتاب الأنبياء)دا بە (تعلیق) فەرموودەیەکی هێناوە، کەوا پیاوێك بە پێغەمبەری ﷺ وتوە: (رَأَيْتُ السَّدَّ مِثْلَ الْبُرْدِ الْمُحَبَّرِ. قَالَ: قد رَأَيْتَهُ)[٥٦] واتە: (من بەربەستەکەم لە خەونمدا وەك کەوایەکی خەت خەت بینیوە - خەتێکی سوورو خەتێکی ڕەش- واتە بە درزو کەلەبەرەوە بینیومە، پێغەمبەریش ﷺ پێی فەرموو: هەر وایەو بەڕاستی بینیوتە).

لە واتاو ئاماژەکانی ئەم فەرمودەیە:

١- لە فەرموودەی یەکەمدا کە (زينب ى كچى جحش) گێڕاویەتییەوە،

---

[٥٥] - البخاري حديث (٣٣٤٧) ومسلم حديث (٢٨٨١).

[٥٦] - البخاري مقدمة باب (٧) قصة يأجوج ومأجوج.

دەلالەتێکی جوانو ناوازە لە سەنەدی فەرموودەکەدا هەیە، کە پێشەوا (النووي) لە شەرحی (مسلم)دا دەربارەی فەرموویەتی: (لە سەنەدی فەرموودەکەدا چوار ئافرەت لە هاوەڵان بەشدارن، دوان لە خێزانەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ و دوو زۆرکچیش لە خێزانەکانی، هەندێکیان لە هەندێکیان بوون، بێجگە لەم فەرموودەیە شك نابرێت فەرموودەیەکی تر هەبێت کە چوار ئافرەت لە نزیکانی یەکتری لە سەنەدەکەیدا کۆ بووبێتەوە).[٥٧] هەردو هاوسەرەکەی پێغەمبەری خوایش ﷺ بریتین لە: (زینب ی کچی جحش)و (أم حبیبەی کچی أبي سفیان)، هەردوو زۆرکچەکەیش بریتی بوون لە: (حبیبەی کچی أم حبیبة)و (زینب ی کچی أم سلمة) بوون.. دوو کەسیش لە شوێنکەتووان گێڕاویانەتەوە، کە (عروەی کوڕی زبیر)و (محمدی کوڕی شهاب الزهري) بوون.

٢- ترسی پێغەمبەری خوا ﷺ لە (شەڕو خراپە هاتووەکە)، کە بە ڕووخسارێکی شلەژاوەوە چووەتە لای (زینب) لە ڕیوایەتەکەی (بوخاریو مسلم)دا وا هاتووە، کە پێغەمبەر ﷺ لەکاتی لەخەو هەستاندا بە شلەژانەوە بێدار بووەتەوە.. لە ڕیوایەتی سێیەمدا کە هەر (بوخاریو مسلم) گێڕاویانەتەوە، وا هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ پۆژێکیان بە شلەژاوی لە ماڵ دەرچووەو ڕوخساریشی سوور هەڵگەڕاوە.

دەشێت لە کۆی هەر سێ ڕیوایەتەکەوە بگەینە ئەم دەرئەنجامانە:

---

[٥٧] - مسلم بشرح النووي /٢/١٧.

١- بێگومان پێغەمبەری خوا ﷺ لای (زینب ی کچی جحش)ی هاوسەری نووستوەو لەکاتی نوستنەکەدا خەونێکی بینیوە تووشی شڵەژانی کردووە، (دیارە خەونی پێغەمبەرانیش ڕاستو واقیعییە) بۆیە بە شڵەژاوی لە خەونەکەی بێدار بووەتەوەو لەو ژوورەی تێیدا نووستوە چووەتە دەرەوەو دەمو چاوی سوور هەڵگەڕاوەو چووەتە لای (زینب)ی خێزانیو شوێنەواری ترسو بیم بە ڕوخساریەوە دیار بووە، ئەو قسەو باسەی پێ گەیاندووە کە لە فەرموودەکەدا هاتبوو.

٢- هۆکاری ترسانەکەیشی ئەوەیە کە لە خەونەکەیدا دیویەتی (یان خوای گەورە لەو خەونەدا پیشانی داوە) کە بەربەستەکەی بەردەم (یأجوج ومأجوج) کەلەبەرێکی تێ کەوتووە، ئەم بینینەیش لە خەوندا بووە، نەک لە کاتی بێداریدا.

٣- خەونەکەی پێغەمبەر ﷺ کە بینیویەتی، کەلەبەر کراوەتە بەربەستەکە، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە (یأجوج ومأجوج) دەستیان بە ڕوخاندنی بەربەستەکە کردوەو لە سەرەتایشەوە کارەکەیان سەری گرتووە، ئەمەیش ئەو واتایە دەگەیەنێت، کە کردنەوەو ڕوخاندنی بەربەستەکەو پێیدا تێپەڕ بوونی لە پێش هاتنی قیامەتدا دەبێت، ئیتر مەرج نییە بەربەستەکە بەڕێکی وەک خۆی تا کاتی دەرچوونی (یأجوج ومأجوج) لە پێش هاتنی قیامەتدا بمێنێت.

٤- لە فەرموودەکاندا مانای دیارو دەرکەوتوو لە کرانەوەی دیوارە پتەوەکەی (یأجوج ومأجوج)، کرانەوەی ئەو بەربەستەیە کە لەوێدا دروست

کراوه، مەبەستیش لەو شەڕو خراپەیەی کە نزیك بووەتەوە، دەرچوونی (یأجوج ومأجوج)ە کە لەوێوە دەردەچنو شالاو دێننە سەر ولاتانی موسوڵمانان.

هەندێك لە زانایان وای بۆ دەچن گوایە مەبەست لەم فەرموودەیە پودانی فیتنەو ئاژاوەیەو کرانەوەی بەربەستەکەیش لەم فەرموودەیەدا، گوزارشتێکە لە کرانەوەی دەرگای فیتنەو پشێوی لەسەر موسوڵمانان.. بۆ نمونە (إبن الحجر) لەم بارەیەوە وتویەتی: (پێغەمبەر ﷺ بۆیە بە تایبەت (عرب)ی وریا کردۆتەوە، چونکە لەو سەردەمەدا گەلی عەرەب زۆربەیان موسوڵمان بوو بوون، مەبەست لە شەڕو خراپەکەیش ئەو ئاژاوەیە بوو، کە لە دوای خۆی بەهۆی کوژرانی (عثمان ی کوڕی عفان)ەوە –خوا لێی ڕازی بێت– ڕوویدا، تا لە ئاکامدا عەرەب لە ناو نەتەوەکاندا وەك تەشتێکی گەورەو پڕ لە خۆراکی بەردەمی بخۆرانی لێ هات.[٥٨]

٥– مانایەکی ئامازە بۆ کراوی تری فەرموودەکە، ئەوەیە کە سزای خوای گەورە لە دونیادا سزایەکی گشتییەو هەموو کۆمەڵ دەگرێتەوە، سوننەتو ڕێبازی خوایش وایە لەکاتی بڵاو بوونەوەی بەدکاریو خراپەو سەرپێچیدا هەموو نەتەوەی پێ لەناو بەرێت، ئەگەر کەسانی چاکو خواپەرستیشیان تێدا مابێت، (أ نَهْلِكُ وَفِينَا الصَّالِحُونَ؟) واتە: وەك (زینب) لە پێغەمبەری پرسی: (ئایا ئێمە بە سزای خوا لەناو دەچین ئەگەر چاکە کارانیشمان تێدا بێت؟). لە وەڵامدا فەرمووی: (بەڵێ، ئەگەر گەندەڵیو بەدڕەفتاری زۆر بێت).

---

[٥٨] – فتح الباري/١٣/١٠٧.

هەواڵی دەرچونی (یأجوج ومأجوج) لە فەرموودە ڕاستەکاندا

فەرموودە ڕاستەکان بە هیچ زانیارییەک ئاماژەیان بۆ ڕەچەڵەکو بنچو بناوانی (یأجوج ومأجوج)و مێژوویانو جێگەو وڵاتو ڕەنگو ڕوخساریانو تایبەتمەندیو وردەکارییەکانی تری ژیانیان نەکردووە، هەروەها دانی بە دەرچوونیاندا (لە پێش دەرچوونی لە بەرپا بوونی قیامەت) نەناوە، نکۆڵیشی لێ نەکردوون، بەڵکو لە ئاست هەموو ئەمانەدا بێ دەنگن.

بەڵام ئەم فەرموودە ڕاستانە ئاماژە بۆ دوایین دەرچوونیان لە ماوەیەکی کەمی پێش هاتنی قیامەتدا دەکەن..

- *ئەم دەرچونەیش بە یەکێک لە نیشانە گەورەکانی هاتنی قیامەت دادەنێین.*

دەرچونەکەیشیان لە دوای هاتنە خوارەوەی (عیسی) (علیه السلام)ە، کە لە ئاسمان دێتە خوارەوە (دجال) لە (باب اللّد)دا دەکوژێت.

لێرەیشدا ئەو فەرموودە جوانو نایابو درێژەی پێغەمبەر ﷺ دێنینەوە، کە دەربارەی (دجال)و دەربارەی (عیسی ی کوڕی مەریەم)و دەربارەی (یأجوجو مأجوج) دەدوێت.. پێشەوا (مسلم) لە (صحیح)ەکەیدا، لە (نواس ی کوڕی سمعان)ەوە -خوا لێی ڕازی بێت- گێڕاویەتییەوە، کە وتویەتی:

(ذَكَرَ رَسُولُ اللهِ ﷺ الدَّجَّالَ ذَاتَ غَدَاةٍ، فَخَفَّضَ فِيهِ وَرَفَّعَ حَتَّى ظَنَنَّاهُ فِي طَائِفَةِ النَّخْلِ. فَلَمَّا رُحْنَا إِلَيْهِ، عَرَفَ ذلكَ فِينَا، فَقالَ: (مَا شَأْنُكُمْ؟) قُلْنَا: يا رَسُولَ اللهِ، ذَكَرْتَ الدَّجَّالَ الغَدَاةَ فَخَفَّضْتَ فِيهِ وَرَفَّعْتَ، حَتَّى ظَنَنَّاهُ فِي طَائِفَةِ

النَّخْلِ، فقالَ: غَيْرُ الدَّجَّالِ أَخْوَفني عَلَيْكُمْ، إنْ يَخْرُجْ وَأنَا فيكُمْ، فَأنَا حَجِيجُهُ دُونَكُمْ وإنْ يَخْرُجْ ولَسْتُ فيكُمْ، فَامْرُؤٌ حَجيجُ نَفْسِه، واللهُ خَليفتي عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ. إنَّهُ شَابٌّ قَطَطٌ عَيْنُهُ طَافِيَةٌ، كَأنّي أُشَبِّهُهُ بعَبْدِ العُزَّى بنِ قَطَنٍ، فَمَنْ أدْرَكَهُ مِنْكُمْ، فَلْيَقْرَأ عَلَيْهِ فَواتِحَ سُورَةِ الكَهْفِ، إنَّهُ خَارِجٌ خَلَّةً بَيْنَ الشَّامِ وَالعِرَاقِ، فَعَاثَ يَميناً وَعَاثَ شمالاً، يَا عِبَادَ اللهِ فَاثْبُتُوا).

قُلْنَا: يَا رسُولَ اللهِ، وَمَا لُبْثُهُ في الأرْضِ؟ قال: (أرْبَعُونَ يَوماً: يَوْمٌ كَسَنَةٍ، وَيَوْمٌ كَشَهْرٍ، وَيَوْمٌ كَجُمْعَةٍ، وَسَائِرُ أيَّامِه كَأيَّامِكُمْ) قُلْنَا: يَا رَسُولَ اللهِ، فَذلكَ اليَوْمُ الَّذي كَسَنَةٍ أتَكْفِينَا فيهِ صَلاَةُ يَوْمٍ؟ قَالَ: لا، اقْدُرُوا لَهُ قَدْرَهُ. قُلْنَا: يا رسولَ اللهِ، وَمَا إسْراعُهُ في الأرْضِ؟

قال: (كَالغَيْثِ اسْتَدْبَرَتْهُ الرِّيحُ، فَيَأتي عَلَى القَوْمِ، فَيدْعُوهُم فَيُؤْمِنُونَ بِهِ وَيَسْتَجِيبُونَ لَهُ، فَيَأمُرُ السَّمَاءَ فَتُمْطِرُ، وَالأرْضَ فَتُنْبِتُ، فَتَرُوحُ عَلَيْهِمْ سَارِحَتُهُمْ أطْوَلَ مَا كَانَتْ ذُرىً وَأسْبَغَهُ ضُرُوعاً، وأمَدَّهُ خَوَاصِرَ، ثُمَّ يَأتي القَوْمَ فَيَدْعُوهُمْ، فَيَرُدُّونَ عَلَيْهِ قَولَهُ، فَيَنْصَرِفُ عَنْهُمْ، فَيُصْبِحُونَ مُمْحِلِينَ لَيْسَ بِأيْدِيهِمْ شَيْءٌ مِنْ أمْوَالِهِمْ، وَيَمُرُّ بِالخَرِبَةِ فَيَقُولُ لَهَا: أخْرِجِي كُنُوزَكِ، فَتَتْبَعُهُ كُنُوزُهَا كَيَعَاسِيبِ النَّحْلِ، ثُمَّ يَدْعُو رَجُلاً مُمْتَلِئاً شَبَاباً فَيَضْرِبُهُ بِالسَّيْفِ، فَيَقْطَعُهُ جِزْلَتَيْنِ رَمْيَةَ الغَرَضِ، ثُمَّ يَدْعُوهُ، فَيُقْبِلُ، وَيَتَهَلَّلُ وَجْهُهُ يَضْحَكُ، فَبَيْنَمَا هُوَ كَذلكَ إذْ بَعَثَ اللهُ تَعَالَى المَسيحَ ابْنَ مَرْيَمَ (عليه السلام) فَيَنْزِلُ عِنْدَ المَنَارَةِ البَيْضَاءِ شَرْقِيَّ دمَشقَ بَيْنَ مَهْرُودَتَيْنِ، وَاضِعاً كَفَّيْهِ عَلَى أجْنِحَةِ مَلَكَيْنِ، إذا طَأطَأ رَأسَهُ قَطَرَ، وَإذَا رَفَعَهُ تَحَدَّرَ مِنهُ جُمَانٌ كَاللُّؤْلُؤ، فَلا يَحِلُّ لِكَافِرٍ يَجِدُ رِيحَ نَفَسِهِ إلا مَاتَ، وَنَفَسُهُ يَنْتَهِي إلى حَيثُ يَنْتَهِي طَرْفُهُ،

فَيَطْلُبُهُ حَتَّى يُدْرِكَهُ بِبَابِ لُدّ فَيَقْتُلُهُ، ثُمَّ يَأتِي عِيسَى (عليه السلام) قَوماً قَدْ عَصَمَهُمُ اللهُ مِنهُ، فَيَمْسَحُ عَنْ وُجُوهِهِمْ وَيُحَدِّثُهُمْ بِدَرَجَاتِهِمْ فِي الجَنَّةِ، فَبَيْنَمَا هُوَ كَذلِكَ إِذْ أَوْحَى اللهُ تَعَالَى إِلى عِيسَى (عليه السلام) :أَنِّي قَدْ أَخْرَجْتُ عِبَاداً لي لا يَدَانِ لأَحَدٍ بِقِتَالِهِمْ، فَحَرِّزْ عِبَادِي إِلى الطُّورِ.

وَيَبْعَثُ اللهُ يَأجُوجَ وَمَأجُوجَ وَهُمْ مِنْ كُلِّ حَدَبٍ يَنْسِلُونَ، فَيَمُرُّ أَوائِلُهُمْ عَلَى بُحيرَةِ طَبَرِيَّةَ فَيَشْرَبُونَ مَا فِيهَا، وَيَمُرُّ آخِرُهُمْ فَيَقُولُونَ: لَقَدْ كَانَ بِهذِهِ مَرَّةً ماءٌ، وَيُحْصَرُ نَبِيُّ اللهِ عِيسَى (عليه السلام) وأَصْحَابُهُ حَتَّى يَكُونَ رَأْسُ الثَّوْرِ لأَحَدِهِمْ خَيْراً مِنْ مِئَةِ دِينَارٍ لأَحَدِكُمُ اليَوْمَ، فَيَرْغَبُ نَبِيُّ اللهِ عِيسَى (عليه السلام) وأَصْحَابُهُ (رضي الله عنهم) إِلى اللهِ تَعَالَى، فَيُرْسِلُ اللهُ تَعَالَى عَلَيْهِمُ النَّغَفَ فِي رِقَابِهِمْ، فَيُصْبِحُونَ فَرْسَى كَمَوْتِ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ، ثُمَّ يَهْبِطُ نَبِيُّ اللهِ عِيسَى(عليه السلا) وأَصْحَابُهُ (رضي الله عنهم) إِلى الأَرْضِ، فَلا يَجِدُونَ فِي الأَرْضِ مَوْضِعَ شِبْرٍ إِلا مَلأَهُ زَهَمُهُمْ وَنَتَنُهُمْ، فَيَرْغَبُ نَبِيُّ اللهِ عِيسَى (عليه السلام) وَأَصْحَابُهُ (رضي الله عنهم) إِلى اللهِ تَعَالَى، فَيُرْسِلُ اللهُ تَعَالَى طَيْراً كَأَعْنَاقِ البُخْتِ، فَتَحْمِلُهُمْ، فَتَطْرَحُهُمْ حَيثُ شَاءَ اللهُ.

ثُمَّ يُرْسِلُ اللهُ –عز وجل– مَطَراً لا يُكِنُّ مِنهُ بَيْتُ مَدَرٍ وَلا وَبَرٍ، فَيَغْسِلُ الأَرْضَ حَتَّى يَتْرُكَهَا كَالزَّلَقَةِ، ثُمَّ يُقَالُ لِلأَرْضِ: أَنْبِتِي ثَمَرَتَكِ، وَرُدِّي بَرَكَتَكِ، فَيَوْمَئِذٍ تَأْكُلُ العِصَابَةُ مِنَ الرُّمَّانَةِ، وَيَسْتَظِلُّونَ بِقَحْفِهَا، وَيُبَارَكُ فِي الرِّسْلِ حَتَّى أَنَّ اللِّقْحَةَ مِنَ الإِبِلِ لَتَكْفِي الفِئَامَ مِنَ النَّاسِ" وَاللِّقْحَةَ مِنَ البَقَرِ لَتَكْفِي القَبِيلَةَ مِنَ النَّاسِ، وَاللِّقْحَةَ مِنَ الغَنَمِ لَتَكْفِي الفَخِذَ مِنَ النَّاسِ" فَبَيْنَمَا هُمْ كَذَلِكَ إِذْ بَعَثَ اللهُ تَعَالَى رِيحاً طَيِّبَةً فَتَأْخُذُهُمْ تَحْتَ آبَاطِهِمْ فَتَقْبِضُ رُوحَ كُلِّ مُؤْمِنٍ

وَكُلِّ مُسْلِمٍ" وَيَبْقَى شِرَارُ النَّاسِ يَتَهَارَجُونَ فِيهَا تَهَارُجَ الحُمُرِ، فَعَلَيْهِمْ تَقُومُ السَّاعَةُ)(رواه مسلم).[٥٩]

واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ ڕۆژێکیان لەکاتی چیشتەنگاودا باسی (دجال)ی بۆ کردین، کە لە ئاخر زەماندا پەیدا دەبێت، بە شێوەیەك باسی دەکرد کە دەنگی تێدا نزمو بەرز دەکردەوە، بۆیە وا گومانمان برد کە لە نێوان ڕیزی دار خورماکاندا خۆی حەشار دابێت، جا کاتێك لە ئێوارەدا گوێمان لێ گرتبوو، چووینە قوواڵایی فەرمودەکانییەوە، هەستی پێ کردین، کە هێندە ئالودەی باسەکەی بوین.. بۆیە لێی پرسین:

(ئەوە چیتانە؟) وتمان: (ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ لەکاتی چێشتەنگاودا باسی (دجال)مان بە شێوەیەك بۆ دەکەیت، دەنگی خۆتی تێدا بەرزو نزم دەکەیتەوە، تا وای لێهات وامان دەزانی کە هەر ئێستا (دجال) پەیدا بووەو لەناو دار خورماکاندایە).. ئینجا پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (من لە غەیری (دجال) مەترسی تر لەسەر ئێوە شك دەبەم، خۆ ئەگەر ئەو لە سەردەمێکدا پەیدا ببێت کە من لە ناوتاندا مابم، ئەوا من بە بێ ئێوەیش بەرەنگاری دەبمەوەو چاری دەکەمو دژایەتی دەکەم. خۆ ئەگەر لە سەردەمێکدا پەیدا ببێتو من لە ناوتاندا نەمابم، ئەوا هەر کەسەو بە تواناو بەرگری خۆی بەرەنگاری دەبێتەوە، سەرەڕای ئەمەیش خوای گەورە بۆ خۆی لە پاش من سەرۆکاری هەموو موسڵمانان لە باتی من دەکات.

---

[٥٩] – رواه مسلم (٥٢) (كتاب الفتن وأشراط الساعة)(٢٠) (باب ذكر الدجال) حديث رقم (٥٢٢٨).

بـزانن کـه (دجـال) لـه هـەڕەتی لاوێـتی‌و گەنجیدایـە‌و مـوو کـرژی سـەر ئالۆسکاوییە‌و چاوی بە قوولدا چووە‌و تروسکە ناکـات لەبـەر چـاوی مـن لـە (عبدالعزی ی کوڕی قطن) دەچێت، واتە (لە‌و پیـاوە‌ی کـە هـەموو هـاوەڵان دەیناسـن) جـا هـەر کەسێك لـە ئێـوە لـە‌و زەمانـەدا پێـی گەیشـت بـا دە ئایەتەکـە‌ی سـەرەتای سـوورەتی (الکهـف)ی لـە بەرامبـەردا بخوێنێـت. هەروەها ئەم (دجال)ە لە ڕێگەیەکەوە کە دەکەوێتە نێوان شـام‌و عێراقـەوە پەیدا دەبێت بۆ گیانی ئێوە، ئیتر بە ڕاست‌و‌ڕچەپدا خراپە‌و تاوان‌و فەسادی بڵاو دەکاتەوە..

دە ئەی بەندەکانی خوا ئێوەیش لە‌و ڕۆژەدا جێگیرو دامەزراو بن لەسـەر ئیمان‌و باوەڕەکـەتان). ئێمـەیش وتمـان: (ئـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ ئایـا (دجـال) چـەندە لەسـەر زەویـدا دەمێنێتـەوە؟) فـەرمووی: (چـل ڕۆژ دەمێنێتەوە، بـەڵام ڕۆژێـك لـە‌و چـل ڕۆژە بـە ئەندازەی سـاڵێکە‌و ڕۆژێکـی تریشیان بە ئەندازەی مانگێکە‌و ڕۆژی سێیەمیش بە ئەندازەی هەفتەیەکـە‌و ئیتر پاشماوەی ڕۆژەکانی تری کە (٣٧) ڕۆژە وەك ماوەی ڕۆژەکـانی ئێـوە وایە‌و ڕۆژانی ئاسایین، واتە (هەر چل ڕۆژەکەی (دجال) لـە مـاوەی سـاڵێك‌و مانگێك‌و هەفتەیەك‌و سی‌و حەوت ڕۆژی ئێوەدایە)..

ئێمەیش وتمـان: (ئـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ ئایـا ئـە‌و ڕۆژانـەی کـە لـە ماوەی ساڵێك‌و مانگێك‌و هەفتەیەکی ئێمەدایە، بە ئەندازەی ماوەی ڕۆژێکـی خۆمان نوێژی تێدا بکەین؟) فەرمووی: (نەخێر، بەڵکو بە قەدەر ماوەی ئە‌و زەمانە حەقی خۆیی پێ بدەن‌و نوێژەکان لە کاتە ڕاستەکانی خۆیدا بکـەن‌و

به ئەندازەی خۆی ئەندازەی بگرن).. پاشان وتمان: (ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ خێرایی‌و سستی ڕۆیشتن‌و گەڕانی (دجال) بە ناو خەڵکیدا چۆنە؟). لە وەڵامدا فەرمووی: (خێرایی ڕۆیشتنەکەی وەک ئەو بارانەیە کە بای بە دوادا دێت‌و بە باوە دەباڕێت..

ئینجا بەناو خەڵکەکەدا دەگەڕێت‌و بانگەوازیان دەکات بۆ ڕێگەی خۆی.. خەڵکەکەیش باوەڕی پێ دێنن‌و بەدەم بانگەوازەکەیەوە دەچن، هەروەها (دجال) فەرمان بە ئاسمان دەکات‌و ئاسمانیش (بێگومان بە خواستی خوا) باران دەباڕێنێت‌و ئیتر ئاژەڵەکانیان هێندە تێر ئاوو تێر لەوەڕ دەبن، کە شیرێکی یەکجار زۆریان دەبێت‌و گوانەکانیشیان پڕ پڕ دەبێت‌و تەنیشتەکانی جەستەیان قەڵەو دەبێت.. پاشان (دجال) دێتە لای کۆمەڵێکی تر کە ئیماندارن‌و دەیەوێت بە خوای بزانن، بەڕپەرچی وتەکانی دەدەنەوە، ئەویش لێیان زوێر دەبێت، کەچی لە پاش ئەو دەکەونە سەغڵەتی‌و قات‌و قڕی‌و گرانییەکی وەهاوە کە هیچ مالّو سامانیان بە دەستەوە نامێنێت.. پاشان (دجال) بەلای کەلاوەیەکدا تێپەڕ دەبێت‌و پێی دەڵێت:

گەنجینە حەشار دراوەکانتم بۆ دەربکە.. ئەویش بە گوێی دەکات، گەنجینەکانیش هێندە زۆرن کە وەک پوورەی هەنگ چۆن شوێنی شاکەیان دەکەون، ئەویش ئاوا شوێنی ئەو دەکەوێت. لە دواییدا (دجال) پیاوێکی گەنجی ڕێک‌و پێک بانگ دەکات‌و قەممەیەکی لێ دەدات‌و دەیکات بە دوو کەرتەوە بە ئەندازەی تیر هاوێژێک دوو لەتەکەی لە یەکتر دوور

دەکەونەوە.. پاشان بانگی دەکاتو زیندوو دەبێتەوەو ڕووی تێ دەکاتو بە ڕووی گەشو شادییەوە پێدەکەنێت.. جا کاتێك (دجال) بەم جۆرەیەو لەم حاڵەتەدایە لەسەر فڕو فێڵی خۆی، لە ناکاو خوای گەورە (عیسی ی کوڕی مەریەم) دەنێرێتە خوارەوە، لە خۆرهەڵاتی شاری (دمشق) لای منارە سپییەکە، لە نێوان دوو بەرگی بە زەعفەران زەرد کراو یان دوو بەرگی لەتکراو، دادەبەزێتە خوارەوە، هەردوو لەپی دەستی خستۆتە سەر باڵەکانی دوو فریشتە، ئەوەندە پاکو خاوێنە دەڵێی تازە لە گەرماو خۆی شۆردوە، کاتێك سەری دادەنەوێنێت ئاوی لێ دەتکێت، کاتێك سەریشی بەرز دەکاتەوە وەك بەردە درەوشاوەو مرواریپەکان وایە، ئیتر لەو کاتەدا هەر کافرێك بۆنی هەناسەی بکات، کوتو پڕ دەمرێت، تا چاویشی بڕ بکات بۆنی هەناسەی دەڕوات..

ئینجا (عیسی) بە دوای (دجال)دا دەگەڕێتو لە لای (باب اللّد) دەیبینێتو دەیکوژێت، پاشان (عیسی ی کوڕی مەریەم) دەگاتە لای کۆمەڵێك کە ئیماندارنو خوای گەورە لە (دجال) پاراستوونی، هەواڵی ناو پلەو پایەکانی ناو بەهەشتیان پێ ڕادەگەیەنێت کە بۆ ئەوانەو دەیان حەوێنێتەوە..

ئیتر ئەوا عیسا سەرگەرمی کارو باری خۆیەتیو لە ناکاو خوای گەورە وەحی بۆ دەنێرێت: ئەی عیسا ئەوا من چینێکم لە بەندەکانی خۆم بۆ بەرەڵلاّ کردووە، کەس بە شەڕو هەرا دەرەقەتیان نایەت، جا تۆیش بەندە باوەڕدارەکانم بۆ کێوی (طور) ببەو لە دەست ئەو بەندە درندانە ڕزگاریان

بکه).. ئیتر خوای گەورە (یأجوج ومأجوج) دەنێرێت‌و ئەوانیش لە هەموو گردو یاڵو بەرزییەکەوە بە تەکان دێن‌و جمەیان دێت‌و ڕیزە سەرەتاکەیان بەسەر دەریاچەی (طبریة)دا دەڕۆن‌و هەرچی ئاوی دەریاچەکەیە هەمووی دەخۆنەوە‌و چۆڕی لێ دەبڕن، پاشان ڕیزەکانی تریان پیایدا تێپەڕ دەبن،‌و دەڵێن: (لەمەو پێش لێرەدا ئاو هەبووە).

ئینجا عیساو هاوەڵە ئیمانداڕەکانی لە تەنگانەیەکدا دەبن‌و گیر دەخۆن کە هیچ خۆراک‌و کەرەستەیەکی ژیانیان پێ نییە، بۆیە تەنها سەرە گایەک بۆ کەسێکیان لە سەد لیرەی زەردی ئەمڕۆی کەسێکی ئێوە باشترە لە لایان.. لەو کاتەدا پێغەمبەر عیسا (علیه السلام)‌و هاوەڵەکانی بە کوڵۆ بە سۆزی دڵ لە خوا دەپاڕێنەوە، کە لە ناویان بەرێت‌و بیان فەوتێنێت دەرویەکی ڕەحمەتیان لێ بکاتەوە‌و بەسەر ئەو دوژمنە زۆر درندەیەدا سەریان بخات.. نزاکەیان گیرا دەکات‌و کرمێك دەداتە گەردنیان‌و سەرجەم بە یەك دەم هەمویان دەتۆپێن (واتە: یأجوج ومأجوج) وەك مردنی یەك کەس دەمرن.

پاشان پێغەمبەر عیساو هاوەڵەکانی لە چیای (طور) دادەبەزنە خوارەوە بۆ ناو وڵات، بەڵام دەبینن ئەو سەر زەوییەش یەکپارچە پڕ بووە لە لاشەی ئەوان‌و لە هەر تاکە بستێکی سەر زەوییەکەیشەوە بۆگەن‌و بۆنی جەستە مردارەوەبووەکانیان دێت‌و ئەو هەموو بۆگەنە بڵاو بووەتەوە، بۆیە پێغەمبەر عیساو هاوەڵەکانی داوا لە خوا دەکەن‌و لێی دەپاڕێنەوە، کە ئەو حاڵەتە ناسازەیان بۆ بگۆڕێت.. خوای گەورەیش داواکەیان پەسەند

دەکاتو بۆ ئەم مەبەستە جۆرە باڵندەیەکی گەورە دەنێرێت (وەک گەردنی وشتری مل درێژ) ئەم باڵندانە یەکە یەکە هەموو لاشە مرداڕەوە بووەکانی (یأجوج ومأجوج) هەڵدەگرنو لە شوێنێکدا بە خواستی خوا فڕێیان دەدەن کە ئیتر خەڵکی وەڕست نەکات.

پاشان دوای ئەمە خوای گەورە بارانێکی وایان بۆ دەبارێنێت کە هەموو شارو گوندو خێوەتگایەک دەگرێتەوەو زەوی دەشواتەوەو پاکو خاوێن وەک ئاوێنەی سافو ڕوونی لێ دەکات.

ئینجا فەرمان بە زەوی دەکرێت کە: (بەرو بوومت دەربکەو خێرو بەرەکەتەکانت دەر بکە وەک جاری جاران)، تا وای لێ دێت بەرو بووموو بەرەکەتەکانی هێندە دەبێت، کە کۆمەڵە کەسێک لە یەک هەنار دەخۆنو ئەو تەنها هەنارە بەشیان دەکات، هەروەها لەژێر سێبەری قاوغەکانیدا دەحەسێنەوە، ئاژەڵی لەوەڕ خۆریش پیتو فەڕێکی وای تێ دەکەوێت، شیری ژەمی وشترێکی تازە زاو بەشی کۆمەڵێکی زۆر دەکات، ژەکی ژەمی مانگایەکی تازە زاو بەشی خێڵێك دەکات، فرۆی ژەمی مەڕێك یان بزنێک بدۆشرێت بەشی تیرەی خێڵێك دەکات. جا ئەو ئیماندارانە لەو بارو دۆخە خۆشەدان بۆ ماوەیەک، تا لە ناکاو خوای گەورە کزە بایەکی خۆش دەنێرێتو ژێر باڵی هەموویان دەگرێتەوەو گیانی گشت باوەڕدارو موسوڵمانێك دەکێشێت..

ئیتر تەنها خەڵکی خراپو بەدکار لەسەر زەوی دەمێنێتەوە، کە سەرگەرمی هەراو هوریاو بەزمو ڕەزمی ناو خۆیان دەبن وەک کەرگەڵو دێڵە

بەبا بە بەر چاوی یەکترییەوەو بێ شەرمو شکۆ لە یەک هەڵدێنو لە یەک دەپەڕن، لەم حاڵەتەیشدا قیامەت بەدی دێت!).[٦٠]

هەروەها (مسلم) لە شێوە گێڕانەوەیەکی تردا بڕگەیەکی تری بۆ ئەم فەرموودەیە، بەم جۆرەی لای خوارەوە زیادکردووە:

(ثم يسيرون حتى ينتهوا إلى جبل الخمر وهو جبل بيت المقدس فيقولون لقد قتلنا من في الارض هلم فلنقتل من في السماء فيرمون بنشابهم إلى السماء فيرد الله عليهم نشابهم مخضوبة دما).

واتە: (پاشان ئەوان (واتە: يأجوج ومأجوج) هەر دەڕۆن هەتا دەگەنە چیای (الخمر) لە (بيت المقدس)و دەڵێن: (ئەوا هەموو خەڵکی سەر زەویمان کوشت، دە با بچین ئەوانە بکوژین کە لە ئاسماندان.. بۆیە تیرەکانیان دەگرنە ئاسمانو ئەو کاتەیش خوای گەورە تیرەکانیان بۆ خوێناوی دەکاتو بۆیان هەڵدەداتەوە، تاکو دڵیان بەوە خۆش بێت گوایە خەڵکی ئاسمانیشیان کووشتوە).

بێگومان (يأجوج ومأجوج) زۆرترین ژمارەی نەتەوەکانی تر پێک دەهێنن، هەر ئەوانیش زۆرترین کافرانی دۆزەخنو بەو ژمارە هەرە زۆرەی خۆیان ژمارەی کافرانی ناو دۆزەخ لە قیامەتدا زۆر دەکەن.

لەم بارەیەوە (بوخاری) لە (أبو سعيد الخدري)یەوە، -خوا لێی ڕازی بێت- ئەویش لە پێغەمبەرەوە ﷺ گێڕاویەتییەوە کە فەرموویەتی:

---

[٦٠] - رواه مسلم (٥٢) (كتاب الفتن وأشراط الساعة)(٢٠) (باب ذكر الدجال) حديث رقم (٢١٣٧).

(يَقُولُ اللَّهُ تَعَالَى: يَا آدَمُ، فَيَقُولُ: لَبَّيْكَ وَسَعْدَيْكَ وَالْخَيْرُ فِي يَدَيْكَ، فَيَقُولُ: أَخْرِجْ بَعْثَ النَّارِ، قَالَ: وَمَا بَعْثُ النَّارِ؟ قَالَ: مِنْ كُلِّ أَلْفٍ تِسْعَ مِائَةٍ وَتِسْعَةً وَتِسْعِينَ فَعِنْدَهُ يَشِيبُ الصَّغِيرُ وَتَضَعُ كُلُّ ذَاتِ حَمْلٍ حَمْلَهَا وَتَرَى النَّاسَ سُكَارَى وَمَا هُمْ بِسُكَارَى وَلَكِنَّ عَذَابَ اللَّهِ شَدِيدٌ، قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ وَأَيُّنَا ذَلِكَ الْوَاحِدُ؟ قَالَ: أَبْشِرُوا فَإِنَّ مِنْكُمْ رَجُلاً وَمِنْ يَأْجُوجَ وَمَأْجُوجَ أَلْفًا، ثُمَّ قَالَ: وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ إِنِّي أَرْجُو أَنْ تَكُونُوا رُبُعَ أَهْلِ الْجَنَّةِ فَكَبَّرْنَا، فَقَالَ: أَرْجُو أَنْ تَكُونُوا ثُلُثَ أَهْلِ الْجَنَّةِ، فَكَبَّرْنَا، فَقَالَ: أَرْجُو أَنْ تَكُونُوا نِصْفَ أَهْلِ الْجَنَّةِ فَكَبَّرْنَا، فَقَالَ: مَا أَنْتُمْ فِي النَّاسِ إِلاَّ كَالشَّعَرَةِ السَّوْدَاءِ فِي جِلْدِ ثَوْرٍ أَبْيَضَ أَوْ كَشَعَرَةٍ بَيْضَاءَ فِي جِلْدِ ثَوْرٍ أَسْوَدَ).[٦١] (پێشتر مانا کراوە).

***

[٦١] – البخاري(٦٠) (كتاب الأنبياء)(٧) باب (يأجوج ومأجوج) حديث رقم (٣٣٤٨).

بەشی چوارەم

لێکوڵینەوە لەسەر دیاریکردنی کەسایەتی (ذو القرنین)

زانایانی تەفسیرو مێژوو نووسان ڕاو بۆچوونی جیاوازییان هەیە دەربارەی کەسایەتی (ذو القرنین)، هەندێکیان دەڵێن: پێغەمبەر بووە، هەندێکی تریان دەڵێن: پێغەمبەر نەبووە، بەڵکو پیاوچاکێکی باوەڕداری گەڕۆك بووە، هەندێکی تر دەڵێن: پاشایەکی باوەڕداری چاکەکار بووە، هەندێکیش لە بۆچوونی گونجاو لایان داوەو وتویانە: یەکێك بووە لە فریشتەکان.

هەر بەو شێوەیەش ڕاو بۆچوونی جیاوازییان هەیە لەسەر دیاریکردنی ناوو ڕگەزەکەی. هەندێك وتویانە: ئەسکەندەری گەورە بووە (ئەسکەندەری مەکدۆنی) کە ئیغریقییە. هەندێکی تر وتویانە: (کۆرشی فارسی) بووە. دەستەیەکی تر دڵنیای دەکەنەوە کە یەکێك بووە لە پاشاکانی یەمەن (حومەیریییەکان). هەندێکی تر بۆچوونیان وایە کە پاشایەکی یەمەنی هاوسەردەمی (ابراهیم)(علیه السلام) بووە. پاشاکانی یەمەن لە زەمانی

حومەیریيەکان.

ئێمە هەموو ئەم بۆچونانە تاوو تۆێو شی دەکەینەوە لەژێر رۆشنایی ئەوەی کە لە قورئانو سوننەدا هاتووە دەربارەی (ذو القرنين)، هەروەها لەژێر رۆشنایی ئەوەی کە میژونووسان دەربارەی پاشا پێشووەکان نوسیویانە کە بە گومانی ئەوان یەکێکیان (ذو القرنين)ە.

ئایا (ذو القرنين) یەکێك بووە لە پێغەمبەران؟

(الحاكم) لە فەرموودەیەکی (أبو هريرة)ەوە دەری هێناوە کە وتویەتی: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (لا أدري ذو القرنين نبياً أو لا). واتە (من نازانم کە (ذو القرنين) پێغەمبەر بووە یان نا)! ئەم فەرموودەیە لاوازە، بە پێی زۆرینە ئەمە وتەی (أبو هريرة)یە نەك پێغەمبەر، بەڵام ئەوانەی کە ڕیوایەتیان کردووە بە درۆو هەڵبەستراوی خستویانەتە پاڵ پێغەمبەر.

زانای تەفسیر (الفخر الرازي) لە تەفسیرەکەیدا (مفاتيح الغيب) دەڵێت: (ذو القرنين) پێغەمبەر بووە.

هەندێکی تر دەڵێن: بەڕاستی پێغەمبەر نەبووە، بەڵکو پاشایەکی چاکەکارو باوەڕدار بووە، یان پیاوچاکێکی (طوّاف) گەڕیدەو گەڕۆك بووەو بەسەر زەویدا سوڕاوەتەوە.

هەروەها (هشام كمال عبدالحميد) نوسەری کتێبی (يأجوج و مأجوج قادمون)، دەڵێت: بە بۆچوونی من ئەوە باشترو چاکترە کە (خوا زاناترە)،

بەشی چوارەم

لێکوڵینەوە لەسەر دیاریکردنی کەسایەتی (ذو القرنین)

زانایانی تەفسیرو مێژوو نووسان ڕاو بۆچوونی جیاوازییان هەیە دەربارەی کەسایەتی (ذو القرنین)، هەندێکیان دەڵێن: پێغەمبەر بووە، هەندێکی تریان دەڵێن: پێغەمبەر نەبووە، بەڵکو پیاوچاکێکی باوەڕداری گەڕۆك بووە، هەندێکی تر دەڵێن: پاشایەکی باوەڕداری چاکەکار بووە، هەندێکیش لە بۆچوونی گونجاو لایان داوەو وتویانە: یەکێك بووە لە فریشتەکان.

هەر بەو شێوەیەش ڕاو بۆچوونی جیاوازییان هەیە لەسەر دیاریکردنی ناوو ڕگەزەکەی. هەندێك وتویانە: ئەسکەندەری گەورە بووە (ئەسکەندەری مەکدۆنی) کە ئیغریقییە. هەندێکی تر وتویانە: (کۆرشی فارسی) بووە. دەستەیەکی تر دڵنیای دەکەنەوە کە یەکێك بووە لە پاشاکانی یەمەن (حومەیریییەکان). هەندێکی تر بۆچوونیان وایە کە پاشایەکی یەمەنی هاوسەردەمی (ابراهیم)(علیه السلام) بووە. پاشاکانی یەمەن لە زەمانی

حومەیریيەکان.

ئێمە هەموو ئەم بۆچونانە تاوو تۆێو شی دەکەینەوە لەژێر ڕۆشنایی ئەوەی کە لە قورئانو سوننەدا هاتووە دەربارەی (ذو القرنين)، هەروەها لەژێر ڕۆشنایی ئەوەی کە میژونووسان دەربارەی پاشا پێشووەکان نوسیویانە کە بە گومانی ئەوان یەکێکیان (ذو القرنين)ە.

ئایا (ذو القرنين) یەکێك بووە لە پێغەمبەران؟

(الحاكم) لە فەرموودەیەکی (أبو هريرة)ەوە دەڕی هێناوە کە وتویەتی: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (لا أدري ذو القرنين نبياً أو لا). واتە (من نازانم کە (ذو القرنين) پێغەمبەر بووە یان نا)! ئەم فەرموودەیە لاوازە، بە پێی زۆرینە ئەمە وتەی (أبو هريرة)یە نەك پێغەمبەر، بەڵام ئەوانەی کە ڕیوایەتیان کردووە بە درۆو هەڵبەستراوی خستویانەتە پاڵ پێغەمبەر.

زانای تەفسیر (الفخر الرازي) لە تەفسیرەکەیدا (مفاتيح الغيب) دەڵێت: (ذو القرنين) پێغەمبەر بووە.

هەندێکی تر دەڵێن: بەڕاستی پێغەمبەر نەبووە، بەڵکو پاشایەکی چاکەکارو باوەڕدار بووە، یان پیاوچاکێکی (طوّاف) گەڕیدەو گەڕۆك بووەو بەسەر زەویدا سوڕاوەتەوە.

هەروەها (هشام كمال عبدالحميد) نوسەری کتێبی (يأجوج و مأجوج قادمون)، دەڵێت: بە بۆچوونی من ئەوە باشترو چاکترە کە (خوا زاناترە)،

بریتی بێت لە کۆکردنەوەی ئەم بۆچوونانە بە یەکەوە، دەڵێین: پێغەمبەر بووە، پاشایەکی چاکەکاری باوەڕدار بووەو بەسەر زەویدا سوڕاوەتەوە، بۆ بڵاوکردنەوەی بیرو باوەڕی یەکخواناسیو دادپەروەری بەناو ولاتاندا. چونکە ناوەرۆکی باسەکە لە قورئاندا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هەموو ئەم باسانەی پێشوو بە سەریدا جێبەجێ دەبێت، دەیشتوانین ئەم خاڵانەی خوارەوەی لێ وەربگرین:

١- بەڵگە لەسەر پێغەمبەر بوونی لەم ئایەتەی خوا وەردەگیرێت: ﴿قُلْنَا يَا ذَا الْقَرْنَيْنِ إِمَّا أَن تُعَذِّبَ وَإِمَّا أَن تَتَّخِذَ فِيهِمْ حُسْنًا ﴿٨٦﴾﴾ الكهف.

وتەی خوای گەورە ﴿قُلْنَا﴾ ئەوە دڵنیا دەکاتەوە کە وەحی لە خوای گەورە وەرگرتووە، هەڵدەسێت بە سزادانی بێ باوەڕانو چاکەکردن لەگەڵ باوەڕدارانو بانگەوازی خەڵکی بۆ یەکخواناسیو بڵاوکردنەوەی دادپەروەری، ئەمەیش بەڵگە دەدات کە خاوەنی پەیامێك بوو بێتو پێی ڕاسپێردرا بێت لە لایەن خوای گەورەوە، ئەوەیش ناکرێتە مەرج لەسەری پێغەمبەر بێتو خاوەنی کتێبی ئاسمانیش بێت، وەك: (تەورات یان ئینجیل یان قورئان) ڕەنگە هەر پێغەمبەرێکی نێردراو بووبێت، خوای گەورە کتێبی هاوشێوەی ئەوانەی بۆ نەناردبێت، وەك پێغەمبەرانی نەوەی ئیسرائیل، وەك (إشعیاو سلیمانو دانیاڵو حزقیاڵو زکریاو یحیی.. هتد) هەر وەك چۆن هەندێك لە پێغەمبەران، پێغەمبەر بوونو لە هەمان کاتدا پاشایەتییەکەیان گەیشتۆتە ئەوپەڕی بەشەکانی زەوی‌و زۆرترین شوێنی

گرتبوویـــەوە، هەڵدەســـان بـــە بڵاوکردنـــەوەی بانگـــەوازی (التوحیـــد) یەکخاناسیو دادپەروەری وەک سولەیمان (علیەالسلام).

هەروەها بەڵگە دەهێنرێتەوە لەسـەر پێغەمبەرایـەتی، بـەو قەومـەی کـە ئـەو بەربەستەکەی بۆ دروست کردنو هەواڵی پێدان کـە ڕۆژێـک دێـت خـوای گەورە ئـەو بەربەستە لە یەک هەڵدەوەشێنێتو تێکی دەدات، ئـەوەیش لـەم ئایەتەدا: ﴿فَإِذَا جَآءَ وَعْدُ رَبِّى جَعَلَهُۥ دَكَّآءَ ۖ وَكَانَ وَعْدُ رَبِّى حَقًّا ﴿٩٨﴾﴾ الكهف.

ئەمەیش هەواڵدانە لە غەیب لـە لایـەن (ذو القـرنین)ەوە بـۆ ئـەو قەومـەو نایش گونجێت هەواڵیان پێ بدات مەگەر خـوای گـەورە وەحـی بـۆ ناردبێـت بەو غەیبە، ئەوەیش بەڵگەیە لەسەر پێغەمبەرایەتییەکەی.

هەندێک بۆچوونیان وایە کە دەڵێن: پێغەمبـەر نـەبووە، بـە پێـی ڕاڤـەو لێکدانـــەوە لەســـەر هەواڵـــدانی (ذو القـــرنین) بـــە قەومەکـــە بـــە ڕووخـــانی بەربەستەکە لە داهاتوودا، ئەمە تا ئەوە ڕێگە پێدراوە کـە ئـەو وتەیـەی لـە پێغەمبەرێکی ڕەوانەکراوی پێش خۆی بیستبێت.

ئـەم وتەیـەش ڕەت دەکرێتـەوە لەبـەر هۆیـەکی بچـووک، چـونکە ئـەو بەربەستە لە سەردەمی هیچ پێغەمبەرێکی پێش ئـەودا نـەبووە، ئـیتر چـۆن ئەو پێغەمبەرە هەواڵی بە شتێک پێ بدات کە نەبووە، چـونکە (ذو القـرنین) خۆی بەربەستەکەی دروست کـردووە. پاشـان دەبێـت ئـەو پێغەمبـەرە کـێ بێت؟ ئایا دەبێت لەناو ئەو قەومەدا بووبێت کە بەربەستەکەیان بۆ دروسـت دەکات؟ یان پێغەمبەرێکی نێردراو بێت بۆ قەومێکی تر؟

ئەگەر لەو قەومە بووبێت، ناوی چی بووە؟ چونکە ئەو ناوچەیەی کە بەربەستەکەی تیا دروست دەکرێت، ئێمە دەزانین هیچ پێغەمبەرێکی بۆ ڕەوانە نەکراوە. ئەمەیش بە پێی زانیاری ناو کتێبە ئاییینی و مێژوویی و کتێبە ئاسمانییەکان.

لەگەڵ ئەمانەدا کە باسکرا، کتێب و پەیامی هەموو پێغەمبەران و کتێبە ئاسمانییەکان و پێغەمبەرانی نەوەی ئیسرائیل کە خاوەنی هەواڵی ناو تەوراتن، لە کتێب و هەواڵەکانیاندا هیچ باسێکی ئەم بەربەستە نەهاتووە، ئیتر دەربارەی دروستکردنی بێت یان ڕووخانی.

لەسەر ئەم لێکدانەوەیە ئەوە دەگونجێت کە هەر (ذو القرنین) خۆی خاوەنی هەواڵەکە بووبێت کە خوا پێی داوە بە ڕووخانی بەربەستەکە لە ڕۆژانی داهاتوودا، ئەمەیش دڵنیای دەکاتەوە کە وەحی لە خوای گەورەوە وەرگرتووە و پێغەمبەر بووە.

٢- بەڵگە لەسەر ئەوەی کە پاشایەکی خاوەن دەستەڵات و ناوبانگ و هێزو خاوەن سامانی زۆر بووە لەوەی کە ڕەدی کردەوە لە قەومەکەی کاتێک پێشنیاری کۆکردنەوەی مااڵو سامانیان بۆ کرد بەرامبەر دروستکردنی بەربەستەکە، ئەو پێی فەرموون: ﴿مَامَكَّنِّي فِيهِ رَبِّي خَيْرٌ﴾ الكهف. ئایا چۆن ئەو دەبێتە خاوەنی دامەزراوەیەکی بەهێز لەسەر زەویدا، ئەگەر خاوەنی پاشایەتی و دەستەڵات و ناوبانگ نەبێت؟ ئەو فتوحاتانەی کە ئەو ئەنجامی داون، گەیشتە دەوڵەتەکانی لای هەڵهاتن و ئاوابوونی خۆرو بە

توانا بووه لەسەر سزادانیان ئەگەر کافر بووبن، لێبورده بووه بۆیان ئەگەر پەیامی بانگەوازەکەیان وەرگرتبێتو ئیمانیان هێنابێت بە خوایەکی تاکو بێ هاوەڵ، هەموو ئەمانەیش بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە خاوەنی سوپایەکی بەهێزو پاشایەتییەکی گەوره بووه.

٣- بەڵگە لەسەر ئەوەی کە پیاوێکی (طوّاف) گەڕۆك بوو لە گەشتەکان یان جەنگەکانیدا لە ناوچەکانی هەڵهاتنو ئاوابوونی خۆر:

لە لێکدانەوەکانی پێشەوە دەتوانین بڵێین: کە (ذو القرنين) پێغەمبەرایەتیو پاشایەتییەکی فراوانی پێکەوە کۆکردۆتەوە، نمونەی لەمەدا وەك گەورەمان سولەیمان پێغەمبەرە (عليه السلام) -خوا زاناترە- ڕەنگە ئەمەیش ئەم وتەیە دڵنیا بکاتەوە: (الزبير ابن إبراهيم بن المنذر) لە (محمد بن الضحاك بن عثمان) ئەویش لە (باوکی) ئەویش لە (سفيان الثوري) هێناوێتی: (بلغني انه ملك الدنيا أربعة: مؤمنان وكافران، فالمؤمنان سليمان النبي (عليه السلام) وذو القرنين، والكافران: نمرودو بختنصر).[٦٢]

واتە: (پێم گەیشتووە کە ئەوانەی پاشایەتییان کردووە، چوار بوون: دوو باوەڕدارو دوو کافر، دوو باوەڕدارەکە: سولەیمان پێغەمبەر (عليه السلام)و (ذو القرنين) بوون، دوو کافرەکەیش (نەمروود)و (بختنصر) بوون).

---

[٦٢] - رواه وكيع في تفسيره عن العلاء بن عبدالكريم عن مجاهد. سەیری (يأجوج ومأجوج قادمون)ی (هشام كمال عبدالحميد) لاپەڕە/٢٤ ط/١ /٢٠٠٦ بکە.

ئەو سیفاتانەی کە پێویستە لە (ذو القرنین)دا هەبن بە پێی دیاریکردنی قورئان

بە پێی ئەو وتەیەی کە (ذو القرنین) پاشایەکی دیاریکراو بووە، دەبێت چەند سیفاتێك لەم پاشایەدا هەبێت گونجاو بێت بەپێی ئەوەی کە قورئان دیاریکردووە بریتین لە:

١- ئەم پاشایە دەبێت پێغەمبەر بێت یان -بە پێی کەمترین دیاریکردن- پیاوێکی باوەڕداری چاکەکاری یەکخواناس بێت، (بت پەرست یان کافر نەبووە) بە دادپەروەرو بە کەسایەتی بە بەزەیی باس کراوەو سەربازو سوپاو قەومەکەی وەك خۆی باوەڕدار بوون.

٢- ئەم پاشایە دەبێت خاوەن هێزو دەستەڵاتو ناوبانگو مالّ وسامانو سوپایەکی گەورەو بێ شوومار بوو بێت.

٣- ئەو فتوحاتو جەنگانەی ئەم پاشایە ئەنجامی داون گەیشتبێتە یەکێك لە دەوڵەتەکانی باکووری ئەفریقیا کە بەسەر دەریای سپی ناوەڕاستدا یان زەریای (الاطلنطي)دا درێژ بووەتەوە، یان دەوڵەتەکانی خۆرئاوای ئەورووپا کە درێژ بوونەتەوە بەسەر بەشی باکووری ڕۆژهەڵاتی زەریای (الاطلنطي)دا.

لەمەیشەوە بڵاوکردنەوەی یەکخواناسی لەو ناوچانەدا بەرهەم دێت، هەر بەو جۆرە دەگونجێت کە فتوحاتەکانی گەیشتبێتە دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا.

٤- دەبێت ئەو فتوحاتو جەنگانە بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی

بانگەوازی یەکخواناسیو دادپەروەری بووبێت لەسەر زەیدا، بە مەبەستی فراوان کردنی سنوورو دەستەڵاتو دەست خستنی تەماع و کەسایەتی نەبوبێت.

٥- دەبێت ئەم پاشایە بەربەستی ڕێگری (یأجوج ومأجوج)ی دروست کردبێت لە یەکێك لە ناوچە نزیکەکانی لای هەڵهاتنی خۆر، لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا یان باکووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا یان باشووری ڕۆژئاوای ئاسیا.

٦- دەبێت بەربەستەکە لە پارچە ئاسنی نوساو بە مسی تواوە دروست کرابێت لەنێوان دەروازەی دوو بەرزاییەکەدا.

٧- لەم پاشایەدا نیشانە یان سیفەتێك هەبێت ئامازە بکات بۆ ئەوەی کە بە (ذو القرنین) ناونراوە.

***

ئەسکەندەری گەورە سیفاتەکانی (ذو القرنین)ی بەسەردا جێبەجێ نابێت

هەندێك لە ڕاڤەکارانی قورئانو لێکۆڵەران دڵنیای دەکەنەوە، کە ئەسکەندەری گەورە بریتییە لە (ذو القرنین) کە لە قورئاندا باسکراوە، بە پاڵپشتی وتەیەك کە (ابن الحجر العسقلاني) لە (الطبري)و (محمد بن ربيع الجيزي) لە کتێبی (الصحابة الذين نزلوا مصر) دەریان هێناوە بە سەنەدێك کە (ابن لهيعة)ی تیایە: پیاوێك پرسیاری کرد لە پێغەمبەر ﷺ دەربارەی (ذي القرنين) ئەویش فەرمووی: (كَانَ مِنْ الرُّوم فَأُعْطِيَ مُلْكًا فَصَارَ إِلَى مِصْر وَبَنَى الإِسْكَنْدَرِيَّة، فَلَمَّا فَرَغَ أَتَاهُ مَلَك فَعَرَجَ بِهِ فَقَالَ: اُنْظُرْ مَا تَحْتك، قَالَ: أَرَى مَدِينَة وَاحِدَة، قَالَ: تِلْكَ الأَرْض كُلّهَا، وإِنَّمَا أَرَادَ اللَّه أَنْ يُرِيك وَقَدْ جَعَلَ لَك فِي الأَرْض سُلْطَانًا، فَسِرْ فِيهَا وَعَلِّمْ الْجَاهِل وَثَبِّتْ الْعَالِم).

واتە: (لە ڕۆم بووە پاشایەتیو دەستەڵاتی پێدرا تا ئەوەی بەسەرهات گەیشتە مصرو ئەسکەندەریەی دروست کرد، کاتێك تەواو بوو، فریشتەیەك هاتو بەرزی کردەوەو پێی وت: سەیری ژێر خۆت بکە، وتی: تەنها یەك شار دەبینم، ئەویش وتی: ئەوە بریتییە لە هەموو زەوی، بەڕاستی خوای گەورە ویستی پیشانت بداتو بەڕاستی لەسەر زەویدا دەستەڵاتی پێ داویت، پیایا بڕۆو نەزان فێر بکەو زانا دامەزراو بکە).

(ابن الحجر العسقلاني) وتی: (ئەگەر ئەم فەرموودەیە ڕاست بوایە کێشە

نەدەما، بەڵام لاوازە و–خوا زاناترە–)[٦٣].

سەرجەم زانایانی فەرموودەیش ئەم فەرموودەیەیان بە لاواز داناوە.

ئیمامی (الرازي) لە تەفسیرەکەیدا، دڵنیای دەکاتەوە کە ئەسکەندەری گەورە (ذو القرنین) بووە، کە ئەمە کورتەکەیەتی:

(بەڕاستی قورئان بەڵگەی داوە لەسەر پاشایەتی (ذو القرنین) کە گەیشتووەتە ئەوپەڕی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات بە ئاراستەی باکوورو ئەوەیش تەواوی ئاوەدانی بووە لەسەر زەویدا، نمونەی ئەم پاشایەتییەش پێویستە ناوی بە هەمیشەیی بمێنێتەوەو پاشایەکیش نییە لە مێژوودا ناوەکەی مابێتەوەو بەناوبانگ بێتو دەستەڵاتی گەیشتبێتە تەواوی ئاوەدانی بێجگە لە ئەسکەندەری گەورە.[٦٤]

بەڵام بۆ ئەمانەتی زانستی، پێشەوا (الرازي) گومانی هەیە لە کۆتایی قسەکەی دەربارەی ئەسکەندەری گەورە کە (ذو القرنین) بێت، بەهۆی ئەوەی کە مامۆستاو وەزیرەکەی (ارسطوطالیس) بووە. ئەوە جێگیرە کە ئەو کافر بووە، پاشان وتی: ئەگەر بە تەواومان دانا کە ئەسکەندەری گەورە (ڕو القرنین) بووە، دەبێت خۆمان بدەینە دەست ئەوەی کە (ارسطوطالیس) پیاوێکی باوەڕدار بووە، ئەوەیش ڕاست نییە.

تەنها (الرازي) ئەم بۆچوونەی نەبووە، بەڵکو دەستەیەکی تریش لە زانایانی تەفسیرو هەندێك لە هاوەڵانو شوێنکەوتوان، وەك (معاذی کوڕی

---

[٦٣] – فتح الباري –ابن الحجر العسقلاني– ج/٦ –كتاب الانبياء –قصة يأجوج ومأجوج.

[٦٤] – التفسير الكبير– الفخر الرازي. ج/١١ – تفسير سورة (الكهف).

جبل) بەپێی ئەوەی لە (مجمع البيان)دا هاتووە، هەروەها (قتادة) بەپێی ئەوەی کە لە (الدر المنثور)دا هاتووە، هەروەها (ابن سينا) لە (كتاب الشفاء بذي القرنين)و (ابن الاثير) لە (الكامل فى التأريخ)و کەسانی تریش.

هەندێك لە لێکۆڵەرانی نوێش هەمان بۆچونیان بووە، بۆ نمونە لەوانە: (الاستاذ عبدالرحمن يوسف العبد) لە کتێبی (ذو القرنين)دا، بە دڵنیایی ئەو پارێزگاری لە تێڕوانینی خۆی کردووە لەوەدا کە (ذو القرنين) ئەسکەندەری گەورەیە بە بەڵگەیەکی لاوازو نا(منطق)ی، بەڵکو بە پێچەوانەوە، هەموو ئەو بەڵگانەی کە ئەو جێگیری کردوون دڵنیای دەکەنەوە کە ئەسکەندەری گەورە (ذو القرنين) نییە.

لە کتێبەکەیدا هێرشێکی تونڈی کردۆتە سەر مامۆستا (سيد قطب)، چونکە پاڵپشتی ئەو کەسانە دەکات بۆچوونیان وایە ئەسکەندەری گەورە کافرو بت پەرست بووە. بە تایبەت کە ئەو (ذو القرنين) نەبووە. حەزمان نەکردوە بەڕێزێکی وەك ئەو بەو جۆرە هێرش بکاتە سەر مامۆستا (سيد قطب)، چونکە مامۆستا (سيد قطب) یەکەم کەس نەبووە کە بڵێت: (ذو القرنين) ئەسکەندەر نەبووە. چونکە زۆرێك لە ڕاڤەکارانی قورئانو مێژوونوسانو زانایان هەمان بۆچوونیان دڵنیاو دووبارە کردۆتەوە.

لێرەدا هەندێك لەو بەڵگانەی (عبدالرحمن يوسف العبد)تان لە کتێبەکەیدا بۆ باس دەکەین، پاشان بە بەڵگەی بەهێز ڕوونی دەکەینەوە کە (ذو القرنين) ئەسکەندەری گەورە نەبووە:

– (عبدالرحمن يوسف العبد) له ژێر ناونیشانی (الاسكندر الاكبر هو ذو القرنين) –كه ئەمە كورتەكەيەتی– دەڵێت:

– (زۆرێك لە كەسانی دیار لای دەستەی زانایانی تەفسیرو مێژوو نووسان وای لێك دەدەنەوە كە ئەسكەندەری گەورە: (ئەسكەندەری كوڕی فیلیب) بووە، پاشای مەقدۆنیا لە ولاتی یۆنانی كۆن (الاغریق).

ولاتی (الاغریق) كە ئەسكەندەری گەورەی لێ دەرچووە، یەكەم ناوچە بووە لە ئەوروپا پەیوەندی بە شارستانییەتەوە هەبووە، ڕەنگە لەبەر نزیكی بووبێت لە میصرو شارستانێتییەكانی ڕۆژهەلاتی كۆن.

لە لای ڕۆژهەلاتی جیهان لە دەرەوەی یۆنان، ئیمبراتۆرییەتی فارسی هەموو گەلەكانی ڕۆژهەلاتی كۆنی خستبوویە ژێر دەسەلاتی خۆی، لە سەرو هەموویشیانەوە پاشا (دارا) كە پاشایەكی بەناوبانگ بووە.

بەڕاستی فارس هەڕشەی كرد لە ولاتی یۆنانو بوویە مەترسییەكی لەپڕ لە سەریو سەرسەختترین دوژمنیان بوو، لە گەرمەی ئەم ململانێ ناوخۆییو مەترسییە دەرەكییەدا ئەسكەندەرو زۆرترین فەیلەسوفەكانی یۆنان دەركەوتن، وەك: (سقراطو افلاطونو ارسطو)و فیكرو بیرو ڕا سەری هەڵداو موناقەشە زیادی كردو شتێك نەبوو نەتەوەكان ڕێك بخاتو بیان جوڵێنێت بە وێنەی ئەم ململانێو مەترسییە.

ئەسكەندەر بە سوپاو سەربازە یەككرتووەكانییەوە بەرەو ڕۆژهەلات پێش كەوت، بۆ ئەوەی ململانێكە لەگەڵ فارسدا یەكلایی بكاتەوە، بەڕاستی ئەسكەندەر ئەو گەنجە لێهاتوو زۆر زیرەكە بوو، كە تەمەنی نەگەیشتبوویە

بیست سالێ ئەم کارە گەورەیە دەخاتە سەر شانی خۆی، بەو بۆچوونەی تۆڵە لە فارس بکاتەوە، هەموو تەماعی یۆنانو فیکری فەیلەسوفە گەورەکان وەک یەکێك لە پێغەمبەرەکانی جیهانی کۆن بوو، لە لایەنی سووربوون لەسەر شکاندنی فارس، سوور بوو لەسەر بڵاوکردنەوەی فەلسەفەی یۆنانو فیکری پێشکەوتووی خۆی.

ئەسکەندەر لە گەرووی (البسفور والدردنیل) پەڕییەوە بۆ ئاسیای بچوکو لەوێیشەوە بۆ وڵاتی شام، بە جۆرێك لەنێوان ئەوو پاشا (دارا)ی سێیەمدا –کە ئیمپراتۆری دەوڵەتی فارس بوو– جەنگێکی مەترسیدار بەرپا بوو بە ناوی (إسوس) لە باکووری شام، ئەسکەندەر لەم جەنگەدا بە شێوەی بلیمەتی ئەفسانەیی سوپایەکی گەورەی فارسی تێك شکاند لەگەڵ کەمی ژمارەو پێداویستیدا، بەڕاستی سەرچاوە مێژوییەکان زیادە ڕەوییان کردووە لە گەورەیی ئەم جەنگەداو هێزی سوپاکەی دارا، تەنانەت هەندێك سەرچاوە وتویانە ژمارەی فارس گەیشتۆتە ملیۆنێك پیاو.

بەڕاستی ئەم جەنگە هەموو بەشەکانی جیهانی کۆنی هەژاند.. کێ وای ئەڕوانی کە ئەم گەنجە سوپای (دارا)ی پاشای پاشاکان لەو کاتەدا تێك بشکێنێت، کە گەورەی ئەو کاتەی جیهانی کۆن بوو، پاشان ئەسکەندەر بەم ئازایەتیو لێهاتوییە ویستی فیکری یۆنان بڵاو بکاتەوەو تێکەڵی شارستانییەتی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوای بکات، وەك ڕەمزێك بۆ یەکێتی گەلان، وەك مامۆستاو فەیلەسوفی گەورەی فێری کردبوو، لەپاش ڕووخانی فارس ئاهەنگێکی ژنهێنانی گەورەی ڕێك خست، سێ سەدی لە ئافرەتە

ئەمیرەکانی فارسی مارە بڕی لە سێ سەد لە ئەفسەرە پلەدارەکانی خۆیان، وەک پەمزێك بۆ ئەم تێکەڵاو بوونەو جێبەجێ کردنێکی کرداری بۆ فیکرەی یۆنان لە یەکێتی گەلاندا.

پاشان سەربازەکانی ئەسکەندەر چوونە میصر بۆ ئەوەی سەربازگەی میصری ئارامو دڵنیا بکەن پێش چوونە ناو وڵاتانی ڕۆژهەڵات بەرەو هندو، ڕاونانی دەستەی فارسە هەڵهاتووەکان.

بەڕاستی ئەسکەندەر –پاش ئەوەی دەستەڵاتی گرت بەسەر میصردا– مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە کە گفتوگۆی لەگەڵ کاهینەکانی ئاموندا کردووە، –کە دوای مەرگی بتی میصرییەکان بوون– ئەو شەیتانانە تێیان گەیاند کە ئاموون زینای لەگەڵ دایکیدا کردووە لە خەوندا، ئینجا ئەوی لێ بووە، لەسەر ئەمە کەواتە ئاموون باوکێتی، نەك فیلیب، دایکیشی کە ئەم ئامونە عاشقی دەبێتو حەزی لێ دەکات ئافرەتێکی زمان درێژ بووە، مەزاجی توندو تۆڕە بووە، زۆر زیرەك بووە، مەیلی بەلای شەعوەزەدا بووەو مامەڵەی لەگەڵ کاهینەکاندا کردووەو دەبێت فیلیبی مێردیشی چەندێك دەردەسەری بە دەستییەوە چەشتبێت، بە تایبەت لە جەربەزەیی ئافرەتانەو لادانەکانیدا، فیلیبیش لەگەڵ توندو تیژی خۆیدا حاشا دەکات لە پێکەوە بوون لەگەڵ ئەم هاوسەرە توندو تیژو دەمارگیرەدا.

ئەم ئافرەتە سەردانی میصر دەکاتو پاش ماوەیەکی تر سەردانی شاری (هلیۆبۆلس) کە (عین شمس)ە دەکات بە تایبەت، شوێنی ئێستای ناوچەی (عین شمسو المطریة)یە، ئەو شارەیش کەعبەی شارستانییەت

بووه لەو کاتەدا، دێرینترینو گەورەترین زانکۆی تیا بووه کە پەگەزی بەشەری زانیبێتی، بەوەیش کاهینەکانی ئامووn لەو شارەدا لایەنگرو جەماوەرێکی زۆریان بووه، بەڕاستی ئەوان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە زانستی ئەوەی بووەو دەبێت لە بوونەوەردا لای ئەوان هەیە، بوو بوونە گەورەترین سەرچاوەی هەواڵدانو ئیلهام بە لێکدانەوەی خۆیان لە جیهانی کۆندا.

کاهینەکان (أولمبیاس) دایکی ئەسکەندەریان دەناسی بەهۆی ئەوەی ژنی پاشا بووو مەیلێکی فیتری بەلای شەعوەزەدا هەبوو مەزاجی توندو تووڕەو دەمارگیرو قەلەق بوو. ئەسکەندەریش لەم ئافرەتەوە مەزاجی دەمارگیریو هەڵگەڕانەوەو زیرەکیو کەسایەتی زاڵو مەیلی فیتریو مامەڵەکردن لەگەڵ کاهینەکاندا بە بۆماوەیی وەرگرتبوو. هەروەها بێدەنگ بوونو گوێگرتن لێیانو هەندێك جار قەلەقیش.

ئەسکەندەر لە جەنگەکاندا بە تووڕەیی وەکو پشکۆ دادەگیرسا، لە هەندێك حاڵەتدا هەڵچوونەکانی دەگەیشتە لێواری شێت بوون، پاشان دەبینرا لەسەرخۆو بەئارام بوو هەر وەك یەکێك لە شاعیرە ڕۆمانسییەکان.

ئا بەم تێکەڵە غەریبو ناوازە دژیەکە لە سروشتیدا جیهانی دێرینی ئەو کاتەی سەرسام کردو گەردنی پاشا گەورەکانی کەچ کردو بوویە نیشانەیەکی دیاری مێژوی مرۆڤایەتی.

ئەسکەندەر باوەڕی بە درۆی کاهینەکانی میصر کردو کوڕی ئامووn بوو، شەیتانەکان سەرکەوتوو بوون لەوەدا کە قەناعەتی پێ بکەن،و

(أولمبياس)ی دایکیشی هەمیشە پێی دەووت: تۆ کورپێکیت بەڵام وەکو هەموو کورپەکان نا.

گرنگ ئەوە بوو ئەو چوویە ناو میصرو کاری جادووگەری لە دەروونی میصرییەکاندا هەبوو، دەستەو کۆمەڵی فیرعەونە کۆنەکانی یاد خستنەوەو سەردانی پەرستگای بتی (بتاح)ی کرد –کە یەکێك بوو لە بتەکان– پاشان لەگەڵ کاروانەکەیدا سەردانی شاری (الاقصر)ی کرد، بە جۆرێك پێگای (الکباش المقدس‌و دلف)ی بڕی بۆ پەرستگای (الکرنك)ی بەناوبانگو کەهەنەی ئاموونی شەیتانەکان، بە جۆرێك کە تاجێکیان لەسەردا بوو دوو شاخی هەبوو، کە ڕەمزی بەرانی پیرۆزو دروشمی ئاموون بوو، لەبەر ئەوە لە مێژوودا بە ئەسکەندەری (ذو القرنین) ناسرا.

ئەوەیش بە بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوە دانانرێت کە ئەو (ذو القرنین)ە بێت کە قورئان باسی کردووە، چونکە ئەم تاجە دوو شاخدارە پێشتر زۆرێك لە فیرعەونەکان بەکاریان هێناوە، بەڵام بەردەوام تا ئەمڕۆ شێوەی ئەسکەندەر تاجێکی دوو شاخی پۆشیوە کە وێنەکەی بە ئەسکەندەرەوە کێشراوە لە پەرستگای (الکرنك).

پاشان ڕووی کردە مێرگی (سیوة) کە کرابوویە پەرستگایەکی ناوازە بۆ بتی ئاموون لە گەورەترین پەرستگاکانی میصر.

پاشان نووسەر درێژەی پێ دەداتو دەڵێت: (پاش ئەم چاو پیاخشاندنە خێرایە بە ژیانی ئەسکەندەری گەورەدا، ئایا دەتوانین دان بنێین بەوەدا ئەو (ذو القرنین)ە بووە لە قورئاندا باسکراوە؟ ناگونجێت دان بەمەدا بنێین،

مەگەر کاتێك ئەم سێ مەرجەی تیا بەدی بێت:

١- بە دڵنیایی گەیشتبێتە ئەوپەڕی ڕۆژهەڵاتی جیهانی دێرین.

٢- بە دڵنیایی گەیشتبێتە ئەوپەڕی ڕۆژئاوای جیهانی دێرین.

٣- پیاوێکی باوەڕدار بووبێت بە خواو یەکخواناس بووبێت، کە ئەوەیش کرۆك و ناوەرۆکی ئیمانە، بەڕاستی قورئان بە باوەڕدار وێنای کردووەو ویستو فەرمانی خوای جێبەجێ کردووەو وێنەی ڕێگای خەیرو دادپەروەری کێشاوە.

- ڕوونکردنەوە بەنیسبەت مەرجی یەکەمەوە:

ئەوە جێگیرو چەسپاوە کە ئەسکەندەری گەورە میصری جێهێشتو ڕووی کردە ڕۆژهەڵاتو پاشاکانی فارسی تێکشکاند پاشان لە چیای (کوش)ی هند لە ناوەڕاستی ئاسیا پەڕیەوەو دەستی گرت بەسەر (هند)دا، پاشان هێرشو پەلامارەکانی گەیاندە ڕۆژهەڵات تا بگاتە ئاوی دەریا لەوپەڕی ڕۆژهەڵات، ئەوەی کە مێژوونووسی بەناوبانگی جیهانی (ول دیوارنت) لە ئینسکلۆپیدیا بەناوبانگەکەیدا (قصة الحضارة) نووسیویەتی، ئەمە دڵنیا دەکاتەوە.

لەسەر ئەمە دەگونجێت دان بنێین بەوەدا کە مەرجی یەکەم بەسەریدا جێبەجێ دەبێتو بێگومان ئەو گەیشتۆتە ڕۆژهەڵات.

- ڕوونکردنەوە بە نیسبەت مەرجی دووەمەوە:

بریتییە لەوەی دەبێت گەیشتبێتە ئەوپەڕی ڕۆژئاوا لە جیهانی دێریندا

لە ناوچەی (جبل طارق) بە جۆرێك كە خۆر دەبینرا وەك ئەوەی كە لە گۆمێكی قوڕاودا ئاوا ببێت.

ئێمەیش ئامازەیەكی خێرا دەخەینە سەر كتێبی مێژوونووسانی دێرین وەك (بلوتارخوس)و (أریانوس) تیایدا دەڵێن: ئەسكەندەر پاش ئەوەی كە پەرستگای بۆ ئاموون دروست كرد لە مێرگی (سیوة)، بە سوپاكەیەوە ڕووی كردە كەنارەكانی دەریای سپی ناوەڕاست مەبەستی لیبیا بوو، ولای شاری (باراتونیوم) –كە ناوێكی كۆنە بۆ شارێكی میصر– وەفدێكی شاری (برقة)ی پێ گەیشتو گوێڕایەڵی خۆیانیان بۆ دەربڕی. ئینجا لە (باراتونیۆم) گەڕایەوەو تێنەپەڕی بۆ ئەوپەڕی ڕۆژئاواو نەگەیشتە ئاوی زەریای (الاطلنطي) لای گەرووی (جبل طارق)، چونكە دانیشتوانی ئەو ناوچەیە لەو كاتەدا گەلانێكی دەشتەكیو دواكەوتوو بوون، كێشو بەهایان نەبوو، ناوچەكەیش دەوڵەتێكی شیاوی نەبوو یان پاشایەكی نەبوو باس بكرێت. بەمەیش بێگومان مەرجی دووەم بەسەر ئەسكەندەری گەورەدا جێبەجێ دەبێت.

– ڕوونكردنەوە بە نیسبەت مەرجی سێیەمەوە:

ئەویش بریتییە لە بەشی ئەسكەندەر لە ئیمان یان بت پەرستیدا.. بەو هەڵسو كەوتانەی لەگەڵ كاهینە میصرییەكاندا ناگونجێت ببێتە بەڵگەی یەكلاكەرەوە لەسەر ئەوەی لە بتپەرستیدا ڕۆچووبێت، بەڵكو ڕەنگە جۆرێك بووبێت لە تەكتیكی سیاسی لە شێوەی ئەو هەڵوێستەدا بۆ ئەوەی

لایەنگرییان ڕابکێشێت، ئەگەر بۆ ماوەیەکیش بووبێت، تا ئامانجە گەورەکەی جێبەجێ بکات.

لێرەدا بەڵگەکانی (عبدالرحمن یوسف عبد) کۆتایی هات.

پێش ئەوەی بچینە سەر ئەم بەڵگانە، حەز دەکەین هەندێك لە بۆچوونی گەورە زانایانی تەفسیر دەربارەی ئەو قسەڵۆکانەی کە دەڵێن ئەسکەندەری گەورە (ذو القرنين) بووە بگێڕینەوە:

(الفخر الرازي) لە تەفسیرەکەیدا (مفاتيح الغيب) پاش ئەوەی کە بەڵگەکانی هێناوە لەوەدا کە ئەسکەندەر (ذو القرنين)ە وتویەتی: بەڕاستی ئەسکەندەری گەورە (أرسطاطاليس) مامۆستای بووەو کافریش بووە، بە تایبەت نابێت تەسلیمی ئەمە ببین کە ئەو (ذو القرنين) بووە مەگەر کاتێك کە (أرسطاطاليس) باوەڕدار بووبێت، ئەوەیش پێچەوانە دەبێت.

هەروەها (إبن الحجر العسقلاني) لە (فتح الباري) بەرگی شەشەمدا، وتویەتی: (ئەسکەندەر کافر بووە، (ذو القرنين) باوەڕدار بووە).

(إبن القيم الجوزية) لە (إغاثة اللهفان) بەرگی دووەمدا، وتویەتی:

(الاسكندر المقدوني) بریتی نییە لە (ذو القرنين).. چونکە (ذو القرنين) پیاوچاکێکی یەك خوا پەرست بووەو باوەڕی بە خواو فریشتەکانو کتێبە ئاسمانییەکانو پێغەمبەرانو ڕۆژی دوایی بووە، جەنگی لەگەڵ بتپەرستان کردووەو گەیشتووەتە ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوای زەوی‌و بەربەستێکی لەنێوان خەڵکی‌و (يأجوج ومأجوج)دا دروست کردووە.

بەڵام (المقدوني) هاوەڵ پەرست‌و بت پەرست بووە خۆیشی‌و خەڵکی

مەملەکەتەکەیشی..و (ارسطاطالیس) وەزیری بووەو هاوەڵ پەرستو بت پەرست بووە. جەنگی لەگەڵ (دارا)ی پاشای فارسدا لەناو ماڵەکەی خۆیدا کردووە، تەختو تاراجی عەرشەکەیی تێکداو دەستەڵاتەکەی تێکداو بە یەکەوەبوونی لێك ترازاندنو پاشان چووە ناو وڵاتی (صین)و (هند)و (وڵاتی تورك)و کوشتاری لێ کردنو قسەی پێ وتن.

(الطباطبائي) لە تەفسیرەکەیدا (الميزان في تفسير القرآن) وتویەتی:

(بەڕاستی (ذو القرنين) باوەڕدار بووە بە خواو ڕۆژی دواییو کە ئەوەیش بریتی بووە لە دینی یەك خواناسیو ئەسکەندەریش بت پەرست بووەو لە (صابئین) بووە.

مامۆستا (سید قطب) لە تەفسیرەکەیدا (في ظلال القرآن) وتویەتی:

بەڕاستی (ذا القرنين) بریتی نییە لە (الاسكندر المقدوني) ناسراو، چونکە ئەسکەندەر کافر بووە، (ذا القرنين) باوەڕدارێکی چاك بووە.

***

ئەسکەندەری گەورە (ذا القرنين) نییە لەبەر ئەم هۆکارانە

١- بەپێی مێژوو جێگیرو چەسپاوە کە بەڕاستی ئەسکەندەری گەورە کافرو بت پەرست بووە بەڵگەیش لەسەر بێباوەڕی لەم خاڵانەدایە:

(أ) کاتێک ئەسکەندەری گەورە مەبەستی نەوەی ئیسرائیل بوو لە (فلسطین)و چوویە ناو خاکەکەیان، پاش جەنگی شام، چوویە (بیت المقدس) هەنگاوی نا بۆ قەسابخانەکەیو سەربڕاوێکی تیا سەربڕی بۆ کڕیار نەك بۆ خوا.[٦٥]

(ب) بەڕاستی ئەسکەندەری گەورە فەلسەفەی یۆنانی بڵاو دەکردەوە لەو ولاتانەی کە دەجەنگا لەگەڵیان، ئەم فەلسەفەیەش بت پەرستیو بێ باوەڕیو هاوەڵ دانان بوو، هیچ یەکێك لە مێژوونووسان باسی ئەوەیان نەکردووە کە بانگەوازی یەکخواناسی بڵاو کردبێتەوە.

(ج) مامۆستاکەی (ارسطاطاليس) بوو، کە کافرو بت پەرست بوو هەروەها هەموو بەردەستو قەومەکەیو کەسو کارەکەیشی (واتە هی ئەسکەندەری گەورە).

بەڵام (ذو القرنين) خۆیو وەزیرەکانیو بەردەستو سەربازەکانیو قەومەکەی باوەڕدار بوون، چونکە لەگەڵ کافرانو هاوەڵپەرستان دەجەنگا لە هەر کوێ هەبوونایە، ئایا جێی ڕێزی دەبێت کە یەکێك لە وەزیرەکانی یان سەرکردەی سوپاکەی یان قەومەکەی کافر بووبێتو (ذو القرنين) وازی

---

[٦٥] – نقلاً عن الميزان في تفسير القرآن –الطباطبائي– تفسير سورة الكهف.

لێ هێنابێتو چووبێت بۆ جەنگ لەگەڵ غەیری ئەوان، یان لەگەڵ کافرانو هاوەڵپەرستانی قەومەکەی جەنگا بێت پاشان چوو بێت بۆ غەیری ئەوان؟ لە بوونی سەرکردەو سەربازو قەومو ئەهلو کەسو کاری ئەسکەندەری گەورەو مامۆستاکەی کە کافر بووبن، ئەمە دڵنیای دەکاتەوە کە ئەوە (ذو القرنین) نییە.

(د) کاتێك چوویە ناو میصر، بانگەشەی ئەوەی کرد کە کوڕی ئاموونە، بۆ ئەوەی ڕەزامەندی کاهینەکان ڕابکێشێت، پێشتریش بانگەشەی ئەوەی کردبوو لە ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا کە کوڕی چەند باوکێکی تڕە لەو وڵاتانەی کە لێی دادەبەزی، لەمەیشدا مامۆستا (عبد العزیز صالح) لە کتێبەکەیدا (الشرق الادنی القدیم) لە لاپەڕەی (٣٢٨)دا دەڵێت:

(ئەسکەندەر لە میصر ڕێڕەوی میوانێکی ژیرو دانای گرتە بەرو ڕێزی لە دابو نەریتیان گرتو ڕێزی لە بتەکانیان گرتو سزای ناڕەحەتی گەشتەکەی بۆ پەرستگای ئاموون چەشت کە بارەگای (وحي) سروش بوو لە مێرگی (سیوة) لە ناوەڕاستی بیابانی ڕۆژئاوا، بانگەشەی پێغەمبەرایەتی کرد بۆی و داوای (وحي) سروشی لێ کرد، ئینجا کاهینەکەی دانی نا بە کارەکەدا، موژدەیان دا بە ئەسکەندەر بە پاڵپشتی ئاموون بۆی و پشتگیری کرنی، پاشان ئەوەیان بڵاو کردەوە کە پاشاکەیان (نخت حرحب) -نکتابۆی دووەم- دوورکەوتەوە بۆ مەقدۆنیا ڕۆحی ئاموونی لێ تێکچوو بە جۆرێك دڵی شەیدای پاشا ئافرەتەکەیان (أولمبیاس) بوو لە خۆشەویستیدا، ئینجا ئەسکەندەری لێ بوو..).

(ھ.ج، ولن) لە کتێبەکەیدا (معالم تأريخ الانسانية) لە بەشی دووەم لە لاپەڕەی (٤٣٣)دا دەڵێت:

(کاتێك چووە ناو میصرەوە ڕێزێکی زۆری بەرامبەر دینەکەیان نیشانداو ڕێزی (ابیس)ی نەشکاند –کە گوێرەکەیەك بوو دەپەرسترا).

ئەسکەندەری گەورە لە فیرعەونەکان نزیك بوویەوەو ڕەزامەندی کاهینەکانی بە لای خۆیدا ڕاکێشا بە پێشکەشکردنی لایەنگری خۆی بۆ بتەکانیانو دروستکردنی پەرستگا بۆی، ئەمەیش دەبێتە بەڵگە لەسەر کافر بوونیو بت پەرستیو نەبوونی هیچ عەقیدەو بیرو باوەڕێك.

بەڵام (ذو القرنين) بەپێی وەصفی قورئانی لە هاوەڵدانەرانو بت پەرستان نزیك نەبۆتەوەو یارمەتی نەداون لەسەر بت پەرستیو چەند خوایەتی بە دروست کردنی پەرستگا بۆیان، ئایا دوای ئەمە گومان دەمێنیت لەسەر کافر بوونی ئەسکەندەری گەورە.؟

(ھ) ئەسکەندەری گەورە کاتێك جەنگی (هند)ی کردو (بورس)ی پاشای دەستگیر کردو ئەسیری کرد، پاشاکەیش داوای لێکرد مامەڵەی پاشاکانی لەگەڵدا بکاتو پاش ئەنجامدانی گفتوگۆ لەنێوان ئەوو ئەسکەندەردا، ئەسکەندەر پێی سەرسام بوو دایناپەوە بە پاشا بەسەر هیندەوە بەپێی ئەوەی شوێن کەوتوو ملکەچو هاوپەیمانێکی ئەمینی ئەو بێت.[٦٦]

ئەم پاشایەی هیند ئەو کەسە بوو ئەسکەندەر کردبوویە هاوپەیمانی

---

[٦٦] –قصة الحضارة– ول دیورانت.

خۆی کافرو بت پەرست بوون ئەگەر ئەسکەندەر (ذو القرنین) بووبێت، ئایا کەسێکی کافر دەکاتە هاوپەیمانی خۆی؟

(و) کاتێك ئەسکەندەر جەنگی فارسی کردو پاشا دارای تێکشکاندو لە ئافرەتە ئەمیرەکان سێ سەدی لە ئەفسەرە پلە دارەکانی خۆی مارە بڕی، فارسەکان لەو کاتەدا کافر بوون‌و ملیان نەدا بۆ یەکخواناسی پاش ئەوە نەبێت کە موسڵمانەکان چوونە ناو خاکەکەیان.

ئەمەیش واتە بێگومان ئەو ژنی هێنا بۆ سەرکردەکانی لە ئافرەتانی بێباوەڕو بت پەرست، چونکە بەپێی هیچ سەرچاوەیەکی مێژوویی نەچەسپاوە کە ئەو ئافرەتانە یەك خوا پەرست بوو بێتن، یان ئەسکەندەر بانگەوازی کردبێتن بۆ یەك خواناسی‌و ئیمانیان نەهێنابێت، هەروەها ئەوەیش باس نەکراوە کە سەرکردەکانی سوپاکەی یەك خواناس بووبن، ئیتر ئەو چۆن دەبێتە (ذو القرنین)ی باوەڕداری یەك خواناس خۆی‌و سوپاو سەرکردەو قەومەکەی.

٢- بەپێی مێژوو نەچەسپاوە کە ئەسکەندەری گەورە بەربەستی (یأجوج ومأجوج)ی دروست کردبێت، ئیتر چۆن دەگونجێت ئەو (ذو القرنین) بێت؟

٣- بەڕاستی جەنگ‌و فتوحاتەکانی ئەسکەندەر یان ئەوەتا بە مەبەستی ڕێگەگرتن بووە لە هێرشەکانی فارس بۆ سەر ولاتەکەی‌و زاڵبوون بە سەریاندا یان بە مەبەستی جێبەجێ کردنی حەزو تەماعە خودییەکانی خۆی بووە، بە فراوان کردنی سنووری مەملەکەتەکەی، بەپێی مێژوو نەچەسپاوە

کـه جـەنگو فتوحاتـەکانی بـۆ بڵاوکردنـەوەی بانگـەوازی یـەک خواناسـی بووبێت، ئیتر چۆن ئەوە دەبێتە (ذو القرنین)؟

٤- ناونـانی ئەسـکەندەری گـەورە بـە (ذو القـرنین) دەگەڕێتـەوە بـۆ هەستانی کاهینەکانی میصر بە لەسەرکردنی تاجێکی پیرۆز کە دوو شـاخی بووە، کە ڕەمزی بەرانی پیرۆزو دروشمی ئامون بوو، هەروەها ئەم تاجـە زۆرێـک لـە پاشـاکانی میصـر پۆشـیبوویان، هـەر یەکـەیان نازنـاوی (ذو القرنین)ی بەسەردا بڕاوە. ئەوەیش بەڵگە نییە کـە (ذو القـرنین)ی باسـکراو بێت لە قورئاندا.

بـەڵام هۆکـاری ناونـانی (ذو القـرنین) بـەو نـاوە، زۆر هۆکـاری دەربـارە وتراوە، بۆ نمونە هەندێکیان باس دەکەین:

وتراوە لەبەر ئەوە بەو ناوە ناونراوە، چونکە هەردوو تەنیشتی سەری لە مس بووە، هەندێك لە خاوەن کتێبەکان وتویانە: چونکە پاشای ڕۆمو فارس بووە.

هەنـدێکی تریـان وتویانـە: لـە سـەریدا شـتێك هـەبووە لـە شـێوەی دوو شاخدا.

وتـراوە: لەبـەر ئـەوەی گەیشـتۆتە ڕۆژهـەڵاتو ڕۆژئـاوا بـە جۆرێـک کـە هەڵهاتنو ئاوابوونی خۆری لێ دەردەکەوێت.

وتراوە: لەبەر ئەوەی لە سەریدا دوو شاخ لە یەک شوێندا ڕواوە.

وتراوە: تاجێکی هەبووە دوو شاخی پێوە بووە.

هەروەها وتراوە: لەبەر ئەوەی لە خەونیـدا بینیویـەتی دەسـتی گرتـووە

بەسەر رۆژهەلاتو رۆژئاوادا، ئیتر ناونراوە بە (ذو القرنین).

هەروەها وتراوە: چونکە دوو پرچی هەبووە بەرگەکەی دادەپۆشی، پرچیش لە قژی سەر ناوبراوە بە (قرن) شاخو لە ڕابردوودا زانراوە.

وتراوە: ناونراوە بەوە، لەبەر ئەوەی تەمەنی درێژ بووە تا لە زەمانی ئەودا دوو نەوە لە خەڵکی لەناو چووە.

وتراوە: چونکە شاخەکانی شەیتان لای خۆرهەلاتەوەیەو ئەو پێی گەیشتووە.. هتد.

٥- (هـ. ج. ولـز) لە کتێبەکەیدا (معالم الحضارة) بەرگی دووەمدا، دەربارەی ئەسکەندەر دەڵێت:

(ئەسکەندەر ئینسانێکی خاوەن بەهرە بووە لە زۆر لایەنەوە، بەرزترو بالاتر بووە لە پیاوانی زەمانی خۆی، بەڵام لە خۆبایی‌و بەگومان بووە لە خەڵکی‌و هەڵەشەو تووندو تیژ بووەو خاوەنی بیرو هۆشێکی وابووە کە دایکی بە لادەر ناوی بردووە).

دەربارەی دایکی دەڵێت: (دایکی ئافرەتێکی قەلەق‌و تووندو تیژ بوو سرەوتی نەبوو، شەیدا بوو بوو بەو ئایینانەوە کە داب‌و نەریتی شاراوەیان هەبوو وەك فاحیشەو خراپەو پەیڕەوی کردنی جادوگەری‌و خواردنەوەی خوێنی منداڵان‌و بەکارهێنانی مار)و دەربارەی باوکیشی دەڵێت: (ئالودە بوو بە سەرخۆشی).

(ولز) بەڵگە دێنێتەوە لەسەر ئەسکەندەر بە لەخۆبایی بوون‌و حەز بە ماستاوچێتی‌و شێتی‌و هەڵس‌و کەوتی هەندێك کاتی بەم کارانە:

(ئەسکەندەر هەموو ئەو کەسانەی خۆش دەویست کە ماستاوی بۆ بکەن و لە ڕێزی (فیلیب)ی باوکی کەم بکەنەوە، لە یەکێك لە مەجلیسەکاندا برایەکی شیری خۆی بە ناوی (کلیتوس) لێی هەڵچوو ستایشی (فیلیب)ی باوکی کردو ڕەدی ئەوەی کردەوە کە هەموو سەرکەوتنەکان بداتە پاڵ ئەسکەندەر، چونکە سەرکەوتنی ئیغریق هەزاران ڕۆڵەی سەربازو سەرکردە بە خوێنی خۆیان تۆماریان کردبوو، ئینجا ئەسکەندەر لێی هەڵچوو بە حەربەی یەکێك لە پاسەوانەکانی لێی داو کوشتی.

(کالیشنیز) کە خوشکەزای (أرسطو)ی مامۆستای بوو هەژار کەوت، چونکە ڕەدی کردەوە ڕێو ڕەسمی بە موبارەك کردن پێشکەش بەو بکات، پاشان کەمێك لە لوت بەرزیو خۆ دەرخستندا مایەوە وەك ئەوەی لە سنوور دەرچوون تێك بشکێنێت.

کاتێك کەسێك لە پاشملە باسی (فیلوتاس بن بارمینیون)ی لای ئەسکەندر کرد، کە یەکێك بوو لە سەرکردە بەهێزو دڵسۆزەکانیو ئەسکەندەر متمانەی زۆری پێی بوو، ئەو کەسە پێی وت: کە (فیلوتاس) لە بەردەم ئافرەتێکدا نازی دەکێشا بۆی بە شانازی کردن بە خۆیەوە وتی: بەڕاستی ئەسکەندەر تەنها کوڕێکی گەنج بووە، ئەگەر پیاوانێك لە شێوەی باوکی نەبوونایە وەك (بارمینیون)و (فیلوتاس) ئەوا جەنگی فارسو هاوشێوەکانی لە وڵاتاندا تەواو نەدەبوون، ئینجا ئەسکەندەر ئافرەتەکەی ئامادە کردو ڕاستی وتو ئیتر خێرا ئەسکەندەر (فیلوتاس)ی بە کودەتاچی لەسەر خۆی تۆمەتبار کردو فەرمانی دەرکرد بە سزادانو لە سێدارەدانی،

بینا لەسەر بەڵگەیەکی بچووک و کورت، پاشان فەرمانی دەرکرد بە کوشتنی باوکی کە (بارمینیون)ی پیرو بەتەمەن بوو کە دوو کوڕی تریشی لە پێناوی ئەسکەندەردا مردبوون لە گۆڕەپانی جەنگدا پێش ئەوەی هەواڵی مردنی (فیلوتاس)ی کوڕی پێبگات.

ئەم کارەساتانە پەردە لا دەبەن لەسەر زیهنێکی ناجێگیر کە هاوسەنگی نازانێت، تەنها بە کارە بچووکە شەخصییەکانەوە گیردراوە، زیهنێک کە ئیمپراتۆریەتی لا نەبێت مەگەر بواربێک بێت بۆ خۆ دەرخستن و خۆپەرستی.

کارێکی تریشی ئەمە دڵنیا دەکاتەوە کاتێک هاوڕێیەکی بە ناوی (هیفایستیون) نەخۆشە و پێویست بوو یاسەیەکی خۆراک پێدانی دیاریکراو هەبێت، بەڵام سەرپێچی ئەم یاسایەی کرد لە ئامادە نەبوونی پزیشکەکەی، هەستا بە خواردنی مریشکێکی سوور کراوە و هەڵقوڕاندنی شووشەیەک شەربەتی مێوژ، یەکسەر مرد.

ئەسکەندەر خەفەتبار بوو لەسەر مردنەکەی و بڕیاریدا سەرەخۆشی و خەفەتباری خۆی دەربخات، بەڵام خەفەتەکەی شێتانە بوو، ئینجا فەرمانی کرد بە لە سێدارەدانی پزیشکەکە و قژی هەموو ئەسپ و ماینەکانی وڵاتی فارسی کورت کردەوە و هەموو شوراو خشتی شارەکانی دراوسێی تێکداو لە سەربازگەکەیدا بە هەموو شێوەیەک مۆسیقای حەرام کردو هەموو پێگەیشتووەکانی لەو شارانەوە –واتە قووزییەکان– هێنا کە دەستی گرتبوو بە سەریانداو فەرمانی کرد. بە سەربڕین و کردنیان بە قوربانی بۆ ڕۆحی (هیفایستیون)، پاشان بڕی دە هەزار (تالنتوم)ی تایبەت کرد بۆ هەڵبەستنی

گۆڕەکەی، ئەوەیش لەو ڕۆژگارەدا بڕێکی زۆر بوو لە مالّ وسامان.

- قسەکانی (هـ. ج. ولز) کۆتایی پێهات.[٦٧]

وەك زیادەیەك بۆ ئەوەی کە (ولز) وەصفی ئەسکەندەری پێکرد لە سیفەتەکان، بە تەواوی نەفی ئەوەی کرد کە (ذو القرنین) بێت حەز دەکەین ئەم چەند پرسیارە لە هەموو ئەو کەسانە بکەین کە بۆچوونیان وایە ئەسکەندەر (ذو القرنین) بوو بێت:

- ئایا هەستانی ئەسکەندەر بە سەربڕینی پێگەیشتووەکان لە (قووزییەکان) بە قوربانی بۆ ڕۆحی (هیفایستیون)ی هاوڕێی دڵنیای ناکاتەوە کە بت پەرست بووە، بێگومان کەسێکی شێتو بێ مێشك و خوێن ڕێژ بووە؟

- ئایا هەستانی ئەسکەندەر بە کوشتنی خۆشەویشتترین هاوڕێی (فیلوتاس)و باوکی (بارمینیون)و (کلیتوس)ی برای شیری، دڵنیای ناکاتەوە کە کەسێکی بێ ئەمانو بێ پەیمانو بێ وەفا بووە، کەسێکی دەست درێژکارو خۆپەرستو هەڵچوو بووە؟

بۆچوونو لێکدانەوەمان وایە کە زانینی ژیاننامەی ئەسکەندەرو هەڵوێستەکانیو هەڵس و کەوتی کەسایەتی، دەستەبەری ئەوە دەکەن کە وامان لێ بکات دان بنێین بەوەدا کەسێکی چاك بووە کە لە قورئاندا بە (ذو القرنین) باس بکرێت، پێویست دەکات هەموو ئەو کەسانەی کە بۆچوونیان وابووە کە ئەو ئەسکەندەری گەورەیە، بگەڕێنەوە بۆ کتێبەکانی مێژوو لەوێوە چاکتر لە ژیانی ئەسکەندەر تێ بگەن.

---

[٦٧] - معالم تأريخ الانسانية -هـ -ج - ولز ج/٢ ص٤٢٠-٤٤٦ بە دەستکاریيەوە.

سیفەتەکانی (ذو القرنین) بەسەر (کورش)ی فارسیدا جێبەجێ نابێت

وتراوە: (ذو القرنین) کۆرشی فارسی بووە، کە ئیمپراتۆریەتی فارسی دامەزراندو هەردوو مەملەکەتی (فارس و ماد)ی پێکەوە کۆکردەوەو جەنگی مەملەکەتی (بابل)ی کردو خستییە ژێر حوکمی خۆیەوە، پای گەیاندو مۆڵەتی دا بە (یهود) جوولەکە کە لە (بابل) بگەڕێنەوە بۆ (أورشلیم) پاش ئەوەی کە (نبوخذ نصر) پاشای (بابل) مەملەکەتەکەیانی تێکداو گرتنی بە دیل لە (بابل)دا، ئەوەیش بەردەوام بوو بۆ ماوەی حەفتا ساڵ، وەک ئەوەی کە جوولەکە هاوکارییان کرد لە دووبارە درووست کردنەوەی هەیکەلەکە کە (نبوخذ نصر) ڕووخاندبووی، جەنگی ئاسیای بچووکو یۆنانی کردو بە سەریاندا زاڵ بوو، پاشان چوو بۆ ئەوپەڕی ئاوەدانی لە ڕۆژهەڵات.

هەندێک لە لێکۆڵەرە هیندییەکان وەک (سر أحمد خان الهندي)و (أبو الكلام آزاد) دڵنیایان کردۆتەوە، کە بەڕاستی وەصفی (ذو القرنین)ی باسکراو لە قورئاندا بە تەواوی بەسەر ئەم پاشا گەورەیەدا جێبەجێ دەبێت، بەڕاستی باوەڕدار بووە بە خواو دینی یەکتا پەرستیو دادپەروەر بووە لە کارو ڕەعییەتەکەیداو بە بەزەییو نەرمو نیانیو چاکە کردنەوە دەڕۆیشتو کەسێکی سەرکارو شارەزا بوو خوای گەورە هۆکاری هەموو شتێکی پێدابوو، دینداریو عەقڵو ژیریو ڕێزو ئەخلاقی جوانو پێداویستیو هێزو سامانو شتە زبرەکانو بەکارهێنانی هۆکارەکانی پێکەوە کۆ کردبوویەوە.

هەر وەك (الشيخ عبدالجليل عيسى) وتويەتى: بەڕاستى (كورش) بريتى بووە لە (ذو القرنين) بە پێى بۆچوونى پەسەند.

(أبو الكلام آزاد) كۆمەڵێك بەڵگەى هێناوە كە لە تێڕوانينى خۆيەوە دەيسەلمێنێت كۆرشى فارسى (ذو القرنين)ى باسكراو بووە لە قورئاندا، بۆچوونەكان لەم خالانەدا كورت دەكەينەوە:[٦٨]

١- بە نيسبەت ئيمانى بە خواو ڕۆژى قيامەتەوە بەوە بەڵگەى لەسەر دەهێنێتەوە كە لە كتێبەكانى (العهد القديم)دايە، وەك كتێبى (عزرا): (الإصحاح الأول)و كتێبى (دانيال): (الإصحاح السادس)و كتێبى (أشعيا): (الإصحاح:٤٤-٤٥) بەڕاستى ئەم كتێبانە هێشتوويانەتەوەو بە پيرۆزيان داناوەو لە كتێبى (إشعيا)دا بە (راعي الرّبّ) ناوبراوە،و لە (الإصحاح)ى چلو پێنجەمدا ئەمە باسكراوە كە دەڵێت:

(الرّبّ) بە پاشا كۆرش دەڵێت: ئەوەى كە ڕاستيم گوتووە بۆ ئەوەمە كە لە پێشييەوە چەند نەتەوەيەكو باشترين پاشايانى پێ بكوتمەوە تا لە پێشيانەوە هەردوو تاكى دەرگاكانى پێ بكەمەوە دانەخرێن، من لە پێش تۆوە دەڕۆم، تەپۆڵكەو بەرزاييەكان ئامادە دەكەمو هەردوو تاكى دەرگا مسەكە و قوفڵە ئاسنەكانيش دەشكێنم، زەخيرەو كەلو پەلى تاريكىو گەنجينە شاراوەكانت پێ دەدەم، تا بەڕاستى بزانيت من ئەو پەروەردگارەم كە بانگت دەكات بە ناوى خۆت. نازناوم لێ ناويت تۆ من ناناسيتەوە.

---

[٦٨] - نقلاً عن الميزان في تفسير القرآن -العلامة: سيد محمد حسين الطباطبائي- ج/١٣.

٢- نووسینه هەڵکەندراوو کتێبە دەست نووسەکان بە خەتی بزماری کە لە (داریوس)ی گەورەوە گێڕاوەتەوە، ماوەیەکی زەمەنی لە نێوانیاندایە بە ئەندازەی هەشت ساڵ، خۆیان لە خۆیاندا دەدوێن کە یەکخواناس بووەو هاوەڵپەرست نەبووە، گونجاو نییە ئەوەی کە لەو ماوە کورتەدا کۆرشی لەسەر بووە بگۆڕێت.

٣- لە چاکیو پەسەندییەکانی ئەوە بوو کە ڕووبەڕوو دەبوویەوە لەگەڵ ئەو یاخیبوو زۆردارانەی کە دەرئەچوون بۆ سەری یان جەنگی لەگەڵ دەکردن وەك پاشاکانی (مادی)و (لیدیا)و میصرو زۆردارو یاخیبووانی دەشتەکی لە دەورو بەری (بکتریا) کە بریتی بوو لە (البلخ)و غەیری ئەوان، هەر کاتێك سەر بکەوتایە بەسەر قەومێکدا، لە تاوانبارانیان خۆش دەبوو، ڕێزی لە ڕێزدارانیان دەگرت، بەزەیی بە لاوازەکانیاندا دەهاتەوەو بە ئیداریو لێزانانە مامەڵەی لەگەڵ خراپەکارو خائینەکانیاندا دەکرد.

٤- بەڕاستی جوولەکە ئەسیر کراوەکانی لە (بابل) ڕزگار کردو گێڕانییەوە بۆ وڵاتی خۆیانو مااڵو سامانیشی بۆ خەرج کردن بۆ تازەکردنەوەی هەیکەلەکەو شتە بەنرخو گرانبەهاکانی هەیکەلەکەیشی بۆ گەڕاندنەوە، کە برابوونو لە گەنجینەکانی پاشاکانی (بابل)دا هەڵگیرابوون، لەبەر ئەوە جوولەکە ڕێزیان لێ دەگرتو بە پیرۆزیان دادەنا، ئەمەیش بەڵگەیەکی تر ە کە بەڵگە بوو لەسەر ئەوەی (ذو القرنین)ە، چونکە ئەو کەسەی کە پرسیاری کرد لە پێغەمبەر ﷺ دەربارەی (ذو القرنین) جوولەکە بوو، ئەمەیش بە بینا لەسەر ئەو ڕیوایەتانەی لای ئەوانە.

٥- مێـژوو نووسـه کۆنـەکانی یۆنـان وەك (هـیرۆدۆت)و کەسـانی تـر، باسـیان کـردووەو تـەنها ئـەوەیان وتـوە کـە بـە پیـاوەتی‌و بەخشـندەیی‌و لێبوردەیی‌و ڕێـزو کـەم سـوور بـوون لەسـەر شـت‌و سـۆزو بـەزەیی باسـیان کردووە، بە باشترین شێوە ستاشیان کردووە.

٦- کاتێك شێوەی هەیکەلە بەردینەکەی دۆزرایەوە لـە (مشـهد مرغـاب) لە باشووری ئێران، لە سەری پەیکەرەکەدا دوو شاخی ڕواو لە یـەك شـۆێندا بینرا، یەکێکیان بە ئاراستەی پێشەوەو ئەوی تریـان بـە ئاراسـتەی دوواوە، ئەمەیش نزیکە لـە قسـەی ئـەو کەسـانەی لـە کۆنـدا وتویانـە: هۆکـاری نـاو نانەکەی بـە (ذو القـرنین) لەبـەر بـوونی خـووده یـان تاجێـك بـووە کـە دوو شاخی پێوە بووە، ئەوەیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە (ذو القرنین) بووە.

٧- لە کتێبی (دانیال)دا باسی خەونێك هاتووە، کە (دانیال) لە خەونیدا (کورش) دەبینێت لە شێوەی بەرانێکی دوو شاخدا. ئەوەیش دەبێتە بەڵگـە لەسەر ئەوەی کە (ذو القرنین) کورش بووە.

٨- (کورش) ڕووی کردە ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا، ڕۆیشتنی بەرەو ڕۆژئاوا بۆ لـەناوبردنی (لیـدیا)ی یـاخی بـوو، کاتێـك ئـەویش بـە سـوپاکەیەوە بـەرەو کـۆرش چـوو بـە سـتەم‌و زۆرداری بـێ هـیچ بیانوویـەك ڕێگـەی بـەوەدا، (کورش)یش بۆی چوو جەنگی لەگەڵ کـردو تێکـی شـکاند، پاشـان شـۆێنی کەوت تا گەمارۆی دا لە پایتەختی پاشـایەتییەکەیدا، پاشـان ئـەوێی ڕزگـار کردو ئەویشی دیل کرد، پاشـان لـە خـۆی‌و هـەموو دەسـت‌و پێوەنـدەکانی خۆش بوو، ڕێزی خۆی‌و ئەوانیشی گرت‌و چاکەی لەگەڵ کردن، بۆی هـەبوو

سزایان بدات‌و لەناویان بەرێت، بەوەیش ئەم ئایەتەی خوای گەورە جێبەجێ دەبوو: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ مَغۡرِبَ ٱلشَّمۡسِ وَجَدَهَا تَغۡرُبُ فِي عَيۡنٍ حَمِئَةٖ وَوَجَدَ عِندَهَا قَوۡمٗاۗ قُلۡنَا يَٰذَا ٱلۡقَرۡنَيۡنِ إِمَّآ أَن تُعَذِّبَ وَإِمَّآ أَن تَتَّخِذَ فِيهِمۡ حُسۡنٗا ﴿٨٦﴾ ﴾ الكهف.

لەبەر ئەوەی کە شیاوی سزا بوون بە زۆرداری‌و ستەم‌و فەسادیان.

پاشان بە ئاراستەی بیابانی گەورەی رۆژهەلات لە دەورو بەری (بکتریا) رۆیشت، بۆ کوژاندنەوەی بەلاو کارەساتی قەبیلە دەشتەکی‌و تێنەگەیشتووەکان، ئەوانیش لەوێدا هەستان‌و راپەرین بۆ هێرش کردن‌و خراپەکاری، بەوەیش ئەم ئایەتەی بەسەردا جێبەجێ دەبێت: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ مَطۡلِعَ ٱلشَّمۡسِ وَجَدَهَا تَطۡلُعُ عَلَىٰ قَوۡمٖ لَّمۡ نَجۡعَل لَّهُم مِّن دُونِهَا سِتۡرٗا ﴿٩٠﴾ ﴾الكهف.

٩- بەلاّم دەربارەی دروستکردنی بەربەستەکە: ئەم بەربەستە دەکەوێتە گەرووی چیای (قفقاز) کە لە دەریای (الخزر)ەوە درێژ بۆتەوە بۆ دەریای رەش، ناوبراوە بە گەروی (داریال) کە دەکەوێتە نێوان (تفلیس)و (ولادي كيكوز).

ئەم بەربەستە لە گەرووی نێوان دوو شاخی بەرزدایە لە هەردوو لایەوە درێژ دەبێتەوە، بەربەستەکە باشووری ئاسیا لە باکووری دادەبڕێت، چونکە لەو زەمانەدا چەند قەومێکی چراپ لە نیشتەجێی باکووری رۆژهەلات لە ئاسیا لە گەرووی چیای (قفقاز)ەوە هێرشیان دەهێنا بۆ قەبیلە نیشتەجێیەکانی باشوور، پاشان هێرشیان دەکردە سەر لەوان خوارتر لە (أرمینستان)، پاشان ئێران هەتا ئاشوور وکلدان، لە سەدەی حەوتەیەمی

پێش میلادیش هێرشیان کرد، ولاتانیان پرکرد لە کوژراوو بەدیلگیراوو تالآن‌و بڕۆ، هەتا گەیشتنە (نینوی)ی پایتەختی ئاشوور، ئەوەیش لە سەدەی پێشوویدا بوو بە نزیکی لە سەردەمی (کورش)دا.

مێژوونووسە کۆنەکان وەک (هیرۆدۆت)ی یۆنانی باسی ڕۆیشتنەکەی (کورش)یان بۆ باکووری ئێران کردووە، بۆ کوژاندنەوەی فیتنەو ئاشووبەکان کە لەوێ هەڵگیرسا بوون، بە ئاشکرا دیارە کە ئەو بەربەستەکەی لە ڕۆیشتنەکەیدا لە گەرووی (داریال)دا دروست کرد، بە ئاسن دروستی کرد، یەک پارچەی بەهێزی یەکگرتوو بوو لەنێوان بەرزایی هەردوو چیاکەدا، بەوەیش ئەم ئایەتەی بەسەردا جێبەجێ دەبێت:

﴿ فَأَعِينُونِي بِقُوَّةٍ أَجْعَلْ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُمْ رَدْمًا ﴿٩٥﴾ ءَاتُونِي زُبَرَ الْحَدِيدِ ﴾ الكهف.

پاشان (ابو الکلام آزاد) دەڵێت: (بەڕاستی ئەم بەربەستە بەربەستی (باب الابواب) نییە کە لەسەر کەناری دەریای (الخزر)ە، بەربەستی (باب الابواب) وەک مێژوو باسی دەکات (کسری أنوشروان) دروستی کردووە، وەک ئەوەی بەربەستەکە لە بەرد دروست کراوەو بە هیچ شێوەیەک ئاسنی تێدا نییە.

بەڵام بەربەستەکەی گەرووی (داریال) لە ئاسن دروستکراوە.

لێرەدا بەڵگەکانی (أبو الکلام آزاد) کۆتایی هات لەوەدا کە بۆچوونی ئەو وابوو کە (کورش)ی فارسی (ذو القرنین)ە.[٦٩]

---

[٦٩] – نقلاً عن الميزان في تفسير القرآن –مرجع سابق.

ئەو هۆکارانەی ڕوونی دەکەنەوە کە (ذو القرنین) بریتی نییە لە (کورش)ی فارسی ئەمانەن:

١- بەڕاستی (کورش): (مەجووسی) ئاگرپەرستو کافر بووە، باوەڕدارو یەک خوا پەرست نەبووە، نە لە تەورات‌و نە لە کتێبەکانی مێژوودا نەبینراوە ئامـاژە کرابێـت بـۆ ئـەوەی یـەک خـوا پەرسـت بووبێـت، بـەڵام هۆکـاری هێشتنەوەو پیرۆز ڕاگرتنی لەلایـەن جوولەکـەوەو بـڕینی نـاوی (المسـیح)[٧٠] بەسەریدا، دەگەڕێتەوە بـۆ ڕێـزی ئـەو لەگـەڵیان، کاتێـک فـەرمانی دەرکـرد بۆیـان بـە گەڕانـەوەیان بـۆ خـاکی خۆیـان‌و یارمـەتی دان لـە دووبـارە دروسـتکردنەوەی هەیکەلەکـە -کـە (نبوخذنصـر)ی پاشـای (بابـل) بـۆی ڕووخاندبوون کاتێک جەنگی لە خاکەکەیاندا کرد-. ئەو مالّو سامان‌و شتە گرانبەهایانەی کە برابوون بۆی گەڕاندنەوە.

مەدحو ستایش کردنـی‌و بـڕینی نازنـاوی (مسـیح الـرب) بـە سـەریدا بـە (سفر)ی (أشعیا)، ئەمانە هیچی (أشعیا) پێغەمبـەر دەری نـەبڕیوە، وەحـی خواییش نەبووە بۆی لە پلەو پایەی ئەم پاشایە، چونکە ئـەم دەقـە ڕوونـە بۆ کەسێک کە (سفر) بخوێنێتەوە، ئـەوە دەقێکـە نووسـەری کتـێبی (سـفر) زیادی کردووە، (سفر)ی (أشعیا)و (سفر)ەکانی تری تەورات‌و ئینجیـل، ئـەو پێغەمبەرانـە نـەیان نووسـیوە کـە نیسـبەت دراوەتـە پاڵیـان، بـەڵکو چـەند کەسانێکی نادیار نووسیویانە، هەندێک لـەو شـتانەیان تیـا گێڕاوەتـەوە کـە

---

[٧٠] - لەکۆندا بە پاشای فارسیان وتوە: (مسیح).

وەحی دەکرا بۆ پێغەمبەرانو ژیاننامەی پێغەمبەرانیان تیا تۆمار دەکردو لەگەڵ هەندێك هەواڵدا، گێڕانەوەیانو ئەوەی کە ڕووی دەدا لە جوولەکە لە ماوەی مردنی ئەو پێغەمبەرەدا تا ئەو سەردەمەی کە نووسەری کتێبی (السفر)ی تیا دەژیا.

وەك ئەوەی کە نووسەری (السفر) هەندێك لە ڕووداوەکانی سەردەمو تایبەت بە نەوەی ئیسرائیلی تیا تۆمار دەکرد، ئەوەیشی لە کتێبە مێژووییەکاندا ڕوون دەبێتەوە دەربارەی ئەوە لە کتێبەکانیاندا، بەڕاستی ئەوانە ڕوداوێکی تایبەت بوون بەو زەمانە کە پێغەمبەری خاوەن (سفر)ەکەی تیا دەژیا.

لە زۆر کاتدا ئەم (سفر)انە لە تێڕوانینو ڕێزی خاوەنی (سفر)ەکانەوە دەنووسرا، تا کارەکە دەگەیشتە ئەوەی کە دەقیان لەسەر قسەی ئەو پێغەمبەرە بۆ زیاد دەکرد بەوەی کە ئەوەی دەگەیاند کە ئەو پێغەمبەرە وتوویەتی کە نیسبەت درابوویە پاڵ (سفر)ەکە، هەندێك کاتی تر هەڵدەسا بە لابردنی دەقو وتەی پێغەمبەرەکە بەوەی کە خزمەت بەو فیکرو بۆچوونو بیرو باوەڕە بکات کە لەو زەمانەدا زاڵ بوو بەسەریدا.

خاوەن کتێبەکان دان دەنێن بەمەدا، لە قسەو بۆچوونەکانیان لەم بوارەدا ئەوەیە کە ڕاڤەکارەکانیان دانیان پیا ناوە کاتێك (سفر)ی کتێبە پیرۆزەکانو کەسایەتی نوسەرەکانیان ناسیوە.

لە کتێبی (المدخل الی الکتاب المقدس) کە تەرجومەی تەوراتە بۆ (کاثولیك)، نووسەرەکەی دەربارەی نووسەرانی (سفر)ەکان ئەمە دەڵێت:

(.. (سـفر)ەکانی کتـێبی پـیرۆز کـاری دانـەران‌و نوسـەرانە، وایـان ناساندووە کە زمانحاڵی خوایـە لـەناو گەلەکەیانـدا، ژمارەیـەکی زۆریـان بـە نادیـاری ماونەتـەوە.. زۆربـەی کارەکانیـان لـە چـاولێکەری کۆمەڵـەوە وەرگـیراوە، پـێش ئـەوەی کتێبـەکانیان پێکهاتـەی کۆتـایی وەربگرێـت بـۆ ماوەیەکی زۆر لەناو گەلەکەدا بڵاو بووەتەوە‌و شوێنەواری بەرپەرچدانەوەی خوێنـەری لـەخۆی گرتـووە لـە شـێوەی پوختـە کـردن‌و ڕوونکردنـەوەدا، تەنانـەت لـە شـێوەی دووبـارە داڕشـتنەوەی هەنـدێك لـە دەقەکانیشـیدا.. نـەخێر، بـەڵکو (سـفر) دانـراوە هـیچ نییـە تـەنها شـیکردنەوە‌و ڕاڤـە‌و نوێکردنەوە نەبێت بۆ کتێبە کۆنەکان).[٧١]

وەرگێـڕاوە عەرەبییەکـەی کتـێبی پـیرۆز بـۆ (کاثولیـك) دەربـارەی (سفر)ی (إشعیا) دەڵێت:

ئەم (سفر)ە بـە کتێبێـك لێـك دەدرێتـەوە کـە (إشـعیا) پێغەمبـەر خـۆی دەسـتی پـێ کردبێـت پاشـان چـەند دانـەرێکی تـر تـەواویان کردبێـت کـە کەسـایەتیان نەناسـرا بێـت، ئـتیر بـەو شـێوەیە مابێتـەوە کـە تـەنها نـاوی (إشعیا) هەڵبگرێت‌و بەس).[٧٢]

بـە دڵنیـایی ئـەو دەقـە تایبەتـەی کـە بـۆ مـەدحی (کـورش)‌و سـتایش‌و ناونانی بە (مسیح الرب) بوو، ئەمە وەحی نەبوو لە خـواوە بـۆ (إشـعیا) کـە خۆی نووسیبێتی (وەك هەندێك دەقی تر کە بە (سـفر) هـاتوون کـە لێیـەوە

---

[٧١] – اختلافات في تراجم الكتاب المقدس–لواء/ احمد عبدالوهاب – ص/٦٥.

[٧٢] – سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە/٧٤.

ڕوون دەبێتەوە کە وەحی خوا بووە بۆ (إشعیا)) بەڕاستی ئەوە دەقێکە لە لایەن یەکێك لە نوسەرانی (سفر)ەوە زیاد کراوە لە زەمانی (کورش)دا، کە بریتییە لە: بەڕاستی (سفر) هەواڵدانی تری تێدایە دەربارەی (المسیح عیسی ابن مریم) عیسای کوڕی مەریەم، چونکە دەچەسپێت بە سەریدا، هەواڵدانی تر دەربارەی گەورەمان (محمّد) ﷺ، چونکە ئەو وەصف و کارانەی کە بە (سفر) هاتووە بەسەر خۆی و ئوممەتەکەیدا جێبەجێ دەبێت.

لەبەر ئەوەی (سفر) هەواڵدان و پێشبینی تیایە دەربارەی (عیسی)(علیه السلام)و (محمّد) ﷺ و (کورش) بەو لێکدانەوەیەی کە مەسیحێکی تر بێت، وەك نووسەری (سفر) بانگەشەی دەکات، بۆچی ناوی (کورش)ی لە (سفر)دا ناو بردووەو دیاری کردووە، بەڵام ناوی (عیسی)(علیه السلام)و (محمّد) ﷺ لەکاتی باسکردنیاندا باس نەکراوە، ئەگەر ئەو کەسەی خاوەنی وتەی هەواڵدان و پێشبینیەکەیە، ئەگەر (إشعیا) بووبێت؟

لەمانەی پێشەوە ڕوون دەبێتەوە کە ئەم دەقە یەکێك لە نووسەرانی (سفر) دیاری کردووە کە هاوسەردەمی (کورش) بووەو دیاری کردووەو کارەکانیان بینیوە، یان یەکێك بووە لەو نووسەرانەی کە پێی گەیشتووە لەو کاتەداو هەواڵی (کورش)و کارەکانی لەگەڵ جوولەکەدا پێگەیشتووە.

٢- (ذو القرنین) بەسەر زەویدا دەگەڕا، تا دادپەروەری بچەسپێنێت و، بانگەواز بۆ یەك خواناسی بکات، لە تەورات یان کتێبەکانی مێژوودا نەهاتووە کە (کورش) ئەو کارەی کردبێت، بەڵکو جەنگەکانی هاوڕێکە

لەگەڵ ئەوەی لە کتێبەکانی مێژوودا هاتووە بۆ ڕێگە گرتن لە دەوڵەتانی دراوسێ وەک جەنگ کردنی لەگەڵ پاشای لیدیا (تورکیای ئێستا) یان بۆ بنەبڕ کردنی کەسانی هەڵگەڕاوەو یاخی لەو دەوڵەتانەی کە ملکەچ بوون بۆ ئیمپراتۆریەتەکەی، وەک جەنگی لە (بکتریا-بلخ-)و (مکران)و (بلوجستان).

٣- بەڕاستی بەرانە دوو شاخە باسکراوەکە لە خەونەکەی (دانیال)دا، فریشتە (جبریل) لە کۆتایی خەونەکەیدا بۆی دیاری نەکرد کە ئەم بەرانە (کورش) بێت، بەڵکو وتی: ئەوە ڕەمزە بۆ پاشاکانی (مادی)و (فارس).

چونکە بەڕاستی بەرانە دوو شاخەکە ڕەمز بوو بۆ (فارس)، دایان دەنا بەسەر کەسە دیارەکانیانەوە، کاتێک (کورش)ی پاشای (فارس) جەنگی مەملەکەتی (مادی) کردو هەردوو مەملەکەتەکەی کردە یەک، بەرانە دوو شاخەکە بە ڕەمزی (فارس) مایەوە، هەر وەک ڕەمز بوو بۆ هەردوو مەملەکەتەکە پاش بەیەک بوونیان.[٧٣]

کاتێک ئەسکەندەری گەورە جەنگی دەوڵەتی (فارس)ی کرد، لەو کاتەدا پاشای فارس (دارا) بوو، ئەسکەندەری گەورە سەرکەوت بە سەریدا لە (إسوس) لە نۆڤەمبەری ساڵی (٣٣٣)ی پێش میلادی، کە دوای مردنی (کورش) بە نزیکەی دوو سەد ساڵ دێت، واتە ساڵی (٥٢٩)ی پێش میلادی.

لەسەر ئەوە ئەگەر وامان دانا بەرانە دوو شاخەکە یەکێک بوو بێت لە

---

[٧٣] - راجع تفسير دانيال -إيرنساید- الإصحاح الثامن- ص/٩٠.

پاشاکانی فارس، ئەوە (کورش) نەبووە، بەڵکو (دارا) بووەو کۆتایی (دارا)یش وەک (دانیال) لە خەونەکەیدا وێنەی دەکێشێت سەرشۆڕی بووە.

هەروەها هەواڵ دانو پێشبینی (دانیال) دێت لە خەونەکەیدا دەربارەی کۆتایی هاتنی مەملەکەتی فارس لەسەر دەستی ئەسکەندەری گەورەدا کاتێک کە (دارا) پاشای بوو دەڵێت:

(کاتێک من بیرم دەکردەوەو هیوام دەخواست، خرتە نێرێک لە رۆژئاواوە هات بەسەر هەموو زەویدا.. هات بۆ لای بەرانە دوو شاخەکە.. قۆچێکی دا لە بەرانەکەو هەردوو شاخی شکاند، بەرانەکە هێزی نەما ڕاوەستێت لە بەردەمیداو کەوتە سەر زەویو بەسەریدا ڕۆیشت. ئیتر بەرانەکە توانای ڕزگاربوونی نەبوو لە دەستی).

(دانیال ٨/٥-٧)

لەمەی پێشەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بەرانە دوو شاخەکە تەنها ڕەمز نەبووە بۆ (کورش)، بەڵکو ڕەمز بووە بۆ پاشایەتیو پاشاکانی (مادیو فارس) پاش بەیەک بوونیان، بەڕاستی خەونەکە هیچ ئاماژەیەکی تیا نییە بۆ (کورش)، خۆ ئەگەر ئاماژەیشی تیا بێت، نابێتە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە (ذو القرنین)ی باسکراو بێت لە قورئاندا.

٤- لە تەورات یان کتێبەکانی مێژوودا نەهاتووە کە (کورش) بەربەستی (یأجوج ومأجوج)ی دروست کردبێت، هەر وەک ئەوەی ئەو بەربەستەی کە (أبو الکلام آزاد) باسی کردووە کە دەکەوێتە گەرووی چیای (قفقاز)ەوە لە ولاتی (تفلیس-تەبلیسی ئێستا) ئەوە (کورش) دروستی نەکردووە، وەک

ئەوەی کە لێکۆڵەری هیندی هیچ بەڵگەیەکی لە مێژوودا نەهێنابێت کە (کورش) دروستکاری بووبێت، بەڵکو وتویەتی: بەڕاستی (کورش) چوو بۆ باکووری ئێران، بۆ کوژاندنەوەی فیتنەو ئاشوبەکان کە لەوێ هەڵگیرسا بوون، بە ئاشکرا وا دەردەکەوێت کە ئەو لەم ڕۆیشتنەیدا بەربەستەکەی دروست کردبێت، ئایا تەنها ڕۆیشتنی (کورش) بۆ ئەم ناوچەیە دەبێتە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە ئەو خاوەنی ئەو بەربەستەو دروستکاری بێت؟

وەك ئەو باسی کردووە بەڕاستی ئەو بەربەستە لە ئاسن دروستکراوە، بەربەستەکەی (ذو القرنین)یش وەك قورئان باسی کردووە لە ئاسنو مسی تواوە پێکەوە دروستکراوە، هەر وەك ئەوەی کە بەربەستەکەی (ذو القرنین) ناکەوێتە ئەو ناوچەیەوە، بەڵکو دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا نزیك لە شاری (ترمذ) ناویشی (سد باب الحدید)ە، لە ئاسنو مسی تواوە دروستکراوە لە نێوان بەرزایی دوو شاخەکەدا هاوڕێکە لەگەڵ ئەو وەصفەی کە قورئان هێناوێتی.

٥- لێکۆڵەری هیندی (أبو الکلام آزاد) باسی کردووە کە (کورش) ڕووی کردە ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا، بە تایبەت ئەوە (ذو القرنین)ە، چونکە (ذو القرنین)یش ڕووی کردە ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا، بەڵام لێکۆڵەران لە مێژووی (کورش) دڵنیایان کردۆتەوە کە ڕووی نەکردۆتە ڕۆژهەڵات. لەوانە (أیر نساید) باسدەکەین سەبارەت بە ڕاڤە کردنی بۆ (سفر)ی (دانیال) کە ئەم دەقەی وتوە:

(.. بەڕاستی سوپاو سەربازەکانی (کورش) ڕوویان نەکردە ڕۆژهەڵات بۆ

زاڵبوون بەسەر قەبیلە بەڕەپییەکاندا لە پۆژهەڵات، بەڵکو کشان بەرەو دەریای ناوەڕاستو دەریای ڕەشو دورگەی عەرەبیو سەرکەوتنەکانی بەردەوام بوو تا گەیشتە ئاسیای بچووکو هەموو میصر).[٧٤]

هەروەها (کورش) پووی نەکردە ئەوپەڕی پۆژئاوا لای گەرووی (جبل طارق)و زەریای (الاطلنطي)، ئەوپەڕی شوێن کە پێی گەیشت بریتی بوو لە ئاسیای بچووک (تورکیا) لەسەر ئەمە (کورش) وەصفەکانی (ذو القرنین)ی بەسەردا جێبەجێ نابێت کە پووی کردە خۆرئاواو خۆرهەڵاتو باکوور، هەر وەک زۆرینەی لێکۆڵەران دڵنیای دەکەنەوە.

٦- پەیکەری (کورش) کە بە سەرییەوە خوودەیەک دەبینرێت دوو شاخی پێوەیە، بەڵگە نییە لەسەر ئەوەی کە (ذو القرنین)ە، چونکە زۆرێک لە پاشاکان هەبوون خوودەی دوو شاخداریان دەکردە سەریان.

بەڕاستی هۆکاری ناونانی (ذو القرنین) بەو ناوە زۆرێک بۆچوونی دەربارە هاتووە، ئەو بۆچوونەی پێشوو یەکێکیان بوو، بەڵام پەسەندترینی بۆچوونەکان نییە.

ئێستا باوەڕمان وایە کە زۆرێکمان لە بۆچوون هێنا، ئەوەندە بەس بێت کە نەڤی ئەوە بکات (کورش)ی فارسی بریتی بێت لە (ذو القرنین).

نووسەرو لێکۆڵەر (هشام کمال عبدالحمید) دەڵێت: لەوەی کە پوونم کردەوە مەبەستم هێرش کردن نەبووە بۆ سەر زانا (أبو الکلام آزاد)

---

[٧٤] - تفسیر دانیال -إیرنساید- الإصحاح الثامن- ص/٩٠.

بەڕاستی ئەوە تەنها (إجتهاد) هەوڵدانێك بووە لەوەوە، ئەگەر هەڵەی کردبێت پاداشتێکی هەیە لای خوای گەورە لەسەر هەوڵدانەکەی و ڕێزی هەیە لەسەر ئەو هەوڵو ماندوبوونەی لەم بابەتەدا، نمونەی وەك ئەو کەسانەیە کە (إجتهاد)یان کردووە لە سەلماندنی ئەوەدا کە (ذو القرنین) بریتی بێت لە ئەسکەندەری گەورە، هەروەها ناڕاستی ئەمەیش سەلمێنراوە.

***

بۆچونەکانی تر دەربارەی (ذو القرنین)

هەندێك وتویانە: بەڕاستی بەربەستە باسکراوەکەی ناو قورئان، بریتییە لە شوراو دیوارە گەورەکەی (صین)، کە بریتییە لە دیوارێکی درێژ لە نێوان (صین)و (منغولیا)دا، کە (شین هوانگ تی) یەکێك لە پاشاکانی (صین)ە دروستی کردووە، بۆ ڕێگە گرتن لە هێرشەکانی (مغول) بۆ سەر (صین)، درێژییەکەی سێ هەزار کیلۆ مەترەو پانییەکەیشی نۆ مەترەو بەرزییەکەیشی پانزە مەترە، بە بەرد دروستکراوەو ساڵی (٢٦٤)ی پێش میلادی دەست کراوە بە دروستکردنی، لە ماوەی دە یان بیست ساڵدا تەواوبووە.

لەسەر ئەمەیش خاوەنانی ئەم بۆچوونە وای دەبینن کە ئەم پاشایە (ذو القرنین) بێت، یان بە مانایەکی وردتر: ئەگەر ئێمە خۆمان دایە دەست ئەم بۆچوونە، ئەوا دەبێت خۆیشمان بدەینە دەست ئەوەی کە ئەم پاشایە بریتییە لە (ذو القرنین).

بەڵام وەصفی (ذو القرنین)و بەربەستەکەی جێبەجێ نابێت بەسەر ئەم پاشایەدا، چونکە بەربەستەکەی (ذو القرنین) لە ئاسنو مسی تواوە دروستکراوەو لەنێوان دوو شاخدایە، بەڵام دیوارەکەی (صین) لە بەرد دروستکراوەو لەنیوان دوو شاخدا نییەو درێژییەکەیشی سێ هەزار کیلۆمەترە، هەر وەك ئەوەی باس نەکراوە ئەم پاشایە لە خاکی خۆی ڕۆیشتبێت بۆ ئەوپەڕی ڕۆژئاوا، یان باوەڕدارێکی یەکتا پەرست بووبێت، بەڵکو کافرو بت پەرست بووە.

هەروەها لە (روح المعاني)دا وتراوە: (ذو القرنين) بريتى بووە لە (فريدون بن أثفيان بن جمشيد)ى پێنجەم پاشاى فارسى فيشدادى، پاشايەكى دادپەروەرو گوێڕايەڵ بوو بۆ خوا.

لە كتێبى (صور الاقاليم)ى (أبى زيد البلخي)دا وتراوە: بەڕاستى ئەم پاشايە پاڵپشتى كراوە بە وەحى، لە سەرجەمى مێژووەكاندا ئەو پاشاى سەر زەوى بووەو دابەشى كردووە لەنێوان هەر سێ كوڕەكەيدا: (إيرجو سلمو تور)، ولاتەكانى: (العراقو الهندو الحجاز)ى داوە بە (إيرج)و كردوويەتى بە خاوەنى (تاج)، (الرومو ديارو مصرو المغرب)يشى داوە بە (سلم)، (الصينو الترکو المشرق)يشى داوە بە (تور)، بۆ هەر يەكەيشيان قانوونێكى داناوە حوكمى پێ بكەن، ناوى ناوە: (القوانين الثلاثة –سياسة–) واتە: سێ ياساكە، كە بە عەرەبى كراوى (سى أيسا)يە.

ڕوويەكى تری ناونانى بە (ذو القرنين) ئەوە بووە كە پاشايەتى هەردوو جەمسەرى دونياى كردووەو تەمەنى دەستەڵاتەكەى درێژ بووە تيايدا، بەپێى ئەوەى كە لە (روضة الصفا)دا هاتووە پێنج سەد سالّ بووە).. كۆتايى پێ هات. مێژوو نوسان يان كتێبەكانى مێژوو دان نانێن بەم قسەيەدا.[٧٥]

هەروەها وتراوە: (ذو القرنين) عەرەبى بووە، يەكێك بووە لە پاشاكانى (حمير) لە يەمەن.. (الأصمعي) ئەمەى لە (تأريخ العرب قبل الاسلام)و (إبن هشام) لە (السيرة)داو (التيجان) و(أبو الريحانو البيروني)لە (الآثار الباقية عن القرون الخالية)دا باسكردووە.

---

[٧٥] – الميزان في تفسير القرآن –الطباطبائي– ج/١٣ –ص/٣٨٢.

زیاتر لە بەڵگەیەك دەڵێت: (ذو القرنين) پاشایەکی عەرەب بووە

زۆرێك لە ڕاڤەکارانی قورئانو مێژوونوسانو زانایان بۆچوونیان وایە کە (ذو القرنين) پاشایەك بووە لە پاشاکانی پێشووی یەمەن، هەندێکیان دڵنیای دەکەنەوە کە یەکێك بووە لە پاشا یەمەنییە (حمير)ییەکان.

دەستەیەکی تر دڵنیای دەکاتەوە کە (ذو القرنين) هاوسەردەم بووە لەگەڵ گەورەمان ئیبراهیم پێغەمبەردا (عليه السلام).

(إبن الحجر العسقلاني) لە (فتح الباري) لە (كتاب الانبياء)دا لە (باب قصة يأجوج ومأجوج)دا دەڵێت:

(ئەوەی بەڵگە دەدات لەسەر پێشڕەوی کردنی (ذو القرنين) بریتییە لەوەی کە (الفاكهي) لە ڕێگای (عبيد بن عمير)ەوە -کە یەکێك بووە لە گەورە شوێنکەوتوان- گێڕاویەتییەوە: {(ذو القرنين) بە پێ چوو بۆ حەج کردن، ئیبراهیم (عليه السلام) هەواڵی بیستو پێی گەیشت}.

ئەوەی کە (عطاء) لە (إبن عباس)ەوە گێڕاویەتییەوە: {بەڕاستی (ذو القرنين) چوویە ناو (المسجد الحرام) سەلامی کرد لە ئیبراهیم پێغەمبەر (عليه السلام)و تەوقەی لەگەڵ کرد}.

هەروەها ئەوەی کە (عثمان بن ساج) گێڕاویەتییەوە: {بەڕاستی (ذو القرنين) داوای کرد لە ئیبراهیم (عليه السلام) کە دوعای بۆ بکات، ئەویش فەرمووی: جا چۆن کە ئێوە بیرەکەتان خراپ کردووم؟ واتە: بیری زەمزەم.. ئەویش فەرمووی: ئەوە لە کاری من نەبووە، واتە: هەندێك لە سەربازەکان ئەوەیان کردووە بێ مۆڵەتی من.

هەروەها (أبن هشام) لە (التيجان)دا باسی کردووە: (ئیبراهیم بڕیاردانی لە شتێکدا بردە لای (ذو القرنين) ئەویش بڕیاری بۆ دا).

(إبن أبي حاتم) لە ڕێگای (علي بن أحمد)ەوە گێڕاویەتییەوە: ((ذو القرنين) چووە مەککە، ئیبراهیمو ئیسماعیلی بینی کەعبەیان دروست دەکرد، داوای لێ کردن تێی بگەیەنن لەو کارە، وتیان: ئێمە دوو بەندەی ڕاسپێردراوین، ئەویش فەرمووی: کێ شایەتیتان بۆ دەدات؟ ئینجا پێنج بەران ڕاست بوونەوە شایەتییان دا، ئینجا فەرمووی: بێگومان ڕاستتان وت، وتی: وا گومانم برد بەرانە باس کراوەکان بەرد بووبن، ڕەنگە مەڕیش بوو بێتن).

پاشان (إبن الحجر) وتی: ئەم شوێنەوارانە هەندێکیان هەندێکی تریان بەهێز دەکەن، بەڵگەیە لەسەر هاتنی (ذو القرنين).

- قسەی (إبن الحجر) کۆتایی هات.

ئەگەر خۆمان دایە دەست ئەوەی کە (ذو القرنين) لە زەمانی ئیبراهیمدا بووە، ئەوا نەفی ئەوە دەکات کە لە (حمير)ییەکان بێت، چونکە سەردەمی ئیبراهیم (علیه السلام) نزیکەی (٢٠٠٠) ساڵ پێش میلاد بووە، (حمير)ییەکان لە ماوەی (١١٥)ی پێش میلاد حوکمیان کردووە بۆ (٥٢٥)ی میلادی.

(الأصمعي) لە (تأريخ العرب قبل الإسلام)و (إبن هشام) لە (السيرة)داو (التيجانو ابو الريحانو البيروني) لە (الآثار الباقية عن القرون الخالية)داو (نشوان بن سعيد الحميري) لە (شمس العلوم)دا، هەموویان وتویانە: (ذو

القـرنين) يـەكێك بـووە لـە (التبابعـة الاذواء)[٧٦] لـە پاشـا (حمير)يـە يەمەنييەكان.

بـەڵام ڕاو بۆچـوونى جياوازيـان هەيـە دەربـارەى ناوەكـەى، هەنـدێك وتويەتى: ناوى: (مصعب بن عبدأللّٰه)يە، وتراوە (صعب بـن ذي المراثـد) كـە يەكەم پاشاى گـەورەى يەمـەن بـووە، ئـەو كەسـە بـووە كـە بڕيـارى دا بـۆ ئيبراهيم لە بيرى (السبع)، وتراوە: (تبع بن الاقرن)و نـاوى (حسـان) بـووە، هەروەها (الأصمعي) باسى كردووە كە ناوى (أسعد الكامل) بـووە، چـوارەم پاشاى گەورە بووەو كوڕى (حسان الاقرن) بـووە، هـەروەها وتـراوە: نـاوى (شمر يرعش) بووە.

(المقريـزي) لـە (الخطـط)دا وتويـەتى: (بزانـە لێكۆڵينـەوە لاى زانايـانى هـەوالّ بريتييـە لـەوەى كـە ئـەو (ذو القـرنين)ەى لـە قورئانـدا باسـكراوە، عەرەبييە، لە شيعرە عەرەبييەكاندا زۆر باسـكراوە، نـاوى (الصـعب بـن ذي المراثد) بن (الحارث الرائش) بن (الهمـال ذي سـدد) إبـن (عـاد ذي مـنح) بـن (عار الملطاط) بن (سكسك) بن (وائل) بن (حِميَر) بن (سبأ) بن (يشجب) بـن (يعرب) بن (قحطان) بن (هـود) بـن (عـابر) بـن (شـالح) إبـن (أرفخشـد) بـن (سام) بن (نوح) (عليه السلام)ە).

يەكێكـە لـە پاشـاكانى (حمـير) كـە عـەرەبى (العاربـة)ن،[٧٧] (ذو القـرنين)

---

[٧٦] – نازناوى پاشا گەورەكانى يەمەنە.

[٧٧] – (العرب العاربة) عەرەبەكانى پێش ئيسماعيل بـوون، بـەڵام (العـرب المسـتعربة) نـەوەى ئيسماعيل (عليه السلام) بوون.

شـوێنکەوتوو دوور بـووە، کاتێـک پاشـایەتی گرتـە دەسـت، زۆرداری کـرد، پاشان ملکەچ بوو بۆ خوا، لەگەڵ (خضر) بە یەکەوە کۆبوونەوە.

بەڕاستی بە هەڵەدا چووە هەر کـەس وا گومـان بـەرێت کـە (أسـکندر بـن فلیس) بریتییە لە (ذو القرنین) کە بەربەستەکەی دروستکرد، چونکە وشەی (ذو) عەربییەو (ذو القرنین) لە نازناوی عەرەبە پاشاکانی یەمەنە، ئـەوەیش (رومی یونانی)یە.[٧٨]

قسەکانی (المقریزي) کۆتایی هات.

-زانا (السید هبة الدین الشهرستاني) دەڵێت:

بەڕاسـتی (ذو القـرنین)ی باسـکراو لـە قورئانـدا پـێش ئەسـکەندەری مەکەدۆنییە بە سەدان ساڵ، ئەو ئەسکەندەر نەبووە، بەڵکو یەکێك بووە لە پاشا چاکەکارو ناوداڕەکانی یەمەن، ئەوان نازناو دادەنێن بە وشـەی (ذي)، وەك: (ذي همـدان)و (ذي غمـدان)و (ذي المنـار).. هتـد. موسـوڵمانو یـەك خواناسو دادپەروەرو پـاك ژیـان بـووە، بـەهێزو خـاوەن بـەهرە بـووە، بـە سوپاو سەربازی چڕو پڕەوە بەرەو ڕۆژئاوا ڕۆیشت بینی خۆر لـە چـاڵاوێکی قوڕدا ئاوا دەبێت.

پاشان گەڕایەوە بەرەو ڕۆژهەڵات، لە هاتنەوەکەیدا (أفریقیا)ی دروست کرد، زۆر زیرەك و شارەزا بـوو لـە بیناسـازیو ئاوەدانکردنـەوەدا، بـەردەوام بووە لە ڕۆیشتنەکەی تا بە نیوە دورگەیـەکو (بـراری) ئاسـیای ناوەڕاسـتدا

---

[٧٨] - نقلا عن الميزان في تفسير القرآن -الطباطبائي: ص/٣٨٦.

تێپەڕی، گەیشتە (ترکستانو دیواری صین)، لەوێدا قەومێکی بینی خۆریان بەسەردا هەڵدەهات خوای گەورە پەناگەیەکی بۆ نەکردبوون لە تینی خۆر بیانپارێزێت.

پاشان چوو بەرەو باکوور تا گەیشتە مەداری (السرطان) قرژاڵ، ئەوەی کە بڵاوە لەسەر زمان ئەو چووەتە ناو تاریکییەوەو خەڵکی ئەو وڵاتەیش داوایان لێ کردووە کە بەربەستێکیان بۆ دروست بکات بۆ ڕێگە گرتن لە (یأجوج ومأجوج)، چونکە یەمەنییەکانو –(ذو القرنین)یش کە یەکێکە لەوان– بەوە ناسراون کە بەربەست درووست دەکەنو لەو بوارەدا شارەزانو بەربەستەکەی بۆ دروست کردن).[٧٩]

–مامۆستا (محمد رضا) لە کتێبی (تأریخ الانسانیة وأبطالها)دا دەڵێت:

(بەڕاستیو بێگومان (ذو القرنین) عەرەبی (حمیر)ی بووە، ئەسکەندەری گەورە نەبووە لەبەر ئەم هۆکارانە:

١– (الأذواء)ی یەمەنی لە نازناوی پاشا یەمەنییەکانە.

٢– بەڕاستی (ذو القرنین) ناوی (الصعب بن مرثد الیمني)یە.

٣– بەڕاستی ئەو ڕۆیشتووە بە ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوای سەر زەویداو خوای گەورە دامەزراوی کردووە لەسەر زەویدا.

هەروەها (الشیخ طنطاوي جوهري) لە (تفسیر الجواهر) بەرگی نۆیەمدا

---

[٧٩] – نقلا عن المیزان في تفسیر القرآن –الطباطبائي: ص/٣٨٨–٣٨٩.

كه ئەمە كورتەكەيەتى، دەڵێت:

لە زمانى كۆنى يەمەندا، وشەى (ذو) بە واتاى (صاحب) خاوەن بووە، دەوترێت: (ذو القصر) واتە: خاوەن (قصر).

ئەمانە نازناوێكن بەرامبەر نازناوى (بك)و (باشا) لە وڵاتى (مصر)دا، هەروەها دەنرێت لە چينى (الأذواء) يان خاوەنەكان، كە بەرامبەرە لەگەڵ (الذوات) لە وڵاتى مصردا، واتە: دەوڵەمەندە تايبەتمەندەكان.

پاشاو (تبابعة)كان لە يەمەن لەو دەوڵەمەندو تايبەتمەندانە دەچوونە دەرەوە.

نازناوى (ذي) زۆرێك لە پاشاكانى يەمەن دەيانكردە نازناوى خۆيان، نايبينين لە غەيرى ئەواندا، -بۆ نمونە وەك پاشاكانى ڕۆم- لە دواتريش پاشاكانى يەمەن نازناوى (ذي القرنين)يان لە خۆيان ناوە كە نزيك بووە لە سەردەمى خۆمانەوە، (ذو القرنين)ى باسكراوى ناو قورئان پێچەوانەى ئەو بووەو سەردەمى كۆنتر بووە.

پرسيار كرا لە (إبن عباس) دەربارەى (ذي القرنين) كێ بووە؟ فەرمووى: (لە (حمير) بووە كە (الصعب بن ذي مراثد) بووە، كە خواى گەورە لەسەر زەويدا دامەزراوو پايەدارى كردو لە هەموو شتێك هۆكارى پێ بەخشى، گەيشتە هەردو جەمسەرى هەڵهاتنو ئاوابوونى خۆرو سەرۆكايەتى سەر زەوى كردو بەربەستەكەى بە ڕووى (يأجوج‌و ماجوج)دا دروست كرد..).

هەروەها پرسیار لە (کعب الأحبار) کرا دەربارەی (ذو القرنین)، ئەویش وتی: ڕاست لای ئێمە لە هەواڵەکانمانو لە پێشینانمان ئەوەیە کە لە (حمیر) بووە، ناوی (الصعب بن ذي مراثد) بووە.

هەروەها باسی (ذو القرنین) لە هۆنراوەی (حمیر)یەکاندا هاتووە، بەو جۆرەی کە شانازییان دەکرد لەوانە، هەر وەك ئەوەی باسی کەوتۆتە ناو شیعری (أمریء القیس)و (أوس بن حجر)و (طرفة بن العبد البکري)ی‌و کەسانی تر‌ەوە.

مامۆستا (عبدالرحمن یوسف العبد) لە کتێبەکەیدا بە ناوی (ذو القرنین) ڕەخنەی گرتووە لە بۆچوونی مامۆستا (سید قطب) بەوەی کە (ذو القرنین) بریتی بووە لە (أبو کرب عمرو بن افریقش) یەکێك لە پاشاکانی یەمەنی (حمیر)ی بەم وتەیەی:

(.. هەمان بۆچوونی بیریاری نوێی مامۆستای بەناوبانگ (سید قطب) دەبینرێت دەڵێت: بەڕاستی (ذو القرنین) یەکێك بووە لەپاشا (حمیر)یەکان لە یەمەن، ناوی (أبو کرب عمرو بن افریقش)ە، بەڕاستی ئەو تونس‌و باکووری ئەفەریقای ڕزگار کرد، ناوی (أفریقیا) بڕا بەسەر ئەو ناوچەیەدا لە جیهاندا، پاش ئەوە ناوەکە نرا لە هەموو کیشوەرەکە. (سید قطب) ڕەدی ئەوە دەکاتەوە کە هەندێك لە ڕاڤەکاران بۆی چوون لەوەی کە (ذو القرنین) ئەسکەندەری گەورە مەکەدۆنی بێت، بە بەڵگەی ئەوەی کە ئەو پیاوێکی بت پەرست بووەو هەڵگری فیکرو فەلسەفەی یۆنانی بتپەرستی بووە.

دەڵێت: بۆچوونی (سید قطب) دەربارەی (أفریقش)و (ئەسکەندەری

گەورە) هەردووکی هەڵەیە، بەپێی نەخشەی کاتی بۆ مێژووی یەمەنی پێش ئیسلام دەبینین لە هەڵهاتنی مێژوییەوە هەتا دەرکەوتنی ئیسلام سێ دەوڵەت بەسەر حوکمو دەستەڵاتی یەمەندا هاتوون، کە بریتین لە:

١- دەوڵەتی (معین) لە (١٣٠٠-٦٥٠)ی پێش میلادی.

٢- دەوڵەتی (سبأ) لە (٦٥٠-١١٥)ی پێش میلادی.

٣- دەوڵەتی (حمیر) لە (١١٥)ی پێش میلادی هەتا دەرکەوتنی ئیسلام لە سالّی(٦٠٠)ی میلادی.

دەوڵەتی (حمیر)بیەکان، کە (سید قطب) دەڵێت (ڕو القرنین) یەکێك بووە لە پاشاکانی، لە ماوەی (١١٥)ی پێش میلادی حوکمی کردووە هەتا دەرکەوتنی ئیسلام، هەر لە هەمان ماوەدا (مصر) لەژێر حوکمی (البطالمة)دا بووە، کە حوکمی مصریان کردووە لە سالّی (٣٢٣)ی پێش میلاد بۆ سالّی (٣٠)ی پێش میلادی، پاش ئەوانیش ڕۆمان.

نەسەلماوە پاشایەکی عەرەبی یان غەیری عەرەبی لەو ماوەیەدا مصری داگیر کردبێت، بەتەواوی دەزانین کە هەر سوپایەکی (ئاسیا)یی ڕووی کردبێتە ناوچەی (جبل طارق) بە جۆرێك کە خۆر لە ناوچەیەکی قوڕاودا ئاوا دەبێت، دەبێت هەر بە (مصر)دا تێپەڕی بێت، لەبەر ئەوەی کە مصر بەر جەنگ نەکەوتووە لەو ماوەیەدا، کەواتە (ذو القرنین) پاشا نەبووە لە یەمەن.

هەر وەك ئەوەی کە هیچ پاشایەکی عەرەبی ناگونجێت بگاتە ناوچەی (جبل طارق) مەگەر کاتێك جەنگی مصر بکات، ئینجا لەوێوە هێرشەکەی

بگەیەنێتە ئەوپەڕی ڕۆژئاوا، مێژوو بۆمان نەدواوە کە مصر کەوتبێتە بەر جەنگی عەرەبی لەو ماوەیەدا، یان لە پێشتر بە چەند سەدەیەک، بێجگە لە ڕۆژانی سەردەمی (هکسوس)، ئەوان لە عەرەبی (البائدة) بوون، نەگەیشتوونەتە ناوچەی (جبل طارق) لە ڕێگەی میصرەوە، چونکە شکستیان هێنا لە ملکەچ کردنی مصر بۆ ژێر دەستەلاتی خۆیان.

ناگونجێت کەسێک بڵێت: ئەگەر (ذو القرنین) لە یەمەن بووبێت ئیتر گرنگ نەبووە بگاتە ناوچەی (جبل طارق) لە ڕێگەی (سیناء)ەوە لە (مصر)، بەڵکو دەگونجێت بۆ هەر پاشایەکی یەمەنی کە لە گەرووی (باب المندب)ەوە بپەڕێتەوە بۆ ڕۆژهەلاتی ئەفەریقاو خاکی کیشوەری ئەفەریقا ببڕێت لە ناوچەی (قرن)ی ئەفەریقییەوە لە ناوچەیەکی زبرو پڕ لە شتی خراپو ناپاکەوە پەڕییەوە بۆ ڕووباری (السنغال) لەسەر کەناری ئەفەریقای ڕۆژئاوا، پاشان بۆ (جبل طارق)، چونکە شوێنکەوتووی جەنگە گەورەکان لە مێژودا دەبینرێت کە ئامانجیان ناوچەی ئاوەدانی بووە، ڕێڕەوی قافلّە ناسراوەکانیان گرتۆتە بەرەو سوپاو سەربازەکانیان نوقم نەکردووە لە ناوەڕاستی ناوچە زبرو بیابانو شوێنە بێ ئاوەکاندا.

بەڵام بە نیسبەت بەشی پاشای یەمەنی لە ئیمانو یەکخواناسی، زانراوە کە ئایینە ئاسمانییەکانی جوولەکەو مەسیحی نەچووەتە یەمەن تەنها کەمێک پێش دەرکوتنی ئیسلام نەبێت، هەموو جیهان لەژێر ڕووناکی مێژوویەکی ڕوونداا بووە، ئەگەر پاشایەکی یەمەنی بەو ناوبانگە دەرکەوتبێت ئەوە لای ئێمە ناسراو دەبوو.

لێرەدا دەتوانین ئەوە دابڕین کە (ذو القرنین) لە یەمەندا نەبووە.

تا ئەم بۆچوونەی مامۆستا (عبدالرحمن العبد) کۆتایی پێهات، بەڵام ئێمە بە دوای بۆچوونەکانیدا ئەمەی خوارەوە دەهێنین:

١- ئەگەر خۆمان بدەینە دەست ئەو موناقەشەیەی کە (ذو القرنین) لە (حمیر)ییەکان نییە، ئەمە نەفی ئەوە ناکات کە لە یەمەن بووە، چونکە پاشاکانی یەمەن تەنها لە (حمیر)ییەکاندا نەبووە، چونکە چەندین پاشای یەمەنی هەبوون کە کۆنتر بوون لەوەی کە ئەو باسی کردوون و تا ئێستایش هەواڵیان بە دەستمان نەگەیشتووە بە هۆی کەمی دەستەکانی دۆزینەوەی شوێنەوارەوە لە ناوچەی یەمەن و دورگەی عەرەبی، بە تایبەت کە چەند شوێنەوارێك هەن تا ئێستایش شاراوەو داپۆشراون لەژێر لمدا هێشتا نەدۆزراونەتەوەو لە کاتی دۆزینەوەیاندا ئەوا زیاتر دەزانین دەربارەی پاشا یەمەنییە کۆنەکان، شارستانییەتی یەمەنی لە دێرینترین شارستانێتییە مێژوویییەکانن، بەڕێزی لە بابەتێکی تردا لە کتێبەکەیدا دانی ناوە بەوەداو وتویەتی:

(گەلەکانی عێراق وەك ئاشووری و بابلییەکان کە بە چەند سەدەیەك لە پێش مەسیح هەبوون، ئەوان لە بنەڕەتدا گەلانی عەرەبی بوون لە یەمەنەوە کۆچیان کردوە کە هاوڕێکە لەگەڵ ئەوەی کە شوێنەوارەکان دەریان خستوە کە دۆزراونەتەوە، کە لێکچونێکی زۆری تیایە لە ناوی پاشاکان و ئایینەکان و زمانەکان لە نێوان ئاشووری و بابلییەکاندا لە لایەکەوەو یەمەنییەکانیش لە لایەکی ترەوە، تا ئەوەی هەندێك کەس ناوی (معمل

البشرية) كارگەی بەشەرییان لە یەمەن ناوە، لەوانە كۆچەری بەشەری دەرچوون كە عێراقو شامیان ئاوەدان كردۆتەوە.

گومانی تێدا نییە كە نمونەی ئەم كۆچ كردنانە چووەتە ناو ململانێوە لەگەڵ گەلانی عێراقی كۆن وەك سۆمەریو ئەكەدییەكان..).

بەپێی مێژوو زانراوە كە (عمالیق) یان (هكسوس) لە (العرب البائدة)ن، ئەوانەی كە مێژوونووسان ناوی (الملوك الرعاة)یان لێ ناون، یان دەشتەكییە ئاسیاییەكان، یان (الشاسو) ئەوان نەوەی مامی (عادو ثمود)ن، ئەوانە مێژویان دەگەڕێتەوە بۆ نزیكەی (٢٥٠٠) سالێ پێش میلادی.

زانراوە كە ئەوان جەنگی هەموو ناوچەكانی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاواو باكووریان كردووە، چی قەدەغەی ئەوە دەكات كە (ذو القرنین) یەكێك بێت لە پاشاكانی ئەوان، بە تایبەت كە دوورگەی عەرەبیو شام شوێنی سەرجەم پێغەمبەرانو دابەزینی پەیامەكان بوون، ئەوان یەكەم كەس بوون كە یەك خواناسیو ئیمانیان ناسیوە.

هەر وەك ئەوەی چەند گێڕانەوەیەك هەیە دەڵێت: بەڕاستی (ذو القرنین) هاوسەردەم بووە لەگەڵ ئیبراهیم پێغەمبەر (علیه السلام)، ئیبراهیمیش بە نزیكەی (٢٠٠٠) سالێ پێش میلادی بووە، ئەگەر ئەم هەواڵانە ڕاست بن، مانای ئەمە واتە بەڕاستی (ذو القرنین) لە (العرب البائدة) بووەو لە (حمیر)ییەكان نەبووە، سەرجەم عەرەبە (بائدة)كان بنەڕەتیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەهلی یەمەن، شتێك دەربارەی مێژوویان نازانین، چونكە شوێنەوارەكانیان هێشتا نەدۆزراوەتەوە.

٢- بەڕاستی چەند جەنگێك لە سەدە ڕابردووەکاندا ڕوویداوە لە ئەهلی یەمەن، یان بۆ گواستنەوەی (عرب البائدة)ەکان بووە بۆ ناوچەی ئەفەریقاو کەنارەکانی، بەڕاستی لە کتێبی (أفریقیا من جوبا إلى نهایة السنغال)دا هاتووە: کە لێکۆڵەرێکی سویسری سەلماندویەتی کە دانیشتوان لە خاکی (أفریقیا)و ناوچە زبرو ناباشەکانو کەناری ئەفەریقای ڕۆژئاوا، لە بنەڕەتی یەمەنین.

ئەگەر یەمەنییەکان جەنگی ئەم ناوچانەیان نەکردبێت لە ڕێگەی گەرووی (باب المندب)ەوە، ئیتر چۆن دانیشتوانێك -کە بنەمای گەشە کردنیان لە یەمەندا بووە- گەیشتوونەتە ئەو ناوچانە، ئەگەر لە پاشبەندی سوپاو سەربازانێکی گەورە نەبوو بن لەوانەی کە جەنگی ئەو ناوچەیەیان کردبێت.

بەڵام ئەو قسەیەی کە دەڵێت جەنگە گەورەکان ئامانجیان ناوچەکانی ئاوەدانی بووە، ڕێڕەوی کاروانە ناسراوەکانیان گرتووە، سەربازەکانیان نەبردۆتە ناو چۆڵیو بیابانەوە، ئەوە قسەیەکی ڕەتکراوەیە، چونکە زۆربەی ناوچەکانی ئەفریقیا چۆڵو بیابانو زبرو وشکە، سەرکردەی هەر سوپایەك نزیکترین ڕێگا دەگرێتە بەر کە بیگەیەنێتە ئەو شوێنەی مەبەستێتی جەنگی بکات، ئیتر ئەو شوێنە سروشتی هەر چۆنێك بێت، یان لەبەر ئەوەی بارو دۆخێکی دیاریکراو هەبووە کە پێویست بووە لەسەری ئەو ڕێگایە بگرێتە بەر، چونکە ئارامو سەلامەت بووە، هەندێك کات ڕێگای قافڵە ناسراوەکان لە چەند دەوڵەتێکی تردەوە ڕێگەی زاڵ بوون هەیە بە

سەریاندا، ئەوەیش دەبێتە هۆی کەوتنەوەی زیانێکی زۆر لە سوپاکەی ئەگەر هەوڵی دا بچێتە ناو ئەو دەوڵەتانەوە لە بەیەکداداندا بۆ ئەوەی لەو ڕێگایانەوە بپەڕنەوە کە زاڵ دەبن بە سەریاندا، یان ڕێگەی وشکو زبرو نائاوەدان بگرنە بەر، چونکە نزیکترین ڕێگایە بۆ گەیشتن بە وڵاتەکان کە دەیەوێت پێی بگات، لەبەر ئەوەی نازانین ئەو سەرکردەیە کێیە کە ئەو ڕێگایەی گرتۆتە بەر، ئەو ئاراستەیە کوێیە کە ئەو دەیەوێت پێی بگات، ئیتر پێویست ناکات بڕیار بدەین بەسەر ئەو ڕێگایەدا کە گرتوویەتییە بەر ڕێگایەکی دیاری کراو بێت.

بەهەر حاڵ بوونی دانیشتوان لە بنەچەی یەمەنی لەو ناوچانەدا، بەڵگەیە لەسەر گەیشتنی یەمەنییەکان بۆ ئەفریقاو کەنارەکانی زەریای (الأطلنطي)ی ڕۆژئاوا (ئاوابوونی خۆر لای گەروی جبل طارق)ەوە، لە چەرخە کۆنەکاندا.

وەک زیادەیەک بۆ سەر ئەوەی پێشوو کە باسکرا، بەڕاستی ناوچەکانی لای ئاوابوونی خۆر کورت نابنەوە تەنها لەسەر کەنارەکانی ئەفریقای ڕۆژئاوا لای گەروی (جبل طارق)، بەڵکو جێبەجێ دەبێت بەسەر کەنارەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوایشدا لای گەروی (جبل طارق)و باکووری ڕۆژهەڵاتی زەریای (الأطلنطي)، ئەگەر سەرکردەیەکی یەمەنی جەنگی دەوڵەتانی ڕۆژئاوای ئەوروپای کردبێت پاشان ڕووی کردبێتە کەنارەکانی کە درێژ بوونەتەوە بەسەر لای ڕۆژهەڵاتی زەریای (الأطلنطي)دا، ئەوا دەبێت گەیشتبێتە لای ناوچەی ئاوا بوونی خۆر، ئەویش لێرەدا پێویست نییە کە

بەسەر میصردا ڕۆیشتبێت تا بگاتە لای ناوچەی ئاوابوونی خۆر. دەتوانێت پێی بگات لە ڕێگەی باکووری ئەفریقا یان خۆرئاوای ئەورووپا.

هەروەها دەگونجێت بۆ کەسێک کە دەیەوێت بگاتە تونس و مەغریب ئەگەر بیەوێت بگاتە ئەورووپا، دەبێت لە دەریای ناوەڕاستەوە بپەڕێتەوە و لەوێ دابەزێت، لەم حاڵەتەدا بۆ ئەو کەسەی کە بەسەر میصردا تێدەپەڕێت هەر دەگونجێت. ئەمەیش بە پێچەوانەی گەیشتن پێیان لە ڕێگەی باشووری خۆرئاوای ئەفریقاوە ئەگەر لە یەمەنەوە هاتبێت، ئەوەیش پاش پەرینەوەی لە دەریای سوور، لە گەروی (باب المندب)یش پەڕیوەتەوە.

بە کورتی، بێگومان زۆرێک ڕێگا هەیە بۆ گەیشتن بە ناوچەکانی لای ئاوابوونی خۆر بێ تێپەڕ بوون بەسەر میصردا.

لەمانەی پێشەوە ڕوون دەبێتەوە کە بەڕاستی یەمەنییەکان یان (العرب البائدة) پێش کەوتوون بەوەی کە جەنگی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاواو باکووریان کردووە، یان بە مانایەکی وردتر پێش کەوتوون بەوەی کە جەنگی هەموو جیهانیان کردووە، بەڕاستی ئەوان لە زۆرترین نەتەوەکانن کە زۆرترینو گەورەترین بەشیان لە ژمارەی پێغەمبەران هەبووە، بە تایبەت کە لە چەند ماوەیەکی دیاریکراودا پاشاکان حوکمی ئەوانیان کردووە، لەسەر دینی پێغەمبەرانیان بە یەکتاپەرستیو باوەڕداری.

گومانی تێدا نییە کە (ذو القرنین) یەکێک بووە لە پاشایان، ئەگەر یەکێک نەبووبێت لە پێغەمبەران، کە نێردراون بۆ ئەو قەومانە، بەڕاستی (ذو القرنین) بەپێی زۆرینە لە (العرب البائدة) بووە، لە (عرب المستعربة) نەبووە

که ئەوان چینی تازە بوون لە دورگەی عەرەبیدا نیشتەجێ بووبوون، پاش ئەوەی کە ئیبراهیم پێغەمبەر (علیە السلام)و نەوەکانی ئاوەدانیان کردەوە.

ئەو یان ئەوەتا هاوسەردەم بووە لەگەڵ گەورەمان ئیبراهیم، وەك هەندێك لە گێڕانەوەکان دڵنیای دەکەنەوە، یان پێشتر بووە لەو. ڕێگە پێدراوە –کە خوا زاناترە– کە گەیشت بێت بە زەمانی ئەو، ئەمەیش نەفی ئەوەی نەکردووە کە لە (حمیر)یەکان بووبێت، چونکە ئەمەیش ئەگەرێکی ڕێگە پێدراوە، هاوڕێکە لەگەڵ ئەوەی کە هەندێك لە گێڕانەوەکان دڵنیایان کردۆتەوە.

حەز دەکەین بۆ ئەمەی پێشوو تێبینی کۆتایی زیاد بکەین، کە دڵنیای دەکاتەوە (ذو القرنین) لە (العرب البائدة) بووە، ئەوانەی کە لە باشووری دورگەی عەرەبیدا نیشتە جێ بووبوون.

بەڕاستی خوای گەورە دیمەنی بینینی (ذو القرنین)ی بۆ بینینی خۆر وێنا کێشاوە، کە بریتییە لەوەی لە گۆماوێکی قوڕاودا ئاوا دەبێت، وەك ئەوەی ئەم دیمەنە بۆ یەکەم جار ببینێت، کە ببێتە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە ئەو لە دانیشتوانی ئەو ناوچانە نەبووە کە خۆری لێوە ئاوا دەبێت.

کاتێك چووە بۆ دەوڵەتانی لای هەڵهاتنی خۆر، خوای گەورە بینینەکەی وێنا کێشاوە بۆ ئەو قەومەی کە خوای گەورە پەناگەیەکی بۆ دانەنا بوون بیانپارێزێت لە تیشکی خۆر، هەر وەك ئەوەی بۆ یەکەم جار بێت ئەم دیمەنە ببینێت، کە ئەوەیش دەبێتە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە زانستی

نەبووە بە حاڵی ئەو وڵاتانەو سروشتی جوگرافییانو خوو نەریتی ئەهلەکەی، لەبەر ئەوە خوای گەورە لە دوای ئەوە فەرمویەتی: ﴿وَقَدْ أَحَطْنَا بِمَا لَدَيْهِ خُبْرًا ﴿٩١﴾﴾ الكهف.

واتە: بە سەردان کرنی بۆ ئەم ناوچانە شارەزایی‌و زانیاری زیادی کرد لەسەر ئەوەی کە پێشتر هەیبوو، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە لە دانیشتوانی لای هەڵهاتنی خۆر نەبووە.

کاتێك ڕووی کردە باکوور قەومێکی بینی لە زمانی تێ نەدەگەیشتن، ئینجا پەنایان بۆ برد لە دەست (يأجوج ومأجوج)، ئەمەیش بەڵگە دەدات لەسەر ئەوەی کە لە ئەهلی باکوور نەبووە، لەبەر ئەوە قورس‌و گرانە لەسەر ئەوو ئەوان لە تێگەیشتنی ئەوەی کە دەیڵێت، یان ئەوەی کە ئەوان دەیڵێن، زمانی تێگەیشتن بە تەواوی لە نێوانیاندا قورسە.

ئەمەی پێشەوە دەبێتە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە بێگومان (ذو القرنين) لە ئەهلی باکوور نەبووە، یان ئەهلی ڕۆژئاوای ئەوروپا یان باکووری ئەفریقا (دەوڵەتانی لای ئاوابوونی خۆر)، یان ئەهلی لای هەڵهاتنی خۆر (دەوڵەتانی ڕۆژهەڵات‌و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا) ئەی دەبێت ئەهلی کوێ بێت؟

لەو سەردەمەدا هەردوو ئەمریکاکان ئاوەدان نەبوون بە دانیشتوان هەروەها ئوستراليا. هەرێمە نەزانراوەکانی ئەفریقا دوزرایەوە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا.[٨٠]

---

[٨٠] – ذو القرنين – عبد الرحمن يوسف العبد: ص/ ٤٠ (دار البشير – القاهرة).

جیهانی کۆن ئیمپراتۆریەتە گەورەکانی تیا نەبووە کە سەرکردە یان کەسانی گەورەی تیا دەرچووبێت کە جەنگی ڕۆژهەڵات یان ڕۆژئاوا یان باکوور یان هەموو جیهانی کردبێت، بێجگە لەو ئیمپاتۆریەتانەی کە کەوتبوونە باکووری ئەفریقیاو باشووری ڕۆژئاوای ئاسیاو ڕۆژهەڵاتو باکووری ئاسیاو باشووری ئەورووپاو ناوچەی ئاسیای بچوک.

ناوچەی ئاسیای بچوکو ڕۆژئاوای ئاسیاو باشووری ڕۆژئاوای ئاسیا شوێنی هاتنی پێغەمبەرانو دابەزینی پەیامەکانن، بە دیای کردن لە (فلسطین)و نیمچە دورگەی عەرەبی.

بەڵام ناوچەکانی باکووری ئەفریقاو ڕۆژهەڵاتو باکووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاو باشووریو ناوچەی ئەورووپا بە هەمویەوە، زۆرینەیان نەتەوەی بت پەرستو کافر بوون.

پێشتر وتمان کە (ذو القرنین) لە ئەهلی لای هەڵهاتنی خۆرو لای ئاوابوونی خۆرو ئەهلی باکوور نەبوو، هیچ شوێنێك نامێنێتەوە بێجگە لەوەی کە ئەهلی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا بێت، خەڵکی ئەو شوێنەیش بت پەرست بوونو ئەسکەندەری گەورەیش لەوان بووە، یان ئەوەتا دەبێت لە باشووری ئەفریقیا بووبێت، ئەمەیش نەدۆزراوەتەوە تەنها لە سەردەمی نوێدا نەبێت، وەك ئەوەی هەر کەسێکی تیا ژیابێت لە ڕابردوودا، ئەوا گەلانێکی سەرەتایی بوونو کەسی گەورەو ناودار یان سەرکردە یان ئیمپراتۆریەتی تیا دەرنەچووە کە جەنگی هەموو جیهانی کردبێت یان شوێنەواری تیا جێ هێشتبێت، ئیمپاتۆریەتی تیا دەرنەچووە کە

شارستانییەتی هەبوبێتو شوێنەواری لە مێژوودا جێ هێشتبێت.

لەبەر ئەوە هیچ نامێنێتەوە مەگەر ئەوەی لە باشووری ڕۆژئاوای ئاسیا بووبێت، کە بریتییە لە نیوە دوورگەی عەرەبی، کە یەمەنیش دەکەوێتە ناوی، ئەوان (العرب البائدة) یان (عمالقة) یان (هکسوس)ن، کە جەنگی هەموو جیهانیان کردووە، ئەوان یەکەم شارستانییەت بوون کە شوێنەواریان بووە لە ڕۆژهەڵاتو لە ڕۆژئاواو شوێنی دابەزینی وەحی خوایی بووە، خاکی پەیامەکانو کتێبە ئاسمانییەکان بووە.

پێش ئەوانیش لەم خاکەدا (عادو ثمود) هەبوون، کە نوێنەرایەتی ئیمبراتۆریەتی گەورەیان دەکرد لە سەردەمی خۆیاندا.

ئەمەیش وەك زیادەیەك بۆ ئەوەی پێشوو ئاماژە دەکات –ئەگەر دڵنیای نەکاتەوە– بەڕاستی (ذو القرنین) لە ئەهلی دورگەی عەرەبییە، یان بە دیاری کردن لە ئەهلی یەمەنە، وەك ئەوەی کە هەندێك گێڕانەوە ئەمە دڵنیا دەکاتەوە.

بەڵام ناوی چییە یان نەسەبی کێیە، یان ئەو سەردەمەی کە تیایدا ژیاوە. ئەمەیش ناکەینە جێگەی بایەخی زۆرو لێکۆڵینەوە لەسەری لەم بابەتەدا، چونکە سودمان پێ ناگەیەنێت، لەم بەشەدا ئەوەندەمان بەسە.

بەشی پێنجەم

(ذو القرنین) چۆن بەربەستی (یأجوج ومأجوج)ی دروستکرد؟

پاش ئەوەی کە (ذو القرنین) بە وڵاتانی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتدا سوڕایەوە لە گەشتەکانیدا تا گەیشتە باکوور (وەک زۆربەی زانایانی تەفسیر ئەمەیان دڵنیا کردۆتەوە) پاشان گەیشتە لای دوو شاخەکەی کە وڵاتی (یأجوج ومأجوج) دەکەوێتە پشتییەوەو لەوێدا قەومێکی بینی لەوپەڕی شەڕانیو نەگبەتیدا بوون، بەهۆی ئەو هێرشانەی کە (یأجوج ومأجوج) دەیانکردە سەریان، لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر، داوایان لێکرد کە بەربەستێکیان لەنێوان دوو شاخەکەدا بۆ دروست بکات، تا قەدەغەی هێرشی (یأجوج ومأجوج) یان لێ بکات.

پێشنیاریان بۆ کرد کە مااڵو سامانی بۆ کۆ بکەنەوە بەرامبەر ئەوە، ئەویش پێی وتن: ئەوەی کە پەروەردگارم داویەتی بە من چاکترە لە سامانو داراییەکەی ئێوە (واتە: ئەوەی خوای گەورە داویەتی بە من لە مااڵو سامانو دەستەاڵتو ناوبانگو هێزو زانست، بێ پێویستم دەکات لە

خەرجیو مالّی ئێوە)و داوای لێ کردن کە بە هێزو بازو یارمەتی بدەنو تا لە نێوان ئەوانو (یأجوج ومأجوج)دا بەربەستێکی بەهێزی رێگر دروست بکات.

(النیسابوري) لە کتێبی (قصص الانبیاء)دا دەڵێت:

وتیان: ئەو هێزە چییە؟

فەرمووی: کرێکارو کەسانی پیشەساز کە بینای چاك دروست بکەن لەگەڵ کارو ئامێر.

وتیان: ئەو ئامیرو پێداویستیانە چین؟

فەرمووی: پارچە ئاسنم بۆ بهێنن لەگەڵ مس.

وتیان: ئاسنو مسمان لە کوێ بوو بە ئەندازەی بەشی ئەو کارە؟

فەرمووی: رێگەی هەردوو کانزاکەتان نیشان دەدەم.

وتیان: بە چ هێزێك ئاسنو مس دەبڕڕێت؟

کانزایەکی بۆ دەرهێنان کە پێی دەوترێت (الساهون) کە بەهێزترینە خوای گەورە لە زەویدا دروستی کردووەو سپییە، بریتی بوو لەو شتەی کە (سلیمان)(علیه السلام) پایەکانی (بیت المقدس)و بەردی گەورەو ئامرازەکانی ڕازاندنەوەی پێ دەبڕی.

پاشان نێوانی هەردوو چیاکەی پێوانە کرد، پاشان ئاگری داگیرساند بۆ ئەو ئاسنو مسەی کە کۆ کرابوویەوە، پاشان لەوە پارچەی دروستکرد، وەك بەردی گەورە، پاشان مسەکەی تواندەوە، وەك قوڕی لێهات واتە: توایەوە بۆ سواخدان بۆ ئەو پارچانەی کە لە ئاسن دروستکرا بوون.

نێوانی هەردوو چیاکە (١٠٠) سەد فەرسەخ بوو، دوو بناغەی بۆ هەڵکەند تا گەیشتە ئاو، دواتر پانییەکەی کرد بە (٥٠) پەنجا فەرسەخ، پاشان دارو تەختەی دانا لەنێوان دوو شاخەکەدا پاشان ئاسنەکەی لەسەر داڕشت، پاشان دارو تەختەی لەسەر ئاسنەکە داڕشت، بەم شێوەیە بەردەوام بوو تا نێوان هەردوو چیاکەی پڕ کردەوە، پاشان فەرمانی کرد بە داگیرساندنی ئاگر، بۆی ئامادەکرا.

فەرمووی: بە مووشەدەمە فووی پیا بکەن تا مسەکە بە سەریا دەتوێتەوەو دەچێتە نێوانیانەوە، ئاگرەکە تەختەو دارەکە دەسووتێنێتو مسەکەو ڕەنگی سووریو ڕەشی ئاسنو تۆزو ژەنگەکەی گۆڕانو بوون بە بەربەستێکی درێژو گەورەو بەهێز، (یأجوج ومأجوج) نەیانتوانی پیا سەربکەونو نەیانتوانی کونیشی تێ بکەن.

لەمەی پێشەوە ئەوەمان دەست دەکەوێت کە (ذو القرنین) لە باتی بەرد پارچە ئاسنی بەکارهێنا، لە باتی چیمەنتۆیش دارو تەختەو مسی تواوەی بەکارهێنا، چینێك ئاسنی دادەناو پاشان چینێك دارو مسی لەسەر دادەنا، پاشان ئاگری بەر دەدایە دارەکانو مسەکە دەستی دەکرد بە توانەوە، پاشان مسی تواوەی تری دەکرد بەسەردا، بۆشاییەکانی نێوان مسو ئاسنەکانی پێ پڕ دەکردەوە، ئینجا هەندێکی بە هەندێکیەوە دەنووسا، پاشان چینێکی تری لەم شێوەیە دادەناو ئاگری بۆ دەکردەوەو مسی تواوەی دەکرد بەسەرداو نێوانەکانی پڕ دەکردەوە، پاشان چین بە چین هەتا هەموو کارەکەی پێ تەواو بکات، تا لە کۆتاییدا ببێتە بەربەستێك لە

ئاسن كه هەندێكى نووساوه به مسه تواوەوەكەوه، ئەم چیرۆكەمان بەم شێوەیە هێناو گێڕایەوه بە پێی ئەوەی لە ڕابردوودا بووه لە شته غەریبەكان بۆ ئەوەی تەنها شێوەی بەربەستەكە لە زیهن نزیك بخەینەوه بێ ئەوەی خۆمان بدەینه دەست ڕاستی له هەموو ئەوەدا كه هاتووه.

لەو كەسانەی كە بەربەستەكەیان بینیوه ڕیوایەت كراوه كە لە ناوەڕاستیدا دەرگایەكی ئاسن هەیەو قوفڵێكی گەورەی لەسەرە.

(قتادة) وتویەتی: پیاوێك به پێغەمبەری ﷺ وت: (رأيت السد مثل البرد المحبر).[٨١]

واتە: (من بەربەستەكەم بینیوه وەك بەرگێكی خەت خەت وا بووه، خەتێكی سوورو خەتێكی ڕەش).

له ڕیوایەتی (إبن جریر)دا هاتووه دەڵێت: پیاوێك وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بەڕاستی من بەربەستەكەی (یأجوج ومأجوج)م بینیوه، ئەویش فەرمووی: بۆم باس بكە؟ ئەویش هەمان فەرموودەی پێشووی وت. پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموو: بەڕاستی بینیوته.

***

[٨١] – رواه البخاري.

شوێنی بەربەستەکەی (یأجوج ومأجوج) لەسەر نەخشەی جیهان

زانایان ڕاو بۆچوونی جیاوازیان هەیە لە دیاریکردنی شوێنی بەربەستەکەی (یأجوج ومأجوج) کە (ذو القرنین) دروستی کردووە، هەندێك لە مێژوونووسان دڵنیای دەکەنەوە کە (یأجوج ومأجوج) لە نزیکی هێڵی پانی (٩٠) نیشتەجێن لە بەشی باکوورو ئەو دوو شاخەیش بریتین لە شاخەکانی (أرمينية وأذربيجان)، بەربەستەکەی (ذي القرنين)یش بریتییە لە بەربەستی (باب الابواب)ی بەناوبانگ.[٨٢] بەڵام ئەم بەربەستە بە بەرد دروستکراوەو وەصفی بەربەستەکەی (ذو القرنين)ی بەسەردا جێبەجێ نابێت، هەر وەك چۆن دروستکاری ئەو بریتییە لە (کسری)ی (أنو شروان).

هەندێکی تر بۆچوونیان وا بووە کە دیواری گەورەی (صين)ە کە دەکەوێتە نێوان (صينو منغۆليا)وە، ئەوەیش دوورە لەبەر چەند هۆکارێك کە پێشتر باسمان کرد.

دەستەیەکی تر وتیان: بێگومان ئەوە بەربەستی (باب الحديد) دەرگا ئاسنەکەیە کە دەکەوێتە (بلخ) لە نزیك شاری (ترمذ) کە بەربەستێکە لە ئاسنو مسی تواوە دروستکراوە.

هەندێکی تر بۆچوونیان وا بووە کە بێگومان ئەو بەربەستەی گەرووی (داريال)ە لە ئەرمینیا، کە ئەوەیش بەربەستێکە تەنها لە ئاسن دروستکراوە.

---

[٨٢] – نقلا عن التفسير الوسيط – مجمع البحوث الاسلامية – تفسير سورة الكهف.

(الشيخ طنطاوي جوهري) لـه (تفسـير الجـواهر) لـه (بـهرگی نۆیـهم) لـه (تفسـير سـورة الكهـف)دا وتويـهتی: (..بهڕاسـتی ڕووسـهكان زانیویانـه كـه شاری (دربت) لای چیای (قوقـاف)،[٨٣] هـهر خـۆی بریتییـه لـه شـاری (بـاب الابواب)، له سهدهی ڕابردوودا دیوارێكی ڕێگری درێـژیان لـێ دۆزییـهوه لـه نزیكـی ئـهوێ، وهك هێلێكـی جیاكـهرهوه وا بـوو، كـه زۆرێـك لـه نوسـهران بهربهستی شاری (باب الابواب)یان لێ شێواوه بـه بهربهسـته بهناوبانگهكـه، تهنانهت (أبا الفداء) خۆی ڕزگاری نهبووه لهو تێكهوتنه، بـهڵام (الإدريسـي) شـوێنی هـهموویانی دیـاری كـردووه بـه ڕوونـیو لـه (المصـنفات) دانـراوه عهرهبییهكاندا گفتوگۆی لهسهر كـردووهو ڕوونـی كردۆتـهوه كـه پێویسـته بهربهسته بهناوبانگهكه كهوتبێته پشت (جیحون)هوه، لـه ناوچـهی (بلـخ)و ناوی (سد باب الحديد)ه له نزیك شاری (ترمذ)، كه (تيمور لنك) به سهربازو سوپاكهیهوه تێی پهڕاند.

مێژوو نووسهكهی كه (شرف الدين) بوو، بانگهشـهی كـرد كـه نـاوی ئـهو شوێنه: (خلوجة)یه، هـهروهها (شاه روح)یشی پیا ڕۆیشت، كه له خزمهتیـدا بوو له دهستهو پێوهندی خۆیشی ئهڵمانییهك كه ناوی (سیلد برجر) بوو، له كتێبهكهیدا باسی بهربهستهكهی كـردووه، ئـهوهیش لـه سـهرهتای سـهدهی پانزههمدا، هـهروهها (كلافیجو)ی ئیسپانیش باسی كردووه له گهشتهكهیدا لـه سـاڵی (١٤٠٣)ی میلادیـدا، كـه نوێنـهر بـوو لـه لایـهن پاشـا (كسـتیل-

---

[٨٣] – مهبهست چیای قهوقازه.

قشتالة)ەوە لە (أندلس) بۆ لای (تیمور لنك)و وتی:

(بێگومان بەربەستەکەی شاری (باب الحدید) لەسەر رێگایەکی بەیەك گەیشتووە لەنێوان (سمرقندو هند)دا، ئەمە کورتەیەك بوو لە (المقتطف)ی سالّی (١٨٨٨)ی میلادی، بەمەیش دەزانینو تێدەگەین کە بەربەستەکە بە کرداری بوونی هەیە).[٨٤]

قسەی (الشیخ طنطاوي جوهري) کۆتایی هات.

(أبو الکلام آزاد) وتویەتی: بێگومان بەربەستەکە دەکەوێتە گەروی چیای (قفقاز)ەوە، کە لە دەریای (الخزر)ەوە درێژ دەبێتەوە بۆ دەریای رەش، ئەوەیش دەکەوێتە نێوان شاری (تفلیس)و (ولادی کیوکز)ەوە، لەنێوان دوو شاخەکەدایەو لە ئاسن دروستکراوە.

هەروەها (یوسف)ی جولەکەی مێژوونووس باسی ئەم بەربەستەی کردووە لە باسی گەشتەکەیدا بۆ باکووری (قفقاز)، کە ئەوە بەربەستی (باب الابواب) نییە لە لێواری دەریای (الخزر)دا هەیە، چونکە مێژوو دروست کردنەکەی نیسبەت دەداتە پالّ (کسری أنوشروان)، ئەم (یوسف)ەیش پێش ئەو بووە (کە لە سەدەی یەکەمی میلادیدا ژیاوە)، هەر وەك ئەوەی کە بەربەستی (باب الابواب) بەهیچ شێوەیەك ئاسنی تیا بەکار نەهێنراوە.[٨٥]

بەڵام ئەم بەربەستە هاوڕێکە لەگەلّ ئەوەی کە (أبو الکلام آزاد) باسی

---

[٨٤] – یأجوج ومأجوج قادمون /هشام کمال عبدالحمید./ص/٦٣–٦٤.

[٨٥] – نقلا عن المیزان في تفسیر القرآن.

کردووه، که به هیچ شێوەیەک مسی تێدا بەکار نەهاتووه، بەڵکو تەنها ئاسنی تێدا بەکارهاتووه، بەمەیش پێچەوانە دەبێت لەگەڵ بەربەستەکەی (ذو القرنین)دا.

بینا لەسەر ئەمەی پێشەوە کە باسکرا، بەربەستێك نامێنێتەوە کە وەصفەکانی بەربەستی (ذو القرنین)ی بەسەردا جێبەجێ ببێت بێجگە لە بەربەستی (باب الحدید)، کە مەوجودە لە (بلخ) لە نزیك شاری (ترمذ) لە ولاتی (ترکستان)، کە ئەوە تەنها بەربەستە لە ئاسنو مسی تواوە دروستکرا بێت.

بێگومان (الواثق بالله)، (سلام الترجمان)ی نارد بۆ دیایکردنی ئەو بەربەستەو وەصف کردنی بۆی، ئەویش هەوالّی بۆ هێنایەوەو شوێنەکەی بۆ دیاریکرد.

لەمەودوا باسی ئەوە دێت کە (سلام الترجمان) گێڕاویەتییەوەو (النیسابوري) ئەم چیرۆکەی لە (قصص الانبیاء)دا باس کردووەو (یاقوت الحموي) لە کتێبی (معجم البلدان)ەکەیدا باسی کردووەو (إبن کثیر) لە (البدایة والنهایة)دا باسی کردووە، ئەوەی کە (النیسابوري ویاقوت الحموي) دەربارەی بەربەستی (یأجوج ومأجوج) وتویانە، بۆتان باس دەکەین:

لە بەناوبانگترین هەوالّەکان وتەی (سلام الترجمان)ە کە وتویەتی:

(بەڕاستی (الواثق بالله) پێشەوای باوەڕداران، لە خەونیدا بینی ئەو بەربەستەی کە (ذو القرنین) دروستی کردووە لەنێوان ئێمەو (یأجوج ومأجوج)دا، کونێکی تێ بووەو کراوەتەوە، ئەوە زۆر ترساندی، منی ئامادە

کردو فەرمانی پێ کردم بە چوون بۆ لای بەربەستەکەو تێڕوانین لێی‌و هێنانەوەی هەواڵ بۆی‌و پەنجا پیاوی نارد بە دەورمداو پێم گەیشتن بە پێنج هەزار دینارەوەو خوێنبایی خۆیشم دە هەزار درهەم‌و دوو سەد هێستر کە خۆراك‌و ئاویان هەڵگرتبوو دای پێم.

وتی: لە (سُر من رأی)[٨٦] بە نامەیەکی ئەوەوە دەرچووین بۆ لای (إسحاق بن إسماعیل) خاوەنی (أرمینیة) کە لە (تفلیس)[٨٧] بوو، تیایدا فەرمان کرا بە گەیاندنمان‌و جێبەجێ کردنی پێداویستییەکانمان‌و نامە نووسینی پاشاکان بۆ یەکتری کە لەسەر ڕێگەکەماندان بە کار ئاسان کردن بۆمان.

کاتێك پێمان گەیشت پێداویستییەکانی بۆ جێبەجێ کردین‌و نامەی نووسی بۆ خاوەنی (السریر)[٨٨] و خاوەنی (السریر)یش نامەی نووسی بۆ پاشا (اللان)[٨٩] و پاشا (اللان)یش نامەی نووسی بۆ (فیلانشاه)و ئەویش نامەی بۆ نووسین بۆ لای پاشای (الخزر)، ئەویش پێنج چاوساغی لەگەڵ ئاراستە کردین، ئینجا بۆ ماوەی بیست‌و شەش ڕۆژ ڕۆیشتین، گەیشتینە خاکێکی ڕەشی بۆگەن، سرکەمان لەگەڵ خۆمان هەڵگرتبوو، تا بە ئاماژە لە چاوساغەکانەوە بۆنی بکەین، ئینجا بۆ ماوەی دە ڕۆژ ڕۆیشتین (لە گێڕانەوەی (النیسابوري)دا بیست‌و نۆ ڕۆژە).

---

[٨٦] – یُقال لها مدینة سُراء وتقع بالعراق ، وهي مدینة سامراء حالیاً.

[٨٧] – تەبلیسی ئێستا.

[٨٨] – مملکة بین اللان و باب الابواب.

[٨٩] – بلاد واسعة طرف أرمینیة بالقرب من باب الابواب مجاورة للخزر.

ئینجا شۆڕ بووینەوە بۆ شارە خراپو وێران بووەکان، ئینجا بیستو حەوت ڕۆژ ڕۆیشتین (لە گێڕانەوەی (النیسابوري)دا بیست ڕۆژ) پرسیارمان کرد لە چاو ساغەکان دەربارەی خراپ بوونی ئەو شارانە، وتیان: (یأجوج ومأجوج) هێرشیان کردۆتە سەریو وێرانیان کردووە.

پاشان شۆڕ بووینەوە بۆ قەڵایەك، لە نزیکی ئەو چیایەی کە بەربەستەکە لە بەشێکیدا بوو، ئینجا گەیشتینە قەڵایەکی تر کە قەومێکی تیابوو بە عەرەبیو بە فارسی قسەیان دەکردو موسوڵمان بوونو قورئانیان دەخوێندو مزگەوتو قوتابخانەی بچووکیان هەبوو، پرسیاریان لێ کردین: لە کوێوە هاتوونو کوێتان دەوێت؟

ئێمەیش هەوالّمان پێدان کە نوێنەری پێشەوای باوەردارانین، ئینجا هاتنو سەریان سوڕما لە قسەکەمانو وتیان: پێشەوای باوەڕداران؟ ئایا پیرە یان گەنجەو لە کوێیە؟

وتمان: عێراق، لە شارێکە پێی دەوترێت: (سُر من رأى).

وتیان: ئەمەمان نەبیستووە.

ئینجا هاتن لەگەڵمان بۆ چیایەکی سافو لووس هیچ ڕوەکێکی لێ نەبوو، بە شیوێك دابڕا بوو کە پانییەکەی (١٥٠ذراع)[٩٠] بوو، دوو لایەنی جێگیر هەبوو کە شتی لەسەر بوو، دروستکرا بوو، لە دوای ئەوەیش لە هەردوو تەنیشتی شیوەکەوە شاخەکە دێت، پانی هەر لایەنێکی جێگیر

---

[٩٠] – الذراع =٦٤ سم.

(٢٥ذراع) بوو، ژێرەکەیشی لە دەرەوەی دەرگاکە (١٠ذراع) بوو، هەمووی بە خشتی ئاسن دروستکرا بوو کە لەناو مسدا ونکرا بوو، بە ئەستوری (٥٠ذراع)، مێخو پوازی ئاسن بە هەردوو لای لایەنە جێگیرەکەوە بوو کە درێژییەکەی (١٢٠ذراع) بوو، کە سەرکەوتبوو بۆ سەر لایەنە جێگیرەکان، کە بەرزی هەر یەکەیان بە ئەندازەی (١٠ذراع) بوو، لە پانی (٥ذراع)داو لە سەرو (مێخ)ەکەوە بینا کرابوو بە خشتە ئاسنو مسەکان بۆ سەرەوەی شاخەکەو بەرزییەکەیشی ئەوەندە بوو کە چاو بڕ بکات، لە سەرو ئەوەیشەوە (شرف)[٩١]ی ئاسن هەبوو، لە هەر لایەکییەوە دوو شاخ هەبوو کە هەر یەکێکیان بۆ لای ئەوی تریان دەنوشتایەوە، دەرگایەکی ئاسنی دوو تاکی داخراوی هەبوو، پانی هەر تاکە دەرگایەك (٦٠ذراع) بووە بە بەرزی (٧٠ذراع)و بە ئەستوری (٥ذراع)و هەردوو لا تەنیشتەکانیشی لە شوێنێکدا بوو بسوڕێت کە بە ئەندازەی (مێخ)ەکان بوو.

لەسەر دەرگاکەیش قوفڵێك هەبوو درێژییەکەی (٥ذراع)و ئەستوریەکەی (١ذراع) بووە، بەرزی قوفڵەکەیش لە زەوییەوە (٢٥ذراع) بوو، لە سەروی قوفڵەکەیشەوە (٥ذراع) بوو، داخرابوو کە درێژییەکەی لە درێژی قوفڵەکە زیاتر بوو، لەسەر داخراوەکەیش کلیلێکی هەڵواسترابو هەبوو، کە درێژییەکەی (٧ذراع) بوو، (لە ڕیوایەتی نیسابوریدا، درێژییەکەی (١ذراع) بووە). چواردە (دندانکة) دانی هەبوو کە گەورەتر بوون لە (دستج

---

[٩١] – شرف: ئەوەی کە لە سەرەوەی بینادا دادەنرێت تا بیناکەی پێ بڕازێتەوەو جوان بێت وەك ستارە یان قولە یان نەخشی پێشەوە.

الهاون) واته (دەسکەوان)، هەڵواسترا بوو بە زنجیرێکدا کە درێژییەکەی (٨ذراع) بوو، لەگەڵ ئەڵقەیەکدا کە چوار بست بوو، ئەو ئەڵقەیەش کە زنجیرەکەی تیا بوو، وەك ئەڵقەی مەنجەنیق وابوو، بەرزی سەر دەرگاکەیش (١٠ذراع) بوو، بە فراوانی (١٠٠ذراع)، بێجگە لەوەی کە لەژێر دوو لایەنە جێگیرەکەدا بوو، بە ئاشکرا وا دەردەکەوێت (٥ذراع) بووبێت.

سەرۆکی ئەو شورایەش هەموو پۆژێکی هەینی لەگەڵ دە سوارەدا سەر دەکەوت، هەر یەکەیان چەکوشێکی ئاسنی پێبوو، کێشی هەر یەکەیان پەنجا لە ئێمە دەبوو، بە چەکوشەکان دەیاندا بە قوفڵەکەدا هەموو پۆژێك سێ پیاکێشان، تا ئەوەی لە پشت دەرگاکەوەیە دەنگەکەی ببیستێت، تا بەڕاستی بزانن کە پارێزەرێك هەیە، ئەوانە بزانن کە ئەو کەسانە هیچیان نەکردووە لە دەرگاکە، کاتێك کە پیایاندا کێشا، گوێی لێ بگرن، ئینجا لە ناوەوە دەنگەکەی دەبیستن.

لە نزیکی ئەم چیایەش قەڵایەکی گەورە هەیە، گەورەییەکەی (١٠فرسخ)ە، بە پۆیشتنی (١٠٠فرسخ) چونکە دە بە دەیە، لەگەڵ دەرگاکەیشدا دوو شورا هەیە، درێژی هەر یەکەیان دووسەد بە دووسەد (ذراع)ە، لەسەر دەرگای ئەم دوو شورایەش دوو بەردی گەورە هەیە، لەنێوان هەردوو شوراکەیشدا سەرچاوەیەکی ئاوی سازگار هەیە، لە یەکێك لە شوراکانیشدا ئامێری دروستکردنی بەربەستەکە هەیە، لە مەنجەڵی ئاسنو خەزانی ئاوی لە ئاسن دروستکراوو خشتی ئاسن کە هەندێکیان بە هەندێکیانەوە نووسابوونو ژەنگیان گرتبوو، هەر خشتێك (ذراع)و نیوێك درێژو پانییەکەیشی بستێك بوو.

پرسیارمان کرد ئایا لـه پشت ئەمـەوه هـیچ یـەکێك لـه (یـأجوج ومـأجوج) هەیـه؟ ئینجـا بیریـان کەوتـەوه کـه چـەند دانەیـەکیان لـەوان بینیـوه لەسـەر (شرف)ەکه، ئینجا ڕەشه بایەك هـەڵی کردبـوو، خستبوونییه تەنیشتیانەوه، که ئەندازەی پیاوێك لەوان لـه بینینـدا بسـتو نیوێـك دەبـوو (ئـەوان زۆر جـار مەبەستیان بووه بیبینن، له کاتێکدا که لەسەر (شرف)ەکه بوون).

وتی: کاتێك جێمان هێشتن، چاوساغەکان دەستیان گرتین بـەرەو ناوچـەی (خراسـان)، لامانـدا لێـی کەوتینـه نزیکـی (سمرقنـد) بـه دووری (۷فرسـخ)، خاوەنی شووراکه خواردنی پێ دابووین.

پاشان چووین بۆ لای (عبدالله بن طاهر) به سەد هەزار درهەمـەوه گەیشت پێمانو هەموو پیاوێکیش که لەگەڵ منداا بوو به پێنج سەد درهەم گەیشتو بۆ هەر سوارەیەکیش پێنج درهەمی بڕیەوەو بۆ هـەر پیـاوێکیش سـێ درهـەم بـۆ هەر ڕۆژێك، تا شۆڕ بووینەوه بۆ (الري)[۹۲] و گەڕاینەوه بۆ (سُر من رأى) ماوەی دەرچوونمان له (سُر من رأى) تا گەڕانەوەمان بـۆی هـەژده مـانگی پـێ چـوو، (له ڕیوایەتی (النیسابوري)دا بیستو هەشت مـانگ)، ..گێڕانەوەکـەی (سـلام الترجمان) کۆتایی پێهات.

ئەمه گێڕانەوەی بینەری بەربەستەکه بوو، بۆ دیـاری کردنـی بەربەسـتەکه لەسەر نەخشەی جیهان پێویستمان به زانینی ڕێگەی چوونو ڕێگەی گەڕانەوه هەیه، که (سـلام الترجمـان)و هاوڕێکـانی گرتبوویانـه بـەر، یـان بـه مانایـەکی وردتر، زانینی نەخشەی ڕۆیشتنەکەی له ماوەی گەشتەکەیدا.

---

[۹۲] – شارێکه نێستە دەکەوێتە ناو ئێرانەوه له نێوان دەریای قەزوینو أصفهاندا.

لەم باسەی پێشەوە ئەمە بەرهەم دێت:

کاتێك (سلام الترجمان) چوو بۆ لای بەربەستەکەی (یأجوج ومأجوج)، لە (سُر من رأی)ی عێراق دەرچوو پاشان چوو بۆ (أرمینیة)، کە دەکەوێتە باکووری عێراقەوە، پاشان چوو بۆ (السریر) پاشان بۆ (اللان) ئەوانیش دوو مەملەکەتن دەکەونە باکووری ڕۆژهەڵاتی (أرمینیا)، پاشان چووبە (بلاد الخزر)، کە دەکەوێتە نێوان دەریای (الخزر–دەریای قەزوینی ئێستا–)و دەریای ڕەش لە باکووری تورکیا، کە ئێستا دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای یەکێتی سۆڤێتییەوە، پاشان لەم خاکانەدا بۆ ماوەی (٦٣) ڕۆژ ڕۆیشت، بەپێی گێڕانەوەی (یاقوت الحموي) (٢٦ڕۆژ + ١٠ڕۆژ + ٢٧ڕۆژ) پاشان چەند ڕۆژێکی تر ڕۆیشت کە ماوەکەی دیاری نەکراوە.

لە گێڕانەوەی (النیسابوري)دا (٧٤) ڕۆژ بوو (٢٥ +٢٩ + ٢٠ڕۆژ)، (سلام الترجمان) ئاراستەی ڕۆیشتنەکەی لە ماوەی ئەم چەند ڕۆژەدا دیاری نەکردبوو پاش تێپەڕینی لە خاکی (الخزر). ئیتر ئایا بەرەو باشوور بووبێت یان ڕۆژهەڵات یان باکوور؟

گومانی تێدا نییە کە ئەو لەم ماوەیەدا ئەندازەیەکی بڕیوە کەمتر نەبووە لە (٧٠٠کم) لە وڵاتی (الخزر)، ئەگەر وامان دانا کە خۆیو هاوڕێکانی بە هێسترەکانیان هەر ڕۆژەی نزیکەی (٢٥کم)یان بڕیوە، ئەوا لە ماوەی (٦٠) ڕۆژدا (١٥٠٠کم) دەبڕێت، ئەمە لەسەر کەمترین تەقدیر، بەڵام تێڕوانینی تیایە بۆ ئەوەی کە ئەوان ڕۆیشتوونو ئیسراحەتیشیان کردووە، بەناو ئەو شارانەیشدا سوڕاونەتەوە کە پیایدا تێپەڕیون، پرسیاریان کردووە لە حاڵی

کەسی ناو شارەکە، خەڵکی ئەوێش پرسیاریان لە نیشتمانی ئەوان کردووە، وامان دانا کە ماوەیەك ڕۆیشتوون لە (٧٠٠کم) کەمتر نەبووە.

ئایا ئەوە زانینی ئەو ئاراستەیە بووە کە لێوەی ڕۆیشتوون؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستە دەکات دیاری بکرێت ئەگەر ڕێگاکەمان زانی کە ئەو لەکاتی گەڕانەوەیدا گرتبوویە بەر لە شوێنی بەربەستەکەوە بۆ عێراق.

(سلام الترجمان) پاش گەیشتنی بە بەربەستەکەو دیاری کردنی وتی: بەڕاستی چاوساغەکان بردینیان بۆ ناوچەی (خراسان) بە دووری (٧فرسخ)[٩٣] واتە (٣٣،٦کم) لە (سمرقند)ەوە، کە دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی دەریای (الخزر)و باکووری شاری (ترمذ)و (باب الحدید)و (بلخ)، پاشان لەوێوە ڕوویان کردە (الرّي)، کە ئێستا دەکەوێتە ئێرانەوە، پاشان لەوێوە ڕوویان کردە (سُر من رأی) لەناو عێراق.

ئەمەیش واتە ئەو خاڵەی کە لێیەوە دەستیان پێکرد بۆ گەڕانەوە بوو کە بەربەستەکە دەکەوێتە لایەوە، لە نزیکی (سمرقند)و (خراسان) لەم ناوچەیەدا بێجگە لە بەربەستی (باب الحدید) بەربەستێکی تر نییە، کە دەکەوێتە نێوان (سمرقند)و (ترمذ)ەوە، ئەم دوو شارەیش کەوتوونەتە باشووری یەکێتی سۆڤێتی جارانەوە، لە ولاّتی (الترك)دا، کە سەر بە یەکێتی سۆڤێتی بوو، پاشان سەربەخۆ بوو، (ترکمانستانو أوزباکستانو

---

[٩٣] – ١فەرسخ =٣ میل، و ١میل =١،٦کم. واتە (١فرسخ =٤،٨کم).

تداجکستانو کازاخستان)ن.

ئەمەی لە پێشەوە باسکرا بەڵگە دەدات لەسەر ئەوەی کە (سلام الترجمان)و هاوڕێکانی پاش ئەوەی کە گەیشتنە وڵاتی (الخزر) ڕوویان کردە باشووری ڕۆژهەڵاتی دەریای قەزوین.

ئەمەیش دڵنیای دەکاتەوە کە بێگوومان ئەو بەربەستەی بینیویانە (باب الحدید) بووە، کە لە ئاسنو مس دروستکراوە، دەکەوێتە نێوان (سمرقند)و (ترمذ)ەوە، ئەوەیە کە زۆرێك لە ڕاڤەکارانی قورئانو مێژوونووسان دڵنیایان کردۆتەوە کە بەربەستەکەی (ذو القرنین)ە.

هەروەها ئەمەیش دڵنیای دەکاتەوە کە بەربەستەکەی (ذو القرنین) بەربەستی (باب الأبواب) نییە، کە دەکەوێتە (أرمینیا)وە، یان ئەو بەربەستەی کە دەکەوێتە نێوان شاری (تفلیس)و (ولادی کیوکز)ەوە، ئەوەیش کە (أبو الکلام آزاد) باسی کردووە، کە بریتییە لە بەربەستی گەروی (داریال).

***

بەشی شەشەم

(يأجوج ومأجوج) لە قورئاندا

ئەم دروستکراوەی خوای گەورە دوو جار لە قورئاندا باسکراوە، جارێك لە سوورەتی (الكهف)دا لە باسی چیرۆکی (ذو القرنين)دا، وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ قَالُوا۟ يَٰذَا ٱلْقَرْنَيْنِ إِنَّ يَأْجُوجَ وَمَأْجُوجَ مُفْسِدُونَ فِى ٱلْأَرْضِ فَهَلْ نَجْعَلُ لَكَ خَرْجًا عَلَىٰٓ أَن تَجْعَلَ بَيْنَنَا وَبَيْنَهُمْ سَدًّا ﴿٩٤﴾ ﴾ الكهف.

هەروەها جارێکیش لە سوورەتی (الأنبياء)دا، وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا فُتِحَتْ يَأْجُوجُ وَمَأْجُوجُ وَهُم مِّن كُلِّ حَدَبٍ يَنسِلُونَ ﴿٩٦﴾ وَٱقْتَرَبَ ٱلْوَعْدُ ٱلْحَقُّ فَإِذَا هِىَ شَٰخِصَةٌ أَبْصَٰرُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ يَٰوَيْلَنَا قَدْ كُنَّا فِى غَفْلَةٍ مِّنْ هَٰذَا بَلْ كُنَّا ظَٰلِمِينَ ﴿٩٧﴾ ﴾ الأنبياء.

واتە: (هەتا ئەو کاتەی کە بەربەستەکەی (ذو القرنين) لە بەردەم (يأجوج ومأجوج)دا دەکرێتەوە، (کە ئەمەیش نیشانەیەکە لە نیشانەکانی رۆژی قیامەت)و ئەوانیش لە هەموو کوێو کەلەبەرێکەوە بە شێوەیەکی زۆرو بێ شومار پەیدا دەبن‌و دێنە دەرەوە، ئیتر بەڵێنی ڕاستو حەقی خوا نزیك دەبێتەوەو سزاو لێپرسینەوەی خوایی دەست پێدەکات).

ئەم ئایەتە هەوالّی کردنەوەی ڕێگە بۆ (یأجوج ومأجوج) دەگەیەنێت، (الدكتور صلاح عبدالفتاح الخالدي) لە کتێبەکەیدا: (مع قصص السابقين فى القرآن)دا دەڵێت: هەندێك لە زانایان ئەو کرانەوەی بەربەستە بە کرانەوەی ڕێگەیەك بە شێوازێکی ماددیو واقیعیو کرداری دادەنێن، کە گوایە (یأجوج ومأجوج) بەربەستەکەی (ذو القرنين) دەبەزێننو لێوەی دەردەچن، ئەو زانایانە دان بەمەدا دەنێن کە ئەمە تەنها لەکاتی پێش هاتنی قیامەتدا دەبێت، بەربەستەکەیش تا ئەمڕۆ هەیە، بەڵام ئێمە لێرەدا بۆچونمان وایە کە ئەم ڕێگا کرانەوەیە بۆ (یأجوج ومأجوج) کرانەوەیەکی مەعنەوییە، نەك ماددیو بەرچاو، کەوا بەربەستەکە بە کرداری ببەزێنرێتو کونی تێ بکرێت.. واتە کاتێك خوا ڕێگەی دەرچونیان لە شوێنی خۆیانەوە پێ دەداتو کە ئەوانیش دێنو هەموو سەر زەویو ولاتەکان داگیر دەکەن، ئەوە بە دەرچوونە دیارو گەورەکەیان لە پێشهاتنی قیامەتدا دێن (خوا زانا تره).

هەر ئەو ئایەتە ئاماژەی بۆ هێزی دەرچوونیانو زلهێزیو گەورەیی سوپاو ژمارەیانو شالاوی توندو تیژیان کردووە: ﴿وَهُم مِّن كُلِّ حَدَبٍ يَنسِلُونَ ﴿٩٦﴾﴾ الأنبياء. وشەی (حدب) بە هەر بەرزاییەك دەوترێت کە لەسەر ڕووی زەوییە. وەك: گردو تەپۆلکەو چیای بەرز.. هتد.

وشەی ﴿يَنسِلُونَ﴾یش واتە: لە ڕۆیشتندا زۆر خێراو بەپەلە دەڕۆنو بە دوای یەکتردا دێنو نزیك دەبنەوە، ژمارەیشیان هێندە زۆرە کە ڕووی ئەو

خاکه داگیر دەکەن‌و دادەپۆشن، فەرمودە پاستەکانیش ئاماژەیان بۆ زۆری ئەو گەلەو تونـدو تیـژی‌و هێـزی داگیرکـاری‌و تـرس‌و بیمـی دەرچـوونیان کردووە، بێگومان ئەو دەرچـوونە گـەورەو تونـدو تیـژو مـاڵ کاولکارەیـان، دوایین دەرچوون‌و شـاڵاویانەو لـەپێش هـاتنی ڕۆژی قیامەتدایـە، هـەر وەك خـوا لـەدوای ئەمـە لـە ئایەتەکـەدا هەواڵەکـەی گەیانـدووە، فەرمویـەتی: ﴿وَٱقْتَرَبَ ٱلْوَعْـدُ ٱلْحَقُّ﴾ الأنبيـاء. ئـەم وەعـدو بەڵێنـە حەقـەیش هـاتنی ڕۆژی قیامەتە، واتە قیامەت بە دەرچوونی ئەمان نزیك بۆتـەوەو ماوەیـەکی کەم دوای دەرچـوونیان قیامـەت دێت، (وەك لـە فـەرموودە ڕاستەکانیشـدا هەواڵی لەسەر دراوە).

***

ڕەگو ڕیشەی هەردوو وشەی (یأجوج)و (مأجوج)

زانایانی زمانەوانی بیرو ڕای جیاوازیان دەربارەی وشەکانی (یأجوج)و (مأجوج) هەیە، کە ئایا وەرگیراوی (مصدر) چاوگێکن یان ناوی بیانین (واتە غەیری عەرەبین)؟! کۆمەڵێك لە زانایان ڕاو بۆچونیان وایە کە ناوەکان داڕێژراون، (إبن المنظور) لە (لسان العرب)دا بۆچونەکانیانی هێناوە.

وتویەتی: وشەی (یأجوج) وەك وشە عەرەبییەکانی تر داڕێژراوە وەك (أجت النار)و (الماء الأجاج) واتە (پەرەسەندنی ئاگرەکەو ئاوێکی سوێر) کە لەمانە وەرگیراوە، کە سوێری ئاوەکە لە ڕادەیەکی وا تونددایە، خەریکە شت بسوتێنێت، وشەی (یأجوج)یش لەسەر کێشی (یفعول)ەو وشەی (مأجوج)یش لەسەر کێشی (مفعول)ە، وەك ئەوەی لە تین سەندنی کڵپەی ئاگرەوە بێت، دەشێت کە هەردوو وشەکە (فاعل) بکەر بن، ئەمە ئەگەر هەردوو ناوەکە عەرەبی بن، ئەوا داڕشتنو وردکردنەوەیان وا دەبێت، ئەگەر ناوی بیانیو غەیرە عەرەبی بن، ئەوا لە زمانی عەرەبی داناڕێژرێنو ڕەگو ڕیشەی زمانەوانیان بۆ دانانرێت[٩٤].

هەروەها (الراغب الأصفهاني)یش دەربارەی وشەی (أج) وتویەتی: بۆ نمونە (ملح الأجاج) واتە (خوێ)یەك کە زۆر سوێرو گەرم بێت، ئەمەیش وەك لە وتەی عەرەبیدا هاتووە: (أجيج النار، وأجتها، وقد أجت،و أئتج النهار) کە هەمویان مانای پەرەسەندنو تینی ئاگرو گەرما دەگەیەنن،

---

[٩٤] -لسان العرب لأبن المنظور ٢٠٧/٢.

وشەی (یأجوج ومأجوج)یش لەوانەو شوبهێنراوە بە (ئاگری هەڵگیرساوو پەرەسەندوو)و (ئاوی شەپۆل تونـد) بەهۆی جـمو جـوڵی زۆرو لاساریيانەوە[٩٥].

دەستەیەکی تر وای بۆچوون کە ئەم دوو وشەیە داڕێژراوی عەرەبی نین، بەڵکو دوو وشەی بیانیو غەیری عەربینو لە زمانی عەرەبیشدا (ممنوع من الصرف)ن، چونکە لە ناوی (علم)و شتە بیانییەکاندان، هەر ئەمەیش بۆچونی ڕاستترو پەسەندترە، چونکە ئەو دوو هۆزە لەپێش گەلی عەرەبو لەپێش دانانی ڕێزمانی عەرەبییەوە هەبوونو بۆ ئێمە گونجاوو شیاو نییە کە خۆمان (شپرزە) بکەین لە زمانەوانیدا، بە جۆرێك ناوە کۆنو دێرینەکان بخەینە پێش عەرەبییەوە، ئەوە لە زمانەکەماندا داڕێژراوە کە لە دوای ئەوانە هاتووە.

ئەم ناوانە (إبلیس، آدم، حواء، موسی، هارون، التوراة، الأنجیل)، هەروەها (یأجوج ومأجوج)یش، لەم ناوانەن، پێش ناوە عەرەبییەکان هاتوون، -خوا زاناترە-.

مامۆستا (أبو الکلام آزاد)یش ئاماژەی بۆ ئەو بۆچوونە کردووە، کە بێگومان ئەو دوو وشەیە بیانیو غەیرە عەرەبین، لەم ڕووەوە وتوویەتی: (هەردوو وشەی (یأجوج ومأجوج) وا دەردەکەون کە (عبري) بن، بەڵام لە ڕەگو ڕیشەیانەوە (عبري) نین، بەڵکو دوو وشەی بیانی (أعجمي)ن،

---

[٩٥] - المفردات ص/١٠.

شێوەو فۆرمی زمانی (عبري)یان پێوە دیارە، چونکە لەو شێوازەوە نزیکن.. بەڵام بە یۆنانی بە دوو وشەی (غاغ :Gag)و (ماغاغ :Magag) دەردەبڕێن، لە وەرگێڕاوی حەفتاهەمینی تەوراتیشدا بەم شێوازە باس کراوە، لە سەرجەمی زمانە ئەوروپاییەکانیشدا بە هەمان شێوە دەربڕراوە.[٩٦]

(مەنغۆلیا) نیشتمانی (یأجوج ومأجوج)ە

زانایان پاو بۆچونی جیاوازیان هەیە لەسەر شوێنی نیشتەجێو بنەڕەتیانو ئەو هەرێمەی کە یەکەم شوێنی نیشتەجێ بوونیان بووە.

زانا لێکۆڵەرەکان پای پەسەندی خۆیانیان دەربڕیوە کە ئەو شوێنەیان بریتییە لە (بەشی باکووری خۆرهەڵاتی زەوی) واتە (مەنغۆلیا)و هۆزو تیرەو کۆچەرییەکانیشی (منغول) مەنگۆل بوون‌و، (مصادر) سەرچاوە صینییەکانیش پێمان دەڵێن: کە بنەمای وشەی (منغول) بریتییە لە (منكوك) بە (کاف)ی فارسی لە دوای (نون)، یان (منجوك) بە (جیم)ی فارسی، لە هەردوو حاڵەتەکەدا دەربڕینی وشەکە نزیکە لە (ماکوك)ی (عبري)ییەوە، بە هەردوو (کاف)ی فارسی. دەربڕینی یۆنانیشی بریتییە لە (میکاك)، بە دوو (کاف)ی فارسی، میژووی (صین) هەواڵی قەبیلەیەکی ترمان پێ دەدات لەم ناوچەیەدا، کە بە ناوی (یواشي) ناسراون‌و ئەوەیش

---

[٩٦] – (ویسألونك عن ذي القرنین) ص/١٦٣.

به ئاشکرا دیارە، ئەم وشەیە لەلایەن نەتەوەکانەوە دەستکاری کراوەو تێکدراوە، تا بووەتە وشەی (یأجوج) لە عەرەبیدا.[٩٧]

کەواتە بەپێی بۆچوونی پەسەندو دروست (منغولیا) بریتییە لە نیشتمانی (یأجوج ومأجوج)، تەنانەت ناوەکانی (منغولیا)و (مغول) پەیوەستن بە وشەی (مأجوج)وە.[٩٨]

***

[٩٧] – (ويسألونك عن ذي القرنين) ص/١٦٤–١٦٥.

[٩٨] – مع قصص السابقين في القرآن لدكتور صلاح عبدالفتاح الخالدي ص/٤٨٢–٤٨٣.

حەوت سووڕەکەی دەرچوونی (یأجوج ومأجوج)

ئەوەمان بۆ یەکلایی‌و ڕوون بۆیەوە کە (یأجوج ومأجوج) لە ناوچەی (منغولیا)و (تورکستان)ی سەر بە چین‌و ڕوسیادا نیشتەجێ بوون، بەڵام ئایا پێشتر دەرچوون؟ یان تا کاتی هاتنی قیامەت دەرناچن؟ کۆمەڵێك لە زانایان ڕایان وایە کە ئەوان تەنها یەك جار دەردەچن، ئەوەیش لە پێش هاتنی قیامەتدا، بەڵام زانا لێکۆڵەرو توێژەرەوەکان، ڕاو بۆچونی ڕاستترو یەکلاکەرەوەیان لەسەر ئەوەیە کە ئەوان چەندین جار دەردەچن، دوایین جاریش ئەو دەرچوونەیانە کە مالێ وێرانکەرەو لە پێش هاتنی قیامەتدایە، وەك لە فەرمووەی ڕاستەکاندا دیاریکراوە، هەر ئەم زانایانە ئاماژەیان بۆ حەوت سووڕی دەرچوونی لەمەو پێشیان (بە درێژایی مێژوو) کردووە، کە (أبو الکلام آزاد) لە کتێبەکەیدا هێناوێتی‌و بەم جۆرە بووە:

<u>سووڕی یەکەم</u>: پێش چەرخە مێژوییەکە بووە، واتە نزیکەی (٥٠٠٠) ساڵ لەمەوبەر کە شاڵاویان دەبردە سەر دەشتەکانی چین‌و هەڕەشەیان لە شارستانێتییە دێرینەکان دەکرد، بەوەی کەوا لە بیابانی (جوبي)یەوە هێرشیان دەکردنە سەر.

<u>سووڕی دووەم</u>: لە بەرەبەیانی مێژوودا، واتە ماوەی نێوان ساڵانی (١٥٠٠-١٠٠٠)ی پێش میلادی، کە لەو ماوەیەدا شەپۆلی هێرشی مەغۆلییەکان لە باکووری خۆرهەڵاتەوە بە چڕی دەستی پێ دەکرد تا دەشتاییەکانی چین‌و بەرزاییەکانی لەنێوان (ئاسیاو منغولیاو تورکستان)دا، پاشان حەزیان لە ئارامی دەکردو سەرقاڵی کاروباری کشتوکاڵی دەبوون.

سوپێ سێیەم: ئەم سوپەیش لە دەوری ساڵی (١٠٠٠)ی پێش میلادیدا دەستی پێ کردووە، کە هەر ئەم هۆزانە شاڵاویان بردۆتە سەر ناوچەی (قەزوین)و (دەریای پەش)و (باکووری قفقاز)و (حەوزی نێوان هەردوو ڕووباری (دانووب)و (فولجا).

چەند هۆزو تیرەیەك لە (یأجوج و مأجوج) کە یۆنانییەکان بە تیرەکانی (سی تیهین) ناویان بردوە، لە گەرووی (داریال) لە چیاکانی (قفقاز)ەوە پەڕیونەتەوە تا هێرش بکەنە سەر شارستانییەتی (نینوی) لە دەوری ساڵی (٧٠٠)ی پێش میلادیدا، ئەم هێرشانەی مەغۆلییەکان بۆ سەر (نینوی) کاریگەرییەکی ڕاستەو خۆیان لەسەر ڕووخانی شارستانییەتی (ئاشوورییەکان) هەبووە، وەك میژونووس (هیرودوتس –کە بە باوکی میژوی یۆنان دادەنرێت–) ئاماژەی بۆ کردووە.

سوپێ چوارەم: لە دەوروبەری ساڵی (٥٠٠)ی پێش میلادیدا بووە کەوا تیرەکانی (سی تیهین) پەلاماری ناوچەکانی خۆرئاوای ئاسیایان لە ڕێگەی گەرووی (داریال)ەوە دەدا، ئینجا (ذو القرنین)یش واتە (کۆرشی فارسی)[٩٩]، بەربەستەکەی لەسەر ئەو گەروە دروست کردووە، هەر بۆیە ڕێگەی لە پەلامارو هێرشەکانی (یأجوج ومأجوج) گرتووەو تا ماوەیەکی دیاریکراو ئەو ولاتانەی ئاسوودە کردووە.

سوپێ پێنجەم: تیرەکانی (یأجوج ومأجوج) بەرەو خۆرهەلات

---

[٩٩] – بە پێی بۆچوونی (أبو الكلام آزاد)..ئامادەمار.

ڕۆیشتوونو هێرشیان کردۆته سەر ئیمپراتۆریەتی (صین)، مێژوو نووسانی (صین) ئەم تیرانەیان بە (هیۆنگ هۆ) ناوبردووە،.. هەر لەو ماوەیەشدا ئیمپاتۆری (صین): (شین هوانگ تی) شووڕا گەورەکەی (صین)ی دروستکردوە، تا بەر بە هێرشەکانیان بگرێتو ساڵی (٢٦٤)ی پێش میلاد دەستی بە دروستکردنی بەربەستەکەیان کردووەو لە ماوەی دە ساڵدا تەواوی کردووە، ئیتر توانیویەتی بەرەنگاری هێرشەکانیان ببێتەوە بۆ سەر (صین)، لە نێو خەڵکیشدا ئەو دەنگۆیە بڵاو بووبوویەوە کە شووراکەی (صین) بریتی بووە لە بەربەستەکەی (ذو القرنین)، ئەمەیش هەڵەیە چونکە –بە پێی بۆچونی ئەوان– بەربەستەکەی (ذو القرنین) لەسەر گەڕوی (داریال) دروستکراوە، بۆ بەرگرتن لە هێرشی پێنجەمیان بووە، وایش دیارە ئیمپراتۆری (صین) سودی لە ئامرازی (کورش) وەرگرتووە، تا هێرشەکانی (یأجوج ومأجوج) بوەستێنێت، لەبەر ئەوە شووڕای (صین)ی دروست کردووە.

سوڕی شەشەم: لە سەدەی چوارەمی میلادیدا بووە، کە پوویان کردۆتە ئەوروپا بە سەرکردایەتی پێشەواکەیان (أتیلا)و توانیویانە هێرش بکەنە سەر دەوڵەتی (ڕۆمانی)و بچنە ناو (روما)ی پایتەختو کاولیشی بکەن، بەم شێوەیەش ئەو شارستانێتییە ڕۆمانییەی کە چەندین سەدەی خایاندبوو لەناوی بردووە.

سوڕی حەوتەم: لە سەدەی دوانزەهەمی میلادیدا بووە، کە بەرامبەر بووە لەگەڵ سەدەی حەوتەمی کۆچیدا، کە لەشکرەکانیان بە سەرکردایەتی

(جنکیز خان) بەرەو میرنشینو مەملەکەتە ئیسلامییەکان لە خۆرئاوادا چوونو بەسەریاندا زاڵ بوونو وێرانیان کردون، پاشان نەوەی (جنکیز خان) کە (هولاکو) بووە، توانیویەتی لە ساڵی (٦٥٦)ی کۆچیدا بچێتە ناو شاری (بغداد)ی پایتەختی خەلافەتەوەو وێرانی بکات.

ئەمەی پێشوو بەشێکی پوختو کورتکراوەی هەر حەوت سوپرەکەی دەرچوونو شالاوەکانی (یأجوج ومأجوج) بوو، کە (أبو الکلام آزاد) هێناوێتیو دکتور (عبدالعلیم خضر)یش لێی وەرگرتووە.[١٠٠]

(جنکیز خان)و (هولاکو) لە (یأجوج ومأجوج)ن

کۆمەڵێك لە مێژوو نووسو زانایانی تەفسیر، پاو بۆچونیان وایە کە (مەغۆلەکان) یان (تەتەرەکان)، لە (یأجوج ومأجوج)ن، لە سوپرێك لە سوپرەکانی دەرچونیاندا ئەوان بوون ئەو دەورەیان پێکهێناوە.

بێگومان دەرچوونی (جنکیز خان) پاشان (هولاکو) بریتی بووە لە سووپڕی حەوتەمی دەرچوونی ئەوان.

ئەم قسەیەش گونجاوەو ڕەتکراوەو غەریب نییە.

بێگومان دەرچوونی مەغۆل یان تەتار -یان یأجوج ومأجوج- زۆرو گەورەو توندو تیژ بووە، بە سوپایەکی گەورەو وێرانکەریشەوە ولاتی موسوڵمانیان داگیر کردووە، شوێنەواری داگیرکارییەکەشیان زۆر ئاشکرایە.

---

[١٠٠] - کتێبی (ویسألونك عن ذي القرنین) ص/١٦٦-١٦٨ هەروەها کتێبی (ذو القرنین)ی محمد خیر رمضان یوسف، ص/٣١٠-٣١١.

مێژووو نووس (إبن الاثیر)و ئەو سەردەمە

مێـژوو نـووس (إبـن الاثـیر) لـەو سـەردەمەدا ژیـاوە، کـە سـەرەتای دەرچوونو هێرشی ئـەو شـەڕەنگێزانە بـووە، بـۆ سـەر وڵاتـی موسـڵمانانو کاول کردنی مەملەکەتە ئیسلامییەکانی خۆرهـەڵات، نـاوبراو چـەندین کـاری وەحشییانەی لە کتێبەکەی (الکامل فی التأریخ)دا تۆمار کردووە، هەموویشی تێکـەڵ کـردووە بـە خەفـەتو ناڕەحـەتیو نائومێـدی، بـە هەسـتو سـۆزو هەڵچـوونەکانی خـۆی دایڕشـتۆتەوە، زۆر دڵگرانـی خـۆیی بـۆ داهـاتووی ئیسلامو موسوڵمانان دەربڕیوە.

بەڵام (إبن الاثـیر) دەمرێـت پـێش ئـەوەی (هولاکـو) بگاتـە (بغـداد) کـە مردنەکەی دەکاتە سااڵی (٦٣٠)ی کۆچی.

ئەگەر (إبن الاثیر) لە تەمەنیدا بگەیشـتایەتە ئـەو سـەردەمەی ڕووخـانی بەغدادو وێرانکارییەی، نەمان دەزانی مێژووەکەی بـۆ ئـەو پایتەختـە چـۆن دەبـوو! قسـەی چـی دەبـوو دەربـارەی، بەڕاسـتی ئـەو مێـژوو نـووسو ئەدیبێکی خاوەن هەستو سۆز بووە.

مێژووەکەیشـی (الکامـل) بـە سەرچـاوەیەکی بنـەڕەتی دادەنرێـت بـۆ سەرەتای دەرچوونی (جنکیز خان) بە تایبەتی لە دە سااڵی سـەرەتای ئـەو دەرچونەدا.

چاکیو باشی لە وتەکانی (إبن الاثیر)دا ئەوەیە، کە بەڕاستی ئـەو تـەنها کاری گێڕانەوەی مێژوو نەبووە، بـەڵکو ئـەو زۆر کاریگـەر بـووە بـەوەی کـە ڕووی دەدا، بەڕاسـتی ئـەو مێـژووی تێکـەڵ کـردووە بـە هەسـتو سـۆزو

هەڵچـوونەکان، وەک ئـەوەی خوێنـەری مێژووەکـە لـە بەردەمییـەوە کەسایەتییەک دەبینێت، لـەناو داخو خەفـەتو ئـاخ هەڵکێشـاندا بتوێتـەوە. وەک ئەوەی ئەم کەسایەتییە هەڵوێستەی کردبێت تـا پوختـەی ئـەو پەندو وانـەو بەڵگانـە دەربهێنێـت لـەوەدا کـە دەینووسـێتو وەک مێـژوو تۆمـاری دەکاتو ئەو سوننەتە کۆمەڵایەتییە خواییەش پێشکەش دەکات بە خوێنـەر کە هەمیشە پەوتی پووداوەکـانی مێـژوو بـەڕێوە دەبـات، ئـیتر پوداوەکـانی مێژوویش پەنگدانەوەی ئەو سوونەتەو کاردانەوەیەکی کرداریش دەبن.

پاشان (إبن الاثیر) سەرچاوەو هەواڵەکانی ئەو مێژووەی، لە کەسـانێکی زیندووی نێو ئەو سەردەمەوە هێناوەو کـە پێیـان گاریگـەر بـوونو پووداوە دڵتەزێنەکانیان بینیوەو کاریان تێکراوە، ..هەر بۆیە سەرچـاوەی نووسـینی (إبـن الاثـیر) بـوون بـە سەرچـاوەیەکی زینـدوی وا، کـە لـە گۆڕەپـانی سەربازییەوە وەرگیراون.

ئەوانەیش کە بەسەرهاتو پوداوەکانیـان بـۆ گێڕاوەتـەوە، وەک: (چـەند پەیامنێرێکی جەنگیو چەند ڕۆژنامەنووسێکی نێو گۆڕەپان) شوبهێنراون.

***

سەرەتای کاری (جنکیز خان)و جەنگی بۆ سەر موسوڵمانان

سەرەتای دەرچوونی (یأجوج ومأجوج) لە سووڕی حەوتەمدا لە ساڵی (١٦١٦)ی کۆچیدا بووەو لەو کاتەدا ئەوان نیشتەجێی ناوچەی (منغولیا) بوون، بە تایبەتیش لەنێو چیاکانی (طمغاج)[١٠١]دا، پاشایەکیان بە ناوی (أوزبیك خان) هەبووە، لەناو فەرماندە گەورەکانیشدا لاوێك بە ناوی (تیموجیني) هەبووە، کە ناحەزە حەسوودەکانی لەلای پاشا قسەیان بۆ هەڵبەستووەو بێزراویان کردووە، تا ئەویش ڕقی لێ هەڵگرتووەو بۆ ناوچەیەکی دووری وڵاتەکەی دووری خستۆتەوە، (تیموجیني)یش کە لە پاشا هەڵگەڕاوەتەوە، سوپایەکی پێکهێناوەو جەنگی لە دژی ڕاگەیاندوەو توانیویەتی بە سەریدا زاڵبێتو کوشتویەتی، ئینجا خۆی بووەتە پاشا لە جێگەکەیداو ناوی خۆیشی لە (تیموجیني)یەوە گۆڕیوە بۆ (جنکیز خان)، ئیتر (جنکیز خان) لە ساڵی (٥٥٩)ی کۆچیدا بووەتە پاشاو هەموو ناوچەکەیش ملکەچی حوکمی بوون، لەوێوە بەرەو بەشی خۆرئاوا هاتووە، کە ناوچەیەکی ئیسلامی بووەو دەستبەجێ پاشای موسوڵمانان (خوارزم شاه) لە وڵاتی خۆرهەڵات لە ساڵی (٦١٦)ی کۆچیدا ڕووبەڕووی بووەتەوە، بەڵام (جنکیز خان) ئەم پاشایەی بەزاندووەو پاشاکەیش لە ساڵی (٦١٧)ی کۆچیدا مردووە، پاشان (جنکیز خان) بە سوپایەکی گەورەوە وڵاتانی موسوڵمانی یەك لەدوای یەك داگیر کردووە، لەم داگیرکارییە هەر بەردەوام

---

[١٠١] – الکامل لابن الاثیر (٣٦١/١٢).

بووه، لەسەر خوێنرێژیو کاولکاری تا لە سالّی (٦٢٤)ی کۆچیدا مردووه.[١٠٢]

پاشان جەنگەکانی نێوان نەتەوەکانو موسلّمانان لە دوای مردنی (جنکیز خان) بەردەوام بووە تا نەوەی (جنکین) کە (هولاکو) بووە حوکمی پادشایەتی کەوتۆتە دەستو، ئەویش جەنگو شەڕخوازی بۆ سەر موسولّمانان زیاتر کردووە، تا لە دواییدا (هولاکو) سوپایەکی لە تەتەرەکان (یأجوج ومأجوج) ڕێکخستو ژمارەشیان دووسەد هەزار جەنگاوەر بوو، سوپای موسولّمانانیش لە (بغداد)دا کەمتر لە دوو هەزار جەنگاوەر بوو.

دەست بەسەرا گرتنی (بغداد)و کوژرانی خەلیفە

هۆلاکۆو سوپاکەی گەیشتنە بەغدادو لە ڕۆژی (١٢ی (محرم)ی سالّی/٦٥٦)ی کۆچیدا گەمارۆیانداو هەر یەکە لە وەزیر (الرافضي إبن العلقمي –کە سەرۆك وەزیرانی خەلیفە بوو–)و ڕاوێژکارە (إسماعيلي)یە بەدکارەکەیشی (نصير الدين الطوسي) ڕۆلّێکی کاریگەریان هەبوو لە لاوازکردنی سوپای موسولّمانانو هەلّنانی هۆلاکۆ بۆ هاتنە ناو بەغداد، لە گۆڕینەوەی نامە نهێنییەکان لەگەلّیداو جوان کردنی مەسەلەکەیش لە بەرچاوی.

ئیتر (یأجوج ومأجوج) گەمارۆی بەغدادیان داو پاشان لە کۆتاییەکانی مانگی (محرم)ی سالّی (٦٥٦)ی کۆچی چوونە ناو بەغدادەوەو لەو

---

[١٠٢] – البداية والنهاية– ١١٨/١٣.

کاتەیشدا هۆلاکۆ فەرمانی بۆ سوپاکەی دەرکرد کە هەموو خەڵکی دانیشتووی بەغداد بکوژن. سوپاکەیشی بۆ ماوەی چل ڕۆژ شمشێریان لەسەر خەڵکی بەغداد بەردەوام بووەو ژمارەی کوژراوانی موسوڵمانیش لە شاری بەغداددا هێندە زۆر بووە کە بیروڕای جیاواز دەربارەی هاتووە، بۆ نمونە وتراوە: ژمارەیان سێ سەد هەزار کەس بووە، وتراوە یەک ملیۆنو هەشت هەزار کەسی تیا کوژراوە، هەروەها وتراوە: دوو ملیۆن کەسی تیا کوژراوە.

هەروەها (هۆلاکۆ)یش (المعتصم بالله)ی خەلیفەی موسڵمانانی لە مانگی سەفەری ساڵی (٦٥٦)ی کۆچیدا کوشتووە.[١٠٣]

(عين جالوت)و زاڵبوون بەسەر (يأجوج ومأجوج)دا

هۆلاکۆ لە بەغدادەوە بە سوپای مەغۆلەوە بەرەو وڵاتی شام کەوتە ڕێ و شاری (حلب)ی داگیرکردو وێرانی کردو دانیشتوانەکەیشی کوشت، لە بارەگای حوکمڕانی مەغۆلەکانیش لە بەشی خۆرهەڵاتدا چەند ناکۆکییەک لەنێوان فەرماندەکانو لێپرسراوانیاندا ڕووی دابوو، بۆیە هۆلاکۆ ڕووی کردە ئەوێو (کتبغا)ی فەرماندەی مەغۆلی کردە سەرکردەی سوپا لە شامدا.

موسوڵمانانیش خۆیان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی (کتبغا)و سوپاکەی سازو ئامادە کرد بە سەرکردایەتی براوە (قطز)و سەرکەوتوو (بیبرس).

---

[١٠٣] – بڕوانە وتەی (إبن كثير) لە (البداية والنهاية/١٣/٢٠٠–٢٠٦). دەربارەی ئەو مەبەستییە.

هەردوو سوپاکەیش لە (عین جالوت) بەیەک گەیشتنو جەنگێکی سەختو دژوار لەنێوان هەردوو لادا پویدا، بە ناوی جەنگی (عین جالوت) ناسراوە، لە ڕۆژی هەینی (٢٥)ی ڕەمەزانی ساڵی (٦٥٨)ی کۆچیدا. (لە دوای دوو ساڵ لە گیرانی بەغدادو وێران کردنی).

شەڕو کوشتار لەنێوان سوپای (یأجوج ومأجوج) بە سەرکردایەتی (کتبغا)و سوپای موسڵمانان بە سەرکردایەتی (قطز) خەستترو تووندتر دەبوویەوەو بە تووندترینو دژوارترین جەنگەکان دادەنراو تیایدا (قطز) بە دەنگو سەدای سەرکەوتنی (وا إسلاماه)ەوە هاواری کرد. خوای گەورەیش فەتحو سەرکەوتنی بۆ موسڵمانان مسۆگەر کردو مەغۆلەکانیشی بەزاند، هەروەها ئەمیر (جمال الدین ئاغموش) گەیشتە ناوجەرگەی سەرکردایەتی مەغۆلەکانو توانی (کتبغا)ی سەرکردەیان بکوژێت.[١٠٤]

ئیتر سوپای مەغۆلەکان تێکشکا، ئەمەیش یەکەمین بەزینی گەورەیان بوو کە بە سەریاندا بێت، (عین جالوت)یش سەرەتای کۆتایی هاتنی سووڕی حەوتەم بوو لە سووڕەکانی دەرچوونی (یأجوج ومأجوج)و دوای ئەوەیش هیچ ڕۆڵو کاریگەرییان نەماو هیچ باڵادەستیو ڕکێفێکیشیان بۆ نەمایەوە.

چەند تیرەیەکیشیان لە ناوچە تازەکاندا مانەوەو هەندێك دەوڵەتۆکەو میرنشینیان لە وڵاتانی هندستانو خۆراسانو تورکستانو چەند وڵاتێکی تردا بۆ خۆیان دامەزراند، ئایینی ئیسلامیش کاری کردە سەر هەنێکیانو

---

[١٠٤] – بڕوانە (البدایة والنهایة ١٣/٢٢٠–٢٢٢).

کاردانەوەی لە دڵو دەروونیاندا هەبوو، بۆیە موسوڵمان بوونو هاتنە ناو ئایینی ئیسلامەوە، یەکەم کەسیش کە لێیان موسوڵمان بوو (شا بەرەکەت خان)ی نەوەی (جنکیز خان) بوو، کە لە هەمان کاتیشدا ئامۆزای (هۆلاکۆ)ی خوێنرێژیش بووە، بۆیە چەند جەنگێك لەنێوان (شا بەرەکەت)و (هۆلاکۆ)دا بە خەستی ڕوویداو دواتر (بەرەکەت خانی موسوڵمان) بەسەر ئامۆزا کافرەکەیدا –واتە هۆلاکۆ– سەرکەوت.[١٠٥]

لاواندنەوەی (إبن الاثیر) بۆ ئیسلامو موسوڵمانان لە ترسناکی شالاوەکان

مێژوو نووسە موسوڵمانەکان هەموویان یەکدەنگو یەکڕان لەسەر ئەوەی کە بێگومان مەترسی مەغۆلەکان لە ترسناکترینی هەموو ئەو مەترسیانەی تر بووە کە بەرەو ڕووی موسڵمانان بۆتەوە، زیانو قوربانییەکانیشیان لە ئاکامی شالاوی مەغۆلدا لە هەموو ئەو زیانو قوربانیانەی (نەتەوەی ئیسلام بە درێژایی مێژووی موسڵمانان) زیاتر بووە، ئەو مێژونوسانەیش لە ئاکامی ئەو کارەساتانەدا بۆ ئیسلامو موسڵمانان نیگەران بوونو وایان پێشبینی کردووە کە دەوڵەتێك بۆ ئیسلام دروست نەبێتەوە، بۆیە ئەو نیگەرانیو خەمو پەژارانەیان لە کتێبەکانیاندا نووسیوەتەوە، لێرەدا دەگەڕێینەوە بۆ لای مێژوو نووسی شاعیری هەست ناسك (إبن الاثیر) تا پارچە پەخشانێکی

---

[١٠٥] – هەمان سەرچاوە (١٣/٢٣٨–٢٤٠).

خـەمناکی مێـژوویی تۆمـار بکـەین، کـە تیایـدا ئیسـلامو موسـڵمانان دەلاوێنێتەوە،.. وەك لە سـەرەتای کتـێبی مێژووەکەیدا باسـی دەرچـوونی تەتـەرەکان بـۆ خـاکی ئیسـلام دەکـات، لـە سـاڵی (٦١٧)ی کۆچـیدا، کـە نووسیویەتیو دەڵێت:

(چەندین ساڵە دانم بـە خـۆدا گرتـووەو خـۆم لـە باسـی ئـەم ڕووداوە لا دەدەم، ئەمـەیش بـە مەبەسـتی بەگـەورە گـرتنیو ڕق لێبوونـەوەیش لـە باسکردنی، چونکە من لە باسـکردنیدا دوو دڵ بـووم و پێیـەکم ناوەتـە سـەر کارەکـەو پێیەکیشـم داخسـتووە، ئـاخر کـێ بـە لایـەوە ئاسـانە پرسـەو لاواندنەوە بۆ ئیسلامو موسوڵمانان بنووسێت؟

ئەی کـێ باسـی ئـەو ڕووداوە ناخۆشـەی بـۆ ئاسـان دەبێـتو بـە لایـەوە ئاساییە؟ خۆزگە دایکم مـنی نەبوایـە، خۆزگـە پـێش ڕووداونیشـی دەمـردمو شتێکی لە بیرچوو دەبووم، بەڵام من کۆمـەڵێك لـە هاوڕێیـانم زۆر هانیانـدام لەسەر نووسینەوەی ئەم ڕوداوانەو لـە کاتێکـدا دەستەوسـان وەسـتا بـووم پاشان بۆم دەرکەوت کە پشتگوێ خستنی ئەم کارە (کاری نووسـینەوەکە) هـیچ سـوودێکی نابێـت، بۆیـە دەڵـێین: (ئـەم کـارە باسـی گێڕانـەوەی ئـەو ڕووداوە گەورەیەو ئەو کارەساتە مەزنەیە کە لە هـیچ ڕۆژگـارو شـەوگارێکی زەمانـدا وێنـەی نـەبووەو کـە هـەموو دروسـتکراوی خـودا بـە گشـتیو موسوڵمانانیشی بە تایبەتی گرتۆتەوە، خـۆ ئەگـەر کەسـێك بڵێـت: (جیهـان لـەو ڕۆژەوەی کـە خـوای گـەورە ئـادەمی دروسـت کـردووە تـا ئـەمڕۆ) کارەساتی لەم جۆرەی بـە خۆیـەوە نـەبینیوە) ئـەوە کەسـێکی ڕاستگۆیە،

چونکه هەموو قۆناغەکانی مێژوو ڕووداوێکی وای تۆمار نەکردووە کە نزیک‌و لێکچووی ئەم شێوە ڕووداوانە بێت، لەو ڕووداوە گەورانەیش کە پێشتر گێڕاونەتەوە، ئەو کارەساتی کوشت‌و بڕو وێرانکارییەیە کە (بختنصر) بەسەر نەوەی ئیسرائیلیدا هێناوە، کە خەڵکێکی زۆری لێ کوشتوون‌و (بیت المقدس)یشی وێران کردووە.

(بیت المقدس)یش بە بەراورد لەگەڵ ئەو هەموو کاری تێکدان‌و وێرانکردنەی نەفرەت لێکراوانی مەغۆل‌و تەتەردا، کە هەر شارێك لە شارە تێکدراوەکان چەندان هێندەی بارستایی‌و قەبارەی ئەو دەبوون، هەروەها ژمارەی کوژراوانی نەوەی ئیسرائیلیش بە دەستی (بختنصر) زۆر کەمتر بووە لە دانیشتوانی هەر شارێك کە بە دەستی مەغۆلەکان کوژراون.

ڕەنگە خەڵك تا ڕۆژی کۆتایی هاتنی ژیانی مرۆڤەکان لەسەر زەویدا نمونەی ئەم کاراساتە نەبینن‌ەوە، مەگەر تەنها کارەساتی دواییەنی (یأجوج ومأجوج) نەبێت، (دجال)یش ئەو کەسانە دەهێڵێتەوە‌و نایان کوژێت، کە پەیڕەوی دەکەن‌و باوەڕی پێ دەهێنن، بەڵام ئەم مەغۆلانە هەموو جۆرە کەسێکیان کوشتوە‌و تەنانەت ئافرەتان‌و پیاوە بەتەمەنەکان‌و منداڵانیشیان کوشتووە‌و سکی ئافرەتی دوو گیانیان هەڵدڕیوە‌و کۆرپەکانی ناو سکیان کوشتوون، ئێمەیش لە ئاست کارەسات‌و قەدەری لەم شێوەیەدا هەر دەڵێین: ﴿إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ﴾ (ولا حول ولا قوة إلا بالله العلي العظيم).

جا ئەم کارەساتەی کە پڕیشکی شەپنگێزی بە هەموو لایەکدا

پەڕییەوەو زەرەرو زیانێشی هەموو لایەکی گرتەوە، بەناو ولاتاندا وەك هەورێك كە بای بە دواوەیە، تێپەڕیوە، لەوەدا بووە كە گەلێك لە دەورو بەری ولاتی چینەوە دەرچوونو ڕوویان كردۆتە ولاتانی تورکستان وەك (كاشغەر)و (بلاساغون) پاشان لەوێوە بەرەو ولاتانی پشت ڕووبار هاتوون، وەك (سمرقند)و (بوخارا)و ولاتانی تری ئەو ناوچەیەو بەسەریاندا زاڵ بوونو (ئەو جۆرە كارەساتەی بەسەر ئێمەدا هێنایان) بەسەر ئەوانیشدا هێناویانە.

ئینجا كۆمەڵێك لەوان بۆ (خوراسان) پەڕینەوەو هەموو سامانو مولكێكیان بە تاڵان بردو ولاتەكەیان وێرانو خاپوور كردو هەموو شتێكیان داگیركردو دانیشتوانەكانیشیان كوشت، پاشان پەڕینەوە بۆ شارەكانی (ري)و (همدان)و (بلد الجبل)و ولاتانی تر تا سنووری عێراق، ئینجا ڕوویان كردە ولاتی (أذربیجان)و (ایران)و كاولیان كردو دانیشتوانەكەیان كوشت، هیچ كەسێكیش لە دەستیان دەرنەچوو، مەگەر هەڵهاتویەكی ئاوارە لە ماوەی كەمتر لە سااڵێكدا ئەگەر هەواڵی هەمان كارەساتی نەبیستبێتەوە.[١٠٦]

هەروەها (إبن الاثیر) بەردەوام بوو لەسەر لاواندنەوەكەی بۆ موسوڵمانانو وتویەتی:

(ئیتر ئێمە هەر بەندەی خواینو هەر بۆ لای ئەویش دەگەڕێینەوە، ﴿إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ﴾ داوا لە خوایش دەكەین كە لەلای خۆیەوە سەركەوتنێك

---

[١٠٦] – الكامل لإبن الاثیر ١٢/٣٥٨–٣٥٩.

بۆ ئیسلام‌و موسڵمانان ئاسان‌و مسۆگەر بکات، چونکە بێجگە لەخوا هیچ سەرخەرو پشتیوان‌و بەرگریکارێك لە ئیسلام نییە، وەك خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿وَإِذَآ أَرَادَ ٱللَّهُ بِقَوْمٍ سُوٓءًا فَلَا مَرَدَّ لَهُۥ ۚ وَمَا لَهُم مِّن دُونِهِۦ مِن وَالٍ ﴿١١﴾﴾ الرعد.

تەتەرەکانیش ئەو دۆخەیان بۆ لواوە چونکە هیچ بەرگریکارێك نەبووە).[١٠٧]

(إبن الاثیر) مەغۆلەکانی بە گەرەترین مەترسی داناوە، کە بێگومان ئەو مەترسیەی لەوانەوە کەوتۆتەوە لە غەیری ئەوانەوە نەبینراوە، هەموو کەس یەکڕاو یەکدەنگ بوون لەسەر گەورەیی مەترسییەکەیان، جا ئەو یەکدەنگی‌و هاو بیرو ڕاییەی کە لەسەر مەترسی‌و دڕندەیی مەغۆل هەبووە لەسەر هیچ گەل‌و هۆزو تایەفەیەکی تری شەڕەنگێز نەبووە، بۆیە (إبن الاثیر) ئاماژەی بۆ سەرسوڕمانی کەسانی دوای خۆیشی دەکات، لەوانەی کە ئەم هەوالّو بەسەرهاتانەی مەغۆل‌و تەتەر دەخوێننەوەو دەبیستن‌و سەریان لێی سووڕ دەمێنێت،.. لەم بارەیەوە (إبن الاثیر) وتویەتی:

(ئەو کارە دڕندانەیەی کە لەو تەتەرانەوە بینراوە هیچ کەسێك لە دێر زەمان‌و لەو سەردەمانەیشدا نەیبیستووە، کۆمەڵێك لە سنووری ولاّتی (صین)ەوە دەرچن‌و هێشتا سالّێکیشی پێ نەچووبێت، کەچی هەندێکیان بگەنە ولاّتی (أرمینیا) لەو قۆڵەوەو ولاّتی (عیراق)یش لە قۆڵی (همدان)ەوە تێ بپەڕێنن.. بە دڵنیایی‌و بێگومان هەر کەسێك لە دوای ئەوان‌و دوای

---

[١٠٧] – الکامل لإبن الاثیر ٣٦١/١٢.

سەردەمێکی تر بێتو ئەم ڕوداوە بە مێژوو نوسراوە ببینێت، ئەوا نکۆڵی لێ دەکاتو بە دووری دەگرێت کە کاری درندانەی ئاوا ڕووی دابێت، حەقییەتی دیارە، چونکە کەی ئەوە بەدور دەگیرێت، با هەر یەکە لەوان (کەسانی دوای ئێمە) کە ئەم دێڕانە دەنووسنەوەو هەموو ئەوانەیش (کە لەم سەردەمەی ئێمەدا) مێژوویان نووسیوەتەوە، با بۆ سەردەمێك بڕوانن کە تاك بە تاکی خەڵکی ئاگاداری ئەم ڕوداوەیەو بەهۆی دیاریو ناوبانگی گەورەییو مەترسی ڕوداوەکانەوە زاناو نەزان وەك یەك تیایدا ئاگادارن.

خودایش ئەو کەسانە بۆ ئیسلامو موسڵمانان سەر بخات کە پارێزەرو بەرگریکاری ئیسلام بوون، بەڕاستی لە دوژمنەوە ڕووبەڕووی کارەساتی گەورە بوونەوەو ڕووبەڕووی ئەو پاشا موسوڵمانانەیش بوونەوە، لەوانەی کە ورەو غیرەتیان لە سکو عەورەتیان تێ ناپەڕێت (واتە تەنها ئارەزوویان لە خواردنو ڕابواردنە)و موسوڵمانانیش لە سەردەمی هاتنی پێغەمبەری خواوە ﷺ تا ئەم کاتە ئازارو ناڕەحەتی لەم چەشنەیان نەچەشتووە.

دوژمنێکی تریش کە (فەرهەنگەکان) بوون لەوپەڕی وڵاتی ڕۆمەوە دەرکەوتوونو لەنێوان خۆرئاواو باکوورەوە هاتوونو گەیشتوونەتە وڵاتی میسرو شاری (دمیاط)یان داگیر کردووەو تیایدا نیشتەجێ بوونو موسوڵمانانیش نەیانتوانیوە لەو شارەدا تەنگیان پێ هەڵچنن یان دەریان بپەڕێنن، ئیتر تەواوی ناوچەکانی تری (مصر) لە مەترسیدا بووە.. بۆیە هەر دەڵێین: ﴿إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ﴾(ولا حول ولا قوة إلا بالله العلي العظيم).[١٠٨]

---

[١٠٨] – الكامل لإبن الاثير ٣٧٥/١٢–٣٧٦.

ڕاو بۆچوونی (سید قطب) دەربارەی (جنکیز خان)و (هۆلاکۆ)

(سید قطب) –ڕەحمەتی خوای لێ بێت– ڕاو بۆچوونێکی دەربارەی دەرچوونی (مەغۆلەکان) لە سەردەمی (جنکیز خانو هۆلاکۆ)دا هەیە، حەز دەکات بە سووڕێك لە سووڕەکانی دەرچوونی (یأجوج ومأجوج)یان دابنێت، لەم بارەیەوە وتویەتی:

(ئەی دوای ئەمە ئاخۆ (یأجوج ومأجوج) کێ بن؟ ئەی ئێستا لە کوێ بن؟ ئەی کارو باریان چۆنو چی بووە؟ ئەی لەمەولا چۆن دەبێت؟ وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانە لەسەر شێوازی (گەیشتن بە ڕاستی) قورسن، چونکە ئێمە هیچیان لێ نازانین تەنها ئەوەندە نەبێت کە لە قورئانو لە هەندێك لە فەرمودەو سەرچاوە ڕاستەکانەوە هاتووە، قورئانیش لەو بەشەی سوورەتەکەدا ئەو وتەیەی (ذو القرنین) خۆیی هێناوە کە وتویەتی: ﴿فَإِذَا جَآءَ وَعۡدُ رَبِّي جَعَلَهُۥ دَكَّآءَۖ وَكَانَ وَعۡدُ رَبِّي حَقّٗا ٩٨﴾ الكهف.

ئەم دەقەیش سەردەمێك دیاری ناکاتو مانای ئایەتەکەیش واتە: (ئەگەر بەڵێنی خوا لەسەر کاتی وێرانکردنی بەربەستەکە هات ئەوا درزو کەلەبەری تێ دەخاتو دەیڕوخێنێت، تا لەگەڵ زەویدا تەختی دەکات، بەڕاستی بەڵێنی خوا هەر ڕاستو بە جێگەیەندراو بووە) بەڵێنی خودایش لەسەر ڕووخاندنی بەربەستەکەیە، ڕەنگە لەوەوە هاتبێت ئەو ڕۆژەی تەتەرەکان هێرشیان هێنا بێتو زەویان هەموی داگیر کردبێتو هەموو مەملەکەتو میرنشینەکانیان وێران کرد بێت.

لـه جێگەیـەکی تـر لـه سـوورەتی (الأنبیـاء)دا هـاتووە، دەفـەرموێت:

﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا فُتِحَتۡ يَأۡجُوجُ وَمَأۡجُوجُ وَهُم مِّن كُلِّ حَدَبٖ يَنسِلُونَ ﴿٩٦﴾ ﴾

الأنبياء.

واتـە: (هـەر کاتێـك بەربەسـتەکەی (یـأجوج و مـأجوج) دەکرێتـەوە و لـه هەموو گردو بەرزاییەکەوە بەپەلە دێنو هێرش دێنن بۆ سـەر خـەڵکی و وەك ئەوە وایە کە هەموو ڕووبەری سەر زەوییە داگیر کراوەکانیان داپۆشـیبێت). ئەم (دەق)ەیش (وەك ئەوەی پێشوو) سەردەمێکی تایبەتی بـۆ دەرچـوونی (یأجوج ومأجوج) دەستنیشان ناکات، چونکە نزیك بوونەوەی بەڵێنی حـەق بـە مانـای نزیکبوونـەوەی کـاتی قیامەتـە، ئـەم نزیکبوونەوەیـە لـەکاتی پێغەمبەریشـدا ﷺ باسـکراوە، وەك خـوای گـەورە لـە قورئانـدا فەرمویەتی:﴿ ٱقۡتَرَبَتِ ٱلسَّاعَةُ وَٱنشَقَّ ٱلۡقَمَرُ ﴿١﴾ ﴾القمر.

کاتو زەمانیش لە حسابی خوادا وەك حساب و لێکدانـەوەی مرۆڤـەکان نییە، چونکە پێ دەچێت لـەنێوان کـاتی نزیـك بوونـەوەی قیامـەتو کـاتی هاتنیدا ملیۆنەها ساڵ یـان ملیۆنـەها سـەدە تێپـەڕ ببێـتو مـرۆڤ بـە درێـژو دوریان دابنێت، کەچی لای خوایش ماوەیەکی زۆر کورت بێت.

کەواتە ئەوەی شیاوە ئەوەیە کە بەربەستەکە لە ماوەیەکی نێـوان نزیـك بوونـەوەی قیامـەتو ڕۆژگـاری ئـەمڕۆی ئێمـەدا کرابێتـەوەو شـاڵاوەکانی مەغۆڵو تەتەریش کە بەشـی ڕۆژهـەڵاتی زەوی گرتۆتـەوە، ئـەو دەرچـوونە بەربڵاوەی (یأجوج ومأجوج) بووبێت، جـا دوای ئـەوەیش کـە (سـید قطـب)

فەرموودەکەی پێغەمبەری دەربارەی خەونەکەی پێغەمبەر ﷺ خۆی هێناوەتەوە، کە دەربارەی بەربەستە پتەوەکەی (یأجوج ومأجوج)ە، وتویەتی: (ئەم خەونە زیاتر لە سیازدە سەدەو نیو لەمەو بەر پێغەمبەر ﷺ بینیویەتی)و دوای ئەوەیش شالاوەکانی تەتەر پوێداوەو هەموو مەملەکەتەکانی عەرەبی وێران کردووە، تا وێرانکردنی (خەلافەتی عەبباسی) لەسەر دەستی (هۆلاکۆ) لە سەردەمی جێنشینی (مستعصم)ی دواین خەلیفەی عەبباسیدا بووە، ڕەنگە ئەمە لێکدانەوەیەکی خەونەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ بێت.. زانستی ئەمەیش هەر لای خوایە، هەموو ئەوەی کە دەیڵێن هێنانی ڕای پەسەندو لەپێشترە نەك یەقینو دڵنیایی).[١٠٩]

***

[١٠٩] -(في ظلال القرآن لسيد قطب – ٤ / ٢٢٩٣–٢٢٩٤). بە کوردی.

(یاجوج ومأجوج) ڕەگەزە ڕەنگ زەردەکانن

ئەو بیرو ڕایەی لەم بوارەدا بە ڕاستتری بزانین، (یأجوج ومأجوج) توانیویانە کەلەبەر بخەنە بەربەستەکەی (ذو القرنین)ەوە، لێوەی دەربچنو بە زەویدا بڵاو ببنەوەو ولاتان بشێوێنن و شاران وێران بکەن، هەروەها ڕایەکی ڕاستتریش ئەوەیە دەرچوونی مەغۆلەکان بە سەرکردایەتی (جنکیز خان و هۆلاکۆ) بە یەکێك لە حەوت سووڕی دەرچوونی (یأجوج ومأجوج) دادەنرێت (کە پێشتر باسمان کرد).

هەر وەك ئەو ڕایەی کە بەڕاستی دادەنێین کە (یأجوج ومأجوج) ئەو مەغۆلانە یان ئەو تەتەرانەن، کە ئێستا لە ناوچەی (مەنگۆلیاو تورکستان و سینگیانگ)ی (صین)دا نیشتەجێن، هەروەها ئەو ڕایەش بە ڕاست دادەنێین کەوا (یأجوج ومأجوج) ئەو ڕەگەزە ڕەنگ زەردەی نیشتەجێی ئاسیا بن.

(یأجوج ومأجوج) خەڵکانی (صین و کۆریاو مەنگۆلیاو تبتو تورکستان و ولاتانی هاوشێوە)یانن. بەڕاستی هەر بە تەنها ولاتی (صین) بە مەترسییەکی ڕاستەوخۆی سەر ئەوروپاو ئەمەریکاو عەرەبو گەلانی تر دادەنرێت، واتە بە مەترسییەکی ئایندە لە ڕووی زۆری ژمارەی دانیشتوانیەوە، چونکە تەنها دانیشتوانی (صین) نزیکەی چارەکێکی خەڵکی دونیا پێك دەهێنن، ژمارەی دانیشوانی دونیایش لە ئێستادا نزیکەی حەوت ملیارەو دانیشتوانی (صین)یش لە ملیارێك زیاترە.

ڕێژەی زۆر بوونیشیان زۆر خێرایە، ئایا دەبێت لە ئایندەدا لەم گەلە زۆرە چی دروست ببێتو ئەی ژمارەیان بگاتە چەندی تر! ؟ ئەی ئایا لە

دونیادا چی بکەن کاتێك بە ناو ولاتانی تردا بلاو ببنەوە؟! یان کاتێك وەك تەقینەوەی زۆربوونی دانیشتوان بە ڕێژەیەکی یەکجار زۆر بلاودەبنەوە لە چەندین شەپۆلی بەشەری یەك لەدوای یەکەوە دێنو دەردەچنو سەرتاپای دونیا دەتەنو دادەپۆشن!؟

بێگومان جیهان ئەم ڕاستییە دەزانێتو خۆی لە مەترسی ئایندەی (صین) وریا دەکاتەوە، لەم ڕوەوە (هلیوم)ی ئیمبراتۆری (ئەڵمانیا) وتەیەکی سەیری دەربڕیوە، وتویەتی: (قوڕ بەسەر ئەوروپا لە دەست صین) هەروەها ناوبراو (صین)ی بە (مەترسییە زەردەکە) ناو بردووە.[110]

هەندێك لە زانایانیش ڕایان وایە کە مەبەست لە (یأجوج ومأجوج) گەلێکی تایبەتی دیاریکراو نییە، بەڵکو ئەوە وەصفێکی گشتییەو بۆ هەر گەلێکی تێکدەرو وێرانکەر دەشێت.

لەم بارەیەوە (محمد خیر رمضان یوسف) دەڵێت: (وای بۆ دەچم کە (یأجوج ومأجوج) مانای گەلێکی دیایکراوو ڕەگەزێکی تایبەتی مرۆڤ ناگەیەنێت، بەڵکو ئەوە وشەیەکەو بۆ هەموو گەلێکی درندەو هارو هاج دەشێت کە نەریتی خراپەو شێواندنیان لەسەر زەویدا هەبێت، لە زەمانی (ذو القرنین)یشدا ئەم جۆرە گەلە هەبوون، ڕێی تێکدانی ژیانیان لە کەسانی تر لێگیراوەو سنووردێك بۆ شالاوەکانیان بەهۆی بنیاتنانی بەربەستەکەوە بۆ

---

[110] – ذو القرنین ص/۳۲۷.

دانراوه).[111]

(الدكتور صلاح عبدالفتاح الخالدي) دەڵێت: بەڵام ئێمە هاوڕای (محمد خير رمضان) نین لەم بارەیەوە، بەڵکو لەو بڕوایەداین کە ئەو ناوە مانای چەند گەلو کۆمەڵێکی دیاریکراو دەگەیەنێتو ڕای ڕاستتر لەلامان ئەوەیە کە (يأجوج ومأجوج) لە ڕەگەزی مرۆڤە ڕەنگ زەردەکانن.. خوای گەورە زاناترە.

پێش هاتنی قیامەت دەردەچن

یەکلا کردنەوەی ڕاو بۆچوونی ڕاستتر لەسەر ئەوەی کە (يأجوج ومأجوج) چەندین جار لە سەردەمانی ڕبردوودا دەرچوون، مانای ئەوە ناگەیەنێت کە ئیتر ئەو نەتەوەیە لە داهاتوودا دەرناچن، چونکە چەندین جاری تریان هەیە تیایدا دەربچنو شەڕو شۆڕ بنێنەوە، چونکە پێش ئەمڕۆ زیاتر لە حەوت جاری تر دەرچوون، تیایدا توانیویانە بەربەستەکەی (ذو القرنين) بشکێننو وێرانی بکەن.

خوایش هەر خۆی دەزانێت ئایا پێش دەرچوونە گەورەو ترسناکەکەی چەند ساتێك پێش هاتنی قیامەت دەردەچنەوە یان نا، ئەی ئایا دەرچوونیان چۆن بێت؟!

بەڵام ئێمە باوەڕمان بەوە هەیە کە ئەوان بەر لە هاتنی قیامەت بەو

---

[111] – ذو القرنين ص/٣٢٩.

شێوە دەرچوونە گەورەو دیارەوە پەیدا دەبنو دونیا وێران دەکەن، ئێمە باوەڕو قەناعەتمان بەوە هەیە چونکە لە قورئانو فەرمودەی ڕاستدا بە ئاشکرا دەقیان لەسەر هاتووە.. ئەوە بوو لە سوورەتی (الأنبیاء)دا باسی دوایین دەرچوونیان کراوە وەک خوا فەرمویەتی: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا فُتِحَتْ يَأْجُوجُ وَمَأْجُوجُ وَهُم مِّن كُلِّ حَدَبٍ يَنسِلُونَ ﴿٩٦﴾ وَٱقْتَرَبَ ٱلْوَعْدُ ٱلْحَقُّ ﴾ الأنبیاء.

هەروەها باسی دەرچوونیان بە ڕوونی لە فەرمودە ڕاست (صحیح)ەکانیشدا هاتووە، کە دەری دەخەن ئەوان لە خۆرهەڵاتەوە بە ژمارەیەکی زۆرو چڕی بەشەرییەوە دەردەچنو هیچ کەسێکیش جگە لە خوای گەورە ژمارەیان نازانێت، بە ڕوونی لە فەرموودەکاندا هاتووە کە (یأجوج ومأجوج) کاتێک دەردەچن، سەرەتای کاروانەکەیان لە دەریاچەی (طبریة)وەیەو هەرچی ئاوی دەریاچەکەیە دەیخۆنەوەو چۆڕی لێ دەبڕنو دوایین بەشیشیان بە دەریاچەکەدا دێنو هیچ ئاوی تێدا بەدی ناکەنو دەڵێن: (جارێکیان لێرەدا ئاو هەبووە)، ئینجا وەک لەو فەرموودانەدا هاتووە گەمارۆی (عیسی) پێغەمبەری خوا (علیه السلام)و ئەو باوەڕدارانەی کە لەگەڵیدان لەسەر چیای (طور) دەدەن لە بیابانی (سینا)دا، گەمارۆکەیش لەسەر باوەڕداران توندتر دەبێت، پاشان کۆمەکی بە فریاهاتنی ڕزگارییان لە خواوە بۆ دێت کە کرمێکی زۆر بەسەر گەردنەکانی (یأجوج ومأجوج)دا دەباڕێنێتو هەمووان لە چەند چرکەساتێکدا دەمرن،

ئیتر خوایش باران دەبارێنێت‌و دۆڵەکانی (سینا) ئاویان پیا دەڕوات‌و هەموو لاشە بۆگەن کردوەکانی (یأجوج ومأجوج) ڕادەماڵێت‌و بەرەو دەریاکەیان دەبەن، بەم ڕەنگەیش بە شێوەیەکی ڕاستەقینە (یأجوج ومأجوج) کۆتاییان پێ دێت‌و بە شێوەیەکی یەکسەری‌و بۆ دواجار دەست بەسەر خراپە‌و شێوێنکاریاندا دەگیرێت. بەڵام ئەمە تەنها لە کاتی قیامەتدا ڕوو دەدات، کەواتە نکۆڵی لە هەواڵی دەرچوونیان لە ئایندەدا ناکرێت، چونکە ئەوان پێشتر دەرکەوتوون‌و دەریش دەکەونەوە، ئەوان دەرچوون‌و دەریش دەچنەوە، سووڕەتی (الکهف)یش ئاماژەی بۆ دەرچوونی زەمانی ڕابردوویان کردووە، هەروەها سووڕەتی (الأنبیاء)یش ئاماژەی بۆ دەرچوونی داهاتویان کردووە، ئەو دەرچوونە گەورە‌و ترسناکەی کە نیشانەیەکە لە نیشانە گەورەکانی ڕۆژی قیامەت.

***

دەنگۆو ئەفسانە دەربارەی (یأجوج ومأجوج)

هەندێك لە مێژونوسانو ڕاڤەكارانی قورئان چەندین هەواڵو بەسەرهاتی سەیرو سەمەرەیان دەربارەی (یأجوج ومأجوج) هێناوەو تیایاندا دەربارەی ڕەگەزو ڕەچەڵەكو ناوچەكانی نیشتەجێ بوونیان دواون، باسی ڕەنگو ڕوخسارو سیفەتو كارو بارو شتەكانی تریان كردوون.. هەموو ئەو هەواڵو بەسەرهاتو ڕیوایەتانەیشیان لە دەقە هەڵبەستراوە ئیسرائیلییەكانەوە وەرگرتووە، بۆیە وتەو ڕاڤەی ئەو مێژوو نووسو خاوەن تەفسیرانە لە ئەفسانەو خەیاڵو دەنگۆ پڕو پاگەندە بەدەر نین.

بە هەر حاڵ لە سەرچاوەیەكی ڕاستو دروستو باوەڕ پێكراوەوە وەرنەگیراون، چونكە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ نەگێڕراونەتەوە، ئێمەیش هیچ هەواڵو بەسەرهاتو وتەیەك پەسەند ناكەین، ئەگەر لە پێغەمبەری خواوە ﷺ بە ئێمە نەگەیەندرا بێت، لێرەیشدا كورتەی ئەو وتە پوچەڵانە دیاری دەكەین:

١- یەكێك لەو (إشاعة)و وتە پوچەڵو ئەفسانەییانە ئەوەیە هەندێك لە مێژوو نووسانو خاوەن تەفسیرەكان وای لە قەڵەم دەدەن گوایە (یأجوج ومأجوج) لە وەچەی ئادەمن بە تەنها نەك (حواء)، بۆیە دەبنە برای منداڵەكانی ئادەم لە باوكەوە، هەروەها وای باس دەكەن گوایە ئادەم ژنێكی تری جگە لە (حواء) بووە.

٢- هەر لەو پڕو پاگەندەو وتە پووچەڵانەی تریان ئەوەیە، گوایە (یأجوج ومأجوج) لە تۆوی ئادەمنو كاتێك ئادەم لەسەر خۆڵەكە خەوتووە،

خـەوی بینیـوەو (إحـتلام) بـووەو ئـاوی ئـارەزووی هـاتووە، پاشـان تـۆوی ئاوەکەی تێکەڵی خۆڵەکە بووەو ئیتر (یأجوج ومأجوج) لەو ئاوی تێکەڵ بـە خۆڵە دروست بوون.

٣- هەنـدێکی تریـان وای لـە قەڵـەم دەدەن گوایـە (یـأجوج ومـأجوج) کوڕانی (یافث)ی کوڕی (نوح) بوون، کـە دوای لافاوەکـە بـەرەو خۆرهـەڵات ڕۆیشتوون.

٤- هەندێکی تریان وای دادەنێن گوایە (یأجوج ومـأجوج) بیسـتو دوو تیرە بـوون، کاتێـك (ذو القـرنین) بەربەسـتەکەی دروسـت کـردووە لـە دوای خۆیەوە بیستو یەك تیرەی داناوەو تەنها یەك تـیرەی لـێ جیـا کردۆتـەوە، کە کارو باریانی داوەتە دەست خۆیانو ئەوانیش بە تورك ناوبراون، چـونکە لـە دەوری بەربەسـتەکە تـەرك کـراون، واتـە (فـەرامۆش کـراون)، بـە تـەنها خستوونیەتیە ئەولاوە.

٥- هەندێکی تر لەو مێژوو نووس‌و تەفسیر نووسانە، هەر تیرەیەك لـەو تیرانەی بە چوارسەد هەزار کەس داناوەو گوایە هەر پیاوێك لەوان لە ژیانـدا هەزار کەسی لە منداڵانی خۆی بینیوە، کە هەموویان چەکیان هەڵگرتووە.

٦- هەندێکی تریان وای بۆ دەچن گوایە مرۆڤەکانی (یـأجوج ومـأجوج) لە درێژی‌و کورتی باڵادا جیـاواز بـوون، تیایانـدا بـووە بـاڵای بـە قـەدەر دار خورمایەك بەرز بووەو کەسی وایشیان بووە کە باڵای بە قەدەر سـنەوبەرێك لە سنەوبەرەکانی لوبنان بەرز بووەو هەندێکیشیان بـاڵای بـە قـەدەر چـوار باڵ بووەو هەندێکی تریشیان درێژی باڵای سێ بست بووەو تیایشیاندا بووە

که بالای تەنها یەك بست بووەو هەندێکیشیان بە قەدەر کەوانەی نێوان دوو پەنجەی مرۆڤ بووە، یان هەندێکیان دوو گوێچکەی پانو درێژی وەك گوێی فیلیان بووە، کە گوێچکەی یەکەمی لە ژێر خۆیدا ڕاخستووەو گوێچکەی دووەمیشی داوە بە خۆیداو هەر وەك بەتانی لە خۆیی ئالاندووە.

٧- هەندێك مێژوو نووسو تەفسیر نووسی تریش دەنگۆو دیعایەی وایان لەسەر کاری تێکدەرانەو شێواندنی (یأجوج ومأجوج) بلاوکردۆتەوە، کە گوایە ئەوەندە بەدکارو تێکدەر بوون بە لای هەر گیاندارێکی وەك فیل یان درندەیەك یان وشتر یان بەرازێکدا ڕۆیشتبن، خێرا خواردویانەو هەر کەسێکیش لە خۆیان مردبیت خێرا خواردویانە.

٨- هەندێکی تریان بانگەشەی ئەوەیان بۆ کردون گوایە چرنوکیان لەسەر نینۆکیان هەبووەو کەلێبەکانیشیان وەك کەلێبەی ئاژەلە درندەکان بووەو قژێکی هێندە درێژیشیان هەبووە، کە سەرتاپای جەستەیانی داپۆشیوەو لە گەرماو سەرما پاراستوونی، هەروەها گوایە لەناو بەرەلاییەکی بلاوو باوی جنسیدا ژیاون، وەك ئاژەلان لەو کارانەدا خەریکی یەکتر بوونو ئافرەتیان ڕێگەی لە هیچ پیاوێك نەگرتووە کە نیازی داوێن پیسی لەگەلێدا هەبوو بێت، هیچ پیاوێکیشیان تاکە ئافرەتێکی دیاریکراوی نەبووە.

٩- هەندێکی تر لەو تەفسیر نووسو مێژوو نووسانە وای لە قەلەم دەدەن گوایە لەناو (یأجوج ومأجوج)دا کەسانی وا هەبوون کە ڕۆیشتنیان وەك ڕۆیشتنی گورگ بووەو هەندێکیشیان ڕۆیشتنی بە بازدان بووەو

هەندێکیان تەنها بە ورتە ورت قسەی کردووە، یان گوایە هەندێکیان چوار چاویان بووەو هەندێکی تریان یەک قاچیان هەبووەو هەندێکی تریان لە بابەتی شلەمەنییەکاندا تەنها خوێنیان خواردۆتەوە.

ئەمە جگە لە چەندەها دەنگۆ شتی پووچ و ناڕاست و ئەفسانە.[١١٢]

دیارە ئێمە هیچ هەواڵ و بەسەرهات و وتەیەک لەوانە پەسەند ناکەین و ڕێگە بە کەسیش نادەین کە لە ئێمەوە ئەو جۆرە شتانە وەربگرێت یان لە کەسانی ترەوە، ئێمە لەبەر ئەوە دیاریان دەکەین تا خەڵکی لێ ئاگادار بکەینەوە، تا هیچ کەسێکیش لە کتێبە کۆنەکانەوە نەیانخوێنێتەوە و بڕوای پێ نەکات.

بێگومان (یأجوج ومأجوج) لە نەوەکانی ئادەمن، واتە مرۆڤی ئاسایی و دروستکراوی وەک ئێمە بوون، ئەندامەکانی لاشەو ڕوخسارو شێوەیان لە جەستەو ڕوخسارو ڕەنگی ئێمە چووە، لە هیچ شتێکدا لێمان جیا نین، تەنها بەو ژمارە زۆرەو بەربڵاوەی و داگیرکارییە هەمە لایەنەو بەو شێواندنو کاولکارییە نەبێت.

***

[١١٢] – سەبارەت بەم دەنگۆ شتە پووچەڵو ئەفسانانە بڕوانە کتێبی(الدر المنثور)ی (سیوطي) بەرگی(٥) (ل/٤٥٤–٤٦٤) هەروەها کتێبی (البداية والنهاية)ی (إبن الكثير) بەرگی(٣) (ل/١٠٩–١١٣) هەروەها کتێبی (ذو القرنين)ی (محمد خير رمضان يوسف) (ل/٢٩٤–٣٠٨).

(یأجوج ومأجوج) له ڕوانگەی بەهائییەکانەوە

(بەهائییەکان) تاقمێکی بێ باوەڕو گومڕاو هەڵگەڕاوەو لادەرن، وایشی ڕادەگەیەنن کە گوایە ئەوان موسوڵمانن. بەڵام لە ڕاستیدا لە ئیسلام دەرچوونو دوای کابرایەکی گومڕای کافر کەوتوون، کە ناوی (عبدالبهاء)ەو ئەو پڕو پاگەندەیەی بۆ خۆی کردووە کە گوایە (مهدي)یەو پاشان خۆی بە پێغەمبەرێك لە قەڵەم داوە کە گوایە وەحی لە خواوە بۆ دێت.

بەهائییەکان لێکدانەوەیەکی تایبەتیان لەسەر (یأجوج ومأجوج) هەیە کە پێچەوانەی لێکدانەوەو تێگەیشتنی هەموو خەڵکییە بە موسوڵمانانو ئەهلی کیتابو خوا نەناسەکانیشەوە.. تێگەیشتنو بۆچوونی ئەوان لەسەر (یأجوج ومأجوج) لە نامۆترینو سەیرترینی بۆچوونەکانی هەموو نەتەوەکانەو لە هەموویشیان زیاترو زۆرتر گومڕاییو درۆو بوختانو نوقم بوون لە ئەفسانەو شتە پووچەڵەکانی تێدایە.

(الدكتور صلاح عبدالفتاح الخالدي) نووسەری کتێبی (مع قصص السابقين فى القرآن) دەڵێت: گوێم لە کاسێتی یەکێك لە بانگەشەچییە بەهائییەکان بوو، کە بۆ باسی (یأجوج ومأجوج) تەرخانی کردبوو، تیایدا بە زمانێکی عەرەبی ڕەوانو بە ئەدایەکی پڕوونو بە شێوازێکی دیارەوە دەدوێت. بۆیە من زۆر سەرم سوڕماو تووشی سەرسامی بووم کاتێك ئەو هەموو چاوبەستیو سەرلێتێکدانو درۆو دەلەسەو قسەو بوختانە هەڵبەستراوانەم لەو شریتەوە بیست.

دەقی شریتی بەهائییەکان

ڕاستیو حەقیقەتی هەواڵی (یأجوج ومأجوج) ئای ئەوان.

بێگومان خوای بەرزو بێ هاوتا، قورئانە پیرۆزەکەی کردۆتە سۆنگەی خواستی خۆی بۆ بەندەکانیو بەپێی ئەو حیکمەتە زۆرەیو ئەو زانستە باڵایەی.. بۆیە خوای گەورە هەموو پێداویستی بەندەکانی لەو شتانەی کە لە ژیانی دونیاو ئاخیرەتیاندا پێویستیان پێی دەبێت لەو قورئانەدا کۆ کردۆتەوە، ئیتر ئەو پێداویستیانە بن کە بە زەوییەوە دەمانبەستێتەوە یان ئەوانەی کە بە ئاسمانمان دەگەنێت.

خوای گەورە لە قورئاندا هەواڵی هەموو بارو دۆخو شێوازێکی ژیانی نەتەوەکانی پێشووی بە نەتەوەی شوێنکەوتووی قورئان گەیاندووە، ئیتر هەموو بنەماو شتێکی تری جێی خواستی بەندەکانی تێدا دەرکەوتووە..

خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿مَّا فَرَّطْنَا فِي ٱلْكِتَٰبِ مِن شَيْءٍ﴾ الأنعام:٣٨

جا لەبەر ئەوەی قورئانی پیرۆز فەرمایشتو یاسای خوای میهرەبانە، بەم هۆیەوە ڕاستترینو ڕۆشنترین بەڵگەو پاڵپشتێکە کە پشتی پێ دەبەستریتو لە هیچ ڕوویەکەوە شتی ناڕاستو پوچەڵی تێ ناکەوێت، چونکە لە لایەن خوایەکی داناو سوپاسکراوەوە هاتووەتە خوارەوە.

لێرەیشدا لە پێگەی ڕاستگۆییو حەق بێژییەوە ڕاستییەك لە ڕاستییەکانی ئەم قورئانەو یەکێك لە بەسەرهاتەکانی دیاری دەکەین، کە خوای داناو شارەزا هێناویەتییەوەو ئیتر کێ وتەی ڕاستتری لە فەرمایشتی

خـوای گـەورە هەیـە؟! ئـەم ڕاسـتیو بەسـەرهاتەیش چـیرۆکی (یـأجوج ومأجوج)ە، کە خوا لە دوو جێگەی کتێبەکەیدا باسی لێوە کردون:

جێگـەی یەکـەم: لـە سـوورەتی (الکهـف)دا کـە دەفـەرموێت: ﴿ قَالُواْ يَٰذَا ٱلْقَرْنَيْنِ إِنَّ يَأْجُوجَ وَمَأْجُوجَ مُفْسِدُونَ فِي ٱلْأَرْضِ فَهَلْ نَجْعَلُ لَكَ خَرْجًا عَلَىٰٓ أَن تَجْعَلَ بَيْنَنَا وَبَيْنَهُمْ سَدًّا ﴿٩٤﴾ ﴾ الکهف.

جێگەی دووەم: لـە سـوورەتی (الأنبیـاء) کـە دەفـەرموێت: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا فُتِحَتْ يَأْجُوجُ وَمَأْجُوجُ وَهُم مِّن كُلِّ حَدَبٍ يَنسِلُونَ ﴿٩٦﴾ ﴾الأنبیاء.

بێگومان لەم بەسەرهاتەدا زۆرێك لە زانایـان لـەم ڕووەوە کەوتونەتـە نـاو چەند تەمو مژێکەوە، واتە لـەو چـیرۆکەدا کـە تـەنها خـواو پێغەمبەرەکـەی ﷺ لە حەقیقەتەکەی دەزانن. پاشان بە تایبەتی ئەو کەسـانەیش دەیـزانن کە خودا ڕێنمایی کردونو بەرچاوی ڕۆشـن کردونەتـەوە، تەنانـەت هەنـدێك لەو زانایانە چەند چـیرۆکێکی هەمـە جـۆری وایـان لـە دەوری ئـەم ڕاسـتییە هۆنیوەتـەوە، کـە هـەمووی دەسـکردو خـەیاڵین، هـیچ پەیوەندییـەکی بـە ڕاستییەوە نییە.

تەنانـەت هەنـدێکی تریـان ئـەو باسـانەی کـە خـوای گـەورە لـە کتێبـە سەنگینەکەیدا دیاری کردون، بە (مـەجازو مانـای وەرگـیراوو تێپـەڕێنراو)ی دادەنێن، هەندێك زانای تریشیان وایان لە قەڵەم داوە کە گوایە مەبەست لـە (یـأجوج ومـأجوج) بـریتی بێـت لـە (صـین)ییەکان، بـە تایبـەت کـە لـەم

سەردەمانەدا بە شێوەیەکی زۆر ژمارەیان زیاد بووە، کە لە ملیاری تێپەڕاندووە.

جا لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێشکەوتنو زانستیانەی کە لە هەموو بوارەکاندا لەم سەردەمانەدا بەدی هاتووە، هەموو ڕووی زەویش لە ڕووی جوگرافییەوە پێوراوە، ئیتر بە مانگە دەستکردەکان بێت یان بە فڕۆکەی سیخوڕی، جگە لە تیمەکانی شارەزایانی گەڕیدەی زەوی کە بە هەموو ئامرازو هۆکارە هەمە چەشنە زانستییەکانەوە لە زەویدا دەگەڕێنو شت دەدۆزنەوە. بە تایبەت ئەمڕۆ جێگەیەک نەماوە کە بنکەی سەربازی یان زانستی تیا دانەمەزرا بێت.

بۆیە بەڵگەیەک دەرنەکەوتووە لەسەر بوونی ئەم جۆرە گەلو خەڵکانە لەسە ڕووی زەوی، ئەمەیش لە بنەڕەتدا گومانی زیاتری لەسەر بوونیان دروست کردووە.

بەڵام ئەوەی کە خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی ﷺ باسیان کردووەو هەواڵو بەسەرهاتیان دیاری کردوون هەر دەبێت لە ئارادا بنو هیچ گومانێکی لەسەر بوونیان تێدا نییە، جا بۆ ئەوەی تەمو مژ لەسەر بیرو هۆشەکان نەمێنێتو ڕاستیش لە چەمکەکاندا ڕوون بێتەوە، مەسەلەکە بۆ ئەو پێغەمبەرە دەگێڕینەوە کە قورئانی بۆ دابەزیوە، ئەمەیش هەمان فەرمانڕەواییو پێغەمبەرێتییە کە لە دوایین سووڕو دەورانیدا لە (عبدالله المهدي)دا، دەردەکەوێت، وەک پێشتریش لە زانستی دەوراندا باسی لێوە کرا، چونکە لە چوارچێوەی هەموو زانستە پوختەکانی خوای گەورەدان،

زانستی خوایش تەواوێتی‌و جوانکاری تێدایە.. جوانکاری لە کورتەی شیکاری زۆری زانستە زۆرو کۆنەکەدا، ئەمەیش ئەو چرا ڕۆشنەیە کە خوای گەورە کردوویەتی بە مایەی ڕەحمەت‌و بەزەیی بۆ خەڵکی دونیا، ئیتر زانستی حەقخوازی، کە لە بەردەمیدا هەموو پەردەکانی وەهم دەکرێتەوە‌و بەربەستی خەیاڵو سەرسامی نامێنێت، ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە بێگومان بوونی (یأجوج ومأجوج) ڕاستییەکی جێگیرە‌و ئەوان هەن‌و لە پشت بەربەستەکەیانەوەن، وەک چۆن خوای گەورە هەواڵی لەسەر داوە تا نزیك بوونەوەی بەڵێنی حەق دەربارەی هاتنی ڕۆژی قیامەت.

بۆیە هیچ کەسێك بۆی ناشێت بە ڕای خۆی لە بۆتەی وەهمیدا داینێت، یان دوای ئەم ڕاستییە مانای مەجازیان بۆ لە قەڵەم بدات، پێغەمبەر ﷺ بەو پێیەی کە کۆتایی پێهێنەری دەورانە زانستییەکەی ئەم بەسەرهاتەیە، هەواڵی ئەوانی پێ داوین‌و فەرمویەتی: (یأجوج ومأجوج) پۆلێکن لە ئادەمیزادو بەسەرهاتێکی سەرسوڕهێنیان هەیە، کە پێش ئەوەی (نوح) پێغەمبەر (علیه السلام) کۆچی دوایی بکات ڕوویداوە، ئەوە بوو خوای گەورە ژیانی (نوح)ی لە دوای لافاوەکە درێژ کردەوە تا ئەو کاتەی نەوەی سێیەم لە کوڕو وەچەکانی بەسەر ڕووی زەویدا بڵاوکردەوە‌و بە پێی ئەو نەخشەیە بوو کە خوای گەورە بۆی کێشابوو.

ڕەگو ڕەچەڵەکی (یأجوج ومأجوج)یش بۆ ئەو حاڵەتە دەگەڕێتەوە کە (باناثی کوڕی یافثی کوڕی نوح) (علیهم السلام) دووانەیەکی نێرینەیان بوو بوو، کە دوو منداڵی زۆر ناشیرین بوون، تەنانەت وێنەی فیل بە ڕەنگو

ڕوخساریانەوە نیشتبوو، پێیەکانو مەچەکەکانی دەستیشیان شێوەی سمی فیلیان وەرگرتبوو، هەروەها دەمی هەردووکیان کەمێك لە سەرو سەکوتو لوتی فیلیان نیشان دەداو گوێچکەکانیشیا لە گوێچکەی فیل دەچوو.

لەو دوو کوڕە منداڵە یەکێکیان قەبارەو بارستایی گەورەی هەبوو، بەڵام ئەوی تریان هێندە بچووکو لاواز بوو بەو ئەندازەیەی گوایە کاتێك لە دایکبووە، بە سکی براکەیەوە نووسا بێت، وەك ئەوەی جانەوەرێك بوو بێت بە سکییەوە.

(نوح) پێغەمبەری خودایش (علیه السلام) فەرمانی کرد کە یەکەمیان – واتە گەورەکەیان– ناوی (یأجوج)ی لێ بنرێتو ئەوی تریشیان کە جەستەی لاوازو بچووك بوو ناوی (مأجوج)ی لێ بنرێت.

هەر یەکە لەم دوو ناوەیش لە زمانی سریانی پێغەمبەر (نوح)دا (علیه السلام) مانایەکی تایبەتی هەبووە، چونکە دوو ناوی لێکدراون، بۆ نمونە وشەی (یأ) بە مانای (بخۆر)ەو وشەی (مأ)یش بە مانای (شارب) واتە (کەسێك کە دەخواتەوە)، وشەی (جوج)یش کە بۆ هەر یەك لە دوو وشەکە زیاد کراوە، واتە (إفك) درۆ دەگەیەنێت.

لەسەر ئەمەیش، وشەی یەکەم (یأجوج) واتە (آکل الإفك) واتە (درۆ خۆر)، وشەی دووەمیش (مأجوج) واتە (شارب الإفك) واتە (درۆ دەخواتەوە).

کاتێك لەسەر ماناو مەفهومی ئەم دوو وشەیە پرسیار لە (نوح) پێغەمبەر

(علیه السلام) کرا، لـه وەڵامدا فـەرمووی: (ئـەو مرۆڤانـه کـارو حاڵـەتێکی تایبەتیان هەیە کە بە خواستی خوای بەدیهێنەریانە).

پاشان (آراث)ی کوڕی (یافث)ی کوڕی (نوح) (علیه السـلام) دوانەیـەکی مێینـەی لـه خێزانەکـەی بـووە، کـه دوو کچـی منـدالّ بـه هـەمان قـەبارەو بارستایی ئەو دوانه نێرینەیه بوو.

(نوح) پێغەمبەر (علیه السلام) فەرمانی کردووە کە کچە گەورەکە، ناوی (عوج)ی لێ بنرێت، ئەم وشـەیەش لـه زمـانی سـریانیدا مانـای (زل و قەبـه) دەگەیەنێت، هەروەها فەرمانی کردووە کە کچە بچوکەکەیش ناوی (عـنج)ی لێ بنرێت، کە مانای (کورتە بالّا) دەگەیەنێت.

ئیتر حیکمەتی خوای بەدیهێنەر وا بووە کە هەر یەکـەیان لـه ماوەیـەکی کورتدا گەورە ببێت.

جا کاتێك بالّغ بوون، (نوح)(علیه السلام) فەرمانی کردووە (عوج)ی کچە گەورەکەی لە (یأجوج)ی کـوڕە گەورەکـەی مـارە بکرێت،و (عـنج)ی کچـە بچووكو کورتە بالّایش لە (مأجوج)ی کوڕە بچووك مارە بکرێت.

پاشـان وەك پێشـتر ڕوونمـان کـردەوە، کـه (نوح)(علیـه السـلام) بـه فەرمانی خوا (وەچەو نەوەکانی) بەسەر هەموو ناوچـەکانی زەویـدا دابـەش کـردووەو بـەو شـێوەیەی کـه خـوای گـەورە بـۆی دیـاری کـردووە، ڕاسـتی ئەمەیش وا بووە کە خوای گەورە فەرمانی بە دوو فریشتە کـردووە، کـه لـه شێوەو قەبارەی دوو بالّندەدا بچن بۆ لای (نوح).

(نـوح)یش لـەکاتی دابەشـکردنی نەوەکانیـدا بەسـەر ناوچـەیەك لـه

ناوچەکانی سەر زەویدا فەرمانی پێ کردون کە دوای ئەو دوو باڵندە بەڕێزە بکەون، تا بە ویستی خوای گەورە لە شوێنێك دەگیرسێنەوە و لەو جێگەیەشدا بێت کە ئیرادەی خوا لەسەر ئاوەدانکردنەوەی هەیە.

جا کاتێك نۆرەی ئەو دوو (ژن و مێرد)ە دوانانەی کە دوو کوڕی دوانەو دوو کچی دووانەی زۆر سەیر بوون، هەردوو لا (واتە هەردوو خێزانەکە، یان هەردوو مێردەکە) فەرمانیان پێکراوە کە دوای ئەو دوو باڵندەیە بکەون، ئەمەیش وەك ئەو نەریتەی کە لەو ڕۆژەدا باو بووە، ئینجا زەویش بە فەرمانی خوا بۆیان هێنراوەتەوە یەك و پێچراوەتەوە، تا بە ئاسانی بگەنە ئەو جێگەیەی کە بە خواستی خوا دەبوایە بگەنە ئەوێ و ئاوەدانی بکەنەوە..

ئەو دوو باڵندە بەڕێزەیش، هەردوو خێزانەکە (واتە هەردوو مێردەکەو هەردوو ژنەکە)ی بە هەردوو جۆرو ڕەنگو جەستە لێك جیاکانیانەوە بردووەو ڕێنیشاندەریان بووە، تا گەیشتونەتە ئەو جێگەیەی کە ئێستا دوو خێزانەکەو وەچەکانی خۆیانی لێیەو باڵندەکان لەوێ نیشتونەتەوەو ئەو شوێنەی ئێستای (یأجوج ومأجوج)یان بۆ دەستنیشان کردوون، بەردەوام هەر لەوێشدان تا ئەو ڕۆژەی کە خوای گەورەو باڵادەست ڕێگەی دەرچوونیان بۆ شوێنەکانی تری زەوی پێ دەدات.

دەروازەی ئەو ناوچەیەش لە شوێنێکدایە لەنێوان دەشتەکانی (سیبیریا)ی ئێستا، ئەو سەهۆڵبەندانە کەڵەکە بووەیش کە ئەمڕۆ لەو ناوچەیەدا هەیە، لەو زەمانەدا نەبووە، بەڵکو چەند مێرگێکی فراوانی

سەوزی پێدەشتەکان بووە کە درەختو جەنگەڵە چڕەکان بە ڕیزی درێژ دەبینرانو دایان پۆشیون.

ئەمەیش لە ئاکامی ئەو لافاوەوە کە ژیانی بەو ناوچەیە بەخشی بوو چەندین دۆڵو شیوو نشێوی لێ بوو بوویەوە، چەندەها ماددەی هەمە جۆرو بەپیتیشی لێوە پەیدا بوو بوو، پاشان هەردوو باڵندە بەڕێزەکە (یأجوج ومأجوج)یان بە نێو کەلەبەرێکی گەورەی زەویدا بردە ناوەوە، کە بەرەو خوار لێژ دەبوەوەو لەو پارچەیەی زەویشدا وەک ئەشکەوتێکی گەورەو نێوانی هەردوو دیوارەکەی لە ڕاستەوە بۆ چەپ نزیکەی یازدە فەرسەخ بووە، بەرزی سەرەوەیش لە لێژاییەوە نزیکەی نیو فەرسەخ بووە. ئەو ناوچەی لێژاییەش کە لێوەی دابەزیون دەگەیشتە سەر کڕۆکی زەوی کە ڕووناکو پرشنگدار بووە، لەسەر ئەو شێوەیە بوو کە لەسەری بوو، پێش ئەوەی زەوی ڕێک ببێتو بەشەکانی لەسەر یەک کەڵەک ببێت، کە بووە هۆی خڕ کردنەوەی.

بۆیە پێش ئەو ڕووداوانە زەوی پانو پۆڕو درێژ بووە، وەک تابلۆیەک لە گەوهەرێکی ڕوون، کە خوای پەروەردگار (إبداع) داهێنانکاری لە دروستکردنیدا لە جوانترین دەریاو ڕووبارو چیاو دارو درەختو کێڵگەی بە شێوەی بەرجەستەو زیندوو لەسەر وێنا کردبوو، ئەمەیش بە حوکمی ئەو ڕێسای (بە خۆر ڕووناک کردنەوە)یەی کە ژیانی تەواوی بەپێی خواستی خودا لە وێنەکێشانو داهێنانکاریدا پێ بەخشیوە.

جا هەر کەسێک خوازیاری چوونە خوارەوە بێت بۆ بنی زەوی ئەوا لە

هەر لێژاییەکەوە بێت بۆی دادەبەزێت، چونکە لایەکانی زەوی کە بەو ڕێکخستنە تۆکمەیەوە بۆ بنی ڕووەکەی ژێرو ناوەوەی لێژ دەبێتەوە، حاڵەتێکی ئاسایی خوازراوو ئیرادە لەسەر دانراوی خوایە، خوایش کە بە چاکیو ڕێکی هەموو شتێکی دروست کردووە، بنی ناوەوەی وەك شێوەی ڕووکارە دیارەکەی داناوە، کە چۆن هەموو وێنەیەکی زیندووی دەریاو ڕووبارو چیاو دارو درەخت‌و ڕوەکەکانی تیا داهێناوەو ئیتر وەك بەهەشتێکی پڕ لە نیعمەت‌و خێرو خۆشی گەورەی لێ هاتووە، کە بە شەونمە ڕژێنراوەکەی ڕووناکی خۆرەوە پەیدا بوون.

بەشی سەرەوەی بنی زەوی ئاسمانێکە بۆ ئەو کەسەی کە بەسەر بنی خوارەوەیدا دەڕوات، چوارگۆشەیەکی پێکهاتویش لە ناوەڕاستیدایە، کە هەر لایەکی دەگاتە سەدان میل، نێوانی هەردووکیان پێك دەگەیەنێت، کەعبەی پیرۆزیش ئێستا لە سەنتەری ناوەڕاستیدا وەستاوە، ناوەوەی ئەو زەوییەو خواروتریشی مەڵبەندی ژیانێکی سەلمێنراوی ڕووناك بووەو ژیانەکەیشی بەهێزتر بووە لەو ڕووکارەی زەوییە ڕۆشنکراوەکە، کە لە پێش خڕکردنەوەو هێنانەوە یەکی (زەوی)دا بووە.

جا کاتێك (یأجوج ومأجوج) بۆ ناخی زەوییە بنەڕەتییە ڕۆشنکراوەکە لەو کەلەبەرەی نێوان لوتکەی هەردوو چیاکەوە دابەزین، کە دەکەوێتە لایەك لە لایەکانی زەوییەوە لەو لایە دیاری کراوەوە، کە پێشتر ڕوونمان کردەوە)، کە خوای گەورە خۆی بۆ ئەو کارە سەرسوڕهێنەرە هێشتونیەتییەوەو حیکمەتێکی زۆری وای خواستوە، کە دوای کەمێکی تر

لەم دێڕانەی داهاتوودا (بە یارمەتی خوا) بۆمان دەردەکەوێت، ئای کاری خوای باڵادەست چۆنەو چەند ناوازەیە ئەوەی دەیبینین! کە دوای ئەوەی هەر یەکە لەو دوو ژنو مێردە بە هێواشی چوونەتە ناو ئەو زەوییەوە.

ئینجا ڕەنگو ڕوویان گۆڕاوە، واتە لەو ڕەنگە ناشیرینەی کە پێشتر باسکرا، گۆڕان بۆ جوانترین ڕەنگ لە ڕوخساری سەرنج ڕاکێشو دڵفڕێن. تەنانەت گەر جوانترین مێینەی دونیا لەگەڵ هەر یەک لەو دوو جۆرەدا بەراورد بکرێت، ئەوا لە ئاستیدا ناشیرینترین مرۆڤ بووە، بە هەمان شێوە هەردوو پیاوەکەیش جوان بوو بوون، ئەگەر هەر نێرینەیەک لەگەڵ یەکێکیاندا بەراورد بکەین، ئەوا ئەو نێرینەیەش ناشیرینترین مرۆڤ بووە لە ئاستیدا.. ئەمەیش بەهۆی ئەو هێزە ڕۆشنکەرەوانەی ڕەحمەتی خواوە کە لە جێگیری ناخی زەوی درەوشاوە بە نووری پەروەردگاری باڵادەستدا هەبووە، کە بە حوکمی ڕۆشن بوونەوەکەیەوە بووە بە بەهەشتی خوا، لە زەوییەکەیدا.

ئیتر هەر یەک لەو دوو خێزانە نەوەیەکی یەکجار زۆرو بێشوومارییان لێ کەوتۆتەوە، بە شێوەیەک مەگەر هەر خوای بەدیهێنەر خۆی ژمارەی زانیبێت، ئەوانیش سەرەڕای زۆر بوونیان هەر لەو زەوییەدا بە گیانی خۆشەویستی و ڕەحمو بەزەییەوە لەگەڵ یەکتردا ژیاون و لە ئاستێکی بەرزی دڵسۆزیدا بوون، بۆ خواپەرستی و زانست و گەیاندنی پەیوەندی سۆزی نێوان خۆیان، بەمەیش وایان لێ هاتووە کە مرۆڤە زەبەلاحەکانیان کوڕانی مامیان کە (کورتە باڵا بوون) خستۆتە سەر شانیان لەکاتی ڕۆیشتندا.. هەروەها

سەرەڕای پێچەوانەی بەشەکانی زەوی‌و کەم کردنەوەیان بە حوکمی کاری جێگیری‌و ڕۆشنکردنەوەی بە ڕەحمەتی خوا بۆ هەر کەسێك بە سەریدا بڕۆیشتایە، بەڵام هەر بە حوکمی ئەو ژیانە جێگیرەو ڕووناکەیشەوە، خۆشەویستی‌و سۆزو بەزەیی لە نێوانیاندا بڵاو بوو بوویەوە.

خوای پەروەردگار ڕزق‌و ڕۆزی ئەوانی وا لێکردبوو، کە لە گەنجینەکانی ئەو ڕەحمەتەی خۆیەوە پەیدا ببێت، کە لە یاسای ڕووناك کردنەوەی پڕ ڕەحمەتی خۆیەوە، بەپێی ماندوبوون‌و ڕێ‌و شوێنێك بۆی دانابوون، تەنانەت بەپێی خواست‌و ئیرادەی واقیعیانەی ئەو خەڵکەیش بووە، ئەمەیش حاڵ‌و بارو دۆخی هەموو ژیانێکی مولکدارانەیە، بە تایبەتیش لە بەهەشتەکاندا.

جا ئەگەر ئێستا ئێمە تێیان ڕابمێنین‌و ئەو جۆرە ژیانەیشیان لەلای خەڵکی ئێستا زانراو بێت، ئەوا حەسوودی‌و ئیرەییان پێ دەبەین، چونکە ئەوان چەندان هێندەی ئەو ئادەمیزادانە بوون، کە ئێستا لەسەر ڕووی زەوی دەژین، چەندان هێندە ئەفسانەیی بوون، کە ناژمێردرێت‌و هیچ عەقڵێکیش بە خەیاڵیدا نایەت، چونکە ئەوان لەوپەڕی چاوتێری‌و بەختەوەریدا دەژین، جگە لەوەی هیچ نەخۆشی‌و دەردو پەتایەکیش هەرگیز ڕوویان تێ ناکات، ئەمەیش لەبەر نەبوونی شوێنەوارێکی ئەو دیاردانەی کە ئەو دەردو پەتایانە بەهۆی هەمە جۆری‌و تێکەڵ بونیانەوە دەخوڵقێنن، هەروەها هیچ وجودێکیش بۆ حوکمی مردن لەو خاکەیاندا نییە، ئەمەیش بەهۆی بڵاوبونەوەی گیانی چەسپێنراوی ژیان تیایدا..

تەنانەت گەر بتوانرێت مردوویەك ببرێت بۆ ئەوێ، ئەوا بە لەشساغییەوە هەڵدەسێتەوەو لە هەموو دەردو نەخۆشییەکیش چاك بۆتەوە، لەوانەیشە تۆ بپرسیتو بڵێیت:

دەی باشە ئەم جیاوازییە بەرفراوانە خەیاڵییە چییە لە کاتێکدا قورئانی پیرۆز وای باسکردون کە ئەوان تێکدەرن لە زەویدا؟

منیش لە وەڵامدا پێت دەڵێم: هەر لە هەمان سەرچاوەی پیرۆزەوە کە قورئانەو لە سوننەتی چڕو پڕ بەرەکەتی پێغەمبەریشەوە ﷺ دەتبەمەوە بۆ خاڵی سەرەتاو بنچینەی مەسەلەکان..

ئەوە بوو وەك پێشتر باسمان کرد دوای ئەوەی یەکەمین باب و باپیرە پێشینەکان دابەزینە خوارەوە بۆ ناو ناخە بنەڕەتییە کراوەکەی زەوی و دوای زۆربوونی نەوەکانیان (بەو شێوەیەی کە لەمەو پێش ڕونمان کردەوە) پارچەکانی سەر ڕووی هەسارەی زەوی کە لە دەروازەکەوە نزیك بوون، خاڵی پێك گەیشتنی ئەو تۆزە زەمینییە بوون کە دراوە بەسەر ڕووی زەوی و بەسەر ناخی خوارەوەی ئەو زەوییە ڕاستەقینە بنەڕەتییەدا کە پێشتر باسمان کرد، ئەو خاکانەیش پڕ کرابوون لە نەوەی ئامۆزاکانی ئەمان و لەو هۆزو تیرە هەمە چەشنانەی تری وەك (مەغۆل) و (تەتەر) بوون، هەروەها لە سەرجەم تیرە هەمە جۆرەکانی تری مرۆڤی سەرەتایی بوون، کە بناغەی ئەو هەموو ڕگەزە مرۆییانەی ئەمڕۆو ئەم پارچە زەوییانەی تریان ئاوەدان کردۆتەوە.

یان بناغەی پەیوەست بە هەموو ئەو نەتەوانەی ترن کە لە ناوچەکانی

تـری دەورو بەریانـەوە هـەبوونو نـەوەکانیان بـە شـێوەیەکی بـێ سـنوور زیادیان کردووە.

بێگومان نزیك بوونەوە لە هەر تیرەیەك لـەو تیرانـەیش لـەو کەندەلانـەی زەوییەوە کە (یـأجوج ومـأجوج) تیایـدا نیشـتەجێ بـوون، کـارێکی مـەحاڵ بووە، چونکە سامو هەیبەتێکی وای لێوە دەرکەوتووە کـە بـەهێزترین دڵـی لەرزانـدووە، بـەڵام دواتـر دەرچـوونی هەنـدێك دەسـتەو کۆمـەڵی (یـأجوج ومـأجوج) بـۆ دەرەوەی خاکەکـەیان دەسـتی پـێ کـردووەو هـەر لەگـەڵ دەرچوونیشیاندا کەوتونەتە بەر پەلاماری (دابو نەریتی باوی ڕەگەزەکان) کـە حـوکمی سـەر ڕووی زەوی دەکـرد، ئـەوانیش بـە نـەمانی ئـەو جوانییـە ڕۆشن بووەوەی کە تیایاندا بوو، گەڕاونەتەوە سەر بنچینەی ڕوخسـارەکانی پێشـوویانو بـە هـەمان ڕەنـگو ڕوخسـاری بـابو بـاپیرەی یەکەمیانـەوە دەرکەوتوونەتەوە، واتە بەو ڕەنگەی کە لەسەر شێوەو هەیئەتی فیل بوون، سا ئیتر زەبەلاحەکانیان بووبن یان کورتە بالاو بچووکەکانیان.

بەم ڕەنگەیش لەوپەڕی کاملّیو ڕێکو پێکـیو ڕەوشـت مەندییـەوە، کـە لەو خاکەدا پێیانەوە نووسابوو، هەڵگەڕاونەتەوە بۆ خراپترین ئاکارو نەریت لە تونـدیو ڕەقـیو شـەڕخوازیو کـرداری شـەیتانیانەوە، بـە ئەندازەیـەکی هێندە ترسناکیش کە هیچ عەقڵێك بـە خەیاڵیـدا نایـەت، ئـەوان بـەم ڕەنگـە بوون، پێچەوانەی هەردوو یاساکەی (ڕۆشنکردنەوە)و (ڕەگـەزەکان) بـوون، یاسای (ڕۆشنکردنەوە) ڕوخساری ئەوانی بۆ چەند شانو شکۆیەکی بەسامو بەڕێز گۆڕیبوو، یاسای ڕەگەزەکانیش کە لەسەر ڕووی زەوی تووشی بوون،

هەڵیگەڕاندونەتەوەو کردوونی بە چەند ئاژەڵێکی درندەو چەند تارماییەکی شەیتانیو ئەفسانەیی.

لەم حاڵەتەیشدا دەشێت کەوتبنە بەر مردن، ئەگەر مردن یەخەی پێ گرتبن، بەڵام کێ توانیویەتی بەرامبەریان بووەستێتو خۆی پاگرێت، لە کاتێکدا ئەوان خاوەنی ئەو هێزە ئەفسانەییە ترسێنەرو نا ئاساییە ڕیزبەڕە بووبنو ئەو هەموو نەریتە خراپو شەڕخوازانەیشیان هەبووبێت کە هیچ ئارامییەك لە بەرامبەریاندا ناگیرێت.!

ئەو هێرشو شاڵاوانەی بۆ هەر لایەکیان دەبرد وەك چەند گەردەلوولێکی تێکدەر بوون، کە پەلی بۆ چەند ناوچەیەکی فراوانو دوور دەهاویشت، ئەمەیش بەهۆی ئەو توانایەوەی کە ژیانە ڕۆشنکراوەکەیان لە چەند هێزێکی نا ئاساییەوە پێی بەخشی بوون، کە چەندین وزەی لە ڕادە بەدەریشیان لە بڕینی ماوەی ڕێگاکاندا بە خێراتر لە ڕۆیشتنی باڵندە بۆ ئاسان بوو بوو، تا وای لێهات فەسادو خراپەیان گەیشتە قوڵایی ناوچەکانی ئەو وڵاتانەی کە ئەمڕۆ بە وڵاتانی (هندو صین) ناو دەبرێنو گەلێك وڵاتی دوورتریشی گرتەوە کە لەو سەردەمەدا ناوەکانیان دیاریکراو نەبوو.

هیچ شتێکیش (هەر چییەکو هەر چۆنێك بووایە) لە بەرامبەر شاڵاوی ترسناکو تۆقێنەری ئەواندا نەدەما، ئەوان هیچ مرۆڤو ئاژەڵێکیان فەرامۆش نەدەکرد تا بە زیندوویی دەیانخوارد، هەروەها هیچ ڕووەکو درەختێکیان بە ساغی نەدەهێشتەوە، یان دەیانخوارد یان تێکیان دەداو لە ناویان دەبرد.. تەنانەت ئەگەر گەلێك لەسەر چیایەك یان پێ دەشتێك بووبن،

ئەوانیشیان بە دارو درەختو کێڵگەو مەزراکانیانەوە ڕامالّیوە، کەواتە ئەوان چ گەردەلوولێکی وێرانکەر بوون؟! ئەی ئایا چ ترس و بیم و بەڵایەکیان دروست کردبێت؟ لەگەڵ ئەوەیشدا هەر جارێك بۆ خاکەکەی خۆیان هاتبنەوە باسی ئەو ڕووداوانەیان نەکردووە، کە خۆیان دروستیان کردووە، بەڵکو دەست بەجێ دەچوونەوە سەر حاڵەتە بەڕێزو شکۆمەندییەکەی خۆیان و سەر ڕوخسارە ڕێك و پێکە پرشنگدارەکەیان، جا بە حوکمی زانین و ئاگادار بوونی سروشتی پرشنگداربیانەوە مەبەستیان لە دەرچوونیان گەیاندنی سوودو کەڵك بووە بە کوڕانی ئامۆزاو خزم و کەس و کارەکانی خۆیان لەو گەلانەی تردا، بەڵام نەیانزانیوە کە ژیانی هەموو ئەوانە تێك دەدەن و لە ناویان دەبەن، بێگومان ئەوان بوونەتە هۆی لەناوبردنی چەندین هۆزو تیرەی بێشومار لە ئامۆزاو کەس و کارو خزمانیان، تەنانەت ئەو ناوچانەو بەشەکانی دەورو بەریشیان تا ماوەیەکی زۆر لە مرۆڤ چۆڵ بوو بوون.

هەر بۆیە خوای گەورە (ذو القرنین)ی بۆ ناردن تا ئەوان لەو شەڕو بەڵا هەرە ترسناکە ڕزگار بکات. جا بزانە ئەگەر ئەوەی زانایان لەو ناوچانەو دەورو بەریان دۆزیویانەتەوە وەك شوێنەواری هاو شێوەی چەند جەستەیەکی نیمچە مرۆیی، کە لە شێوەی ئاژەڵەوە نزیکن، ئەوە لە بنەڕەتدا لاشەی هەندێك لەوانەن کە چەند تیرەیەك توانیویانە بیانکوژن.

زانایان گومانیان وا بووە کە ئەو لاشانە تەنەکانی ڕەگەزێکن لەو دروستکراوانە کە لە پێش مرۆڤدا زەویان ئاوەدان کردۆتەوە.

ئەمەیش هەڵەیەکی دیارە چونکە بەستەڵەکە سەهۆڵییەکەی (سیبیریا) ئەم دەروازەیەی داپۆشیوە، کە دەچێتە خوارەوە بۆ ناخی زەوییە ڕۆشنکراوە بنەڕەتییەکە.

هەر ئەو دەروازەیەشە کە بەربەستەکەی (ذو القرنین)ی لەسەر دروستکراوە، کە بە یارمەتی کۆمەکی خوای گەورە توانی دروستی بکات.

لەوانەیشە بپرسیت (ذو القرنین) چۆن توانیویەتی بەربەستەکەی نێوان هەردوو لوتکەی چیاکە لە ڕاستو چەپەوە لەنێوان دەروازە بەرزەکەو دەروازە نزمەکەی تونێژاڵی زەویدا دروست بکات، لە کاتیکدا ڕووبەری نێوانیان دەگاتە نزیکەی یازدە فەرسەخ بەرامبەر نیو فەرسەخ؟!

ئەی ئایا بڕی ئەو پارچە ئاسنە گەورانەو پارچە مسەکانیش چەند بووبن کە بەکاری هێناون؟ ئەی چەند تیرە بەشداربیان لەگەڵدا کردووەو یارمەتیان داوە لە بونیتنانی ئەو بەربەستە قەبەو سەرسوڕهێنەرەدا!؟ پاشان بۆچی هەر بە تایبەت ئاسنو مسیان تێکەڵ کردووە؟

(وتاربێژی بەهائی) دەڵێت: بەو شێوەیەی کە خوای زانا و دانا دەری خستووە پێت دەڵێم:

بەڕاستی ئەوانەی لەگەڵ (ذو القرنین)دا بەشداربیان کردووە لە دروستکردنی بەربەستەکەدا لە پیاوانی ئەم قەبیلەیە، تەنها حەوت پیاو بوون،! ئیتر بێجگە لەمانە لە شوێنکەوتوان یان سەربازەکانی بەشداری نەکردووە، بەڵکو ئەو فەرمانی کردووە بە سەرجەم قەبیلەو سەربازەکان بە

دوورکەوتنەوە بۆ ئاستێکی وا کە چاویان بە بینینی نەگات کە چی دەکرێت یان ڕوو دەدات، بەڕاستی ئەو حەوت پیاوەی لە بەتەقواترین پیاوانی ئەو قەبیلەیە هەڵبژارد، سەرەڕای ئەوەی پێویستیشی پێیان نەبوو، لەبەر ئەوەی خوای خاوەن هێزو دەستەڵات دامەزراوو پایەداری کردبوو، لەسەر ئاستێك کە خوای گەورە لە کتێبە بەڕێزەکەیدا هەواڵی پێ داوەو فەرمویەتی: ﴿إِنَّا مَكَّنَّا لَهُۥ فِى ٱلْأَرْضِ وَءَاتَيْنَٰهُ مِن كُلِّ شَىْءٍ سَبَبًا ﴿٨٤﴾﴾ الكهف.

هەروەها تا ئاستێك کە خوای گەورە باسی کردووە دەربارەی وەڵامی (ذو القرنين) بۆ خەڵکی قەومەکان کاتێك دوایان کرد مااڵو سامانی بۆ کۆ بکەنەوە: ﴿فَهَلْ نَجْعَلُ لَكَ خَرْجًا عَلَىٰٓ أَن تَجْعَلَ بَيْنَنَا وَبَيْنَهُمْ سَدًّا ﴿٩٤﴾ قَالَ مَا مَكَّنِّى فِيهِ رَبِّى خَيْرٌ﴾ الكهف.

بەڵام ئەو حەوت کەسە بەشدارییان کرد لەگەڵیدا، تا خۆیانو قەومەکانیان جێگەی پاداشت بن، بە هەستانیان بەو کارە، هەروەها بۆ دەرخستنی کاری سەرپەرشتی کردن کە لەواندا هەڵگیراوو هەبوو. لێرەیشدا ئەوانی هەڵبژارد.

ئەو حەوت کەسەیش تایبەت بوون بە باسی ئایەتەکەی خوای گەورە کە لە باسی چیرۆکی (ذو القرنين)دا هاتووە: ﴿فَأَعِينُونِى بِقُوَّةٍ أَجْعَلْ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُمْ رَدْمًا ﴿٩٥﴾﴾الكهف.

بەڕاستی ئەندازەی ئەو پارچە ئاسنانەی کە بەکاری هێنا دەگەیشتە کێشی حەوت (رطل)، لە تەشتێکی گەورەدا داینا، پاشان فەرمانی کرد حەوت (أللە أکبر) بکەن و ئاگرەکە هەڵبگیرسێنن، پاشان (أللە أکبر) بکەن و پاشان فووی پیا بکەن بە وتنی حەوت (أللە أکبر)، ئینجا بەوەیش ئاسنی تواوە ئامادە کرا.

ئینجا فەرمانی کرد بە فەرمانی خوا کە ئەو دەروازە کراوەیە بێتەوە یەک، ئینجا هاتەوە یەک، تا وەک پەنجەرەیەکی بچووکی لێهات، ئینجا بە دەستی خۆی ڕێکی کرد، بەپێی ئەو وزە خواییەی کە پێی درابوو، تا ڕووبەرەکەی بوویە مەترێک بە مەترو نیوێک، بە پێوانە کردنی ئێستا.

لەوپەڕی ڕێکی و ئەندازە گیریدا بوو، پاشان تەختە بەردێکی لەسەر دانا کە بۆی ئامادە کردبوو، پاشان فەرمانی کرد بە حەوت پیاوەکە کە تەشتە ئاسنە تواوەکەی لەگەڵدا هەڵبگرن، ئەوانیش (أللە أکبر)یان دەکرد، ئینجا ڕشتی بەسەر بەردەکەو کەلەبەرەکانی دەوری دەروازە هەڵکەنراوەکەدا، تا بە تەواوی لەگەڵیدا تێکەڵ ببێت.

پاشان بە ئەندازەی ئەوە مسیشی بۆ تواندەوەو ڕشتی بەسەر ئاسنەکەدا بە هەمان شێوە، ئەوەیش کارێکی دانایانە بوو جێبەجێ کرا، کە خوای خاوەن هێزو دانا بەوی بەخشیبوو، پاشان بە مۆڵەتی پەروەردگاری بەتوانا فەرمانی کرد بە زەوی بگەڕێتەوە ئەو دۆخەی کە لەسەری بووە، بە فەرمانی خوا گەڕایەوە دۆخە ئاساییەکەی خۆی.

کاتێك ئەم بەربەستە لەگەڵیدا کشاوەو بە ئەندازەیەکی دیاریکراو فراوان بووە کە ئەو دەروازەیەی لەسەر بووە، ئەوەیش لەسەر شێوەیەکی ناوازە بووە لە ڕێکی‌و ئەندازەگیری‌و دامەزراویدا.

دوای ئەوە بە ماوەیەك سەهۆڵبەندان ڕووی کردۆتە ئەو ناوچەیە، تا بووە بەو شێوەیەی کە ئێستە لە سەریەتی.

ئینجا باش بزانە کە ئاسن کارەکەی بریتییە لە سەختی‌و ڕەقی‌و سودبەخشی، ئەوەیش تایبەتمەندییەکە کە خوای بەدیهێنەر تیایدا بەدی هێناوە وەك فەرمویەتی: ﴿وَأَنزَلْنَا الْحَدِيدَ فِيهِ بَأْسٌ شَدِيدٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ﴾ الحدید:٢٥. کاتێك تیشکی ڕووناکی دانەوەی لە ناخی زەوییەوە بەر بکەوێت ئەوا چالاکی لەبارو بەسوود یان بارگەی موجەبی تیا دروست دەکات‌و تیشکی لە بەهێزییەکەی بۆ دروست دەکات‌و دەچێتە ناو ئەو بەردەی کە لە خوار ئەوەوەیە بە ئەندازەی (فرسخ)یێك.

ئەوەیش حیکمەتە لە دانانی بەردەکە لە پێش ئاسنەکەدا، بەڕاستی بواری تیشکدانەوەی موجەبەو بریتییە لەوەیش کە شتانی سروشتی وەرناگرێت هەرچیەك بێت، چونکە لە جەوهەری ڕاستی‌و زیندویی نییە، مەگەر کاتێك بە فەرمانی خوا تیایدا دابنرێت، بەڕاستی ئەو بوارە تیشکدەرەیش کە بەردەکە وەری گرتووە لە کرۆکی زەوی زیندوەوەیەو پڕە لە بارگەی مەجەبو ڕۆحی ئەو چالاکی‌و زیندویەتییەی بڵاوکردۆتەوە لەو ئاسنەدا کە سەری دەکەوێت تا بەهێزو سەخت بێت لێوەی بۆ ناوەوە،

به ئەندازەی مەبەستو خوازراوو بەپێی حیکمەت. ئەوەیش لەبەر ئەوەی سروشتی جەوهەری تیشکدەر بە ڕۆحی زیندویەتی لەبارو موجەبەو وای لێدەکات ئیرادەی بەرامبەری قوبوڵ بکات.

لێرەیشدا مەبەستی (ذو القرنین) لە بەردەکەدا پەخشکرا، لە ئەنجامی تیشکدانەوەی تونـدو سەختی ئاسنەکەوە بۆ ناخی زەوی، بە گوێرەی ئەوەی کە خوای داناو زاناو کاربەجێ فێری کردبوو.

لەسەر ئەمەیش تەنها یەک (رطل) لە ئاسنەکە بکەوێتە بەر بواری تیشکدانەوە، ئەوا بواری سەختیو بەهێزی تیا دروست دەبێت، بۆ ڕوبەری (فرسخ)ێکی شەش لا، حەوت (رطل)یش لە ئاسن بواڕێکی سەختیو بەهێزی لێ وەردەگیرێت، دەگاتە حەوت (فرسخ)ی شەش لا، بۆ ناخی زەوی تیشکدەر.

ئەگەر ڕوانیبێتتە ڕوبەری (١١فرسخ) بە نیو (فرسخ) ئەوە فراوانی دەروازە بنەڕەتییەکەیەو زانیوتە کە چ وزەیەکی بەرجەستەکراو لە سەختیو بەهێزی ئاسنەکەدا هەیە، بە شێوەیەکی ڕێکو پێک بەسەر دوری فەرسەخێکی ئەو دەروازەیەدا دابەش بووە، هەر کەس هەوڵ بدات بەرزی بکاتەوە، دەبێتە هۆی پاڵنانی لە ناوەوە بۆ دەرەوە، تا هیچ کەس نەتوانێت بەسەریدا سەر بکەوێت یان لێی نزیک ببێتەوە، خوای گەورە ڕاستی فەرمووە کاتێک دەفەرموێت: ﴿ فَمَا ٱسْطَٰعُوٓاْ أَن يَظْهَرُوهُ وَمَا ٱسْتَطَٰعُواْ لَهُۥ نَقْبًا ﴿٩٧﴾ ﴾الكهف.

ئەوان ناتوانن نزیك ببنەوە لە ئاستی سەختیو بەهێزی ئاسنەكە، تا هاتنە خوارەوەی تیری وردو قورس دەبینن، كە دووریان دەخاتەوە لەوەی سەركەون بۆ بەرزییەكە كە دەچێتە سەر دەروازەكە.

پاشان نهێنی سەختیو بەهێزییەكە بەسەریاندا دەشكێتەوە، پاشان هەندێكیان دەكەون بەسەر هەندێكیانداو بە ترسەوە دەگەڕێنەوە، بێ ئەوەی زیان بە كەسیان بگات، لەبەر ڕێگری بەركەوتنو نەخۆشیو مردن، وەك باسمان كرد.

بەڵام بە حوكمی ئەوەی لە نێوانیاندا بوو لە خۆشەویستیو سۆز، ئەگەر هەندێكیان كارێكیان بە هەندێكیان بكردایە ئازاری دەروونی دەدان، لە نزیكبونەوەیان لەو بوارە.

لەبەر ئەوە دەیان بینین لە ئاستێكی دیاریكراو لێیەوە هەڵدەسان بە دانانی پاسەوان تا هەندێك لەوان هەڵە نەكات لە نزیكبوونەوە لێی، چونكە ئەو نەفرەتە شێوە سەرسوڕهێنەرەی بەردەكەوت.

بەڵام ئەو مسەی كە (ذو القرنین) كردی بەسەر ئاسنەكەدا لە دەرەوە، مەبەست لەوە ڕوونی بوو لە ڕۆحی تیشكدانەوەی تێكەڵ بوو بە سەختیو بەهێزییەكە، هەتا مسەكە كارلێك بكاتو وزەیەكی تیشكدەری بەهێز پێكبێت، بۆ ئەو كەسەی هەوڵ دەدات گاڵتەجاڕی بكات بە تەنی بەربەستەكە لە دەرەوە ئەگەر پێی بگات.

لەوێدا بەشێك لە بەربەستەكە مابوویەوە لەسەر ڕووی زەوییەوە دیاربوو، تا نزیكەی سێ سەد ساڵ، پاشان لەژێر شاخی سەهۆڵبەندیدا

شارایەوە لە سیبیریا، تا نەدۆزرێتەوە بە هۆکارەکانی فرۆکەوانیو شتانی تریش، ئەمەیش قەدەرێك بوو کە ئینسان پێی نەگاتو پەحمەتێکیش بوو لە خوای گەورەوە بە دروستکراوەکانی.

پاشان ئەم بەربەستە لەگەلّ سادەیی ئەوەی کە لە ئاسنو مس دروستکراوە، بەلّام لە سەختیدا دەگاتە هێزێکی زۆر کاریگەر کە ئەندازە ناکرێتو ناتوانرێت لەیەك جیا بکرێتەوە، تەنانەت ئەگەر هەزار قونبەلەی ناوکی تیا بتەقێنیتەوە، تەنها لەتێکیشی لێ نابێتەوە!! چۆن، بەڕاستی بە دامەزراویو بەهێزییەکی زۆری خوای گەورە بنیات نراوە.

پاشان ئەگەر بڕوانینە ئەو حیکمەتەی کە پەگەزەکانی ئەو هێزە دەستی خستووە، دەبینین لە یاسای (تیشدانەوە)ی لەبارو موجەبە کە ئەو پەگەزانە وەری دەگرن لە ناخی زەوی تیشکدەرەوە.

پاشان (ذو القرنین) بە مەکانەتو دامەزراوییەکی زۆر دروستی کردبوو کە خوای گەورە لە زانستو دەستەلاتی خۆیەوە پێی بەخشی بوو، ئیتر چۆن نەریتەکان لە بەردەمییەوە نابڕێتو تێناپەڕێت؟!

ئەو بەربەستەیش لەسەر شێوەی خۆی دەمێنێتەوە، تا خوای گەورە بڕیاری ڕووخانو تێکدانی دەدات لەکاتی نزیك بوونەوەی بەڵێنی حەقو ڕاستیدا کە هاتنی ڕۆژی قیامەتە، خوای گەورە لە سوورەتی (الکهف)دا فەرمویەتی: ﴿قَالَ هَٰذَا رَحْمَةٌ مِّن رَّبِّي ۖ فَإِذَا جَاءَ وَعْدُ رَبِّي جَعَلَهُ دَكَّاءَ ۖ وَكَانَ وَعْدُ رَبِّي حَقًّا ﴿٩٨﴾﴾ الکهف.

تا دڵو دەروونت فێنك بێتەوەو ئارام بگرێتو عەقڵت پووناك و ڕۆشن بێتەوە، پوونكردنەوەی زیاترت دەدەمێ، لە زۆری گەنجینەی زانستی خوایی وەك ڕاستگۆی دەستپاك ﷺ هەواڵی داوەو دیاری دەكات لە دوا سووڕەكانیدا كە (عبدالله المهدي) دێت.

پێت دەڵێم: بەڕاستی (یأجوج ومأجوج) لە پشت بەربەستەكەیانەوە دەرناچن مەگەر بە ویستو مۆڵەتی خوای گەورە، لەكاتی نزیك بوونەوەی نیشانەكانی ڕۆژی قیامەتدا، قیامەتی گەورە، وەك خوای گەورە لە سوورەتی (الكهف)دا هەواڵەكەی داوە: ﴿فَإِذَا جَآءَ وَعْدُ رَبِّي جَعَلَهُۥ دَكَّآءَ ۖ وَكَانَ وَعْدُ رَبِّي حَقًّا ﴿٩٨﴾﴾الكهف. هەروەها لە سورەتی (الأنبياء)دا: ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا فُتِحَتْ يَأْجُوجُ وَمَأْجُوجُ وَهُم مِّن كُلِّ حَدَبٍ يَنسِلُونَ ﴿٩٦﴾ وَٱقْتَرَبَ ٱلْوَعْدُ ٱلْحَقُّ فَإِذَا هِيَ شَٰخِصَةٌ أَبْصَٰرُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ يَٰوَيْلَنَا قَدْ كُنَّا فِى غَفْلَةٍ مِّنْ هَٰذَا بَلْ كُنَّا ظَٰلِمِينَ ﴿٩٧﴾﴾ الأنبياء.

بەڕاستی هەر بەڵێنی خوایی دێتە دی، بەڕاستی خوای گەورە لە بەڵێنی خۆی لانادات.

لە دوای كۆتایی هاتن بە فەرمانڕەوایی پێشەوای گەورە (عبدالله المهدي) (سەلامی خوای لەسەر بێت)، كە دوای ئەوەیش فیتنەو تاقیكردنەوەی (المسيح الدجال) دێت.

كاتێك ئەو نەفرەت لێكراوە لە نیشانەو ئایەتی خوای گەورە دادەڕنرێت

(واته: دجال)و سیماو هەیبەتی بەهەشتە نوورانییەکەی: ﴿إِرَمَ ذَاتِ ٱلْعِمَادِ ۝٧﴾الفجر. ی لێ دادەبڕێتو لەسەر زەویدا دەمێنێتەوە بۆ زاڵکردنی زۆرداریيەکەی، وەك خوای گەورە لە سوورەتی (الأعراف)دا فەرمویەتی: ﴿ وَٱتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ ٱلَّذِىٓ ءَاتَيْنَٰهُ ءَايَٰتِنَا فَٱنسَلَخَ مِنْهَا فَأَتْبَعَهُ ٱلشَّيْطَٰنُ فَكَانَ مِنَ ٱلْغَاوِينَ ۝١٧٥ وَلَوْ شِئْنَا لَرَفَعْنَٰهُ بِهَا وَلَٰكِنَّهُۥٓ أَخْلَدَ إِلَى ٱلْأَرْضِ وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ ۚ فَمَثَلُهُۥ كَمَثَلِ ٱلْكَلْبِ إِن تَحْمِلْ عَلَيْهِ يَلْهَث أَوْ تَتْرُكْهُ يَلْهَث ۚ ذَّٰلِكَ مَثَلُ ٱلْقَوْمِ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا ۚ فَٱقْصُصِ ٱلْقَصَصَ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ ۝١٧٦ ﴾الأعراف.

واتە: (ئەی محمد (صلى الله عليه وسلم) هەواڵی ئەو کەسەیان بەسەردا بخوێنەرەوە کە فەرمانەکانی خۆمانمان پێ بەخشی بوو، کەچی ئەویش خۆی لێ دامالّیو خۆی لێ دوورە پەرێز گرت، ئەوسا ئیتر شەیتان شوێنی کەوتو دایەپێشو چووە ڕیزی سەر لێشێواوانەوە. خۆ ئەگەر بمانویستایە ئەوە بەو ئایەتو فەرمانانە بەرزمان دەکردەوە، بەڵام ئەو خۆی چەسپان بە زەویەوەو (دەستی کرد بە دونیا پەرستیو) شوێنی ئارەزووی خۆی کەوت، جا نمونەی (ئەو جۆرە کەسانە) وەك نمونەی سەگ وایە ئەگەر دەری بکەیتو پیایدا هەڵبشاخێیت هەناسە بڕکێیەتی (زمان دەردەکێشێت)، یان ئەگەر وازی لێ بهێنیت ئەوە هەر هەناسە بڕکێیەتی، ئەوە نمونەی ئەو کەسانەیە کە ئایەتەکانی ئێمەیان بە درۆ زانیوەو بڕوایان

پێـی نـەبووە، کەواتـە ئـەم جـۆرە بەسـەرهاتانە بگێـڕەرەوە بـۆ ئـەوەی (دابچڵەکێنو) بیر بکەنەوە).

زەوی ئا لەم کاتەدا لە حاڵەتی تیشکدانەوەیەکی تەواودا بـوو بـە نـووری پەروەردگاری، بێ ئەوەی هیچ چـڕییەکی لەسـەر بێـت، مەگـەر ئـەوەی نـاو ناخی نەبێت لە ڕێگریو قەدەغەی دەرچوونی (یأجوج ومأجوج)ی دەکرد.

بـە مانـەوەی (دجـاڵ)ی نـەفرەت لێکـراو لـە سـەری، هەرچـی چـاوی بخرایەتە سەر، دادەپۆشرا، ڕووەکەیشی بە پەردەیـەکی خۆڵەمێشـی بـەلای ڕەشدا چوو دادەپۆشرا، ئیتر هەرچی لەسەر بـوو لـە وێنـەی بەرجەستە لـە دەریـاو ڕووبـارو کشـتوکاڵو ڕووەك دادەپۆشـراو بەرجەسـتە تیشـکدەرە ئیجابییە زیندووەکەی دەفەوتێتو نامێنێت.

پاشان هـەموو کۆشـكو خـانوو ڕووبارەکـانی بـە هـەر حـەوت باخـەکانی (إرم)ەوە دێتە سەر زەویو لەو ئـاگرە پـیرۆزەدا دەپێچرێتەوە، کـە خـوای گەورە لـە سـوورەتی (النمـل)دا لـە بارەیـەوە فەرمویـەتی: ﴿أَنۢ بُورِكَ مَن فِي ٱلنَّارِ وَمَنْ حَوْلَهَا وَسُبْحَٰنَ ٱللَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٨﴾﴾النمل.

واتـە: (بـانگی لـێ کـراو پێـی وتـرا: پـیرۆزە ئـەو کەسـەی کـە لـەپاڵ ئاگرەکەدایەو ئەو فریشتانەیش کە لە جێی ئاگرە تایبەتەکەدا هەن، پـاکیو بێگەردی بۆ خوایە، کە پەروەردگاری هەموو جیهانییانە).

ئەو ئاگرە ئـاگرێکی پـیرۆزەو هـەرگیز شـت ناسـووتێنێت، هـەر چـەندە بارستاییەکی گەورەو سیفەتێکی سامناکیشی هەبێت، چونکە بە قەدەر ئەو

لە ئاکامو شوێنەواری ئەوەیشدا ئەو (دجال)ە نەفرەت لێکراوو درۆزنە، بە یارمەتی شەیتانو سەربازانی شتە دروستکراوە خەیاڵییەکانی لەسەر ئەو ڕوپۆشەی کە بەسەر زەویدا دراوە، دادەنێت. وەك ڕووبارو خانوو یاریگەکانی، کە بە زمان باس ناکرێت، ئەوەیش بە حوکمی توانا ستەمکارییەکەی.

فیتنەو ئاشووبی ئەم کابرایە لەسەر دەستی (عیسی) پێغەمبەری خوا (علیە السلام) کۆتایی دێت، کە (عیسی) (علیە السلام) بە قەممە ڕۆحانییەکەی لێی دەداتو پاشان فریشتەکانی سزا دەیخەنە دۆزەخەوە، چونکە بڕیاری مردن لە کاتی هاتنی ڕۆژی دوایی تا ڕۆژی قیامەتی گەورە ڕاوەستێنراوە.

پاشان پێغەمبەر (عیسی)(علیە السلام) فەرمان بە ئاگرە پیرۆزەکە دەکات بۆ ئاسمان بەرز ببێتەوە، بەو کۆشکو خانووانەی (إرم)ەوە کە لەناویدانو بەو خەڵکەوە کە تێیدایەو بەو کەسانەیشەوە کە ئازایەتیان پێ دراوە لە چوونە ناوی، کاتێك پێی دەترسێنران، بە هەموو ئەمانەوە بەرز دەبێتەوە، ئینجا هەر ئەوانەیشن کە دەگەڕێنەوە بۆ ئاسمان.

بەڵام پێغەمبەر (عیسی) (علیە السلام)و جێنشینانی پێشەوای گەورەیشو هەموو ئەو نەتەوەو هۆزانەیش کە لە دوایانەوە بوون، ئەوان وەحییان بۆ دێت کە بچنە پاڵ (بیت المقدس)و (مسجد الحرام)و ئەو دوو جێگە پیرۆزەیش لەو ڕۆژەدا لە سیمای گەوهەریانەی پرشنگدار بووی خۆیاندان، هەروەها وەحییان بۆ دێت کە بچنە (مدینة المنورة) شاری

مەدینەی پیرۆزو پۆشنکراوە بە سنوورە بنچینەییەکانی ئەوسای زەمانی پێغەمبەری خوا ﷺ کە لەو دیمەنەیدا خوای گەورە کردوویەتی بە گەوهەرو خاکی درەوشاوە، ئەوەیش بە تیشکی پۆشنکەرەوەی زەوی کە بە نوورو پۆشنایی پەروەردگاری خۆی کە لەدوای هەستانی قیامەت پۆشن دەبێتەوە.. خوای گەورە ئەم خاکەی لە (یأجوج ومأجوج)یش پاراستووەو ناهێڵێت بچنە ناوی.

لێرەیشدا نهێنی وەحی کردنی خوای گەورە بۆ پێغەمبەرەکەی خۆی (عیسی)(علیه السلام) بریتی بوو لەوەی کە خۆیو ئەوانەی لەگەڵیدان لە نەتەوەکان خۆیان بخەنە پاڵ ئەو شوێنە پیرۆزو رێز لێگیراوانە، ئەوەیش لەبەر نزیك بوونەوەی بەڵێنی حەقی خوا، بە دەرچوونی (یأجوج ومأجوج)، ئیتر لەو کاتەدا هەرچی لەناو زەویدا گەمارۆ دراوە لە چڕییەکان پەکی دەکەوێتو رێیان لی دەگرێت، ئینجا لە هەر چوار ئاراستەکەی زەوییەوە شۆڕ دەبنەوەو دادەبەزن، بۆ جێبەجێ بوونی ئەو بەڵێنە خواییەی کە فەرموویەتی: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا فُتِحَتْ يَأْجُوجُ وَمَأْجُوجُ وَهُم مِّن كُلِّ حَدَبٍ يَنسِلُونَ ﴿٩٦﴾ ﴾الأنبياء.

ئیتر بە چەندین تاقمو کۆمەڵەوە دێنو سەر پووی زەوی دادەپۆشنو وێنەی پوخساری باوکو باپیرانی پێشوویان دەچێتەوە سەرو ناشیرینی ڕەنگو پوویان دەردەکەوێتو سیمای وەحشیانەو درندانەیشیان دەردەکەوێت، بەو ناشیرینیو خراپییەی نەریتو ئاکاریانەوە بڵاو دەبنەوەو

ڕەقیو تونديو قێزەونی هەڵسو کەوتیشیان دەردەخات، ئەمەیش لەکاتی دەرچوونیان لەو کایە ڕۆشنەوە، بۆ کایە ناهەمواوە پێچەوانەکەو لە ئاکامی ئەو هەموو فیتنەو ئاژاوانەیشەوە کە (دجال) لەسەر ڕووی زەوی ئەنجامی داوە. ئیتر هەر درۆو دەلەسەیەکو هەر کارێک کە (دجال) لەسەر ڕووی زەوی ئەنجامی دابێت، ئەوان دەیخۆنو هەر ڕووبارو دەریایەکیشی دروست کردبێت هەمووی دەخۆنەوە.

بەم ڕەنگە ئەو دوو ناوەی (يأجوج ومأجوج) کە (نوح) پێغەمبەری خوا لێی نابوون، تیایاندا بەدی دێت، وەک وتمان: وشەی (يأجوج) لەمانا سریانییەکەیدا بە مانای (بخۆری درۆ) دێتو وشەی (مأجوج)یش بە مانای (بخۆرەوەی درۆ) دێت.

ئینجا شەیتانەکانیش لەو پێگەو مەڵبەندە پڕ لە درۆو دەلەسانەی (دجال) کە هۆزو کۆمەڵەی (يأجوج ومأجوج) قوتیان داونو خواردویانەتەوە بۆ دەرەوەی زەوی هەڵدێنو لە ئاسۆکانی دەورو بەری لەنگەر دەگرنو لە سەرویشیانەوە (ئیبلیسی باوکە گەورەیان) هەیەو بەردەوام لە بۆشایی ئەو ئاسۆ فراوانەدا تا ڕۆژی قیامەت دەمێنێتەوە.

ئیتر دوای ئەوە جێگەیان لەسەر زەوی نییە، وەک خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿وَمَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَكَأَنَّمَا خَرَّ مِنَ ٱلسَّمَآءِ فَتَخْطَفُهُ ٱلطَّيْرُ أَوْ تَهْوِى بِهِ ٱلرِّيحُ فِى مَكَانٍ سَحِيقٍ ﴿٣١﴾﴾ الحج.

واتە: (هەر کەسێک هاوەڵ بۆ خوا دابنێت، وەک ئەو حاڵەتەی وایە کە لە

ئاسمانەوە بەر بوو بێتەوەو دەست بەجێ باڵندەیش پەلاماری بداتو پارچە پارچەی بکات، یان ڕەشە بایەکی بەهێز بیفڕێنێتو ببات بۆ شوێنێکی زۆر دوور).

بەڵام ئەو گومڕاییەی کە دوای ماوەی حوکمڕانی پێغەمبەر (عیسی)(علیه السلام) تا ڕۆژی قیامەتی گەورە دروست دەبێت، ئەوە لە خودی خەڵکییەوەیە بەهۆی ئەو هێزە سروشتییەی هەیانبووەو کە بە هەواو ئارەزووی ئەفسانەکانیشیان چۆکیان پێ داداون.

پاشان زەوی لەو هەموو درۆو دەلەسەیەی (دجال) پاك دەبێتەوەو کە (یأجوج ومأجوج) خواردویانەو خواردویانەتەوە، چەند باڵندەیەك بە وردە بەردی سورکراوەی (سجیل)ەوە دێنو دادەبەزنە سەریانو هەموویان بەرد باران دەکەنو دەیان کوژن، پاشان ئاسمان بارانێکی وەها بە لێزمەو زۆر دەبارێنێت، کە لاشە مردووەکانیان بۆ دەرەوەی زەوی فڕێ دەدات، لەوێش چەند باڵندەیەکی ڕەشی زەبەلاح کە (لەشو لارو باڵەکانیان گەورەن) دەیانخۆن.. بەمەیش فەرمایشتەکەی خوا بەدی دێت کە فەرمویەتی:

﴿ وَمَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَكَأَنَّمَا خَرَّ مِنَ ٱلسَّمَآءِ فَتَخْطَفُهُ ٱلطَّيْرُ أَوْ تَهْوِى بِهِ ٱلرِّيحُ فِى مَكَانٍ سَحِيقٍ ﴿٣١﴾ ﴾ الحج.

هەر شەیتانەکانیشن کە (با) لە جێگەیەکی دوور فڕێیان دەدات، چونکە لەو ڕۆژەدا هیچ جێگەیەکیان لەسەر زەویدا نییە، وەك پێشتر ڕوون کرایەوە.. بەڵام ئەوانەی کە باڵندەکان پەلاماریان دەدەن، هەر ئەوانن،

واتـه: (يـأجوج ومـأجوج) بـەڕۆی ئـەوەی درۆو بوختـانی (دجـال)ی نـەفرەت لێکراویان پێوە پەیوەست کراوەو کـە خواردویانـەو خواردویانەتـەوە، چـونکە بوونەتە چەند دەفرێك بۆیـانو بـەرەو ئـاگرە گەورەکـەیان دەبـات، چـەندەها سەدەو مـاوەی زۆریـش کـە تێیـدا دەمێننـەوە نـەزانراوە، هـەر ئەوانیشـن کـە دوایین کـەسو کۆمـەڵن لەوانـەی کـە لـە ئـاگر دەردەچـن، ئـەوان تییـدا ئـازار نادرێن، بەڵکو ئامرازێك بوون لە ئامرازەکانی سزادانی خـەڵکی نـاو دۆزەخ، لـە هەمان کاتیشـدا پیکهاتـەی (ذري) خانـەیی‌و نـاوکی جەسـتەیان بـەرپکی پێـك دێتەوە، بێ ئەوەی ئازار بە جەستەیان بگات، چونکە ئەوان لە بنەڕەتی شێوە دروستکراوەکەیاندا لێبوردراوو چاوپۆشی لێکراو بوون.

بـە دەرکـەوتنو بڵاوبونـەوەی لاشـەکانیان لەسـەر زەوی بـەو بارانـەی کـە ڕایمالێیون (وەك پێشتر باسمان کرد) ئەم بارانە ئـەو ڕوپۆشـە خۆڵەمێشـیەیش ڕادەمالێـت کـە بەسـەریەوە نیشـتبوو، پاشـان حاڵـەتی ڕوونـاکی‌و ژیانـە سروشـتییەکەیش بـۆ زەوی دەگەڕێتـەوەو ئاشـتی‌و دادپـەروەری‌و خۆشەویستیش لەسەر زەوی بڵاو دەبێتەوەو باڵ دەکێشێت، ئەمـەیش لـەژێر حوکمی پێغەمبەر (عیسی) (علیه السلام)و لایەنگرانی بەدی دێت.

ئایەتەکـەی نـاو ئینجیلـە ڕاسـتە پیرۆزەکـەیش بـەدی دێـت کـە دەڵێـت: (گـەورەیی‌و نـەمری لـە ئاسـۆکانی بڵندیـدا هـەر بـۆ خوایـە، هـەروەها لەسـەر زەویش ئاشتی‌و بۆ خەڵکیش خۆشحاڵی)[113].

---

[113] – ئێمە هاوڕا نین لە هێنانی ئەم دەقە کە (دکتور صلاح عبدالفتاح الخالدي) خۆیشـی بـە ئەفسانەو خورافاتی دادەنێت، بەڵام وەك ئەمانەێك هێناومانە نەك ڕاستی تەواو، (ئامادەکار).

ئیتر زەوی هەر لەو ئارامییەدا دەبێت، تا پێغەمبەر (عیسی)(علیه السلام) بۆ لای خوای (رفیق الأعلی) بەرز دەبێتەوە، جێنشینەکانیشی دوای دەکەون.. دوای ئەمەیش خەڵکی تووشی شکستێکی ترسناك و تۆقێنەر دەبن، ئەمەیش بە گوێرەی ئەو هەواڵەی کە خوای گەورە پێی ڕاگەیاندوین و فەرمویەتی: ﴿وَتَرَكْنَا بَعْضَهُمْ يَوْمَئِذٍ يَمُوجُ فِي بَعْضٍ﴾الكهف. ئینجا حاڵەتەکە هێندەی پێ ناچێت، کە قیامەتی گەورە هەڵدەسێت، وەك بەدیهاتنێکی فەرمایشتی خوا، کە فەرمویەتی: ﴿وَنُفِخَ فِي الصُّورِ فَجَمَعْنَاهُمْ جَمْعًا ﴿٩٩﴾﴾ الكهف.

بەم ڕوونکردنەوە ڕاستو حەقە توانیومانە پەردە لەسەر بەسەرهاتی (یأجوج ومأجوج) هەڵبدەینەوە، ئەمەیش بەهۆی ئەو لێکۆڵینەوەو ساغکردنەوەیەی کە باشترینی دروستکراوو گەورەی بەندەکانی خواو ئاشناو خۆشەویستو هەڵبژێردراوی خوا: (پێشەوای گەورەی کۆتایی (عبدأللە المهدي) –سڵاوی خوای لێ بێت–) ئەنجامی داوە.

ڕۆژانیش ئەم ڕاستییە لە نزیکەوە (بە فەرمانو خواستی خوا) دەسەلمێنن.. بۆیە لە خوا دەپاڕێینەوە کە ئێمەو ئێوەیش بە کەسانی بڕوا پێکەرو باوەڕدارو تەسلیم بووی حەق دابنێت، تا پاداشتی سەرکەوتنو چاکەخوازی بە دەست بێنینو بەو خەڵاتو خێرو بەرەکەتەیش بگەینو لە بەهرەمەندان بین.. (آمین).

تا ئێرە لە بڕگەی (یأجوج ومأجوج) لە ڕوانگەی بەهائییەکانەوە، دەقی ئەو شریتە بوو کە یەکێك لە بانگەشەچییانی بەهائی تیایدا دەربارەی

(یاجوج ومأجوج) دواوەو بە زمانێکی پەوانی عەرەبیو بە ئەدایەکی پۆشنو شێوازێکی پوونی وتار بێژییەوە ئەو هەموو ئەفسانەو قسە پووچو بێ ناوەرۆکانەی تێدا هەڵپشتووە.

بەدواداچوونێکی کورت لەسەر ئەم وتە پوچەڵانە

ئێمە بۆیە ئەم وتارە گومڕاو ناحەقەمان بەو درێژییەی خۆی هێنایەوە، سوور بووین لەسەر خستنە ڕووی هەموو دەقەکەیشی، تا وێنەیەک لە تێروانینی دەستەو تاقمە گومڕاکان بخەینە بەر چاوی خوێنەرانی بەڕێز، هەروەها لێکدانەوەی مەزهەبە لادەرەکانو یاری کردنیان بە کتێبی خواو شێواندنی ماناو لادانەکانیشی بخەینە ڕوو.. لەم هەراو ساختە کارییەشدا چەند خاڵێك بەدی دەکەین وەك:

- ئەم وتارە پشتی بە هیچ سەرچاوەیەکی ڕاست نەبەستووە، لە سەرچاوەکانی فەرمودەی پێغەمبەری خوا ﷺ، بەڵکو هەر تەنها گریمانەو بانگەشەیە، کە پێویستی بە بەڵگەو نمونەو سەلماندنە.

ئەمە گەڕانە بەناو جیهانی (غیب) نادیارو شاراوەکاندا، بێ ئامرازێکی ڕاستو بەڵگەیەکی پەسەندو لۆژیکی عەقڵێکی ساغ، جیهانی نادیارو ڕوداوە ڕاستییەکانیش تەنها لە کتێبی خواوە یان فەرمودە ڕاستەکانی پێغەمبەرەوە ﷺ وەردەگیرێت.

ئەم درۆزنو قسە هەڵبەستو بوختانچیو بانگەشەچییەیەی درۆ،

جلّەوی تەواوی بۆ خەیاڵی خۆی شل کردووەو بە ئارەزووی خۆی ڕۆیشتووەو گەڕاوەو چەندین شتی سەیرو سەمەرەی لەژێر زەویدا خستۆتە خەیاڵی خۆیەوە، کە گوایە ئەو شتو دروستکراوانە ژیانێکی تایبەتیان هەیەو ئەوان هۆزی (یأجوج ومأجوج)ن، لە ڕاستیدا ئەو وێنەو دیمەنانەی کە ئەو کابرایە خستوونیەتیە ڕوو، لە جیهانی واقیعی ماددیدا هیچ بوونێکیان نییە، تەنانەت لە خەیاڵی کابرا خۆیشیداو لە خەیاڵی هەر کەسێکیشدا کە بڕوای پێ دەکات، هیچ بوونێکیان نییە.

بۆ ئەوەی ئەم شێواندنو درۆو بوختانانەیش زیاتر هانمان بدات بۆ وریایی‌و بێداری لە ئاست ڕاستییەکانی قورئانو ماناو مەبەستەکانیداو بەردەوام بین لەسەر ئەوەیش کە بانگەواز بۆ تەفسیری قورئان تەنها بە ڕاستی‌و زانست بکەین، بەڵام ڕێگایش نادەین بە هیچ کەسێك کە لەو دەقەی هێنامان بڕوای پێ بکات، یان ئیمانی پێ بهێنێت، بەڵکو تەنها لە بواری ئاگادارکرنەوەو خۆپاراستندا بیهێنێتەوە.

***

سەرچاوەکان

١. يأجوج ومأجوج قادمون. هشام كمال عبدالحميد.

٢. تيسير المنان في قصص القرآن. جمع وترتيب أحمد فريد.

٣. شخصية الحاكم في ضوء القصص القرآني. (رأفت محمد رأفت) رأفت المصري.

٤. الأعلام والمواقع في القرآن الكريم. الدكتور: أيوب درباس موسى الكلي.

٥. مَعَ قصص السابقين في القرآن. الدكتور: صلاح عبدالفتاح الخالدي.

٦. قصص القرآن. حامد أحمد الطاهر البسيوني.

٧. قصص القرآن ويليه قصص الأنبياء. للإمام: أبي الفرج عبدالرحمن بن علي بن الجوزي. الدكتور: عبدالسلام علوش.

٨. صفوة التفاسير. محمد علي الصابوني.

٩. قصص القرآن. جمع وترتيب: محمود المصري.

١٠. قصص القرآن. عمرو خالد.

١١. المستفاد من قصص القرآن. الدكتور: عبدالكريم زيدان.

١٢. قصص القرآن الكريم وسيرة سيد المرسلين. د. محمد مُنير الجنباز.

١٣. تفسير الشعراوي. محمد متولي الشعراوي.

١٤. تفسير الكبير. الفخر الرازي.

١٥. تەفسیری ئاسان. بورهان محمد أمین.

١٦. تەفسیری قورئانی پیرۆز. عثمان عبدالعزیز محمد.

١٧. مختصر صحيح البخاري. المسمى بالتجريد الصريح. وەرگێڕانی: مامۆستا نوری فارس حمەخان.

١٨. التاج الجامع الاصول في أحاديث الرسول. وەرگێڕانی: مامۆستا نوری فارس حمەخان.

١٩. الأمثل في تفسير كتاب الله المنزل. العلامة: ناصر مكارم الشيرازي.

٢٠. فەرهەنگی شیرین. فاضل نظام الدین.

٢١. پوختەی صەحیحی موسلیم. لیژنەیەکی پسپۆڕ.

***

ناوەرۆك

پێشەکی: ٥
بەشی یەکەم ٩
(ژو القرنین) ٩
باسی یەکەم..... ٩
سیفاتە کەسایەتییەکانی (ژو القرنین)..... ٩
١-ئیمان و چاکەکاری: ٩
دووەم: زانست و کردار:..... ١٤
باسی دووەم ٢١
سیاسەتی حوکم و دەستەلاتداری لای (ژو القرنین) ٢١
یەکەم: ئیدارەی بەرهەمەکان و پۆلێن کردنی وزە و تواناکان..... ٢١
دووەم: لە سیاسەتی ناوخۆ بۆ بەردەستەکان:..... ٢٥
تەوەری یەکەم: ڕاگەیاندنی دەستوور: ٢٦
تەوەری دووەم: پاراستنی ئەمن و ئاسایش لە بەرپرسیارێتی دەوڵەتە:٢٩
باسی سێیەم..... ٣١
پێشکەوتنی پیشەسازی و هونەری ٣١
باسی چوارەم..... ٣٥
بەرنامەی پەروەردەیی و بانگەوەز لای (ژو القرنین) ٣٥
باسی پێنجەم..... ٤١
سیاسەتی جیهاد و تێکۆشان لای (ژو القرنین)..... ٤١
بەشی دووەم..... ٤٦
چیرۆکی (ژی القرنێن)..... ٤٦

پێش دەستپێکردنی چیرۆکەکە: ٤٦
دێینە سەر ماناکردنی ئایەتەکان: ٥٠
ناساندنی (یأجوج و مأجوج): ٦٠
پەندو وانە بەسودەکانی چیرۆکەکە ٧٠
زانینی ناوەرۆك و شاراوەو نهێنی کارەکان ٧٤
بەشی سێیەم ٧٥
شیکردنەوەی وردەکارییەکانی چیرۆکی (ژو القرنین) ٧٥
(ژو القرنین) لە فەرموودە ڕاستەکاندا ٧٧
(إبن الحجر)و لێکدانەوەی شێوە ڕیزبەندییەکەی پێشەوا (بوخاری)... ٧٩
بەربەستەکەی (ژو القرنین) لە فەرموودە ڕاستەکاندا ٨١
لە واتا و ئاماژەکانی ئەم فەرمودەیە: ٨٣
بەشی چوارەم ٩٨
لێکوڵینەوە لەسەر دیاریکردنی کەسایەتی ٩٨
(ژو القرنین) ٩٨
ئایا (ژو القرنین) یەکێك بووە لە پێغەمبەران؟ ٩٩
ئەو سیفاتانەی کە پێویستە لە (ژو القرنین)دا هەبن بە پێی دیاریکردنی قورئان ١٠٤
ئەسکەندەری گەورە سیفاتەکانی (ژو القرنین)ی بەسەردا جێبەجێ نابێت ١٠٦
ئەسکەندەری گەورە (ژا القرنین) نییە لەبەر ئەم هۆکارانە ١١٨
سیفەتەکانی (ژو القرنین) بەسەر (کورش)ی فارسیدا جێبەجێ نابێت ١٢٧

ئەو هۆکارانەی پرۆسەی دەکەنەوە کە (ژو القرنین) بریتی نییە لە (کورش)ی فارسی ئەمانەن: ١٣٣
بۆچوونەکانی تر دەربارەی (ژو القرنین) ١٤٢
زیاتر لە بەڵگەیەک دەڵێت: (ژو القرنین) پاشایەکی عەرەب بووە ١٤٤
بەشی پێنجەم ١٦٢
(ژو القرنین) چۆن بەربەستی (یأجوج ومأجوج)ی دروستکرد؟ ١٦٢
شوێنی بەربەستەکەی (یأجوج ومأجوج) لەسەر نەخشەی جیهان ١٦٦
لەم باسەی پێشەوە ئەمە بەرهەم دێت: ١٧٥
بەشی شەشەم ١٧٨
(یأجوج ومأجوج) لە قورئاندا ١٧٨
ڕەگو ڕیشەی هەردوو وشەی (یأجوج)و (مأجوج) ١٨١
(مەنغوڵیا) نیشتمانی (یأجوج ومأجوج)ە ١٨٣
حەوت سووڕەکەی دەرچوونی (یأجوج ومأجوج) ١٨٥
(جنکیز خان)و (هولاکو) لە (یأجوج ومأجوج)ن ١٨٨
مێژوو نووس (إبن الاپیر)و ئەو سەردەمە ١٨٩
سەرەتای کاری (جنکیز خان)و جەنگی بۆ سەر موسوڵمانان ١٩١
دەست بەسەرا گرتنی (بغداد)و کوژرانی خەلیفە ١٩٢
(عین جالوت)و زاڵبوون بەسەر (یأجوج ومأجوج)دا ١٩٣
لاواندنەوەی (إبن الاپیر) بۆ ئیسلامو موسوڵمانان لە ترسناکی شالاوەکان ١٩٥
ڕاو بۆچوونی (سید قطب) دەربارەی (جنکیز خان)و (هۆلاکۆ) ٢٠١
(یاجوج ومأجوج) ڕەگەزە ڕەنگ زەردەکانن ٢٠٤

پێش هاتنی قیامەت دەردەچن..... ٢٠٦
دەنگۆ ئەفسانە دەربارەی (یأجوج ومأجوج)..... ٢٠٩
(یأجوج ومأجوج) لە ڕوانگەی بەهائییەکانەوە ٢١٣
دەقی شریتی بەهائییەکان..... ٢١٤
ڕاستی و حەقیقەتی هەواڵی (یأجوج ومأجوج) لای ئەوان..... ٢١٤
بەدواداچوونێکی کورت لەسەر ئەم وتە پوچەڵانە ٢٤٥
سەرچاوەکان..... ٢٤٧
ناوەرۆک..... ٢٤٩

لەم کتێبەدا:

سیفاتە کەسایەتییەکانی (ذوالقرنین) شیکردنەوەی وردەکارییەکانی چیرۆکی (ذوالقرنین). لێکۆڵینەوە لەسەر دیاریکردنی کەسایەتی (ذوالقرنین).

(ذوالقرنین) کێیە؟ ئەی کتێبە مێژوییەکان چییان دەربارەی وتوە؟ ئایا یەکێك بووە لە پێغەمبەران؟ یان یەکێك بووە لە پاشاکانی یەمەن؟

ئەو بەربەستەی کە دروستی کردووە دەکەوێتە کوێوە بۆ ئەوەی ببێتە پارێزەر لە جەنگ و ئاژاوەکانی (یأجوج و مأجوج)؟ ئایا ئەو بەربەستە کراوەتەوە لە کاتی هاتنی هێرشی مەغۆلو تەتەرەکاندا یان وەك خۆی ماوەتەوە؟